**بالندەناسی**

# کەو

# لە کوردەواریدا

**فازیل شەورۆ**

**٢٠١٥**

لــه خــەرجی نووســەر چا پــكراوە

| | |
|---|---|
| ناوی كتێب | كەو لە كوردەواریدا. |
| نووسەر | فازیل شەوڕۆ. |
| بابەت | باڵندەناسی. |
| دیزاینكێش | نووسەر. |
| تیراژ | (٥٠٠) دانە ( ) لاپەڕە. |
| ساڵ | ٢٠١٥ |
| چاپ | چاپخانەی شەهاب ، هەولێر. |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كتێبخانەگشتییەكان ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی ( ) پێدراوە.

مافی چاپكردنەوە و لەبەرگرتنەوەی بۆ (دانەر)ی پارێزاروە.

پێشکێشە بە ڕۆحی ،

یەکەم فریادڕەسی کەولە کوردستاندا ،

"صافی هیرانی"ی شاعیر.

**بـاڵنـدەی دارسـتان....**

**قـەت حەز بـە قـەفـەز نـاکـات.**

(Henrik Ibsden)

## حیـکایەتی ئـەم کتێبـە

**فـازیـل شـەوڕۆ**

ژووره ڕەشـــەکەی مـاڵی بـاوکم، جگەلـەوەی نانـدێن و ئـاگردانی چێشـت و سـندوقی کـەل و پـەل و زەخیـرە و  چـەند تریانەیـەك قـاپ و قاچـاغ و کۆسـکە و گۆزەڵەی تێدابوو، لە خوار ئاگردانەکە، بەلای ڕاست، سـێ کـۆڵیتی مریشـکی لـە تەختەدروستکراو لە تەنیشت یەکدی پاڵیان بە دیواری دابوو، ئـەم کۆڵیتانـە بـۆ جووجەڵە و هێلکە بـوون[1]، جـار هـەبوو هـەر یەکـەی چـواردە پـانزدە جووجەڵـەی تێدا بوو، ڕێك بەرانەبەر ئەوان، لە پـاڵ دیوارەکـە، قەفـەزێکی گـەورە بـە قـەبارەی نیودەرگا بەرز، پڕ بوو لە کەڵەشێری شامی و مریشکی  پـێ بەتووك و کلاوداری ڕەنگاوڕەنگی  کوردی ڕەسەن. هەموو خانووەکەمان دوو ژوور بوو: دایکم و نـۆ منداڵەکـەی لـە ژووری بـن دەرگـابووین، ژوورەکـەی بەرانبـەر ژووره ڕەش، هـی زڕدایکم و نۆ منداڵەکی بوو. ژوورەکـەی دایـە بەدیعـەی زڕدایکم ـ بەهەشـت دوا مـەنزڵی بێـت ـ ، چـونکە ژنـی بچـووك بـوو، کـەو و سویسـکەکان، کـە ئـەوانیش ئازیزی باوکم بـوو، بەبـەر ئـەو کـەوتبوو. کـە دەچوویتە ژوورەوە ، لـە بـن دەرگـا دوو جـووت قەفـەزی بـیلادی سەرپۆشـدار و و یـەك دوو قەفـەزە سوێسـکە بـە قوتیلە و کولەوە لە سەر لباد ڕیزکرابوون. تاکـە تاقەکـەش ، دوو چێن کرابوونـە

---

[1] ) باوکم ، ژمارەی لەسەر هێلکەکان دانا، تا مریشکەکەی بناسێتەوە، چونکە دۆست و برادەر، بۆ هێلکەی ئەو، لە شاران دەهاتن.

ڕەفتەی قەفەزان. کۆلکەداری داوەکەو لە گەڵ ئەسبابی تری ڕاو، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون . حەوشەکەمان، حەوزەئاوێکی گەورەی هەبوو، دواتر کرا بە باغچۆکە، لە تەنیش کوپە کەرکوکییەکەی ئاوێ، قەفەزە کەو ڕێزدەکران و چەند تریانەیەکی سەرەونخونکراوی پڕ جووجەڵەش، لە تەنیشتیان دادەنران. لەسەر بانیش قەفەزێکی تەلبەندی زەبەلاحی پڕ خۆڵی چینەکردنمان هەبوو. دارەڕێی بنمیچی هەیوانەکە، وا هەڵکەوتبوو، باشترین جێگە بوو بۆ هێلانەکۆتر، نەبووە ، کەمتر لە سێ چوار جووتە کۆتری قەلاَشی لێ بێت. ئەوە جگە لە کۆترەباریکە و ڕەوە کێشکەی سەر دارمێوەتایفی و دار ڕولکەکە بەرزە گوڵ سپییەکەی حەوشەمان.[1]

بەیانیان، کە باوکم لەسەر کورسییەکەی ، لە حەوشەکە، دادەنیشت و ماست و چایی دەخوار، حەوت هەشت مریشك و کەڵەشێر دەوریان دەگرد، پاروە ماستێك بۆ خۆی و، بە ڕیز و بەبێ هەربواردن. پاروە ماستێك بۆ ئەوان...... ئەوجا گەنم ودانی کەوان و تاڵیشك و تەختە و قەڵەمبڕ...... ئەوجا پڕپۆڵە و هێلکەی کولاَوی ئەنجنەنجن کراو بۆ جووجەڵەکان و سماقاو بۆ مریشکەکان..... !

دوای نێوەڕۆیان، غارە لۆ بانی، جووتێك قەفەز دەچێتە سەرێ و جووتێك دێتە خوارێ، کەولەخۆڵ گرتن و هات و باتی چینەکردن. کە بوو بە ئێوارەش،

---

[1] *) ئەوە جگە لە شەکی دابەستراو، بۆ قاوەمەی زستانێ و ڕەوە عەلیشیش و جووجەڵە.

"مەجیدی کەوباز و زاهیری کەریمی گۆدە و ئەمینی باپیری سمایل چاوشینی و کەریمی عەباسی و جەباری تەمەری "[1] ،هەرکەسە کەوی خۆی دەینا پێش سواندەی بانی، ئەوان دراوسێی یەکدی بوون. جا دەبووە غوڕەکەو ، ناوە ناوە، لەم سەر بان بۆ ئەو سەربان ، بە هاوار هاوار لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد: (( ئەوەیان کەوە عەنتەرە ..... گوێت لە قاسپەیەتی ، مەجید!؟))

جار بووە، من لە سەر دیواری ماڵێك ، خوشکێکم لە بانەکەی تر ، برایێکم لە بانی خوار تر، هەموومان ڕۆحمان لەسەر دەستمان بوو و خۆمان بۆ شوولکە تەڕی دار هەنار حازر دەکرد، ئەگەر بەسەلامەتی کەوە هەڵفڕیوەکە ، کە باوکم، بە بانگە بانگ، لە سەر بانی سەریٚ، نیشانمانی دەدات، نەگرینەوە: (( کوڕە خۆت نویکە.... سەبر سەبر..... هێواش ...هێواشتر....دەی پڕیدەیە ...... بیگرە...... بە ئەسپایی.... ئەزیەتی نەدەی...... چ بوو؟ ....... کێوە چوو؟ ......فڕی؟!..... هەی خوا بتباتەوە خوایە...... ناڕەسەن!))

نەنە ئامینەم، کە بێوەژنێکی کەڵەکەتی بنیسی کەزی درێژی دەنگ تیژ بوو، خانووە قوڕەکەی بیست هەنگاوێك لە خوار ماڵمان بوو، ساڵیٚ چەند جارێك، بە خۆی و چارۆگەی ڕەشی سەرشانی و سۆلی سەر پێی، بە شاتاول دەهاتەسەرمان و دەیزیقاند :((....قەت ژنی بێوەج و بیٚ کەلکی وەکو ئەنگۆم

[1] *) ماڵەکانیان هەموو نزیك یەکبوون ، لە گەڕەکی قەڵاتیٚ لە کۆیە.

نەدیتیـە... ئـاخر، ئـەوە سـێ شـەو و سـێ ڕۆژە ئـەو پیـاوە، بـەو کـەژ و کێـوە کەوتییە، نابی ئەنگو بزانن، ڕووبار بردیتی! گورگ خواردیتی! عەزیا پێوەی دایە! ئاخر، سەروسۆراغەکی کوو بزانم.......)) جا هەر لە نێو دەرگەی حەوشە ، دەبووە بەزمی خەسوو و دوو بووکان، ئەوانیش ، تێیاندەکرد: (( ...... ئەو خەمی کوڕەکەی خۆیەتی.... ناری، سێ شەو و سێ ڕۆژە ، هەژدە منداری بێ نان و بێ ئاو بەجێ هێشتییە، بە دوکلکی کەو سووسکان کەوتییە... کەس ، خەمی مەی لەبەر نییە..... .)) من ناهەقی نەنکم نەدەگرت، چونکێن، حەمەدی باوکم، تاقانەی ئەو بوو ـ لە سێنزدە مندالان هەر ئەوەی بۆ ژیابوو ــ لە لایەکی تریش، پیرێـژنێکی بێسەواد و کۆڵەواری وەك ئەو ، چ لە ڕاز و نهێنییەکانی مەراق و خوولیایی کەوبازی دەزانی؟

دوای عومرێك، حاڵی بووم، کە ئەوە هەر نەنکم نەبوو، لە ڕازو نهێنی و سیحری کەو و کەوبازیی و ڕاوەکەوی کوردی تێنەگەیشت بوو ، بەڵکو، خوێندەوار و ڕۆشنیرەکانیشمان! من هاوڕابووم لە گەڵ بۆچوونە جوانەکەی مامۆستا (عەبدول ڕەقیب یوسف)ی، کە دەیگوت:" کۆرد ، هەر شیعر و چیرۆك بە ئەدەب دەزانێت. ئەدی ڕشتەکانی تری ئەدەب!؟"

سـەت حـەیف و مـەخابن، ئـەمڕۆ، لـە کوردسـتانی باشـووردا ، (٢٤) زانکۆی حوکومی و ئەهلی و دەیان پەیمانگا و مەڵبەند و ناوەندی ڕۆشنبیری هەیە، کەچی دوو کتێبمان نییە لەسەر یەك باڵندە ، یەك گیاندار، یەك زیندەوەر، لەکاتێکدا، تەنیا بۆ (سەگ) ، نزیکەی نیو ملیۆن کتێب لە سەر

ڕەفتـەکانی کتێبخانـەکانی ئـەوروپا دەبینـرێن! کوردسـتان ، مەفتـەنی هـەزاران باڵنـدە و گیانـداری نـازادار و شـۆخو شـەنگ بـوو، لـەو (زاگـرۆس)ەدا، نزیکـەی (٢٤٠٠) گیاندار هەبووە ، ئێستا (٤٠٠) ڕەگەزی نەماوە!

ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردووە، ئـەوا هـەر پلینگ و هـەرس و واشـە و سـیخور و تـورگ و کۆڕەبەشـە و سـیی و کـەوی بـەفری و فارەقـەل و گاپـەل و چکچـکە و (زەردوشـامی) و کرکـاکیش و تفتیلـك و بـەردەکۆڕە و خـەزایی و بـارانبڕە وگێرزولـە و قـاژ و (زەردوزەراویلکـە) و قرغو....تـاد، نیینـە کـە قڕمـانکردوون، بـەڵکو بـە دەیـان سـینەی پـڕ گەنجینـەی کـەلتوور و فۆلکلـوری کوردەواریمـان لـە گۆڕنـاو و پێلەقـەمان لێـدان و کەسـێك نـەبووە ئـەو دوڕڕ و مـەرجان و یاقووتـەی نێـو سینگی ئـەوان کۆکاتـەوە ، هـەموومان بـە خـوارایی لەقیسچوو! من دڵنیان بە دەیان ئەفسانە و حیکایـەت و بـەت و بالۆرە و پـەند و مەتەڵمان هەبووە، کە نەنووسرانەوە و فۆتان.

قـەت ئـەو ڕۆژەی منـداڵی خـۆم لـەبیر ناچـێت ، کـە لـەودیوی چـنارۆکیٚ، (کاکەسـووری تاڵـەبانی) لوولـەی تابڕەکـەی لـە قلێشـی دەرگـای (جێـب)ە قووتەکەی دەرهێنابوو، بە ئەسپای دەیگوت: (( وەستا، منداریـنە، وس ...وس بـن.... دەبیـنن.. وا پێـنج کـەون چینە دەکـەن.......)) منـیش لـە دڵـی خۆمـدا دەمگـوت: (( خوایـە بفـڕن ....! خوایـە بفـڕن ....! خوایـە بفـڕن.....!)). نزاکـەم نەهاتە دیٚ ، لە گەڵ زڕمەی لێوە هێنا، چواری کوشت و یـەکێکیان بـە یـەك باڵ فـڕی و ون بـوو. هـەر دەمگـوت: (( دە بـڕۆن بیهێننـەوە، بـا تیمـاری بکـەین.))

کاکەسووریش تێیهەردەدایە و دەیگوت: (( ئەوە خوای ڕازیق ، ڕزقی مام ڕێویشی دا.)). لەو ڕۆژە و باڵندەم پتر خۆشویست و حەزمکردووە، بەهەر شێوازێك بێت، ڕێگری لە کوشتنیان بکەم!

ڕەنگ بێ ، لە کوردستانی باشووردا، بەندە، یەکەم کەس بووبێت، کە دەربارەی پارستن و ڕزگارکردنی باڵندە و گیانداران دەنگی هەڵبڕی بێت و چالاکی نواندبێت، سیمینارە (٥٠٠) میوانەکەی هۆڵی مەڵبەندی گەنجان لە کۆیە لە ( ١ - ٤ - ١٩٨٨) و کۆڕەکەی هۆڵی نەقابەی کرێکاران لە هەولێر

لە ( ٢٠ - ٤ — ١٩٨٨ ) جوانتریت دەنگدانەوەی هەبوو![١] لە ساڵی (٢٠١٤)شدا ، لە هۆڵی زانکۆی کۆیە، بابەتێکی دوو سعاتیم، بەناوی ( با لە گەڵ گیانداران ئاشتببینەوە.) پێکێشکرد . جا ئەم کتێبەش وەك درێژە پێدەری هەمان بەرنامە، پێشکێش بە خوێنەرانی کورد دەکەم، بە ئومێدی دەوڵەمەند کردن و لاسایی کردنەوەی ـ گەر بە پەسندتان زانی ـ. دڵنیام کە توانا و

[١] ) چەند کەوباز و باڵندەبەخێوەکەرێك، کەو و باڵندەکانی قەفەزیان لە دەشت و شاخدا بەڕەلاکرد. هەر بۆ نموونە مامۆستایانی خوا لێخۆش بوو:( عەلی مستەفا و ئیسماعیلی فەقێ عیسمەتێ) .

**بەهرەی باشتان تێدا هەیە گەر هاندەر و ڕابەرتان هەبێت. ئەگەر نەشبوو: دەسا، خۆت ببە ڕابەر و بنووسە!**

٢٥ - ٠٣ - ٢٠١٥

**کۆیە**

# بــەنــدی یــەکــەم

"وَمَا مِن دَآبَّـةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْـهِ إِلاَّ أُمَـمٌ أَمْثَـالُكُم

مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَـيْءٍ ثُـمَّ إِلَى رَبِّهِـمْ يُحْشَـرُون. "

(الأنعـام: ٣٨ )

# له پەنجەرەیەكی بچووكەوە، جیهانێكی مەزن

## له پەنجەرەیەكی بچووكەوە، جیهانێكی مەزن

"هەمیشە و هەمیشە شتێك ماوە، كە بیزانیت یان تێیبگەیت." ئەمە لۆژیكی كاری بیر و هزری مرۆڤە لەوەتەی هاتۆتە سەر ئەم زەمینە. ئەو هەركە بۆ یەكەمین جار چاوی هەڵێنا و تەماشایێكی ژینگەی دەوروپشتی خۆی كرد، هەستی كرد كە ئەو بە تەنیا نییە و دەیان و سەدان گیاندار و بوونەوەری تر،

له سنوورەکەی ئەودا دەژین. هێندێکیان لە سەر زەوی و هێندێکیان لە ناو ئاو و هەشە بە ئاسماندا دەفڕێت و دەخوولێتەوە.

ناچاریی بێت، یان بەخۆشیی خۆیەوە، لە پێناو بەردەوام بوون و مسۆگەرکردنی ژیان، لەگەڵ ڕۆژگاردا، مرۆڤ ئاشنایەتیکی دووسەرەی لەگەڵ گیاندارەکانی دەوروبەری خۆیدا پەیداکرد: لەسەرێکیان وەك دۆست و ئاشنا، لەگەڵ ئەو گیاندارانەی سوودبەخش و خۆژیی وبێزەڕ و هاوبەرژەوەند بوون، وەك مەڕ و بزن و گاو وگۆلك و سەگ و مریشك و كەو و كۆتر و ماسی و......تاد. لەسەرێکی ترەوە، وەك دوژمن و ئەغیار، لەگەڵ ئەو گیاندارانەی کە جێگەی مەترسی بوون لەسەر ژیان و ژینگە و خاو وخێزانەکەی ئەو، وەك ورچ و پڵینگ و گورگ و چەقەڵ و مار و عەزیا و دوپشك و شەوگەرد........تاد، ئەزموونی ژیان فێری کرد چۆن گروپی یەکەم بکاتە هاوڕێ و دوستی خۆی و چۆن چۆنیش بکەوێتە تەگبیر و فرت و فێڵ و پیلاننانەوە بو دوورخستنەوە و کوشتن و خۆپاراستنی خۆی لە گروپە دڕەندەکەی دووەم.

لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان، دەربارەی چونیەتی ژیان و گۆزەرانی مرۆڤە سەرەتاییەکانی سەر ئەم زەمینە، باس لەوە دەکەن کە ئەوان ڕۆژانە خوارن و خۆراکیان لە ڕێی ڕنینەوە و کۆکردنەوەی میوە و بەرهەمە ڕووەکییەکان و ڕاوکردنی گیاندارەکان دابین کردووە. واتا ئەوان لە سەرەتاوە، هەم گیاخۆر و هەم گۆشتخۆر بوون. – هەرچەندە لە ساڵی (٢٠١٤) دا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمەریکا ئەم تیۆرییە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت

مرۆڤی سەرەتایی تەنیا گیاخۆر بووە، پێکهاتەی فیسیۆلۆژیی لەشی ئەو توانای هەرسکردنی گۆشتی خاوی نەبووە ، ئەم ڕیخۆڵەکوێرەی کە ئێستا ئێمە هەمانە و زۆرجار دکتۆر لە کاتی نیشتەرگەریدا دەیبڕێت و فڕێی دەدات، شێوەیەکەی جیاواز هەبووە و ڕۆڵێکی باشی لە پڕۆسەی هەرسکردنی خواردنە ڕووەکییەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا بینیووە.-

پرسنیی و عەجوولیی، دوو خەسڵەتی لەمێژینەی مرۆڤن: پرسنیی بەو واتایەی کە ئەو هەمیشە لە تەفکیر و بیرکردنەوە دایە بۆ تێگەیشتنی باشتر و قوولتر لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری ئەودا بوونیان هەیە. عەجوولیش، بەومانایەی کە ئەو ئۆقرە نەگرە و هەمیشە جرپوجۆپیەتی و لە پێگەیێکی جوگرفیایی بچووکی وەك کونە ئەشکەوتێك و وەتاغە کۆلێتێك و هۆدەیێکدا ناحەوێتەوە. جا لەمیانەی ئەو پرسنیی و عەجوولییەی خۆیەوە ، مرۆڤ تووشی گەلێ کارەسات و گیروگرفتی ئاڵۆزوپاڵۆزی گرێکوێراوی بووە، کە نەیتواتیوە بە هاسانی سەریان لێدەرکات. مرۆڤ بوونەوەرێکی بە مێشکی زیرەك و زیندوو و بیرکەرەوە و قسەکەرە، هەرگیز ڕازی نەبووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا، تەنیا لە هاوکێشەی " گرتن و خواردن"دا کورت بکاتەوە. ئەو ویستوویەتی لە نهێنییەکانی ئەم گەردوونە ( کەونە) و هەموو ئەو شتانەی کە بە پێنج هەستەوەرەکەی خۆی هەستیان پێدەکات، لێیان حاڵی بێت و تێیان بگات و ئەلقە ئەلقە سەروبەندی ئەو نهێنییانە لێك بترازێنیت و جوان جوان سەرنجیان لێبدات و ڕاز و لوغز و لایەنە شاراوەکانیان بدۆزێتەوە: ئەم

چرا بچووك بچووكانه چین كه شەوانه بە ئاسمانەوە دەزریوێنن و كازیووان نامێنن؟ چەخماخەی بروسك وتریشق و هۆڕی هەوران، لە چییەو پەیدا دەبن؟ بۆ قاز و قۆڵینك بەسەر سەریەوە دەفڕن و ئەو ناتوانیت باڵبگرێت؟ چۆن ئەو قله بەڕووە ، دەبێتە ئەو داربەڕووە مەزن و باڵایە ؟ بۆ دەبێ بمرم؟ ئەدی دوایی مردن چیی؟ و هەزار و یەك پرساری قورس قورسی یەك لە دوا یەكێ تر...... .

ئاڵۆزیی گرفتەكە لەوەوە سەرهەڵدەدات كە جەدەل و گفتوگۆیەكە، لە نێوان دوو ئەقڵی نا بەرانبەر یەكن ، لە هاوسەنگیی و هاوتەریبیی و هاوشێوەییدا: ئەقڵی خوداوەند، كە یەكجار مەزن و كراوە و توانادار و بێسنوورە وە ئەقڵی مرۆڤ كە بچووك و كەمتوانا و سنووردارە ( بە بەراوەد لەگەڵ ئەقڵی یەكەمدا) ـ " وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلا"[1] ـ . بە كوردی و كرمانجی، ئەقڵی مرۆڤ ، دەرەقەتی هەموو ئەو نهێنییە غەریب و عەجیب و سەرسوڕهێنەرانەی نایەت، كە ڕۆژانە ڕوو بە ڕووی دەبنەوە . ئەو، وا هەست دەكات لە زۆربەی هەرە زۆری زانیاریی و مەعریفەكانیدا ، جۆرە تەمومژێكی گوماناوی هەیە، كە وا دەكات هەمیشە دڵی نیگەران بێت و حەزەكانی تێر نەبن. لێرەدا ئەو بەرانبەر ئەم گەردوونە زەبەلاحە پڕ نهێنییە ، دەبێتە مندالێكی تەمەن چوارپێنج ساڵان و پرسیاری سەیر سەیری بە مێشك دادێت و هەر خۆشی وەڵامیان بۆ دادەهێنێت و دادەتاشێت ، تا ڕادەیەكی باشیش ـ هەر نەبێت لە هێندێ قوناغی مێژوویی ژیانیدا ــ خۆی پێ ئیقناع دەكات و دڵی خۆی پێدەداتەوە! بۆ وەڵامی

[1] ) سورەتی ـ الاسراء ـ ١٧.

پرسـیارێکی وەك: چـۆن خـۆر هەڵـدێت و ئـاوا دەبێـت ؟ ئەفسـانەی دێـرینی ئەسکەندناڤی ئەوا دێتە گۆ و دەڵێت:

"خوداوەنـدی (Skinfaxi) هـەموو سبحەینەیەکی زوو ، سـواری هەسـێکی زێـرین دەبێـت کـە چراوگی ئـاگری لـە دەستە و بەرە و بارەگـای خوداوەنـدی خۆشەویستیی(Hrimfaxi) ، ساڵدانە ساڵدانە ئاسمانی تەیدەکات و ڕووناکی دەبەشـێتەوە ، کاتێـك پـاش عەسـران، لـە خۆشەویسـتەکەی نزیـك دەبێتـەو، هێواش هێواش گڕو بڵێسەی خۆی کز دەکات ، نـەکۆ ئـەو ئازار بدات و لـە دوا قۆناغی سەفەرەکەیدا دەگاتە باوەشی مەعشوقەی خۆی و ئەوجا(Hrimfaxi) ی ژنـە خوداوەنـد، بەسـواری هەسـپەکەی دەگەرێتـەوە ڕۆژهـەڵات . هـەموو ڕۆژێـك جارێك ئـەو هەسـپە زێڕینـە ، ئـەو سـەفا و مەڕوایـە بـە ئاسمانـدا دەکـات." [١] ( بڕوانە وێنەکانی ٦، ٧) .

بـەم شـێوەیە ئـەقڵی مرۆڤــ، – ئەفسـانە– ی داهێنـا و گەنجینەیـەکی مـەعریفی دەوڵەمەنـدی پێشـکێش کـردین. کـەم میللـەت و نەتـەوە هەیـە خـاوەن دەیـان ئەفسـانەی خـۆی نـەبێت، ڕەنـگ بێـت ئێمـەمانانی کـورد، وەکـو ئەمازیغییەکان و بەرازیلییەکان ، بە قەد گریك و یۆنانییە کونەکان ئەفسانەی خۆماڵیمان نـەبێت، وەلـێ بـای ئەوەنـدەمان هەیـە کـە ڕووی ئەدەبەکـەمانی پـێ

[١] ( http://en.wikipedia.org/wiki/Skinfaxi_and_Hr%C3%ADmfaxi * ئەم ئەفسانە لە هێندێك دەقدا: گالیسکەیە و هەسپ ڕایدەکێشێت.

سپیی بکەینەوە. ئەلقەی هاوبەشی ئەم قسانەم لە گەڵ ناونیشانە ئەم بڕگەیە، لە شوێنەوە یەکدەگرنەوە: کە مرۆڤ لە ڕێی ئاشنایەتیی خۆیەوە بە گیانداران، سەدان ئەفسانەی داهێنا. تا ئەو ڕادەییەت حەق بە خۆم دەدەم کە بڵێم، بەدەگمەن ئەفسانە هەیە کەسایەتی و کەسییەتی گیانداری تێدا نەبێت — کەم تا زۆر —، ئەمە نیشانەی خۆشەویستیی و تێکئالاٚن و فرە بەرژەوەندی هەردوو پێکهاتەکەی ئەفسانەیە : مرۆڤ و ڕۆحلەبەرەکان. جگە لەم خاڵە، ئەفسانەکان بۆ خاوەنەکانیان فەرهەنگی زمانەوانی و کەلتوورین و بۆ مرۆڤایەتیش گەنجینەیێکی مەعریفی بە پێزن .[1] *

سەیرکەن چۆن پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکان، ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ و مێژوویان گۆڕی. هێندێ لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی لاهوت (Theology) ، وای لێکدەدەنەوە کە سادەترین ئاییني مرۆڤ ، سەرەتا ، لە ئەفسانە و سەرچاوەی گرتووە، وروده ورده لەگەڵ گەشەکردنی ئەقڵی مرۆڤ و

[1] (*)ڕەنگ بێت هەبێ بڵێت: جا ئەو قسە قۆڕ و حیکایەتە ناماقوولانە چ مەعرفەتێکیان تێدایە؟ دەڵێم:جگە لەو خزمەتە مەزنانەی کە ئەفسانە بە زمان و کەلتووری دەبەخشێت، ئیمرۆ بۆتە کالاٚیەکی بازرگانی ، سەدان ملیۆن دۆلار ، لە ڕێی فلیمسازیی و شانۆ و گەشتاریی ..... تاد، قازانجی بۆ کۆمپانییە تایبەتمەندەکان مسۆگەر دەکات. ئەوە جگە لەوەی لە بواری پەروەردەکاری و چارەسەری نەخۆشی دەروونی، مامۆستا و دکتۆرە پسپۆڕەکان کەلکی لێوەردەگرن.

کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی، شکڵ و ڕوخساریی ئایینەکانیش گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە. پەرستنی هێندێك گیاندار، تا ئەمڕۆش ، لە کەلتووری هێندێك هۆز و نەتەوەدا بوونی هەیە ، وەك پەرستنی (گا) لە نێو هۆزی (Toda) لە هیندوستان و پەرستنی (مەڕ) لە وڵاتی میسری دێرین و پەرستنی (سەگ) لە نبپال و ( هەسپ) لە ئەنادۆڵی کۆن و (فیل و مەیمون و مار) لە هێندێك لە هەرێمەکانی هیندوستان و (گورگ) لە لای مەنگۆلییەکان و (پڵینگ) لە لای هیتییەکان و (بزن) لە وڵاتی یۆنان و ئیتاڵیا و میسری دێرین و جۆرە ماسییەك لە لای جوولەکەکانی کۆن (( لە بڕگەی باڵندە دێینەوە سەر ئەم باسە)) (بڕوانە وێنەکانی ٣، ٥، ٦، ٤) .

گیاندارەکان، بە چەندین شێوە خۆیان خزاندبووە نێو مەملەکەت و ژینگەی مرۆڤەکان " گامرۆڤەکان و ئیسفنکسەکان( ئەبولهول)، ئەو پاسەوانانە بوون لە ئاشوورەوە خۆیان گەیاندبووە سەرزەمینی مادەکان و کۆشکەکانیان دەپاراست. ئەو پەیکەرانە بە زۆری سەریان مرۆڤ و جەستەیان گا و باڵدار بوون، کە سەری مرۆڤ هێمای زیرەکی و جەستەی گا هێمای هێزی یەزدانی و باڵ هێمای خێرایی بوو."[١] شێرداڵ ، ئەو دێوانەنە کە کوردەکان جاران هەڵیاندەکەند. "ناسراوترین شێرداڵ، شێرداڵی کوردستانە کە بە "شێرداڵی

---

[١] ) ڕۆژنامەی باس. ژمارە ٢٢٥ لە ١٠ / ٢ / ٢٠١٥

**مادەکان" ناسراوە [١]. لە شوێنەوارە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ، چەندین شێردالْ دۆزراونەتەوە وەکو شێردالەکانی لۆرستان و شێردالی (حەسەنلوو)، کە تێیدا شێردالێك خەریکی شەڕکردنە لە گەلْ دوو پیاوی باڵدار و لە نەخشێکی تردا شێردالێك هێرشی کردۆتە سەر گاکێوییەك. "[٢](بڕوانە وێنەی ٧، ٨).**

**کوردیش وەك نەتەوەیەکی دێرینی جیهانی کۆن ، تێکەڵییەکی تۆکمەی لەگەڵ جیهانی گیانداراندا هەبووە. " جامی ئاو خواردنەوەی باوباپیرانمان لە شکڵی شێر و گا و دالْ دروست دەکرا و پێیان وابوو خواردنەوەی هەر قومێکی ناو ئەو جامانە ، هێزێکی ئاسمانی بە مرۆڤ دەبەخشێ." [٣] دوور نییە، (ئایینی زەردەشت)یش – کە دوو هەزار ساڵێك پێش ئایینی جوولەکەیە – لە ئەفسانەی خۆر پەرستیی و ئاگر پەرستییەوە هەڵقولابێت!**

---

[١] *)وەك نیازپاکییەك وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا چەند سالْ لەمەو بەر، لە یەکێك لە مۆزەخانەکانی ئەو ولاتە ، شێردالی مادەکانی بۆ ئێرانی ناردەوە، بەلام دواتر دەنگۆی ئەوە بلاو بۆوەوە کە ئەمەریکا شێردالە ڕاستەقینەکەی نەناردووە و شێردالێکی ساختەی ناردووە ـ سەرچاوەی پێشوو.

[٢] ) سەرچاوەی پێشوو.

[٣] ) سەرچاوەی پێشوو.

تـین و هێـزە ڕۆحییـەکانی  گیانـدارەکان هێنـدە کاریگـەری  قـورس و چەسـپاویان لەسـەر نـەریت و بـاوەڕ و  هـەڵس و کـەوتی ژیـانی ڕۆژانـەی ئادەمییـەکان هـەبووە، کـە هـەرگیز ئـەوان، نـەیاتوانیوە خۆیـان  لـەو هێـزە ڕۆحانیانەی ئەوان دوورەپەرێز بگرن. کە سەریان هەڵبڕیوە و و سەرنجی مانگ و ئەستێرانیان داوە ، تەماشاین کردووە ، ئەو گیاندارانە وا بە ئاسمانیشەوە دەخوولێنـەوە، بۆیـە کۆئەسـتێرەێکیان نـاو نـاوە  ( ورچـی گـەورە) و ئـەوی تـر (ورچی بچووك ) و ئەوەی سێیەمیان ( ڕاوچی و تیر و کەوان)..... تاد. تەنانەت لە  ڕیزبەندی ناوی (١٢) (کەلو)ەکەیش (٧) یان هی گیاندارانە: نەهەنگ، کاوڕ ، گا ، قرژاڵ ، شێر، دووپشك ، گیسك. هیچ کون و کەلەبەرێکی ژینگەی مرۆڤـ ناما گیانـدارێك خۆی تێنەپەستێ، تا گەیشتە جیهانی سیحر و جادەگـەریی. هـەر لـە نێـو کـەلتووری کوردەواریـدا چـەند گیانـدارێك هەیـە سـیحربازەکان بەدوایاندا دەگەڕێن، وەك کەرەستە لە  پیشەکەیاندا بەکاری دێنن , وەك کیسەڵ ،  پەپۆسلێمانی ، قەلەباجکە ، کەمتیار....تاد.

لە هەر(سێ) کتێبە ئاسمانییەکاندا، گیاندارەکان حزوورێکی بەرچاویان هەیە و بۆ چەندین مەبەستی جیاواز ئاماژەیان بۆ کراوە.. تەنانەت لە قورئانی پیروزدا ، چەندین چیرۆکی پڕ عیبرەت هەیە کە پەیوەستە بە گیانداران و زۆر سوڕەتیش ناونیشانی ئەوانی پێدراوە ، وەك : (سورة الانعام ، سورة النمل، سورة البقرة ، سورة الفیل، سورة العنكبوت، سورة النحل).

دوای چەندین هەزار ساڵ، مرۆڤ دانی بەوەدا هێنا، کە ئەفسانەش ، بەرانبەر پرسیارە مەزنەکانی گەردووونناسیی و ژینگەناسیی و خوداناسیی شکستیان هێنا و نەیتوانی تەواوی حەز و تێڕامانەکانی ئەو دەستەبەر بکات. لێرەدا قۆناغی ڕۆشەنگەرایی – بە مانا فراوانەکەیەوە – هاتە پێش و بە دیقەتتر لە دەوروبەری خۆی کەوتە وردبوونەوە . ئەوەتا ( ئەرستۆ ٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز.) بوونەوەرەکانی بەسەر (سێ ) هۆبەدا دابەشکرد:" مرۆڤ + گیاندار + ڕووەك "[١] کاتێکیش (Carl Linnaeus 1707 - 1778) هات و خۆی بە لێکۆڵینەوی گیاندارانەوە خەریك کرد، ئەوانی بەسەر ئەم خشتەیەی خوارەوە دا پۆلینکرد:[٢] ( وێنەی ٩، ١٠)

١) **بڕبڕەدارەکان (Vertebrates ):**

ئەوانیشی کردە پێنج کۆمەڵ:

- بالْدارەکان (Birds )
- شیردەرەکان(Mammals)
- خشۆکەکان (Reptiles)

---

[١] ) ١

[2] ) http://en.wikipedia.org/wiki/Animal

- **وشکاوەکییەکان** (Amphibians)
- **ماسییەکان** (Fishes)

٢) **نەرمۆڵەکان** (Molluscs ):

**ئەوانیش چوار جۆرن:**

- **هێلکەشیتانۆکە** (Clams )
- **گوێچکەماسی** (Oysters )
- **هەشتپا– ئەختەبووت** –(Octopuses)
- **شەیتانۆکەی لوولپێچ** (Snails)

٣) **چومگەدارەکان** (Arthropods)؛

**ئەوانە شەش کۆمەڵن:**

- **مێروو ومەگەز** (Insects )
- **جاڵجاڵۆکە** (Spiders )
- **قرژاڵ** (Crabs)
- **هەزارپێ** (Centipedes)

- ڕووبیـان (Shrimps )
- قرژاڵی دەریا (Lobsters)

٤) **کــرم ـ ئاســاکان** (Annelids ):

**ئەوان شەش کۆمەڵن:**

- کرمی زەوی (Earthworms)
- زەروو (Leeches )

٥) **ئیســفنجییەکــان** (Spongs)

**وەکو:**

- ماسی جێلیی (Jellyfish)

**خشـتەکانی پـۆلینکردنی گیانـداران، زۆر جـۆری هەیـە، بـە گـوێرەی ئـەو ڕێبازەی کە گیاندارناس (Zoologist) هەڵیدەبژێرێت. ئەوتا زانا (Ernst Haeckel) لـە سـاڵی (١٨٧٤)دا، هـەموو گیانـداران دەکـات بـە دوو کۆمەڵ:**[1]

[1] )http://en.wikipedia.org/wiki/Animal_worship(

١) **گیـانداره شـانەدارەکان** (Metazoans )

٢) **گیـانداره ( تاك ـ شانه )کان** (Protozoan)

**زاراوەی گیانـدار(Animals)، پـتر لـه پێناسـەیەکی هەیـه . ئەسڵی وشـه ئینگلیزیەکەی لـه وشـەی (Animalia) ی گریگییـەوه وەرگیراوه ، کـه بـەمانای (هەناسـه) دێـت. پووخەتـەترین پێناسـەی ئەمەیـه:"** ***هـەموو ئـەو ڕۆحلەبەرانـه دەگرێتـەوه ـ جگـه لـه مرۆڤـ ـ کـه لەشـیان لـه خانـه و شـانه و ماسـولکه پێکهاتووه و سیستمی دەمارییان هەیه و ـ به شێوەییەك له شێوەکان :***

***زاوزێ دەکەن و دەجولێنەوه و کۆئەندامی هەرسیان هەیه."*** [١]

**به گوێرەی خواردنیشیان چوار جۆرن:**

- **گۆشـتخۆرەکـان** (Carnivores)
- **گیـاخـۆرەکـان** (Herbivores)
- **گۆشـت و گیـاخۆرەکـان** (Omnivores)

---

[١]) سەرچاوەی پێشوو.

- **مشـەخۆرەكـان** (Parasites)

**تا ئێستا زانست بە وردی نەگەیشتۆتە مێژووی پەیدابوونی یەکەم گیانـدار لەسەر ئەم ئەستێرەی ئێمەدا، وەلیٚ پاشماوە بەردینەكان (Fossils) هێندێك لـە نهێنییەكان دەدركێنن . زانایانی پاشماوە بەردینـەكان (Paleontologists) تا ئێسـتا سـیٚ نموونـەیان دۆزیوەتـەوە ، ئـەوەی لـە (Trezora Bore)ی خـواروی كیشـوەری ئۆسـتورالیا دوزراوەتـەوە بـە (Trezora Formation) ناسـراوە ، مێژووەكەی بۆ (٦٦٥) ملیۆن سالٚ پـێش ئێسـتا مەزەنـدە دەكرێـت. هـەر لـەویٚ پاشمـاوە بەردینەیـەكی تــر دۆزراوەتــەوە كـە هــی گیانــدارە، بـۆ سـەردەمی (Pre Cambrian) دەگەڕێتـەوە كـە بـە (٦١٠) ملیـۆن سالٚ دەخەملێنـدرێت. ، ئـەوەی سێیەمیشـیان كـە هـی سـەردەمی (Tonian ) ە، گویا یـەك بلیـۆن سـالٚ پێش ئێستا بووە. نزیكترین مەخلوق كە لە ڕوو زانستییەوە خزمایەتی لەگەلٚ گیاندار هەبێت پێدەگوترێت: (Choano Flagellates).[١]**

**ئەوەی كە نابی لێرەدا فەرامۆش بكرێت گەشتییەكەی پێغەمبـەر (نـوح)ە ، كە لە دوو ڕەهەندەوە پیوەستەی بە ئێمەی مرۆڤـ:**

**ڕەهـەنـدەی یـەكەم:**

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

هەماهەنگی نێوان پێغەمبەر (نوح) و گیاندارەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنی وەچەی ئەوان ، هەڵگری دوو پەیامی خوداوەندی بوو:

أ) یەکیان ئەوە بوو کە ژیان و گوزەران و بەختەوەری ئێمە گرێدراوە بە بوونی ئەو گیاندارانە و ژیان لە کیشوەرێکی بێ گیاندار ئەستەم و سەخت و کوولەمەرگییە.

ب) تەنانەت خوداش ئەو پەڕیی ڕێز و حورمەتی بۆ ئەو بوونەوەرانە نیشانداوە و نەیخستوونەتنەی نێو زومرەی کافرەکان و غەزەبی لێنەگرتن و بە هیلاکی نەدان، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، هەڵبژاردنی نێر و مێ لەوان، بەردەوام بوونی پێ بەخشین و زیندەگی نەپساوەی بۆ مسۆگەرکردن.

ت) ڕەهەندەی دووەم:

تێکهەڵکێشەیەکی یەکجار مەزن و پیرۆز و پەیامهەڵگر لە نێوان پێغەمبەر (نوح) و گەشتییەکەی و ڕووداوەکە لە لایەك و کورد و کوردستان لە لایەکی ترەوە هەیە ـ ئەم وتانەم بەدەرە لە دەمارگیریی توندڕەوی نەتەوەپەرستیی و ڕەگەزپەرستیی پووچە ، ئەوەی من گەرەکمە لێرەدا ، خستنە ڕووی هێندی زانیارییە کە ڕەنگ بێت بۆ هێندێك لە خوێنەران نامۆ بێت ـ . دەربارەی کێوی (جودی) کە گەشتییەکەی پێغەمبەر (نوح) ی لی جێگیر دەبێت، مامۆستای مێژوونووسی گەورەی کورد ( محەمەدئەمین زەکی) لە کتێبی ( خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية)دا دەڵێت " ئەسڵی وشەی

( جودی) له وشەی( كوتی / كورتی / كردی) یەوه هاتووه، واتا ( كێوی كوردی)، ناوی شاری (شرنخ) له كوردستانی باكووردا (شاری نوح) بووه، هەر وەك ( دەشت نوح) له وێ نزیكەو ، گوندی ( هەشتایان) به ناوی ژمارەی ئەو (٨٠) كەسەیه كه یاوەری پێغەمبەر (نوح) بوون لەسەر گەشتییەكەدا."[1]

تەنانەت ناوی چیای (ئاراڕات)یش له وشەی ( ئار = ئاگر )ەوه هاتووه، چونكه ئەم چیایه هەمیشه گڕكانی هەبووه ، دوا گڕكانیشی له ساڵی (١٨٤٠)دا تەقییەوه. كورد بۆ ناوی (ئاگر) وشەی ( ئار ، ئاتر ، ئایر ، ئاور، ئاتش ) بەكاردەهێنێت.[2] ( وێنەی ١١،١٢)

چیرۆكی تۆفانی (نوح) له سەر تابلۆ خشته قوڕەكانی بابیلی به ناوی (تۆفان) تۆماركراوه كه ــ له ساڵی (١٨٥٣)دا دۆزرایەوه ــ، له داستانی (گلگامێش)ی ئەكەدی ناوی هاتووه كه ـ له ساڵی( ١٨٧٢)دا دۆزرایەوه ـ ، له هێندێك داستانی یۆنانییەكانی دێرین باسكراوه و له هەر(سێ) كتێبه ئاسمانییەكاندا :( تەورات و ئینجیل و قورئان) به وردی ئاماژەی پێدراوه. له قورئانی پیرۆزدا، له سورەتی (هود ٤٤) دا هاتووه:

---

1 ) http://www.gilgamish.org/printarticle.php?id=24496

٢) سەرچاوەی پێشوو.

"وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ."

ئەوەی کە ویستم بیگەیێنم بە کورتی ئەوەیە، کە ئەگەر کوردستانی ئێمە ئەو نیشتمان و ژینگە پیرۆزەبێت کە بۆبێتە لانکە و هەوارگە و باغچەی ژیانەوەی ئەو گیاندارانەی خودای مەزن ڕێزی لێگرتن و ڕزگاری کردن و وەك دیارییەکی جوان و پیرۆز، خوداوەند بە ئێمەی بەخشی، ئەوا ئەرك و بەرپرسیارییەتێکی یەکجار قورس و موبارەکمان دەکەوێتە سەرشان، کە بەهاکانی ڕەوشت و ویژدان و مرۆڤایەتی وئایینی، بەسەرماندا فەرزی دەکات: قەدرزانی ئەو دیارییە یەزدانییە مەزنە بین و ئەوی بۆمان دەکرێت لە پێناو خۆشی و ئازادی و سەرفیرازی ئەو گیاندارانە بیکەین، نەك نابێت ئازاریان پێبگەیێنین و بیانکوژین ، بەڵکو دەبێ خۆشمان بوێن و بیانپارێزین!

هەرچی داهێنانی ئەدەبی و هونەری هەیە ، هەرچی بەرهەمی کەلتووری و فۆلکلۆری هەیە، هەرچی پیشە و کار و کاسبی هەیە ، هەرچی ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ و فەلسەفە هەیە ، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەنگ و ڕەنگی ئەو گیاندارانەی تێدایە، کەوا مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوو دەستیان ناوەتە خوێنی و بێ سووچ و قەباعەت دەیانکوژن و کەل و پارچەیان دەکەن و قڕیان دەکەن. ( لە بەندێکی تردا بادەدەمەوە سەر ئەم خاڵە.)

## ژینــگەی جیهانی تــەیرو تــوار:

وەك ئامازەمان پێدا، (Carl Linnaeus) گیاندارەکانی بەسەر (٥) هۆبەدا پۆلینکرد، باڵدارەکان (Birds) کەوتنە هۆبەی بڕبڕەدارەکان(Vertebrates )، لەم بڕگەیەدا سەردانێکی سەر پێیی ژینگەی جیهانی ئەو باڵدارانە دەکەین.

باڵدار کە ( باڵندە و مەل و تەیر و تەیروتوار و پەڕەوە و پەڕۆمەند و پەڕمەند و پەردار و پەلەوەر و پەڕڕ وپەرەگیك و پەرەکیك) [١] ـ یشی پێدەڵێن (باڵدار = خاوەن باڵ، پەڕدار = خاوەن پەڕ)، *ئەو گیاندارە بڕبڕەدارەیە کە بە*

---

[١] ) فەرهەنگی ئاریانڤاج بەرگی ٢. ل. ٦٣ ـ ٦٤

*کوڵك و پەڕ و پەڕەمووچ لەشی داپۆشراوە و جووت قاچ و هێلکەکەر و خوین گەرمە.*[1]

هەموو ئەو باڵدارانەی کە ئەمڕۆ هەنە، پەڕەمووچدارن و دنووکی بێ ددانیان هەیە و هێلکەکەرن و قەپێلکی هێلکەکانیان ڕەقە و دڵیان چوار ژووری هەیە و کێشیان سووکە و ئێسقانیان بەهێزە و هەر هەمووشیان جووتە باڵێکیان هەیە. تاکە باڵندەی بەبێ باڵ کە ناوی (Moa)بوو، تاکو ئاخیر و ئۆخر ی سەدەی شانزدەمیش مابوو، ئەم مەلە مسکێن و بێ باڵە بە دەستی ئێمەی مرۆڤ قڕانی هات و ئێستا تەنیا وێنەکەی ماوە.(وێنەی ١٣)

زۆربەی باڵدارەکان توانای فڕینیان هەیە و هەشیانە توانای مەلەکردنی هەیە ، وەك مەلی بەتریق (Penguin). هێندێك باڵدار، وەك تووتی و قەلەباجکە، ئاستی زیرەکیان بەرزە ، هەشە توانای دروستکردنی هێندێك کەلوپەلی سادەی هەیە بۆ خۆی . زۆر لەو باڵدارانە بە کۆمەل و پۆل و ڕەوە بەیەکەوە دەژێن و جۆرە زانیارییەکی کەلتووری پێکەوەژیانیان لە نێودا هەیە و توانای گواستنەوە گەیاندنی ئەو زانیارییانەیان بۆ وەچەی نۆێ هەیە. چەند توخمێك لە باڵدار کۆچکەرن ، جا کۆچی دوورە وڵات بێت یان ناوچەیی.

---

[1] ) http://en.wikipedia.org/wiki/bird

زۆربەی زۆری باڵدارەکان یەك ژن دێنن ـ هەر نەبێ بۆ ساڵێك ـ هەشە تاکو هاوسەرەکەی دەمرێ هەر بەیەکەوە دەژین. ئەوان لە ڕێی دەنگ و خوێندن و جوولە و بینیندا لە یەکتری تێدەگەن و توانای ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریان هەیە، کە گوزارشتی کەیفخۆشیی و ترس و مەیلی جووتبوون و فریاکەوتن نیشان دەدات. (وێنە ١٤)

لەبارەی ڕەچەڵەکی ڕەسەنی باڵدار ، قسە زۆرە. ـ بەندە هەمیشە بەدوای تازەترین زانیارییدا دەگەڕێت، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی زانیارییە تازەکانە.ـ دواین ڕاپۆرتی زانستیی کە لە ( ٣٠ ـ ٧ ـ ٢٠١٤ ) دا بڵاوکراوەتەوە ، ئاماژە بەوە دەکات ، کە باڵدار دوا وەچەی جۆرە دەیناسۆرێکە پێی دەڵێن (Theropod Dinosaurs) ، کە لە چەرخی ، (Jurassic Period )دا، (١٥٠) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا ژیاوە.[1] ئەم پاشماوەیە لە هەرێمی (Liaoning)ی باکوری ڕۆژهەلاتی چین دۆزراوەتەوە و وا دەردەکەوێت کە ئەم باڵدارە، ددان و چڕنوکی هەبووە و کلکی وەکو مارمیلۆك درێژ بووە و باڵ و شێوەی پەڕەمووچەکانی لەو جۆرە بووە کە بۆ فڕین دەشێن.[2] (وێنەی ١٥)

هەرچی (Alan Feduccia) یە – کە زانای باڵندەناسییە (Ornithologist) لە زانکۆی (North Carolina) ، دەڵێت:" نەخێر

[1] ) Origin of birds as modified dinosaurs – Arkhat abzhannov (Wikipedia – birds)

[2] ) Mary G:pohl. B. Hartman, S. Peters, D,S (2007)

باپیرەگەورەی باڵدار، دەیناسۆر نییە ، بەڵکو گیاندارێکی خشۆکە لە جۆری (Longisquama)[1].

خۆ ئەگەر دەپرسیت چەند جۆر باڵدار هەیەوە ژمارەیان چەندە؟ ئەوا دەڵێن، پۆلینکردنی زانستیی باڵدار(Taxonomy)، بە گوێرەی زانستی باڵندەناسی (Ornithology) ،لەسەر بنەمای وێکچوونی فیزیۆلۆژی و پێکهاتەی جینی (Genetic Make - up ) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[2] (وێنەی ١٦)

١. مەملەکەت (The Kingdom): باڵدار دەچێتە خانەی مەملەکەتی گیانداران (Animalia).

٢. هۆبە (The Phylum): لە خانەی گیانداران دەچێتە هۆبەی بڕبڕەدارەکان (Chordata) .

٣. پۆل (The Class): لە هۆبەی بڕبڕەدارەکان، دەچێتە پۆلی باڵندە (Aves) .

---

[1] ) Feduccia, Alan; lingmn-soliar,T. Hinchliffe, JR (2005)

[2] ) http://www.birds.com/species/classifications/

٤. ڕیز (The Order ): پۆلی باڵندە دەکرێتە ڕیز، کە ژمارەکەی (٢٣) ڕیزە.

٥. خێزان (The Family ): جا ئەو ڕیزانەش وردە پۆلینکراون بۆ (١٤٢) خێزان. هەر خێزانەی، بە زاراوە زانستییەکەی، بە پاشکری (dae--) کۆتایی دێت ، وەك(Apodidae = تەیرەئەبابیلەی نموونەیی) وە (Hemiprocnidae= تەیرەئەبابیلەی پۆپیتەدار ).

٦. ڕەگەز (The Genus) : هەر خێزانەی چەند ڕەگەزێکی لێکەوتووتەوە، ژمارەی ئەو ڕەگەزانەش دەگاتە (٢٠٥٧) ڕەگەز.

٧. توخم (The Species): ئەو ڕەگەزانەش دیسان لق و پۆپیان لێدەبێتەوە و ژمارەکەیان تا ساڵی (٢٠١٥)، گەیشتۆتە (٩٧٠٢) توخم.[١]

کەواتە ژمارەی ناوی ئەو تەیروتوارانەی کە تاکو ئێستا تۆمارکراون ناگاتە (١٠) هەزار ناو. لە کاتێکدا ژمارەیێکی زۆر ماوە تۆمار بکرێت. ( لە بڕگەیەکی تری ئەم کتێبە بادەدەمەوە سەر ئەم خاڵە).

پۆلینی تریش بۆ باڵدار کراوە، لەسەر بنەمای:

١. باڵداری گۆشتخۆر (Birds of Prey).

---

[١] *) بە دەیان و سەدان توخمی گیاندار هەیە کە تا ئێستا، توخمیان نەزانراوە و نە دیتراوە.

٢. **باڵداری ماڵی (Pet Birds).**

٣. **باڵداری کێوی (Wild Birds).**

٤. **باڵداری باغ و چیمەن (Garden Birds).[١]**

**دەربارەی ژینگەی شوێن و مەفتەنی باڵندە، ئەوان لە زۆربەی شوێنەکانی سەرزەمین دەژین، تەنانەت لە جەمسەری بەستەڵەکی باشووری زەویشدا (The Antarctica) لە ڕووبەری (٤٤٠) کم[٢] بوونیان هەیە. بەڵام چڕی ژمارەیان و زۆری ڕەگەزەکەیان لە هەرێمەکانی کەمەرەی گۆی زەویدایە .تەیر هەیە لە لوتکە هەرەبەرزەکانی کێوە سەختەکاندا دەژیت و هەشە ، وەك بەتریق، لە نێو دەریایەکاندا، (٣٠٠) مەتر بناو لێدەدات. مرۆڤ هێندێك لەو تەیرانەی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تردا گوازتۆتەوە و ژینگە گۆڕیی کردوون.**

## مشتێگ زانیاری دەربارەی باڵندە:

**سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە مەزنانەی بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم، تاکو ئێستا زانیارییەکانی ئێمەی مرۆڤ لەبارەی هەموو نهێنی و لایەنە شاراوەکانی جیهانی باڵندە زۆر زۆر کەمە! پێت سەیر نەبێت کە**

---

[١] ) سەرچاوەی پێشوو.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی بۆماوەزانی (Genealogy) ، چەندین هەزار باڵندە هەیە، کە ئێمە نەماندیوون و و هیچیان لێنازانین. بۆ نموونە: لە نێوان مەودای ( جینەکانی) باڵندەی (قەل ـ قەلەموون) و ( سویسکە) چەندین توخم بزرن ! کە ئەسڵەن ئێمە نازانین شێوەیان چۆنە و لە کوێن!

حەزم کرد، ئەم مشتە زانیارییانەی کە لێرەو لەوێ ، لەبارەی تەیروتواران، بۆم هەڵکڕاندوون و هیچ گومان لە ڕاستی و دروستییاندا نییە ، پێشکێشتانی بکەم( ڕەنگ بێت بۆ هێندێك لە خوێنەرانی کورد، نوێ بن):

- سەیرترین کۆئەندامی هەناسەی گیانداران، هی باڵندەیە. هەموو گیاندارەکان لە ڕێی سییەکانیانەوە هەناسە وەردەگرن و دەدەنەوە. بەڵام کە باڵندە لە کاتی فڕینیدا، هەناسە وەردەگرێت، لە ڕێی سیستمێکی خواکردەی زۆر زۆر عەجیب، لە (٧٥٪) هەوای پاك وخاوین دەچێتە نێو قامیشە لوولەی بۆشی پەڕەمووچەکانی، تەنیا لە( ٢٥٪) هەوا ، دەچێتە نێو سییەکانی.جا کاتێ کە هەناسە دەداتەوە ، ئەو هەر هەوای خاوین دەهاوێژێتە دەرەو , کەواتە باڵەندە یەکەمین دەستکردی خالقە، کە ژینگە پیس ناکات، بەڵکو هەمیشە بە هەوای پاك وخاوین نوژەنی دەکاتەوە.

- قەبارەی مێشکی باڵندە ، لە چاو قەبارەی جەستەی خۆیدا، گەورەیە. کاری هەرە زۆری مێشکی ئەو تەرخانکراوە بۆ فڕین، پێش ئەوەی ڕەشەبا بگاتە ئەو ، بە سیستمێکی ڕاداریی خواکردە، ئەو زووتر هەستی پێدەکات.

بەشـەكانی تـری مێشـكی، تـەرخانكراوە بـۆ: جووتبـوون و هێلانـە چـێكردن و كۆچكردن و خوێندن و هەڵسوكەوتی ڕۆژانەی.

- چاوەكانی باڵندە ، بە گشتی ، بە هێزە و توانای باشی بینینیان هەیـە. ئـەو باڵندانـەی ئـاوین و سـەر دەخەنـە نێـو ئـاو، چاوەكانیان دوو جـۆر زوومـی هەیە، هەر كە سەری خستە نێو ئاوەكە، زوومەكی چاوی دەگۆڕێت، بـۆ زوومـی نێـو ئـاو تـا نێچـیری خـۆی ببینیـت. كـە سـەری لـە ئاوەكـە دەرهێنـا، زوومـە ئاسایەكە دەكەوێتەوە كار.

- باڵنـدە لـە كـاتی خـەوتن و چـاو چووقاندنیشـدا، هەسـت بـە بـوونی ڕووناكی دەكات. ئەو جگـە لـە چـاو ، خـاوەن دەمـاری تایبەتییـە كـە یارمـەتی بینینی دەدات!

- باڵنـــدە وەك مرۆڤـــ نییـــە، ئـــەو توانـــای بینـــینی ڕەنگـــە ســـەرو وەنەوشەكانیشـی هەیـە(Ultra violet – UV)، كـە یارمـەتی دەدات بـۆ دۆزینەوەی ڕەگەزەكەی تری خۆی و بۆ ڕاوكردن و بۆ خۆ پاراستن.

- هێنـدێك تـەیر ، لـە وەرزی جـووت بوونـدا، پەڕەمووچـەكانی ڕەنگـی دەگۆڕێت و لە ڕێی تیشكی ڕەنگەكانی سەروی وەنەوشەیی، دۆست بۆ خـۆی ڕادەكێشێت.

- ئەو تەیرانەی چاوەکانیان لە پێشەوەی سەریانە، وەکو پەپۆ، وردتر و باشتر شت دەبینن، بەڵام ئەو تەیرانەی چاویان لە لای تەنیشتی سەریانەوەیە، وەکو (کەو)، ڕووبەرێکی بازنە فراوانتر دەبینن.

- باڵندە، نە چاو دەترۆکێنێت نە دەتوانی بیجولێنێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسۆیی پەردەیەکی بەسەر دادێت.

- هێندێك باڵندە کە مەترسیان بۆ دێت و دەعبا هێرشیان بۆ دێنیٚ، پەڕەمووچەکانیان جۆرە ڕوونێکی زۆر بۆن ناخۆش دەردەدەن، کەوا دەکات هێرشبەر لێی دوور کەوێتەوە.

- پەڕەمووچەکانی تەیری(New Guinea) تەزووی کارەبا دروست دەکەن و دەستی لێبدەیت ، لێدەدا. [1]

- پۆپیتەی هێندێ باڵدار ، ڕەنگ و تیشکی تایبەتی هەیە بۆ ڕاکێشانی ڕەگەزەکەی تر بۆ خۆی بە نیازی جووتبوون.

- باڵندە ئاوییەکان، کە ئاوی سوێر دەخۆنەوە، لە ڕێی سیستمێکی خواکردە ، لە کونەلووتیانەوە، خوێیەکە دێتە دەرەوە، ئەوان ئاوی شیرین دەخۆنەوە.

---

[1] ) http://en.wikipedia.org/wiki/bird

- هێندێك باڵندە، بە پەڕەمووچەکانی ئاو بۆ بێچووەکانی دەگوێزێتـەوە و ئاویان دەداتێ.

- هێنـدێك باڵداری کۆچـەری، توانـای فرێنی (٤٠٠٠) کیلۆمـەتریان هەیـە بـــەبێ خـــواردن و خواردنـــەوە. لـــە نیوزلەنـــدا، تـــەرێك هەیـــە بـــە نـــاوی (Bar – Tailed Godwits) کـە دەتـوانی (١٠) هـەزار کیلۆمـەتر بفڕێـت. لـە بەرزایی پتر لە دوو هەزار کیلۆمەتردا.

- باڵندە کۆچـەریەکان، قیبلـەنمای تایبـەتییان لـە مێشکدا هەیـە، کـە لـە ڕێی موگناتیسی زەوییـەوە ، ڕێگـا دەست نیشـان دەکـەن و لـە ژێر کاریگـەری خۆر و ئەستێرەکانیشدان.

- هێنـدێ باڵندە- جگـە لـە دەنـگ و خوێنـدن ، بـە شـێوەی تـر دوژمـنی دەترسـێنێت و پێگـەی جوگرافیـای خـۆی دەستنیشـان دەکـات. دارکوونکـەرە، کۆڵکەدار دەکوتێت . باڵندەی دەهۆڵ - لێدەرە ، سنیگی خۆی دەکوتێ، یان بە دارن لــە شــتێك دەدات. باڵنــدەی (Ciano Coryphaeus) یــش فــوو لــە پەڕەمووچەکانی خۆی دەکات و خۆی گیفدەکاتەوە.

- تەیرەئەبابیلـە و باڵـدارە کۆچـەرییەکان، دەتـوانن لـە کـاتی فـڕین، بـە ئاسمانــەوەە بخــەون. سیســتمی ڕاداری خوداوەنــدی ، کــاری فڕینەکــەیان بــۆ بەڕێوە دەبات.

- باڵندە ، ئۆرگانی ئارەقەکردنی نییە و هەستەوەری بۆنکردنی زۆر زۆر لاوازە جگە لە تەیری (Kiwis) ، کە توانای بۆنکردنی هەیە.

- ژمارەیەکی کەم ، تەیر هەیە، کە وەك مار و بۆق ، ساڵانە، سووری سڕبوونیان هەیە.

- لە( ٩٥٪) ی باڵندە، یەك هاوسەرگیر دەگرێت ( هەر نە بێت لە یەك ساڵدا) و زۆریش بۆ یەکتری بە وەفان و تامردن لێك جیانابنەوە.

- هێندێك باڵدار، پێی خۆشە مێروو بێتە سەر لەشی، لەشی بۆ خاوێن بکاتەوە لە (Parasites).

- بە گشتی ، ڕۆژانە ، باڵندە ، نزیکەی دوو سعات خەریکی خۆ خاوێنکردنە و ئارایشتکردن و خۆ جوانکردنە. واتا لە (١٠٪) کاتەکەی.

- ماوەی کڕکبوونیان لەسەر هێلکە جیاوازە. هەیە (١٠) ڕۆژی بەسە ، وەك (Kiwis). هەیە دەیگەێنێتە (٨٠) ڕۆژ، وەك (Albatross). بەڵام زۆربەی لە نیوان (٢٠ ـ ٣٠) ڕۆژە.

- لە (لانەلۆژی - Caliology) ، واتا زانستی هێلانەی تەیران، دا هاتووە: هێندێك باڵندەی وەك پەرەسێلکەی سەر ڕەش و باڵندەی کوکو (Common Cuckoo)، بە دزییەوە هێلکەی خۆیان لە نێو هێلانەی باڵندەی تردا دەکەن. نێر و مێیان بە دوای هێلانانەدا دەگەڕێن. تا مێیەکە هێلکەکە

دەكات ، نێرەكەی، باڵندەی خاوەن ماڵ دەخافلێنێ. جا سەیرەكە لەوە دایە ، پێش هێلكەكردنەكە ، هێلكەیێكی باڵندەی خاوەن ماڵ فڕێدەداتە دەرەوە ، تا پیلانەكەی ئاشكرا نەبێ، ئەوان بۆ خۆیان عیشقبازی دەكەن و باڵندەی كڕكی سەرهێكانیش ژان و ماندوو بوونی بەخێوكردنی بێچوەكانی خۆی و زڕەبێچوان دەچێژێت. ئەم باڵندانە، هەموویان ئەو فیعلەیان هەیە : (Cuculidae، Anatidae ،Estrildidae ،Icterinae ،Indicatoridae).[1]

- باڵندەی ، فارەقەل، كە جاران لە دەڤەری شەقڵاوە زۆر بوو، نازانێت هێلانە بۆ خۆی چێ بكات، چاوەڕێ دەكات تا قەلەباجكە هێلانەكەی خۆی تەواو دەوكات، جا بە ژن و مێردەوە دەی دەنە بەرشەقان و هێلانەكەی لێ زەوت دەكەن. ناچار، قەلەباجكە هیلانەیەكی تر بۆ خۆی چێدەكات. قەلەباجكە زەندەقی لە فارەقەل دەچێ.[2]

- لەقلەق دەنگی نییە و بە لێكدانی دنووكەكانی تەقەتەق سازدەكات . تا ئێستاش زانست ، نەیتوانیوە بزانێ بۆ دەنگی مراوی سەدای نییە .

- ئەو باڵندەیەی كۆئەندامی دەنگسازیی نییە(Syrinx) ، ئەوا بە بەكارهێنانی باڵ و قاچ و دنووك و كلكی، دەنگ سازدەكات.

---

[1]) http://en.wikipedia.org/wiki/Brood_parasite#sthash. nT3GHl7m.dpuf

[2]) من و شەقڵاوە. قادری كۆزێ . ل.٨٠.

- ئـەوانیش (هۆمـۆ و لیزبین)یـان تێدایـە ـ واتـا نێربـازی و پانپانـانێ دەکەن ـ .

ئەگەر بەنیازی پشکنین و تێگەیشتنی باشتر، لە ڕۆڵی تەیر و توار لەسەر ژیان و هزر و چالاکی و داهێنانی مرۆڤ ورد بینەوە، دەگەینە ئەو ئامانجە، کە کاریگـەری ئـەوان زۆر بـەهێزتر و سـەنگینتر و قـوولترە، بـە بـەراورد لەگـەڵ کاریگەری باقی گیاندارەکانی تر، ئەمەش، بەمەزەندەی من لە بەر دوو هۆکارە:

**یەك:** مرۆڤ پتر بە چاوی پیرۆزیی و قودسییەتەوە تەماشای باڵندە دەکات، چونکە سروشتی خود مرۆڤ، بۆ هەمیشە چاو تێبڕین و سەر هەڵبڕین بووە بۆ ئاسمان. لە زۆر کۆنەوە ئاسمان پیرۆز بووە و زەوی گەندەڵ و ناپاك. جا چونکە باڵندەش بۆتە بەشێك لەو ئاسمانە، بەشێك لەو پیرۆزییەی پێ بڕاوە. خۆ ئێمە دەزانین کە خودا لە هەر هەموو شوێنێکدا وجودی هەیە ، بەڵام هەمیشە کە دوعاو نیزا دەکەین دەست بۆ ئاسمان هەڵدەبڕین، نەبووە کەسێك دەست لەبەر زەوی، بۆ بەر پێی خۆی، پانبکاتەوە.

**دوو:** بە بەراورد لەگەڵ گیاندارەکانی تر، باڵندە زۆر بێزەڕترە، کەمتر جێگەی مەترسییە. بە پێچەوانەوە ، زۆربەیان جوان و ڕەنگین و دەنگخۆش و دڵکەرەوەن. ئەوا جگە لە بەخشینی ڕەوە جوجەڵە و هێلکە و گۆشت و کوڵك و پەڕ ە تەلی نەم و نیان.

بۆیه دەبینین پایەو مەقامی باڵندە، لە لای هێندێك هۆز و نەتەوە گەیشتۆتە پلـەی خوداوەنـدی، ئـەوەتا لـە (ئەلاسـكا)، قەلـەڕەش دەپەرسـتن، لـە هـەرێمی باكوری(Borneo) هەڵۆ دەپەرستن . چونكە (ئێزیدی) كوردن، لە جێی خۆیـەتی دوو قسـە لەسـەر تـەیرە پیرۆزەكـەی ئـەوان بكـەین: تـاووس: " بـە پێـی میتۆلۆجیـای گـەلان (Peoples' Mythology)، عەشـتار، ژنـە خوداوەنـد، پایـەدارترین دەسـەڵاتی بـووە، واتـە دایكـی گـەورە. تـاووس كـوڕی عەشـتار بووە.بەڵام كاتێك پیاو دەست ئەگرێت بەسەر هێزە باوەكانی ئـەو سـەردەمەدا و هـەموو دەسـەڵاتێك لـە ژن دەسـەنێتەوە ، پەیكـەری خـۆی دروسـت دەكـات و دەیخاتە جێی پەیكەرە خوداوەندەكانی ژن.لێرەشدا ئێزیدی دەبێت بە خاوەنی بـەهێزترین خوداوەنـدی سـەر زەوی، ئـەویش تـامۆز بـووە كـە ( تـەموز، تـاوز، تاووس، داموز، تاموس) یشی پێ وتراوە. (وێنەی ١٧، ١٨، ١٩)

لـە كوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا، هـاتنی یەكـەم لەقلـەق لـە سـەرەتای بـەهاردا، ئاهەنگی گەورەی بۆ دەگێڕدرێت و ژن و منداڵ ، بەو دەشت و دەرە وەر دەبن و گۆرانی دەڵێن و شایی دەگێڕن و سەیران دەكەن ، تەنانـەت جێشتێك لـە ڕۆژی هاتنی حاجی لەقلەق ساز دەكەن ، بەناوی(شیوە حاجیلە)[١] .

---

[١] ) تەلـەڤزیۆنی پـەیام. ڕۆژی (٢٣ ــ ٣ ــ ٢٠١٥) . فولكلـۆری كـوردی دەوڵەمەنـدە بـە بابـەتی ئـەم باڵندەیە:( حاجی لەقلەق دوو پێیە / لەسەر بانی بووكێیە / پیرێژن چاوی لێیە./ هەڵاڵـە مەڵاڵـە هـەتا دەچمە ئەو ماڵە / بەردەركێم بۆ بماڵە .)

ئەم فیگەرە، هەر ئەم (تاووسی مەلیکە)یە ئەمڕۆ لە لایەن نەیارانی ئێزیدیی، بە شەیتان ناوزەد دەکرێت. تاووسی مەلیکی ئێزیدی لای خەڵکی ئەو سەردەمە خوداوەندی سروشت و کەون ، زیندوو و مردوو بووە. تاووسی کوڕی، جێگەی دەسەڵاتی عەشتاری دایك دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی عەشتار یەکەم دەسەڵاتی کەون بووە، تاووسی کوڕیشی دەبێ بە دەسەڵاتی خوداوەندی کەون و سەرۆکی سەرجەم خوداوەندەکانی گێتی. چونکە تاووس خوداوەندی هەموو خوداکان بووە زۆرترین سیفەتەکانی هاوپێچ کراوە، بەڵام لای ئێزیدی هاوپێچیان کردووە بە کشتوکاڵەوە، بە تایبەتی گەنم، پێیان وایە گەنم ڕۆحی هەیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە خواردنی ئەم ڕۆحە، ژیانی پێ دەبەخشرێت، پیرۆزە. مانگی نیسان کە سەرەتای شینبوونی گەنم و دەغڵ و دانە بە گشتی، چەژنی تاووس مەلیکە. ئەوان پێیان وایە ناووس مەلێك لەو ڕۆژەدا دێتە خوارێ و خێر و بەرەکەتەکانی بەسەر زەویدا دەبارێنێ."[1]

"سەرەتا خەلیقەت، لای ئەمان پێوەندییەکی زۆری بە بوون و خەلقکردنی تاووسی فریشتەوە هەیە. هەروەها ڕۆژی یەکمی خەلیقەت لە ئەفسانەی ئەماندا، لە شەممەوە دەست پێدەکات، چونکە لەم ڕۆژەدا وەك دەڵێن، خودا یەکەمین و پیرۆزترین فریشتەکانی خۆی کە (تاووس فریشتەیە)

---

[1] ) ڕۆژنامەی باس. ژمارە (٢٢٥) ، ١٠ / ٢ / ٢٠١٥

لـه نـووری خـۆی خـەلق کـردووه و پێـی گوتـوه، تـۆ لـه ئاسمـان، سـەرۆکی فریشتەکانی منی و لەسەر زەویش ڕابەری میللەت تاووسی." [1] ( وێنەی ٢٠)

باڵنده لـه کۆنـەوه بۆتـه هێما و ئاڕم و لۆگـۆ. تەنانـەت ئـەمڕۆ دەیـان وڵات و سەدان دامودەزگای هەمەڕەنگی دنیا، لۆگۆی باڵندەیان بۆ تەوێڵی ناونیشـان و تۆمارگه و مارکه و درۆشمی خۆیان هەڵبژاردووه.(وێنەی ٢١)

خۆ ئەگەر بمانەوی پێگەی تەیرو توار، له نێو کەلتوور و فۆلکلۆر و ئـەدەبی نەتەوەکانی دنیادا، باس بکەین ، ئەو به چەند کتێبێك تەواو نابێت، بۆیه تەنیا له باسی (کـەو)دا، بەندێکی ئەم کتێبەی بۆ تەرخان دەکەین.

[1] ) نجم ئەڵوەنی. ئەفسانه و پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی. ل. ٥٨

# بــەنــدی دووەم

خــوا، بـاڵنــدەی خۆشــویســت، دارســتـانی بۆ داهێنــا.

مرۆڤـ، بـاڵنــدەی خۆشــویســت ، قەفەزی بۆ دروســتکرد.

(Jacques Deval)

# کـەو

## بەشــی یەکــەم

### وشــەی کــەو:

(کــەو) کــە وشــەیەکی ســادەی (ســێ) پــیتی، یــەك بڕگەیــە، لــە بنجینــە و ڕەسەنایەتیدا (کوردی) یە. لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)دا هاتووە:[1]

***"کـەو :(١) کەڤـــ ، ژەرەژ. (٢) سـەرەند ، سـەرەد. (٣) کوشـینی بـرین. (٤) داغ، چزدان بە ئاسنی سوورەوەبوو. (٥) کەف."***

هەم ( کـەوو) و ( کەوگ) و (کـەوك) و ( کەبك) یشی پێدەلێن.[2]

وشەی ( کەو) ئەم مانایانەش دەبەخشی:

---

[1] ) فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە. ل، ٦٧١

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٧٣

*(١) ڕەنگی خۆڵەمێشی، شین یان ئاسمانی.*

*(٢) کەوان یان کەوانە.*[١]

*(٣) بێژینگی گەورە.*[٢]

*(٤) شەن، شتێکە لە گلکیر شاشترە ، خەرمانی پێ پوختە دەکرێ.*[٣]

*(٥) هەڵگوشینی برین بۆ پاکبوونەوەی.* [٤]

**لە زاری کرمانجی ژووروودا، ( کەو) یان ( کەڤـ)ی پێدەڵێن. بەڵام لە جیاتی وشەی (کەوی) وشەی ( کەڤی) یان ( کەهی) بەکاردەهێنن[٥]. لە زاری لەك و هەورامانیدا پێیدەڵێن ( ژەرەژ). لە ناوچەی کرماشان پێی دەڵێن ( کو). لە زاری زەنگەنە و لوڕ و کەڵهوڕدا وشەی ( کوەك) و**

---

[١]) فەرهەنگی مەهاباد. ل. ٤٧٠

[٢]) فەرهەنگی ئەستێرە گەشە. ل. ٥٩١

[٣]) فەرهەنگی خاڵ . ل. ١٤٧

[٤]) س. پ.

[٥]) ئیدیۆمی کوردی. جلال محمد عەلی .ل. ٥٢

( کـۆوك)ی پـێ دەڵـێن، [1] بـەڵام لـە زاری کـوردی ئازەربێجانیـدا (کـەکڵ)ی پێدەڵێن:

لە فەرهەنگی ( ئاریانڤاج)دا هاتووە، کە :" لـە ئاڤێستای دێرینـدا، وشـەی ( ژەرەژە ^zara^za ) [2] بۆ (کـەو) بەکارهاتووە."

نێـرەی کـەو پێـدەگوترێت ( نێرەکـەو) لـە زاری لـەك و لۆڕیشـدا ( نەرەکۆوك)، [3] لە هەورامانیدا پێی دەڵێن ( بەق). مێیەی کەو ، پێی دەڵێن (ماکەو) یان ( مێکەو) لە هەورامانیدا پێی دەڵێن ( چییل) یان ( چێڵ) [4]

فـەرموون لـە گـەڵ چـەند نموونـەیـەکی ئـەم وشـانەی سـەرەوە، لـە ئـەدەبی کوردیدا:

شاعیر ( شـێخ سـەلام) لە وەسفی پێنجویندا دەڵێت:

هەی ملەکەوە بۆچی داماوی          بۆچی وا <u>کەوە و شێن</u> هەڵگەڕاوی [1]

---

[1] ) ) گۆڤاری سرووە. ژ. ٥ ل. ٢٠

[2] ) فەرهەنگی ئاریانڤاج. ل. ٦٤

[3] ) فەرهەنگی لەك و لۆرش . ل. ١٩١

[4] ) فەرهەنگی ئەستێرە گەشە . ل. ٢٣٤

(د. ئیحسان فـوئـاد) دەڵێت:

لەو خەرمـانەی کە زەمان

لە جـۆزەردانی تـەمـەندا

شـەن و کـەوی پێ دەکـات[2]

لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە:

وەرە کـەکـڵی بلـند

لـێ وێ تـێ لاکی ڕەنـد

پـەز هاتییە مەشـینە

ئاڤرەنگی من بـە من دە[3]

مامۆستا (گـۆران) دەبێژێت:

گشـت ئیـوارە و گشـت شـەبـەق

---

[1] ) زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ل. ٩٨

[2] ) ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە ٩٤٨

[3] ) کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی. قەناتی کردۆ. ل. ٢٦١

## شــاخ پڕ ئەکەین چێڵ و بــەق[1]

(مــەولــەوی) دەفەرموێ:[2]

میهری بەهاری، قەهری خەریفی

بەشــیر ڕەدیفێ، نەزیــر حەریفێ

شــاهین کرداریێ، تەڕلان تەوارێ

ژەرەژ ڕەفتــارێ، تــووتــی گوفتــارێ

(ســەید هەورامی)ش دەڵێت:[3]

تەماشــای جەرگەی گوڵاڵان وەشــەن

سەبری سەربەرزان، عەوداڵان وەشــەن

پــەی لانساران، خڵخاڵش وەشــەن

وەدواوی شــیرین ، لا پــاڵش وەشــەن

---

[1] ) د یوانی گۆران. محمدی مەلا کریمی . ل. ٤٢٥

[2] ) دیوانی مەولەوی . ل. ٤٨٥

[3] ) فەرهەنگی ئاریانڤاج. ل. ٦٤

**تەماشای نەورۆز خاڵماویش وەشــەن**

**کافووریــش نیلیش ســیاویش وەشــەن**

**سەدای قـابۆی (کەبك)ایش وەشـەن**

عەرەب، بۆ (کەو)، سێ وشەیان هەیە: (الحجل الرومی، دراج الصخور، قبج)، هێندێك سەرچاوە، زادەی وشەی (قبج) ـ کە لە دوو وشەکەی تر باوترە ـ بۆ سەرچاوەی زمانی کوردی دەگەڕێننەوە، شێوەی ئاخاویتنی عەرەبەکان، وشەی ( کبك یان کوك) یان گۆڕیوە بۆ وشەی (قبج)[1]. فارسیش پێی دەڵێن ( کەبك)، تورك پێی دەڵێن (BÛqalamÛn) بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (Partridge or Chukar) بە لاتینیش (Alectoris) و ناوی زانستیی ( کەوی کوردستان)ی (Alectoris Kurdestanica) یە.[2]

## پێناسەی کەو:

(کەو) باڵدارێکی خۆڵەمێشی هێلکە ـ شێوازە، درێژییەکەی لە نێوان (٣٢ ــ ٣٥) سانتیمەترە. باڵەکانی بە کراوەیی لە نێوان ( ١٥ ــ ١٨) سانتیمەتر دەبێت. درێژیی کلکی لە ( ١١) سانتیمەتر تێناپەڕێت و لە (١٤) پەڕەمووجی

---

[1] )http://www.gilgamish.org/printarticle.php?id=24496

[2] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥) . ل. ٣٤

جـوان و خـۆڕاگر پێکهـاتووه. مەچـەکی ( ٤٠ ــ ٥٠) میلیمـەتر درێـژ دەبیـت.[١] لەشـی (کـەو)ی کـوردی بـە گشـتی، بـە پـەڕ و تـووك و پەڕەمووچـی شـینی خۆڵەمێشی داپۆشراوە، کەوانەی ڕەشـی سـەر و چاوی، وەك دەمـەداس، بەهـەر دووە لادا دەکشـێت و لەسـەر سـینگیدا ئـارام دەگـرن، پـانی ئـەم دوو کەوانەیـە (١٠) میلیمەتر دەبێت. تووکی ژێر سینگ و کلکـی ئەسمـەر ڕەنگن. هـەردوو لا سینگی خوار باڵـەکانی ، بە ڕیـز ، کەوانی ڕەش ڕەشی لەسـەر ڕەنگی مەیلـەو سـپیی بـە شـێوەی پـیتی (U) ی ئینگلیزیـی هەیـە ، واتـە خەتـدارە. ڕەنگـی هـەردوو گوێچـکەی قـاوەیی بـاوە، پێلـووی سـووری کـاڵن. دنـووك و قاچـی سوورە، بەڵام هێنـدێ جار کـەوی قاچ پرتـەقالی مەیلـە و زەردیـش دەبینـرێن.[٢] کێشی ئاسایی (کەو) دەگاتە (٣٥٠) گرام.

## قـەبـارەی کـەو:

لە کوردستاندا، (کەو)، بە گوێرەی خڕوپڕی لەشی، چوار جۆری هەیە:

---

[١] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٣٥

[٢] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٣٤

١) **خڕەکەو:** کورت و خڕپن و تێکچەقیووە، زۆر دەخوێنێ و زۆریش دەستبازە.[١]

٢) **شوولەکەو:** (باریکەکەو)یشی پێی دەڵێن. درێژ و کەڵەگەتە ، قاڵۆڕی بەرزە بەڵام سینگی پان و پۆڕ نییە.[٢]

٣) **کەودەری:** لەو دوو جۆرەی باسمان کرد درێژتر و گەورەترە، تەنیا لە کویستانەکاندا دەژیت.[٣]

٤) **زڕڕەکەو:** کەمێك لە سوێسکە گەورەتر و هەراشترە، قاچەکانی مەیلە و زەردن. ژمارەیان لە کوردستاندا کەم بۆتەوە و راوکەر نەیهێشتوون.[٤]

(وێنەی ٢٢، ٢٣)

## ڕەنگی کەو:

---

[١] ) کاکەشەلی کەوباز. چاوپێکەوتن.

[٢] ) مامۆستا عەلی مستەفا . چاوپێکەوتن.

[٣] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥) . ل. ٣٥

[٤] ) ئەمینەسووری مام باپیری. چاوپێکەوتن.

کـەو)، (وەك زۆر تـەیر و تـوار و گیانـداری تـر ، تـا ڕادەیێکـی بـاش توانـای خۆشاردنەوە و خو ونکردنی هەیە، بە سایەیەی ڕەنگی پەڕ و پەڕەمووچەکانی لەشـی. بۆیـە، ژینگـەی (کـەو) بـە درێـژایی مێـژوو، کـاری کردۆتـە شـیاواندنی ڕەنگی ئـەو لـە گـەڵ ڕەنگـی دەوروبەرەکـەی، لـە کوردسـتاندا ئـەم پێـنج جـۆرە ڕەنگە بەرچاو دەکەون:

١) **کـەوی خـۆڵـەمێشی:** ڕەنگی ئەم جۆرە کەوە بە ڕەش و سپی تێکەڵ بە قـاوەیی خـۆی دەنـوێنێ. لـە کوردسـتاندا لـە هـەموو جۆرەکـانی تـر ژمارەیان زۆرترە.

٢) **کـــەوی ســـوور:** (سوورەکەو)یشـی پـێ دەڵـێن. سـەر هـەردوو باڵـەکانی مەیلەو سوور خۆی دەنوێنێ. لە دەڤەری ڕەواندوز ، چونکە خاکەکەی مەیلـەو سـوورە ، زۆر دەبێنـرێن. زۆربـەی ئـەو کەوانـەی لـە ناوچـەکانی ئەوروپادا دەژین سوورەکەون.

٣) **کـــەوی ڕەش:** لـە کۆمەڵـەی (کـەوی خۆڵەمێشـی)یە.بـەڵام ڕەنگـی ڕەشـی بەسەردا زاڵە. لە چیای باواجی و ئاوەگرد و بنەباویدا هەیە.

٤) **کـەوی بـەفـری:** ئەم جۆرە کەوە وەك بەفر سپی سپییەو لـە کوردسـتاندا ژمـارەی زۆر زۆر کـەم بۆتـەوە،[١] بـەڵام لـە شـاخە بەفراویـەکانی ئـەوروپا

---

[١]) کاکەشەلی کەوباز ـ وەستا عەبدوڵڵا. چاوپێکەوتن.

زۆرە و پێدەگوترێت (Lerwa Lerwa) . لە بەشی سەرەوەی ئاسیاشدا دەژیت. [1]* (وێنەی ٢٢، ٢٣)

٥) کەوی سپی: جاران ئەم جۆرە کەوە لە ناوچە شاخاویەکانی شنگالْ و دەشتی قەراج دەبینران. ئەم جۆرە کەوە بە ئازایەتی لە شەڕدا ناسراوە.[2]

٦) کەوی شین: ئەم جۆرە کەوە بە ڕەنگی شینی خۆی نیشاندەدات و (شینەکەو)یشی پێدەڵێن.[3]

---

[1] ) * چونکێ ئێمەش کویستانمان هەیە و هێندێك لە شاخەکانمان ساڵ دوانزدەی مانگ بەفریان پێوەیە، هەنگاوێکی باشە ، هێندێك کەوی بەفری، لە ئەوروپاوە هەواردەکەینەوە بۆ کوردستان و ئەم جۆرە کەوە دیسان زیندوو کەینەوە بۆ وڵاتەکەمان. حەمەدی عەبدوڵڵای جەیدی(کۆچکردوی ساڵی ٢٠١٣ تەمەن ٩٤ ساڵ) کەوی بەفری لە کویستانەکانی قەندیل بینی بوو.

[2] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥) .ل. ٣٥.

[3] ) سەرچاوەی پێشوو.

لـه خـواروی ڕۆژهـەڵاتی ئـەوروپادا ، کـەوی قـاوەیی هەیـە، کـە پشـتی قاوەییە و خەت وخاڵی تەنیشتی تۆخە و گەردنی ڕەشی سپیاوە. کەوی وڵاتـی مالیزیـا کـە پێـی دەڵـێن ( کـەوی پۆپیتـەدار) پۆپیتـەیێکی قرمـزی هەیـە و دەم و چـاو وقاچـی سـوورە و قەلبیشـی شـینکە. لـە ئایرلەنـداش کـەوی قـاچ سـووری قالۆریی هەیە.[1]

## ڕەگـەزی کـەو:

زانسـتی باڵندەناسـی (Ornithology)، ڕەسـەنایەتی ڕەگـەزی (کــەو) دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەو کۆمەڵـە باڵندەیـەی کـە بـە خێزانـی (Phasianoidea) ناسراوەن. شێوازی پۆلینکردنە زانستییەکەشی بەم شێوەیەیە:

١. مەملەکەتی ـ کـەو (The Kingdom): ، دەچێتە خانـەی مەملەکـەتی گیانداران (Animalia).

٢. هۆبـەی ـ کـەو (The Phylum) ، لـە خانـەی گیانـداران دەچـێتە هۆبەی بڕبڕەدارەکان (Chordata) .

٣. پـۆلی ـ کـەو (The Class): لە هۆبـەی بڕبڕەدارەکـان، دەچێتە پـۆلی باڵندە (Aves ) .

[1] ) htpp://Britannica.com/EBchecked/topic/445255/partridge

٤. **ڕیزی ـ کەو** (The Order): **پۆلی باڵندە دەکرێتە ڕیز، کەو دەچێتە ڕیزی** (Galliformes).

٥. **خێزانی ـ کەو** (The Family): **ئەم ڕیزەیش، وردە پۆلێن دەکرێت بۆ خێزانی** (Phasianoidea). **دواتر پۆلیندەکرێتەوە بۆ خێزانێکی بچووکتر بە ناوی** (Phasianidae)

٦. **ڕەگەزی ـ کەو** (The Genus) : **هەر خێزانەی چەند ڕەگەزێکی لێکەوتووتەوە، ڕەگەزی کەو پێیدەڵێن :**

(Phasianus Colchicus)، **ژمارەی ڕیزبەندی زانستی (کەو) (١٧٥٨)ە ئەمە، بە گوێرەی پۆلینکردنەکەی** (Linnaeus )[1] **تۆمارکراوە. (وێنەی ٢٦)**

**بە شێوەیەکی هاسانتر باڵندەکانی** (Phasianoidea) **دەکرێن بە دوو کۆمەڵ : کۆمەڵەی** (Perdicinae) **وە کۆمەڵەی**(Phasianidae) **کە** ***( کەو و سوێسکە و پۆڕ و پۆڕی کێوی و مریشك و چین و ماچین و قەل )*** **دەگرێتەوە. لە نێوان ئەم باڵندانە هەیە کێشەکەی هەر (٤٣) گرام دەبێت وەك** (King Quail)، **هەشیانە وەك ( قەلی کێوی) نزیکەی (١٧) کێلۆ**

---

[1] ) http://en.wikipedia.org/wiki/Phasianidae

دەبێــت. هەیــە  زۆر  بچــووکە  وەکــە (King  Quail) کــە هــەر (١٢) سانتیمەتر دەبێت ، هەشیانە زۆر گەورە وەك (Green Peafowl)، کە لە ســەری دنووکییــەوە تــا ســەری کلکــی ، درێژییەکــەی دەگاتــە (٣٠٠) سانتیمەتر.[١]

لە وڵاتانی عەرەبیدا (٥) ڕەگەز کەو دەژی، کە دووانیان لە لای خۆمان هەیە و ناوە زانستییەکەیان ئەمەیە:

(Alectoris Kurdestanica)، (Alectoris Gralce).[٢]

کونترین بەردینەپاشماوەی (Fossil)ئەم خێزانە باڵندەیە کە دەزرابێتەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ چاخی (Late Oligocene Epoch) ، کە دەکاتە نزیکەی (٣٠) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا.

## مەفتەنی کەو لە جیهاندا:

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا: ڕەگەزی خێزانی کەو زۆر زۆر دێرینە و بۆ نزیکەی (٣٠) ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە ، بۆیە دەبینین مەفتەن و نیشتمانی (کەو) ، لە سەر گۆی زەوی، لەم بەشەدایە کە پێی دەڵێن ( جیهانی

---

[١]) سەرچاوەی پێشوو.

[٢]) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥) ل. ٣٥

**کۆن ـ The Old World)، واتا کیشوەری ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەوروپا.لەوێرا بۆ شوێنەکانی تر گوێزراوەتەوە . بە گشتی، (کەو) لەم وڵات و هەرێمانە بوونی هەیە: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا : لە ( تورکیا و ئێران و کوردستان و فەلەستین و ئۆردن و سوریا و لوبنان) . لە نیوە دورگەی عەرەبیدا: لە ( چیاکانی عومان و گردۆڵکەکانی ڕۆژهەڵات عەرەبی سعودی).[1] لە ئەفەریقیادا :لە ( زنجیرە چیاکانی ئەتلەسی جەزائیر و مەغریب و چیاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لیبیا ـ جبل الاخضر و جبل الغربي و ولآتي‌میسر )[2]. لە کیشوەری ئاسیادا: لە (ئەفغانستان و هیندەستان و پاکستان و ڕۆژئاوای چیای هەمەلایا و نیپاڵ و چین وبەرزایەکانی تبت و مالیزیا). لە ئەوروپادا :لە ( لە ڕۆژهەڵاتەوە ـ لە تورکیاوە بیگرە تا دورگەکانی دەوری ئینگلتەرا لە ڕۆژئاوا. لە دەریای قەزوین ـ لە باکورەوە تا کاناری دەم دەریای سپی ناوەڕاست لە باشووردا ) بە تایبەتی لە ( بەریتانا، جۆرجیا، یۆنان، کازاخستان، قیرگستان، مەنگۆلیا، ڕوسیا، تاجاکستان، تورکمانستان، ئەرمەنستان، ئۆکرانیا، ئۆزبیکستان، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، نەرویژ، پورتوگال، ئیسپانیا، یۆگۆسلافیای کۆن ــ ـ دەتوانین بڵێین، کەو لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی ناوی و خەسڵەتی خۆی**

---

[1] ) د. حسین خیری بەگ. چاوپیکەوتن.

[2] )خۆم لە زورگەکانی باکووری ناوەراستی وڵاتی لیبیا دا، (کەو)م ـ لە نزیك شاری سرت ـ دیوە.

هەیە ، وەك :کەوی تورکی، کەوی هەنکاری، کەوی یونانی ، کەوی ئەڵمانی، کەوی بولگاری.بە گشتی کەوی ئەورپایی پێیدەگوترێت: [1](Perdix Perdix)

وەك گوتمان، زێد و مەفتەنی (کەو) جیهانی کۆن بووە، دواترا بە دەستی چەند کەسێکەوە گەیشتۆتە کیشوەری ئەمەریکای باکوور و باشوور و ئوستورالیا. یەکەم (کەو) لە ساڵی (١٨٨٩) لە ئەفغانستانەوە هێنرایە هەرێمی (Virginia) ، دواتر لە ساڵی (١٩٠٨) دا ،کەوی هەنگاریان گەیاندە هەرێمی (Alberta). بەڵام کەوی ئەمەریکی نەختێ هەراشترە لە کەوی لای خۆمان. ئەوان سوێسکەیان هەیە بەقەد کەوی لای خۆمان گەورەیە. بۆیە تاکو ئێستا لە ئەمەریکا بە کەو دەڵێن (سوێسکە ـ Quail) یان ( سوێسکەی خێزەڵان ـ Bush Quail)[2]

کەواتە (کەو) زۆرتر لەو شوێنە دەژیت، کە کەش و هەواکەی فێنك بێت و جێگاکەی بەرز وزۆرگ و شاخاوی بێت و ئاوی هەبێت . لە بیابانی قاقڕ و ژینگەی باراناوی کەمەرەی زەوی، کە زۆر زۆر شێدارە ناژیت .[3]

---

[1] *) وێنەی کەو سونبلی نیشتمانییە لە پاکستان و ڕەمزی قارەمانییە لە ناو هۆزی (Chippewa) لە ئەمەریکادا. لە ناو هۆزی (Cherokee) یشدا، شایی و هەڵپەرکێیەك هەیە بەناوی : سەمای کەو.

[2] ) http://en.wikipedia.org/wiki/Phasianidae

[3]) htpp://Britannica.com/EBchecked/topic/445255/partridge

له ڕاستیدا، هیچ ئامارێکی زانستیمان ، لەبارەی ژمارەی کەوی جیهان لە بەردەست دانییە، غەیری ئەوەی کە ڕێکخراوی جیهانی بۆ ژیانی کێوی(Birdlife International 2004) ، له ساڵی (٢٠٠٤) بەیانی کردوە: ژمارەکەیان بە (١٠) ملیۆنێك دەخەملێنێت. لەم ژمارەیەشدا (٢٤٪)ی کەوی جیهان لە ئەوروپا دا دەژی. ژمارەی کەوی جووت بوو لەوێندەر بە (١.٩٠٠.٠٠٠ ) کەو دەخەملێنن.

## کەو لە کوردستاندا:

لەبەر ئەوەی کوردستان بە درێژای مێژووی خۆی هەر داگیرکراو بووە و هەرگیز ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە ، وەك ولاّتانی سەربەخۆ و پێشکەتوو ، بکەوێتە خۆ، بۆ خزمەتکردنی ژینگە و دانیشتوانی سنوورەکەی خۆی، جا مرۆڤ بێت یان گیاندارن، هیچ داتا و تۆمارگەیێکی باوڕپێکراومان لەبەر دەست دانییە، کە بتوانین پشتی پیٚ ببەستین و دڵمان لێی بە گومان نەبێت. ناچار دەبیٚ ئەو زانیارییانە تۆمار بکەین کە لەو ساڵانەی دوای لەو کەسانەمان چەنگ کەوتووە ،کە هەم تەمەنێکیان هەبووە و هەم جێگەی متمانەن لە ڕاستگۆیی ـ بە داخەوە ئەوانیش ژمارەیان زۆر کەمە ـ ،بۆ نموونە، ئێمە نازانین ژمارەی پڵینگ و ورچەکانی کوردستان لە سەدەی بیستدا چەند بووە .بەڵام دەبینین (قادر گۆزی) لە کتێبی ( من و شەقلاوە) ناو ئەو کەسانەی تۆمارکردووە کە لە ساڵی

( ١٩٤٣) دا  به چاوی خۆیان پڵینگ و ورچیان لە چیای سەفینی دیوە .[١] هەر ئەو نووسەرە بەڕێزە ، ناوی چەندین جۆرە تەیرو تواری دەڤەری شەقڵاوەی تۆمار کردووە کە هەزار حەیف و مەخابن یەك دانەیان ئێستا نەماوە!

ئەگەر سەرنج لە ژینگەی کوردستان بدەین، لە ڕووی فێنکی و باران و بەفر و  و بەرزی ڕووی  خاکەکەی و زۆری دارستان و سەوزایی دەبینین، ژینگەیگی سروشتی جوان و خۆش و گونجاو و لەبارە بۆ ژیانی کەو. بۆیە کەوبازە قەدیمەکان دەڵێن، لە زۆربەی هەرە زۆری  ناوچەکانی کوردستانی گەورە کەو هەبووە ، تەنانەت لە زوورگەکانی نزیك کێوی حەمرین و لای خانەقینیش ـ ئەگەر بەرە و گەرمیان داکشێین. لە کویستانە سەر بە  بەفرەکانیشن هەمیشە کەو هەبووە ـ ئەگەر بەرەو لوتکەکان هەڵکشێین.[٢] بەڵام هەمیشە کەو لەو جێگایانە زۆرتر هەیە کە ئاوی هەبێت و شاخاوی بێت و نەختێك عاسێ بێت.

چونکێ کەو حەز لە ئاو وهەوای فێنك دەکات،  کەمتر لە ناوچەی گەرمەسێر دەژیت. لە زستاندا بەرگەی پلەی ساردی ژێر سفر دەگرێت،  بەڵام ئەو شوێنە

---

[١] ) من و شەقڵاوە. قازی گۆزی. ل. ٩٩

[٢] )حەمەدی عەوڵڵا جەیدی.  چاوپیکەوتن.

**بەجێدێڵێت کە بەفری زۆر لێ دەکەوێت. ئەو شوێنەی لە لاپەسندە کە ڕێژەی باران بارینی لەساڵدا دەگاتە  دەوری (٤٠٠) میلیمەتر.[1]**

**زۆرترین کەوی کوردستان لە شاخ و کوێستانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و لە چیاکانی کوردستانی باکوورە. ژمارەی کەو لە کوردستانی باشووردا زۆر کەمە و ناگاتە (٢٠٪) کەوی کوردستانی گەورە، چونکە هەمیشە شەڕ و شۆڕی لێ بووە و ڕاوچییەکانیش، چونکە یاسا نەبوو، زۆر بێ ڕەحمانە ڕاویانکردون.**

**حەز دەکەم لێرەدا، کە باسەکەمان لەمەڕ مەفتەنی (کەو)ە لە کوردستان، بادەمەوە بۆ سەر چیرۆکێکی قورئانی پیرۆز ،کە بە تەفسیری هێندێك لە زانایانی قورئان پەیوەستە بە ( کەو و کوردستان). خودای مەزن لە سورەتی ( البقرە) لە ئایەتی (٢٦٠) دا دەفەرموێ:**

**" وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءاً ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْياً وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ"[2]**

**" دکتۆر ( لویس عوض) لە کتێبە بە ناوبانگەکەی دا ( مقدمة في فقه اللغة العربية) دەربارەی ڕەچەڵەکی پێغەمبەر (ئیبراهیم) (د.خ) دەڵێت کە ئەو،  لە ڕێی**

---

[1] **) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥) .ل. ٣٥**

[2] ) قورئاني ثيرؤز.

لۆرستانەوە لە دەوروبەری (١٨٠٠)ی پێش زاین، چۆتە ولاتی (ئوور) . دکتۆر (محمد القمنی) یش لە کتێبی ( النبي ابراهيم و التاريخ المجهول) دا دەڵێت پێغەمبەر (ئیبراهیم) لە شاری (سوس) ـ واتا شۆش ـ لە دایك بووە کە دەکەوێتە لۆرستانی کوردستان . هەرچی مامۆستا ( ئەحمەد مەلا خەلیل مشختی) یە، شاری ( ئورفە) بە مەفتەنی پێغەمبەر (ئیبراهیم) دەزانێت، ئەمەش لە سەر دەمی (نەمروود) بووە. ئەم ناوەش هەر کوردییە، چونکە نەمروود تەحەددای پێغەمبەری کردووە کە گوتی من نامرم ـ نەمروود واتا نە مردوو ـ ، هەر لەم ناوچەیەش قەڵاتێك هەیە لەسەر (گردی نەمروود) بەناوی (عەرشی نەمروود )[١] و گۆماوێك هەیە بە ناوی ( کارێزی ئیبراهیم) و جێنەزەرگەیەك هەیە بەناوی ( مەقامی ئیبراهیم ) ، لە نزیك شاری ( زاخۆ) شدا (ئیبراهیم خەلیل ) هەیە. "[٢] کەواتە ئەگەر پێغەمبەر (ئیبراهیم) کوردیش نەبوو بێت ، ئەوا لە ناوچە شاخاوییەکاندا ژیاوە: چ لە دەوروبەری هەرێمی (لۆرستان) چ لە دەوروبەری هەرمی (ئورفە)، کە هەردوو ناوچەکە شاخاوین، بۆیە ماموستا ( محەمەد مەندەلاوی) دەڵێت:" بە گوێرەی تەفسیری دکتۆر (محمد القمنی) ، کە دایکی ئیبراهیم ژانی دێتێ و ڕوو لە ئەشکەوتێك دەکا، ئەوا هەر لە چیایێکی کوردستان بووە . جا کە خودای گەورە، داوا لە پێغەمبەر ئیبراهیم دەکات، تا دڵنیابێت کە یەزدانی مەزن و بەتوانا جارێکی تر زیندوومان دەکاتەوە، با بچێت

---

[١] *) چەکدارانی ـ داعش ـ ئەم جێگەیان لە مانگی شەباتی ٢٠١٥ ـ تەقاندەوە.

[2] ) http://www.gilgamish.org/printarticle.php?id=24496

چوار باڵدار سەربڕێت و گۆشتەکەیان تێکەڵ یەکتری بکات و لە سەر هەر چیایەك پارچەیەك لە گۆشتی ئەو باڵدارە سەربڕاوانە دابنێت و دوای بانگیان بکات، بزانێ چۆن بەرەوپیری دەنگی ئەو دەچن. هێندێك لە ڕاڤەکەران، دەڵێن ، ئەو گۆشتەکەی لە سەر (دە) چیایان داناوە وە دەڵێن ئەو تەیرەی کە ئەو سەری بڕیوە (کەو) بوو، چونکە لە پێدەشتەکانی ناوچەی بابیلی ئەو کاتدا، نە چیا هەبووە نە کەو، کەواتە زۆر ڕێی تێدەچێت کە هەم ڕووداوی چیرۆکەکە لە کوردستان بێت و هەم باڵندەکەش کەوی کوردستان بوو بێت.[1] (وێنەی ٢٧)

ئەمەیش بەڵگەیێکی باوەڕ پیکراوە کە زۆر لە دێرینەوە ( کەو) لە ناوچەکانی کوردستاندا بوونی هەبووە. لە هەمان کاتیشدا ، لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە، جۆرە پیرۆزێك دەدرێت بە ( کەو) کە خودا بۆ سەلماندنی پەیامە پیرۆزەکەی بەکاری هێناوە.

## کۆچکردنی کەو:

هەرچی باڵندە هەیە، لە ڕووی ناوچە و ژینگەی نیشتەجێ بوونی، دوو جۆرن:

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

- **باڵندەی یەك مەفتەنی:** کە هەموو ژیانی خۆی لە یەك دەڤەری سنووردار دا بەسەر دەبات ، لە ڕۆژی دەرچوونی لە هێلکە تا مردنی. وەك مریشك و کۆتر و پەپۆ و پۆڕ و چۆلەکە.

- **باڵندەی کۆچکەر :** کە ژیانی خۆی لە چەند جێگایەك بەسەر دەبات و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بەرنامەدار هاتووچۆ لە نێوان ئەم شوێنانە دا دەکات، بە مەبەستی جووت بوون و وەچەنانەوە و مسۆگەرکردنی خواردنی پێویست و خۆگونجاندن لەگەڵ کەش و هەوادا. . ئەوانیش دوو جۆرن:

  - **باڵداری کۆچکەری ساڵانە:** کە هەموو ساڵێك چەند کۆچێك لە وەرزی دیاریکراو دا ئەنجام دەدەن، وەکو پەرەسێلکە و حاجی لەقلەق و تەیرەئەبابیلە .

  - **باڵداری کۆچکەری ناوچەیی:** ئەمانە کۆچەکانیان هەر لە دەڤەرەکەی خۆیانە و زۆر دوورناکەونەوە و سنووری نێوان کیشوەرەکان نابەزێنن. وەکو کۆچی کەو و ڕیشۆڵە. (وێنەی ٢٨)

لە وەرزی هاویندا، کە پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە، کەو بەرەو چیا بەرز و سەرکەشەکان هەڵدەکشێ، بەڵام لە وەرزی بەهار و پاییزدا، لە گەڵ خۆر دا ئەمدیو ئەودیوی ئەو شاخانە دەکات کە بەرەو خۆرن و پێش خۆرئاوابوونیش دەچێتەوە دیوەکەی تری، تا بەیانی ،خۆری لێ بدات.

لە کاتی بەفر و زوقم و بەستەڵەکدا، کەو لە ژێر کەپکەشاخ و بەرد و شوێنی چڕ و پڕ خۆی مەڵاس دەدات. یان دەچێتە ناو داربەڵالووك و تەڕاشی لق و پۆپ تێکئالاو، کەو چونکە زیرەکە، دەزانێت، هەرچەند بەفر زۆریش بباریێت ، ناو ئەو تەڕاشانە بە بۆشی دەمینێتەوە پڕ بەفر نابێت. جارو باریش ، ئەگەر ڕەز و باغی نزیك هە بێ سەردانی دەکات، ئەو زۆر حەز بە ڕەزی نزیك شاخەکان دەکات.[1]

(کەو) وەك هێندێك باڵندەی تر گەرمیان و کوێستان دەکات. لە پاییزدا کە سەرما بزووت ، لەو شوێنانەی زستانی زۆر سەختە و بەفر و بارانی زۆر لێ دەبارێت، پۆل پۆل ڕەوەو ئەو شوێنانە دەکەونە ڕێ کە بەفر و بارانیان کەمترە و ڕەشکەنەکیان تێدا چەنگ دەکەوێ، بەم ڕەوە دەگوترێت ( کەوبواری پایین). لە زستاندا، پێنج ڕۆژی چلەی بمینێ وردە وردە بە دەم قاسپە قاسپەوە، ڕوەو کوێستان مل دەنێن، بەم ڕەوەش دەگوترێت ( کەوبواری بەهار).[2]

## ڕەوت و فڕینی کەو:

---

[1] مامۆستا عەلی مستەفا. چاوپێکەوتن.

[2] ) گۆڤاری پاشکوی شۆڕشی کشتوکاڵ. ١٩٧٩. ژمارە (٥) . ل. ٣٥

ڕویشتنی (کـەو) پێی دەگوترێت (قنـەقن)، ( ڕەوت)یشی پیێ دەڵێن.[1] ئـەو ڕێگایەی کە ڕۆژانـە هاتووچۆی پێدا دەکات پێی دەڵێن (کـەوبـوار ، کـەوبوێر، کـەوپەڕ) [2]، چونکێ باڵی کـەو کورتـە و خۆشـی نـەختێ قورسـە ، نـاتوانێ بـەرز بفڕێت و لەشی خۆی بۆ هەڵناکیرێت بۆیە لە فڕیندا باش نییە. ئەگەر زۆر ناچار نـە بێـت پـەنا بـۆ فـڕین نابـات، فڕینەکەشـی ئەوەنـدە کەمـە کـە هـەر لـە بـازدان دەچێت، هەر بازێکی ( ٣٠ ــ ١٠٠) مـەتر دەبێـت.[3] لـە کـاتی فڕینیـدا دەنگێکـی تایبەتی لێوە دێت پێی دەڵێن (فجووق): چەند جارێك باڵەکانی لێکدەدات . سا ڕێك ڕایانـدەگرێت و پێش ئـەوەی بنیشـێتەوە بـە شـێوەی نیـوە بازنـەیی بۆ لای ڕاست یان بۆ لای چەپ دەسوڕێتەوە ئەوجا قاچەکانی دەنێتـە سـەر زەوی ،جار هەیە چەند هەنگاوێك غاردەدات. (وێنەی ٢٩)

## دەنـگ و قـاسـپەی کـەو:

خوێنـدنی کـەو پێـی دەگوترێـت (قاسـپە ، قاسپەقاسـپ)، هـەرەوها وشـەی ( قـەبقاب)[4] وە ( قبـەقب)[1] ی بۆ بەکار دێت. ئەگەر بڵێین دەنگی کەو لـە دەنگـە

---

[1] ) فەرهەنگی مەهاباد. ل. ٤٤٠

[2] ) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە. هەژار. ل. ٦٧١

[3] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥). ل. ٣٥.

[4] ) فەرهەنگی مەهاباد. ل. ٤٢٧

هـەرە خۆشـەكانی سروشـتی خوداوەنـدە، ڕەنـگ بێـت شـالور و كـەناری و قـازوقۆڵینگ لیمـان زوێـر بـن. كـەو ، بـەو دەنكـە پـڕ ئـاوازە دڵڕفێنـە لـە هـەموو وەرزێكــدا دەخــوێنێ، بەتایبــەتی لــە وەرزی بەهارانــدا، لــە بــەرە بــەیان و خۆرئاوابووندا. ئەو حەز دەكات لـە شـوێنی بـەرز بخوێنێـت، كـە ئامـادە دەبێت، بەچواردەوری خۆیدا دەڕوانی، لەگـەڵ قاسپەقاسپیدا، مل بـەرز دەكاتـەوە.[2] لـە بوهارانـدا، لەگـەڵ تاریك و لێڵـی بەیانیـدا، كاتێك چۆلەكە بەرەبەیانیان دەست دەكات بە جریوجریو، ماكەوێكی دەنگ خۆش وەك سـەر مـەلا، بـە گاسكەگاسك دەست دەكات بـە خوێنـدن، ئیتر لـە هـەموو لوتكـە و یاڵ و تەپولكەیەكدا ، هـەر كەوە و بەباڵ، ڕەوەو پێ دەشت دەفرێت.[3]

جگە لە (قاسپەقاسپ)، كـەو چەند دەنگێكی تریشی هەیە ، وەك (فییـكە) ، كە نیشـانەی ( هەڵسـان و گـەرم بوونیـەتی) و ( سـیڕە، زیـڕە ، جیڕە)ش لێـدەدات. دەنگی ( چغ چغ) و ( قـەپ قـەپ) یشی هەیە.[4]

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٤٣٥

[2] ) گۆڤاری كاروان. ژمارە (٥). ل.٣٦.

[3] ) گۆڤاری پاشكوی شۆڕشی كشتوكاڵ. ١٩٧٩. ژمارە (٥) . ل. ٣٥

[4] *) زانسـتی باڵندەناسـی (Ornithlogy): باڵنـدە (خوێنـدن)ی هەیـە (songs) بـۆ جـووت بـوون وعاشـقبازیی. وە (بـانگ)ی هەیـە (calls) بـۆ ئاگاداركردنـەوە لـە تـرس و هـەڵاتن و بـانگكردن.

شێوازی ئاواز و نەغمەی کەو زۆر جۆری هەیە، بۆ کەسانی پییادەڕێ زۆر ئاسان نییە لێیان تێ بگات. هەر نەغمەی بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری دێنێ. (وێنەی ٣٠)

کەو دەنگێکی ترسناکی هەیە بۆ خۆ پاراستن و ترساندنی دوژمن. لەناکاوڕا باڵەکانی لێکدەدات وفجووقێکی تیژ وبە هێز و ترسناك دەکات کە مرۆڤ ڕادەچڵەکێنێت .[1]*

ئەو جۆرە دەنگانەی کە تاکو ئێستا کەوبازەکانی لای خۆمان تێی دەگەن و لێکیان جیاواز دەکەنەوە ئەمانەن:[2]

- قاسپەقاسپی شەڕ.
- قاسپەقاسپی زاوزێ.
- قاسپەقاسپی بەرەبەیان.

---

کۆئەندامی دەنگسازیی باڵندە پێی دەگوترێت: (Syrinx)، کەویش ئەم کۆئەندامەی زۆر باشە، چونکە باڵندە هەیە ئەمەی نییە. سەرچاوە: (Howell & Webb 1995)

[1] *) حەمەدی عەولاّ جەیدی، دەگێڕێتەوە کە کەو بە فجووقی خۆی پێشمەرگەی ترساندەوە تفەنگی لە دەستیدا بەرداوەتەوە. کاتێك لە لاڕێدا، لەنکاوڕا فجووقی کردوەو دەرپەڕیووە.

[2] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥). ل.٣٦.

- خوێندنی ترس و ڕاچڵەکین (بانگ).
- خوێندنی بانگکردن بۆ خواردن و خواردنەوە.[١]

دوا لێکۆڵینـەوەی زانسـتی  دەربـارەی خوێـندنی باڵنـده ، دەڵـێ: ژاوەژاو و دەنگـه دەنگـی ئـەم سـەردەمە، بـە فڕۆکـە و ئۆتۆمبیـل و ماشـێن و قەڵـەباڵغی ، کاری کردۆتە سەر شێوازی خوێندی مەلەکان. دەبێ ئەوان بە دەنگی بەرزتر بخوێنن تا گوێیـان لێکتر بێت. مرۆڤ، سـەری لـەوانیش شێواندوە.. باڵداری ماڵی و ناوقەفەز کەمتر جۆری ئاواز دەزانێ ، هەر یەك یان دوو جۆر خوێـندنی هەیە (Isolated Song) ، بەبەراوەرد لە گەڵ باڵداری کێوی، کە زۆرتر ئاواز دەزانن.[٢]

## خـواردن وخـۆراکی کـەو:

[١] *) تەنیا (کەو و کوندەپەپۆ و تووتی) بانگ کردن و وەڵامدانەوەیان هەیە. ئاستی بیستنی باڵندە بە گشتی لە نێوان (50 HZ) تا (12KHZ)ە. سەرچاوە:

Templeton, Christopher N. Greene,E Davis.K. Allometry of Alarm Calls. P.308 (2005)

[2] ) Hiraldo,F.C. Blanco> Bird Studies. P. 38 . (1991)

(کەوی کێوی)، وەکو هەموو پەلەوەرەکانی تری ڕەگەزی خۆی ئەو دانەوێڵە و جڕوجانەوەر و کرم و کوللە دەخوات کە لە شاخ و داخدا وەچەنگی دەکەوێت. زۆریش حەز لە (شینکە) دەکات بە تایبەتی ( تاڵیشك و قوڕادە).

لە زستانە سەختەکاندا، کە بەفر هەموو شوێنێك سپی دەکات و ڕەشایی بەدەرناکەوێت، کەو گەڵای وشکی تەڕاش و چروو دەخوات.

کە (ماکەو) تازە جووجەڵەکانی هەڵدێنێت، دەیانباتە سەر شانە مێرولان و بە دنووك شانەکەیان بۆ هەڵدەدڕێت و هێلکە مێروولەکان دەخۆن. کە تەمەنیان بوو بە دوو هەفتە، داکیان، کوللەیان بۆ پارچە پارچە دەکات و ئەوانیش دەیخۆن، یان گوڵە ( گەنمەکێویلکە و جۆکێویلکە)یان بۆ دەشکێنێ و دەنکە دانەوێڵەکەیان دەداتێ.

زۆرجاران کەوی کەژ، دێتە ناو ڕەز وباغان بۆ ترێ خواردن.

خواردنی کەوی ماڵی، تا ڕادەیەك جیاوازە. کەوبازەکان هێندە بە ناز و نیعمەت کەوەکانیان بەخێو دەکەن، چ خواردنێك باش بێت ، پێیان دەدەن وەك: ماش و هەرزن و گەنم و مێوژ و کشمیش و گوێز و کونجی و گەنمی قەندەهاری و کاکاو و چای تاڵ و ماستاو. هێندی جاریش لە جیاتی ئاو شەکراویان دەدەنێ تا زوو ( هەڵسن وبە فییکە بێن). لە بەهارانیشدا تاڵیشك و کەوەر و قوڕادەیان بۆ دێنن و وردی دەکەن و دەیاندەنێ. جاری وا هەیە، ئەگەر شوێنیان هەبێ بەڕەلایان دەکەن بۆخویان شتێ دەخۆن.

کەو دەتوانێ بۆ ماوەی دوو شەو و ڕۆژ ئاو نەخواتەوە.[1]

ئێستا، لەوەتەی خواردنی تێکەڵەی هاوردەی تەیرو تەوار پەیدا بووە: کەوباز هەیە ئەوە بە کەوەکانی دەدات ، چونکە دەوڵەمەندە لە پڕۆتین و پێکهاتە پێویستەکانی تری خواردن.

## ژیان و زۆربوونی کەو :

ژین و ژیانی ڕۆژانەی کەو، وەکو زۆر گیانداری تر، ڕاستەو خۆ پەیوەستە بە کڕ و وەرزەکانی ساڵ. لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا، کە زۆربەی بارەکەوەکان لە دایکیان جیا دەبنەوە، لەگەڵ کەوەکانی تری ئەو دەڤەر و ناوچەیە تێکەڵ دەبن و ( ڕەوە)ێك بۆخۆیان پێکدێنن. ژمارە کەو لە ڕەوەیەکدا، لە شوێنێك بۆی شوێنێکی تر، جیاوازی هەیە. لە کویستانە سارد و سەختەکاندا، ژمارەیان دەگاتە (٥٠٠) کەو لە ڕوەیەکدا.[2] بەڵام لە ڕەوەز و یاڵەکانی شاخی وەکو ( سەفین و کوسرەت) خۆی لە (١٠٠) کەوێك دەدات.[3] هەر ڕەوەیەك (سەردار)ێکی خۆی هەیە. هەمیشە (کەوی سەردار) دەبێ لە

---

[1] ) باوکم ، وەك کەوباز ئەو خواردنانەی باسم کرد بە کەوەکانی دەدا.

[2] ) هێندێك کەوبازی قەدیمی، باسی ڕەوە کەوی گەورە دەکەن لە (٥٠٠ تا ١٠٠٠) کەو.

[3] ) ئەمە زانیاری ساڵەکانی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٥ ) ە

هەموو کەوەکانی تر ئازاتر و زیرەکتر و شارەزاتر بێت، لە دنیای کەویشدا، وەك دنیای بنیئادەم، گەورەیی و دەسەلات ـــ سالاری بۆ بەهێز و سەرکەوتووەکانە ـ. ئەو کەوەسەردارە ، بۆ هەموو شوێنێك چاوساغیانە و پێشڕەویان دەکات و سەرپەرشتیان دەکات. جا هەر ڕەوە کەوێك بناری شاخێك یان ڕەوەزێك دەکاتە مەڵبەند و نیشتمانی خۆی. هەمیشە زۆر لەو مەڵبەندە دوورناکەوێتەوە، تەنیا ئەگەر سەرماوسۆڵەی سەخت و دوژمنی سەرسەخت تەنگی پێ هەڵچنێت. کەوی ناو یەك ڕەوە، وەك ئەندامی ناو یەك خێزان، دەنگی یەکتری دەناسنەوە و لێکدانابڕێن و بەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکەن ئەغیار و بێگانە پێ بخاتە نێو سنووری خاکیان. بۆیە هەمیشە ئامادەن بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن و شەڕکردن لەگەڵ ئەو کەوە غەریبانەی سنوور دەبەزێن و دێنە ناوچەکانیانەوە. تەنانەت کە ( کەو بوار)، دەچێتە کوێستانان لە ڕێگا تووشی شەڕوشۆڕ دەبێ، کە بە گوزەری کەوی ( خۆولاتی) دا ، ڕادەبرێت. وایش ڕێککەوتووە هێندێك کەوی خۆولاتی بەگەڵ کەوەی کەوبوار بکەون یان بە پێچەوانەوە کەوبوار بچێتە ڕیزی ئەوانی تر.[١]

دەمەو ئێواران، کەوەکان بەرەو یاڵ و ڕەوەزەکان سەردەکەونەوە، بۆ حەوانەوەی شەوانەیان پەنا (با)ێك بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. کەو حەز لەو شوێنانە ناکات کە سینگەبانە. ئەو زەندۆڵ و کەپکەشاخ و ناو بەردانەی، کەو

---

[١] ) گۆڤاری پاشکوی شۆڕشی کشتوکاڵ. ١٩٧٩. ژمارە (٥) . ل. ٣٦

دەیکاتە هەوارنشینی شەوانەی خۆی پێی دەگوترێت (نـوان)، کە کـەو دەچێتە نوانان، چەند کەوێك دەبنە پاسەوان و ئێشکچی ڕەوەکە. هەر دەنگێکی نامۆ ببیستن، زوو ڕەوەکە، بە دەنگێکی تایبەتی، ئاگادار دەکەنەوە.

لەسەرەتای بەهاراندا، کە بەفر و بەستەڵەك دەتووێتەوە و کەژ و کێوەکان بەرگی سەوز و ڕازاوە دەپۆشن و هەوا خۆش و سازگار دەبێت، کـەویش وەکو گیاندار و باڵندەکانی تر، دەکەوێتە عیشق و دڵداری و جووت بوون. نێرەکەو بە قاسپەقاسپ دەکەوێتە گەڕان بەدوای دولبەرێکی شۆخ و شەنگ و دڵارام. ( مامەکەو)یش بێ دڵی خۆی ناکات ، بۆ دۆزینەوەی کوڕە میرخاسی خەیاڵی خۆی. کە نێرەکەو و ماکەوێگ دڵیان بەیەکتری دا، جووت دەبن، شەو و ڕۆژ ، وەك عاشق و مەعشوق، بۆ هەر شوێنێك بچن پێکەوە دەبن.وا ڕێکدەکەوێ کە نێرەکەوێك چوار یان پێنج ماکەو بەجارێگ دەگرێ، یان وا ڕێك دەکەوێ ماکەوی جووتبوو، گوێی لە دەنگ و قاسپەی کەوێکی خۆشتر دەبێت لە دەستگیرانەکەی خۆی و شەیدای دەبێت و ڕەدو دەکەوێت و کۆنەیاری خۆی بەجێدەهێڵێت. بەڵام نێرەکەوەکەی بەدوای دەکەوێت و هەوڵ دەدات ڕێی لێ بگرێت و نە هێڵێت بڕوات. زۆر جاریش لەگەڵ نێرەکەوە دەنگ خۆشەکە دەبێتە شەڕیان و کامیان لەو شەڕە سەرکەوێت ماکەوەکە دەبات. [١] ڕێکیش دەکەوێت، نێرەکەوێکی زاڵ بە زۆری زۆردار ماکەوی جوان لە یاری خۆی

[١] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥). ل.٣٦.

بسـێنێت و بـەزۆرەملێ بـە پێشـخۆی بـدات، هەرچـەندە ماکەوکـە بـە دڵیشـی نەبێت.[1]

دەبێ پـێش جووتبـوون و پێدافسـین ــ بـە زاراوەی کـەوبازان ــ نێرەکـەو (گون بکات) و باش باش گـەرم بێـت و ( هەڵسێـت). نیشـانەکانی (گـەرم بـوون و هەڵسانی)نێرەکەو ئەمانەن:

- تووکی سەری گرژدەبێتەوە.
- ڕەنگی دنووك و مەچەکی زۆر سووربباو دەبێت.
- کونە لووتەکانی دەکرێنەوە.
- جیقنەی گەورە دەکات.
- چاوی دەچوقێنێت و سەری نزم دەکات و دەکەوێتە ( فیتوو).

"(فیتـوو) ــ فییکـە و فیتـە ـ شـی پـێ دەڵـێن " . کـە نێرەکـەو فییکـەی لێـدا، کەوبازەکان، دەڵێن ، "کەوتۆتە فییکە". لەسەرەتادا فیتوو کەم لێدەدات، بەڵام کـە گـەرم بـوو، فیتـوو لەسـەر فیتـوو لێـدەدات. زۆر جـاریش پـێش ئـەوەی بـە ماکەوەکـە دابفسـێت، دەنکـە دانەوێڵـەیێك بـە دنـووك هەڵدەگرێتـەوە و ( قووتـە قووتی) بۆ دەکات، هەرکە ماکـەوەکە بە دەنگییـەوە هات و (قووتـە قووتی) بۆ

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

کردەوە، ئەوا نێرەکەوەکە دەکەوێتە ( پەڕبازی): خۆی گیفدەکاتەوە و هەر دوو باڵی لەگەڵ قاچی جووت دەکات و دەکەوێتە سووڕانەوە بە دەوری ماکەوەکە و پێی دادەفسێت.[1]

جا ئەگەر نێرەکەوە کە کەوتە قوناغێکی تر، گەرمتر و غووردتر بوو، ئەو شێوەی ئاوازی فییتەکەی دەگۆڕێت و کەوبازەکان ئەمە بە لوتکە و پیۆپەی (هەڵسانی کەو) دادەنێن و دەڵێن:" کەوەکە کەوتۆتە فییکە شکاندنەوە".[2]

کە ماکەوەکە هەستی کرد (ورەی) داناوە، دەکەوێتە جرپ و جۆپ و هەوڵ و کۆشش بۆ هێلانە چێکردن. ماکەو حەز دەکات بە دزی نێرە کەوەکەی هێلانە بکات.بەڵام جاریواش هەیە کە نێرە کەو یارمەتی هاوسەرەکەی دەدات.

کەو، حەز دەکات هێلانەکە نزیك ئاو بێت. زیرەکانە شوێنێك دیاری دەکات پەناگەو پەسێو بێت، وەك بن تەڕاشی چڕوپڕ یان دەم ڕێگاوبانان، هێندێگ جاریش ناو دار و بەرد و زەمەندی عاسێ هەڵدەبژێریت. لە داروچکە و چیلکە و پووش و پەڵاش هێلانەی خۆی چێدەکات. لە مانکی گوڵان و جۆزەردان ( مایس و حوزەیران)دا دەکەوێتە هێلکە کردن، هێلکەی کەو نەختێك لە هی

---

[1] ) مامۆستا دڵشاد نەجیب جەلەبی. چاوپێکەوتن.

[2] ) مامۆستا فوئاد ئەسوەد. چاوپێکەوتن.

**کـۆتر گـەورەترە و خاڵـدارە، لـە نێـوان ( ١٧ ـــ ٢٣) [١]*هێلکـە دەکـات و لـە هێلانەکـەی دا حەشـاری دەدات. هـەر دوو ڕۆژەی یـەك هێلکـە دەکـات. دوای ئـەوەی ماکەوەکـە لـە هێلکـە دەچـێتەوە، بـۆ مـاوەی (٢١) ڕۆژ لەسـەریان کـڕ دەکەوێت و بە جێیان ناهێڵێت، تەنیا بۆ خواردن و خواردنـەوە نـە بێـت، ئـەویش زوو دەگەڕێتەوە سەریان و ڕۆژێ لە (٤ ـ ٥ ) دەقیقە تێناپەڕێت. [٢]**

**هێندێك جار نێرەکەو تەشقەڵە بە ماکەوێکی کڕکەوتوو دەکات هێلکەکانی لـێ دەشـکێنێت ، یـان دوو ماکـەو لـە نزیـك یەکـەوە هێلانـە چـێدەکەن و لێیـان دەبێتە شەڕ.**

**کە هێلکەکان دەترەکێن و بێچووەکان دێنـەدەرەوە، بەگشـتی دەوری (٧ تـا ٨) بێچوەکەو دەترەکێت و ماکەوەکە سەرپەرشتیان دەکات تـا وشـك دەبنـەوە. [٣] جا هێلانە بە جێدێڵن و بە دوای دایکیان دەکەون. دایکیـان دەکەوێتـە گـەڕان و سـووڕان بـۆ پەیـداکردن خـواردن، مێروولـە و جڕوجانـەوەر و کوللـەیان بـۆ ڕاو دەکـات و بۆیـان پارچـە پـار چـە دەکـات و ئـەوانیش دەیخـۆن. کـە تەمـەنی بێچووەکان بوو بە مانگێك ( گەندەپەڕ) دەبن و دواتریش ( کەچەڵۆك) دەبن، سا**

---

[١] )* لە هێندێك وڵاتی ئەوروپادا، ژمارەی هێلکەکانی دەگاتە (٤٠) هێلکە.

[٢] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥). ل.٣٦.

[٣] ) سەرچاوەی پێشوو.

ورده ورده خـەت وخـاڵ دەردەکـەن، لـە تەمـەنی شـەش مانگیـدا، تـۆ دەتـوانی نێرەکەو لە ماکەو جیا بکەیتەوە. ئەمانە نیشانەی بێچووە نێرەکەون:

- مەچەکی، وەك سـەرپەنجە، چـڕنووکێك دەردەکـات، پێـی دەڵـێن ( ڕنـە) یـان ( ڕکـە) یـان ( دڕکـە) یـان (ڕنـوك).[1] لەسـەرەتادا، ڕکـە سـەری خـڕە، دوای ماوەیـەك بـەرە بـەرە تیـژ دەبێـت تـا وەك چـڕنووکێکی کـورتی لـێ دێت.
- سەر و لەشی گەورەترە.
- مەچەکی ئەستوورتر و بەهێزترە.
- پەنجەی ناوەندی کەمێك لە دوو پەنجەکەی تر درێژترە.
- قاسپەقاسپ و دەنگی جیاوازە لەگەڵ هی ماکەو.

که بێچووه کەو، تەمەنی بوو بە ساڵێك پێی دەڵێن :( باڕەکەو). باڕەکـەو زۆر ترسـنۆك و سرك و وریایـە، هـەر هەسـت بـە شـتێکی نـامۆ بکـات، یەکسـەر خۆی ون دەکـات، لـە بێچووە باڵنـدەکانی تـر گـورجتر و خێراتـرە. لـە پـاییزێکی درەنگ یـان لـە سـەرەتای زسـتان، باڕەکـەو لـە دایکـی جیـا دەبێتـەوە. جـاری وا هەیـە باڕەکـەو لـە زستانیشـدا لەگـەڵ دایکیـدا دەمینێتـەوە. کـەوی تەمـەن دوو

[1]) فەرهەنگی مهاباد. ل. ١٠٦، ٣٠٢، ٣٠٨

سالس پێی دەگوترێت :(شاباڕ)، هی سێ ساڵی ( خرت) هی چوار ساڵی و بەرەو هەورازتر پێی دەڵێن ( قەیرە)، کەو کە کەوتە نێو ساڵان و پیر بوو پێی دەڵێن: (پیرەکەو). ڕێژەی تەمەنی کەو لە نێوان ( ١٦ تا ١٨ ) ساڵە. نێرەکەو هەیە هەر مەچەکێکی چوار (ڕکە)ی دەرکردووە.[١] ( وێنە ٣١، ٣٢، ٣٣)

## دوژمنەکانی کەو:

دوژمنی هەرەگەورەی کەو، وەك زۆربەی گیاندارانی تر ، دوو بەرەنە:

### یەکەمیان: گیاندارەکان:

ئەو گیاندارانە دەگرێتەوە کە لە دەڤەری نیشتمانی کەو دا دەژین یان بە نیازی ڕاوکردن ڕووی تێدەکەن. لە ڕاستیدا ، ئەمە دیاردەیەکی سروشتی هەمیشەیە، کە قازانجی بە قەد زیانەکەی هەیە لە جیهانی گیانداراندا. چونکە زۆربەی جاران نێچیرەکانی ئەو گیاندارانە ئەو جۆرە تەیرو توارە و بوونەوەرانەنە کە نەخۆشن یان لاوازن یان ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەمەیش وا دەکات هەمیشە ڕەگەزە باش و بە هێز و چالاکەکان بمینێنەوە و وەچە بنێنەوە و زاوزێ بکەن. بە درێژایی مێژوو ، گیاندارەکان نەبوونەتە جێگەی مەترست لەسەر قەلاچوو کردن و قڕکردنی گیاندارانی تر. بۆیە بە مەزەندەی ئێمە، ئەمە هەگیز مەترسی لەسەر مانەوە و زۆربوونی کەو ناکات و

---

[١] ) مامۆستا دڵشاد نەجیب جەلەبی. چاوپێکەوتن.

نـەیکردووە. ئـەو گیاندارانـەی گوشـتی کـەو دەخـۆن گـەر چـەنگیان کـەوێ، ئەمانەن: باز و هەڵۆ وباشووکە و سیسارکەکەچەڵ و ڕێوی و چەقەڵ وسیمرخ و تووڵەوتاژی و فسۆس و گۆرهەڵکەنە و مار و دەعبای تر، بە گوێرەی ناوچەکە.

**دوو: مـرۆڤــ:**

دوژمنی بابەگەورەی کەو، مرۆڤـە ئەمیش بە سێ شێوە:

أ) ***ئەو ڕاوکەرە چاوچنۆکە هەڵەپاچانەی*** کەوتوونەتە کێبڕکێ لـە کوشتن و گـرتنی زۆرتریـت ژمـارە لـە کـەو . هـیچ ویـژدان و هۆشـیاریی و ڕۆشـنبیریی ژنگـەییان نییـەو ئاسـتی خۆشەویسـتیان بـۆ نیشـتمان و بوونـەوەرەکانی زۆر نزمە. ئـەوان گـەورەترین مەترسـین لەسـەر مانـەوەی کـەو و لەناوچوونی. (وێنـە ٣٤)

ب) ***شوان و گاوان:*** جاران کە ئاژاڵداری لە کوردستان باش بوو و ژمارەی مـەڕ و بـزن و گـاو گۆلـك زۆر بـوو، ژمـارەی شـوانکارە و گـاوانیش زۆر بـوو، چـا چونکێ ئەوان هیچ ئیش و کارێکیـان نـەبوو وە ئاسـتی هۆشیاریشـیان زۆر نـزم بوو ، ئەوا هەمیشە بە دوای ڕاو کردنـی کـەو و ڕاوەهیلانـە بـوون. شـوان هـەبوو لـە یـەك ڕۆژدا (١٦) هێلانـە کـەوی تێکـداوە و هێلکـەکانی بـردوون. ئەگـەر هـەر هێلانـەی (١٦) هێلکـەی تێـدا بـوو بێـت ، ئـەوا لـە مـاوەی پێـنج سـاڵدا دەکاتـە

کوشتنی پتر لە (٩٩) هەزار و (٩٨٤) بێچووە کەو ، کە ئەمە کارەساتێکی جەرگبڕە.[١]

ت) ئەو جوتیار و لادێنشینانەی بە ئەنقەست و بێ ئەنقەست، دەستدرێژی دەکەنە سەر ناوچە و بارەگای کەو ، بە نیازی کشتوکاڵ و دار بڕینەوە بۆ خانوو بونیاتنان و تێکدانی تۆبۆگرافیای ناوچەکە، جا بۆ هەر مەبەستێك بێت. تەنانەت ژاوەژاو و دەنگە دەنگیش کاری نەرێنی لەسەر ژینگەی گیانداران دروست دەکات.

پ) چونکە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە، زۆربەی شاخ و داخ و چیاکانی کوردستان بوونەتە شەڕگەی جەنگ و پێکدادانەکان. ئەو تەق و هۆڕو گرمە و زرمەی بومباو مین و تەقەمەنییانە ، بۆنەتە هۆی کوشتن و هەترە کردن و تۆقاندنی کەو و تەیروتوار و گیانداری تری ناوچەکان.

## زیرەکی کەو:

لەبارەی گیاندار و تەیروتوار، خوای مەزن لە سوڕەتی( الانعام)، لە ئایەتی (٣٨)دا دەفەرموێت:

---

[١] *) ئیبراهیمی مام مەجیدی کەوباز، گێڕایەوە کە لە ساڵی (١٩٨٥) دا لە شاخی ( تاتی دۆ) لە چیای قەندیلی، شوانێکی بینیوە (٤٠٠) هێلکە کەوی لەناو بەفر شاردبۆوە.( چاوپێکەوتن لە ١٧ . ٣ . ٢٠١٥ کۆیە)

" وَمَا من دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ. "

واتا" *وە هیچ گیانداریٚ نییە، کە بەسەر عەرزا بڕوا، یان پەلەوەریٚ نییە کە بە ئاسماندا بفڕیٚ، مەگەر ئوممەتێك و کۆمەڵە دروستکراوێکە وەکو ئێوە، هەموو دروست کراون، هەستی پێویستی خۆیان پێدراوە و چەند شتی نهێنی وا خراوەتە دڵیانەوە بۆ چلونی ژین و ژیوار و شوێنەوار و چارەکردنی نەخۆشی و خۆپاراستن لە دوژمنی خۆیان، کە ئەگەر ئینسان باش ئاگاداری بیٚ لێیان زۆر لە قوودرەت و تەوانایی خودا سەری سووڕ دەمینیٚ و دەزانیٚ پەرەوردیگاری جیهان هەموو شتێکی لە عالەمی ئیمکاندا پێدەکریٚ، چ جای ئایەتیٚ کە بۆ تۆی ڕەوانە بکات."* [1]

کەویش یەکێکە لەو هەزارەها گیاندارەی کە خودا ئەقڵێکی باشی داوەتیٚ تا لەگەڵ ژینگە و ژیوار و شوێنەواری خۆیدا هەڵبکات و خۆی بگونجێنێت. بەڵگەی باشمان هەیە کە دەیسەلمێنێت کە کەو مێشکێکی هۆشیار و بەکاری هەیە لەچاو بچووکی جەستەی خۆی. ئەمانەی خوارە هێندێك لە نیشانانەی زیرەکی کەون کە توانیومانە وەگیری بکەین:

- کەوی کێوی تا بڵێیت هەستیار و ورد بین و بە ئاگایە، کاتیٚ هەست بە بوونی مەترسییەك دەکات زیرەکانە خۆی لیٚ دەرباز دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر

[1] تەفسیری نامی. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس.ل. ١٤٣

ئـەو کانیـاوەی ئـاوی لێدەخواتــەوە دەســتکاری کرابێــت، زۆر زوو هەســتی پێدەکات، نەك هەر خۆی، بەڵکو بەچکەکانیشی دووردەخاتـەوە و ناهێڵێت لـەو کانیە ئاو بخۆنەوە و ئامادەیە تا چەند ڕۆژێك ئاو نەخواتەوە و نەگەڕێتەوە سەر ئەو کانییە. ئەگەر ئەو ناوە هەر ئەو کانییـەی لـێ بێـت، ئـەوا دەچێت بـە دنـووك ڕەگی ڕووەکێکی کێوی لە زەویدا هەڵدەکە نێت ، کە پێی دەڵـێن ( گیا گێـزەرە)، ناو ڕەگی ئەم ڕووەکە پڕە لە ئاو، ئەم ئاوە دەخواتـەوە. خـۆ ئەگـەر ئەمەشـی چـەنگ نەکـەوێت، ئـەوا گـەردی بـەیانی دەچـێت شـەونمی سـەر گـەڵای داران دەخواتەوە.[1]

- کەوی کێوی کە شوێنێکی زامدار دەبێت، دەچێت بە دنووك بنیشتە تاڵـە لـە ( دارەبەن) دەکاتەوە و لە شوێنە زامدار بووە کەی دەدات.

- کـەو، پـێش چـەند سعاتێك، هەست بـە گـۆڕانی کەشـی ئـاو وهـەوا دەکـات. زۆرجـار ڕاوچـی دەبینێـت کـەوەکانی چـیا لـە ڕازەکانـدا یـاخی دەبـن و نایەنـە خـوارەوە ، هەرچـەندە کـەوەکانیان بانگیـان دەکـەن، هێنـدەی پێناچێت دەبێتـە شەست باران و ڕەشەباو زریان و فەرتەنە.[2]

---

[1] مامۆستا عەلی مستەفا و مامۆستا دڵشاد نەجیب جەلەبی. چاوپێکەوتن.

[2]) وەستا عەبدوڵای لبادچی. چاوپێکەوتن.

• که یەکێك ، لە بێچووە کەو نزیك دەبێتەوە، یەکسەر دایکیان ـ ماکەوەکە ـ بە دەنگێکی تایبەتی ئاگاداریان دەکاتەوە ئەوانیش لە چاوتروکانێکدا خۆیان ون دەکەن. جا بۆئەوەی کەسەکە نەکەوێتە گەڕان بە دوای بێچووە کاندا ، ماکەوەکە خۆی دەخاتە نێو قاچی ئەو کەسە، تا سەری لێ بشێوێت و پلانەکەی سەرنەگرێت. ئەمەش پتر یارمەتی بێچوە کان دەدات باشتر خۆیان بزر بکەن و بشارنەوە.

• کەوی ڕەسەنی فێرە ڕاوکراو، ئەگەر شەوەیش بێت ، دەزانێت ئەم شوێنە کەوی هەیە یان نا. ئەو بە دەنگێکی تایبەت ڕاوچی ئاگادار دەکات و ئەویش بنەی لێ دادەنێتەوە ڕاوی خۆی دەکات.

• سەرەڕای زیرەکی، کەو زۆر جەسوور و ئازاشە. زۆر جار کەوی کێوی هەر بە قاسپەقاسپ کەوی ڕاوکەری تۆقاندووە. کەو هەرگیز قبوڵی نییە بێگانە پێ بنێتە خاکی ئەو و ئامادەیە بەرگری لێبکات. وا ڕێککەوتووە کەوی کێوی هێرشی کردۆتە سەر کەوی ڕاوچی وقوڵفەی داوەکانی یەك یەك تەقاندووەو کەوتۆتە شەڕ لە گەڵ کەوی ڕاوچی و ئامادە نە بووە لە ترسیی ڕاوچی ڕابکات تا ڕاوچی بە دەستی گرتوویەتی چونکێ ئەو وازی لە کەوەکەی ئەو نەهێناوە.

• جگە لە زیرەکی و ئازایەتی، کەو باڵندەیێکی زۆر بەوەفاشە. مامۆستا عومەر عەبدولرەحیم دەڵێت:" جارێکیان لە ( زەردە) کە شاخێکە بەرانبەر ( سەی وسێنان)، شەوێکی چوومە سەر کانییەگ، کاتێك تاریکی سامناکی شەو ڕەوییەوە و دنیا ڕووناك بۆوە، ڕوانیم ئەوا ماکەوێك بە خۆی و باڕەکەوێکی

خرپنی قەڵەویلکەوە ڕووی کردە سەر ئەو کانییەی منی لێ دانیشتبووم، وا دیار بوو ئەم ماکەوە بێچوەوەکانی تری کوژرابوون ، تەنیا ئەو یەکەی بۆ مابۆوە.هەردووکیان هاتنە سەر ئاوەکە. باڕەکەوەکە لەبەر لوولەی تفەنگەکەم بوو، دایکیشی بە دووری دوو مەتر لەو لای ئەوەوە بوو، لە پڕێکا دایکەکە هەستی بە لوولوی تفەنگەکە کرد، بە (کو کو کو) خۆی هاتە بەر لوولەی تفەنگەکە بێچوەوکەی خستە ئەو دیوی خۆیەوە، بۆ ئەوەی کە تە قەم لێکردن، خۆی لەپێش ڕۆڵە تاقانەکەی دا بکوژرێت. بەڕاستی کە ئەم دیمەنەم بینی، تاسێك بردمییەوەو لە دڵی خۆمدا گوتم:مەترسن، ئاوی خۆتان بخۆنەوە، پاش ئەوەی تێر ئاویان خواردەوە، بە دەنگێکی بەرزەوە لە کونی مەتەرێزەکەوە ڕووم لە ماکەوەکە کرد و گەتم: خوات لەگەڵ دایکە دڵسۆزەکە."[1]

**مشتێ زاراوەی جیهانی کەو:**

چونکێ ئاشنایەتی و دۆستایەتی نێوان کەو وکورد زۆر کۆنەوە، هەردووکیان بۆ هەمیشە لە باوەشی شاخە سەرکەشەکان و کویستانە خۆشەکان بوون، لەگەڵ ڕۆژگاردا چەندین وشەو زاراوەی تایبەت بە جیهان و ژینگەی (کەو)، پەڕبوەتە نیو زمانە شیرینەکەی کوردی و دەوڵەمەندی کردووە، جا پێش ئەوەی

[1] ) گۆڤاری پاشکوی شۆڕشی کشتوکاڵ. ١٩٧٩. ژمارە (٥) . ل. ٣٧

بێینە سەر باسی کەوبازی و شەڕە کەو ڕاو و ڕاوچی, وای بەباش دەزانین ، پێناسەیکی سەر پێیانە بۆ قامتێك لەو وشە و زاراوانە بکەین، نەکۆ بە گوێی هێندێك خوێنەر نامۆ بن. دەبێ ئەویش بڵێین کە زۆربەی ئەم وشانە تایبەتن بە دەڤەری ( وراتی کۆیە)، دڵنیام کە لە ناوچە و دەڤەرەکانی تری کوردستاندا، بە دەیان زاراوەی تر هەیە کە من دەستم پێ ڕانەگەیشتوە.[1]

- **کەوی کۆسە :**

ئەو نێرەکەوەیە کە مەچەکی (ڕکە)ی دەرنەکردووە، یان تەنیا یەك مەچەکی (ڕکە)ی هەیەو ئەوی تریان نییەتی، یان هەر بێ (ڕکە) یە. ئەم جۆرە کەوە شەڕکەر نییە ، بەڵام ڕاو دەکات.[2]

- **کەوی فستۆق:**

ئەو نێرەکەوەیە کە لە ڕووی بایەلۆژییەوە تەواو نییە ، ئەویش بەوەی کە (گوونی) نییە ، یان بە شێوەیکی ئاسایی دروست نەبووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ

---

[1] *) چونکێ (کەو) پتر لە هەموو باڵدارەکانی تر، کوردستانییە، من پێشنیار دەکەم، کە فەرهەنگێکی کوردی ئامادە بکرێت بۆ وشەو زاراوە و ئیدیۆەکانی جیهانی کەو، جا چ کەسێکی شارەزا، چ زانکۆکانی کوردستان پێی هەڵسن. لە زمانەکانی تردا ئەم جۆرە فەرهەنگە زۆرە، تایبەت بە سەگ ، بە ماسی، بە هەسپ.....تاد.

[2] ) مامۆستا عەلی مستەفا. چاوپێکەوتن.

کاردەکاتە بێ هێزی نێرەکەوەکە لە ( هەڵسان) دا. نیشانەکانی (کەوی فستۆق) ـ بێگوون ـ ئەمانەن:

- زوو ڕووی سپیی دەبێت.
- تووکی گوێچکەکانی بەلای سەریەوە دەنووسێ.
- مەچەکەکانی مەیلەو سپیی دەبێت.
- هەمیشە بێ زەوق و ماتە.[1]

- **کـەوی قەلەفسـە :**

ئەو نێرەکەوەیە کە بە سوێسکە یان بە نێرەکەوی تر دادەفسێت. لە کۆتایی مانگی (جۆزەردان حوزەیران)دا، زۆر جار چەند نێرەکەوێکی زاڵ، نێرەکەوێك مێ دەکەن و پانزدە ڕۆژێك لەگەڵی ڕادەبوێرن.

- **کـەوی فسۆس:**

جا ئەو نێرەکەوە مێکراوەی ، کە باسمان کرد، بە زۆر نێرەکەوی تر پێی دادەفسێت پێی دەڵێن ( کەوی فسۆس).[2]

---

[1]) سەرچاوەی پێشوو.

[2]) مامۆستا دڵشاد نەجیب جەلەبی. چاوپێکەوتن.

- **کـەوی دەسـباز:**

(دەستباز)یشـی پێـدەڵێن، ئـەو کـەوەماڵییەیـە کـە حـەز بـە یـاری و تەشقەڵەکردن دەکات. بە دنووك هاویشتن و شەق ڕاوەشاندن ، هێرش دەکاتە سەر مرۆڤـ. ئەویش سێ جۆری هەیە: هێندێکیان تەنیا دەستبازی لە گەڵ خاوەنەکانیان دەکەن. هێندەکیان تەنیا لەگەڵ ژن و منداڵ. هەشە لە گەڵ هەموو کەسێك دەستبازیی خۆی دەکات. لە ڕاستیدا هۆکاری دەسبازیی کەو ئەوەیە حەز بەیاری دەکات ، یان تەنیا و نامۆیە، یان بۆ نیشاندانی خۆشەویستییە. کەوی کێوی زۆر بە دەگمەن دەبێتە دەسباز..[1]

- **کەوی کوللەداشت:**

ئەو بێچووە کەویە کە بە پێدانی کوللە ، وەك خواردن، بەخێو دەکرێت، جا ماڵی بێت یان کێوی. جا چونکێ ئەم جۆرە کەوە پەروەردەی دە ستی مرۆڤە زوو دەبێتە دەسباز.[2]

- **کەوی کوڵنەدەر:**

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

[2] ) کاکەشەلی کەوباز ـ وەستا عەبدوڵا. چاوپێکەوتن.

نێرەکەوێکی شەڕکەری ئازا و خۆڕاگر و پشوودرێژ و بە ئارامە. کە لە کاتی شەڕکردندا، هەستی کرد هیلاك بووە، هونەرمەندانە خۆی لە دنووکی کەوە دوژمنەکەی ڕادەپسکێنێت و بەبی هەڵاتن هەوڵ دەدات پشوویێك ماندووی خۆی بحەسێنێتەوە، جا ئاسینگەریی هەڵدەکوتێتەوە سەر دوژمنەکەی.

- **کـەوی ڕەبـات:**

ئەو کەوەی کە پەروەردەکراوە بۆ شەڕەکەو، یان سروشی خۆرسکی خۆی شەڕانییە. لە (فەرهەنگی مەهاباد) دا هاتووە" کەوی ڕەبات: کەوی شەڕانی."[١]

- **کـەوەزی:**

ئەو کەوە کێوییەیە کە گەرمیان و کوێستان ناکات و ڕاوچی دەتوانێت بە ئاسانی ڕاوی دەکات.

- **کەوبەدار:**

لە کۆتایی وەرزی بەهاردا و لە وەرزی هاویندا، کە کەش نەختێ گەرم دادێت و ماڵات دەچێتە ژێر سێبەلری دار و دەوەنان، هێندێك جار ڕەوە کەو

---

[١] ) فەرهە نگی هەنبانە بۆرینە. هەژار. ل. ٦٧٦

لێیان نزیک دەبێتەوە و پند و گەنەی ماڵاتیان دەکەوتێ، ناچار کەوەکان لە حەژمەتانا دەفڕنە سەر لق و پۆپی دارەکان. بەم کەوانە دەڵێن (کەو بەدار).[1]

- **کەوی لاڵ:**

ئەو کەوەیە کە قاسپە و بێنی خوێندنی کورتە و ناوە ناوە دەنگی دەلەرێتەوە. کەوی لاڵ بۆ ڕاو دەست دەدات بەمەرجێك ( سیڕە)ی هەبێت.

- **کەوداو:**

بەو ماکەوە دەگوترێت کە ڕاوی نێرەکەوی پێدەکرێت.[2]

- **کەوڕاو:**

ئەم زاراوەیە بۆ دوو مانا بەکاردێت: بەو کەوە دەگوترێت کە ڕاوی پێدەکرێت(کەوی ڕاو). یان ئەنجامدانی کاری ڕاوکردنی کەو، واتا (ڕاوەکەو).[3]

- **کەواری:**

---

[1] ) فەرهەنگی خاڵ. ل. ١٤٨.

[2] ) گۆڤاری سرووە . ژمارە ٥.

[3] ) فەرهەنگی هەنبانە بۆریتە. هەژار. ل. ٦٧٢.

بەو بێچووە کەوە دەگوترێت کە تەمەنی بووە بە ساڵێك. پێشی دەگوترێت:(باڕەکەو، کەوەباڕ، کەوباڕ).[1]

- **کەوی:**

(کەوی، کەیی)ئەم زاراوەیەش دوو مانا دەبەخشێت. مانا تایبەتییەکەی، هەر کەوێك کە کێوی نەبێت، کەوی ماڵی. مانا گشتییەکەی بۆ هەر گیانداریك یان کەسێك بەکاردێ کە کەوی بووبێت، ڕامبووبێت. دەگوترێت: " کیژۆڵەکەی کەوی کردووە."[2]

- **کەوی کەمۆ:**

یان (کەوی داودۆز) بەو کەوە دەگوترێت کە زیرەك و شارەزایە و خۆی لە داوی ڕاوچی لادەدا یان قولفەی داوەکان دەتەقێنێ. بۆیە بۆ کەسی شارەزاش ئەم زاراوەیە بەکار دێت و دەڵێن:" فلان، کەوی کەمۆیە."[3]

- **مێڕۆژ:**

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو . ل. ٦٧١

[2] ) سەرچاوەی پێشوو . ل. ٦٧٣

[3] ) من و شەقلاوە. قادری گۆزێ. ل. ٩٢

وەرزی ڕاو کردنی ماکەو. ئەو کاتەی کە ماکەو لە هێلکە دەچێتەوە کورک دەبێت و خۆی لە نێرەکەو بزر دەکات.[1]

- **سیاسووت:**

سەرەتای وەرزی بەهار ، کە تازە ڕاوەکەو وەعدی دێ.[2]

- **شەوفڕ:**

ئێواران ڕەوە کەو بە دەم قاسپەقاسپ و خوێندنەوە بەسەر یاڵەکان سەردەکەونەوە و دەچنە ( نوانان) بۆ حەوانەوەی شەوانەیان، ئەم هاتووچوونە پێی دەگوترێت ( شەوفڕ)[3] یان (شەوپەڕ).

- **هەوێزە کەو:**

لە گوندەکانی دەوروبەری باواجی ، بەو شوێنەی کە کەوی لێخردەبێتەوە و بە ڕەوە پێکەوە دەبن ، پێی دەگوترێت :" هەوێزە کەو" ئەم زارەوەیەش لە زاراوەی "هەوێزەمەر" خواستراوەتەوە.

---

[1] ) گۆڤاری سرووە . ژمارە ٥.

[2] ) سەرچاوەی پێشوو.

[3] ) گۆڤاری پاشکوی شۆڕشی کشتوکاڵ. ١٩٧٩. ژمارە (٥) . ل. ٣٧

- **کـەوی جووجەخانە (دەواجن):**

ئـەو کەوەیـە کـە لـە جووجەخانەکانـدا پـەروەردەکراوە و گواسـتراوەتەوە ماڵەکان و کەوێکی باشی لێ دەرچووە. چونکە لە جووجەخانەکانـدا، زۆر داو ودەرمانی گەشەکردنیان پێدەدرێت، وەك دەروانی هەتا و پرۆتین و ڤیتامینەکان و وزە، کەوەکان خۆڕاگر و بەهێزن.

- **سـیپە:** بۆسەی ڕاوکەر لەکاتی ڕاوکردنیدا.[1]

## ڕەنگـدانـەوەی نـاوی کـەو لە فەرهـەنگی کوردیـدا:

لەگەڵ ڕۆژگاردا، کورد وشەی (کەو)ی ئاوێتەی هێنـدێ بـواری تـری ژینگەی دەوروپشـتی خـۆی کـردووە، چـونکی هەمیشـە ئـەم باڵـدارەی لەبـەر چاو بووە، دۆستایەتی باشی لە گەڵدا پێیدا کردووە. دەبینین لە ناو زمانی کوردیدا چەندین ناوی گیاندار و باڵندەی تر هەیە کە (پێشگری کەوـــ)یان وەرگرتـووە، رەنـگ بـێ لەبـەر ئـەوەوە بێـت کـە ئـەو گیاندارانـە شـکل و

---

[1] ) هەنبانەبۆرینە. هەژار. ل. ٤٥٤.

ڕوخساریان لە کەو دەچێت یان ڕەنگیان یان ڕەفتار و هەڵس و کەوتیان. ئەمانەش هێندێك لەو ناوانەن:[1]

- **کەوقژك:** قاژوو، باڵدارێکی ڕەشە گۆشتی دەخورێ.
- **کەوکەل:** کوکەل، پەپۆ، پەپۆسلەمانە.
- **کەوکەندەر:** باڵدارێکە لە کەودەکات و زلترە لەو.
- **کەوێ شین:** کۆترە گا.
- **کەوزەنەك:** باشووکە، واشە، باڵدارێکی ڕاەکەرە.
- **کەوەسێر:** (کەوێ سار، کەوێ سێر)پەزی روخسار سپی تاماڵ شینی ئاچخ.
- **کەوەمار:** جۆرێ مار، کە ئاماڵ شین دیار دەدا.
- **کەومار:** باڵدارێکی خەیاڵییە دەڵێن لەشی کەوە و سەری مارە.
- **کەودەری:** باڵدارێکی جنجیرە بەقەد مریشکێك دەبێ لە نزیك بەفران دەژی.

---

[1] ) فەرهەنگی هەنبانە بۆریتە . ل. ٦٧٢ ـ ٦٧٦

# بەشی دووەم

گەر دەزانی کەوی قەفەز بۆ دەخوێنێ .....

هێڕ دەبێت![1]

"پەندی ئەرمەنی"

---

[1]) هێڕ : گێژ و وڕ.

## کــەوبــازیی

# کــەوبــازیی

### کــەوبازیی لە کــورەواریــدا:

وەك لە بەندی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێدا، مرۆڤی چاخی بەردی و سەردەمە دێرینەکان ڕاوکەر بوون، یاسا و سروشتی ژیانیش وایکردوە ، کە ئەوان پتر عەودالّی ڕاوکردنی ئەو گیاندارانە بن کە کەمتر جێگەی مەترسین، هەتا ئاسکێك و بزنەکێوییەك هەبوو بێت ئەوان بەگژ پڵینکێك یان گورگێك دا نەچوون، کەواتە هەر زوو دەرکیان بەوە کردووە کە نێچیری بالّدار هەم مەترسیدار نییە و هەم گۆشتەکەشی خۆشتر و بەتامترە بە بەراورد لەگەڵ گۆشتی کەمتیار و گورگ و پشیلەکێوی بە نموونە. پاشماوەی وێنەی بالّدارەکانی سەر دیواری ئەشکەوت وشاخەکان و پەرستگاکان، بەڵگەی

حاشـاهەڵنەگرن، لـەبوونی پەیوەنـدی و ئاشـنایەتی نێـوان مروڤـ و باڵنـدە بەتایبەتی.[1]

ئەگەر ئەمەیش بێنینەوە بەرچاو کە کوردستانەکەی ئێمـە، لە زۆر زووەوە، مەڵبەنـدێکی کـۆنی شارسـتانیی بـووە و کشـتوکاڵ و گیانـدار مـاڵی کـردن و بەخێوکردن لـەوێڕا داهێنـراوە، ئـەوا دڵنیـا دەبـین لـەو پەیوندییـە هاوسـەنگەی نێـوان تـاکی کـوردی سـەردەمە دێرینـەکان وگیانـدار و باڵنـدە و تـەیرو تـوار. چونکە ئەم دەڤەرە نیشتمانی زۆر گیانداری گۆشت خۆش و بە سوود بووە.[2]

کەواتـە زۆر ئاسایيە ، گـوێی مروڤـی کـورد لـە بـەرە بـەیانی مێـژووە و بـە قاسپە قاسپی کەو ودەنگی تەیروتوارەکانی تر ئاشنابووبێت و هەماهـەنگێکی ڕۆحییان لەگەڵدا پەیدا کردبن. ئەزموونەکانی ژیان ئەویان فێر کردوە ، کە کەو نەك هەر بە ئاسانی ماڵی دەبێت، بەڵکو لـە ماوەیـەکی کەمیشـدا هـۆکری مرۆڤـ دەبێـت. لێـرەدا هونـەری کـەو بـەخێوکردن و پـەروەردەکردن دەسـت پێـدەکات و زاراوەی ( کەوباز و کەوبازیی) دەکەوێتە نێو زمانە شیرینەکەمانەوە.

[1] ) گۆڤاری کاروان.ل. ژمارە ٥

[2]) سەرچاوەی پێشوو.

له فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار دا نووسراوە" کەو باز: کەسێ کەو ڕاو دەکات وکەوان ڕادەگرێ."[1] ئەوەی ڕاستی بێت، نەتوانراوە، زانیستییانە، ساغبکرێتەوە لە کەیەوە کەوبازیی هاتۆتە ئاراوە، چونکی هیچ بەڵگەی ئەتۆمان لەبەر دەست دانییە، کە بتوانین پشتی پێ ببەستین. کەواتە ، ناچار ئێمەش، وەکو زۆر نەتەوەی تر دەبێ خۆمان دەخیلی ئەفسانە و چیرۆك و حیکایەتەکانی بەر ئاگردان بکەین. بەندە زۆر ماندوو بوو لە گەڕان و سۆراغکردنی ئەفسانەیێکی کوردی پەیوەست بە ( کەو)، بەداخەوە هیچ ئاکامێك وەگیر نەکەوت کە پەیوەند بێت بە کەو و کەوبازییەوە. لێرەدا، کە باسی ئەفسانە دەکەین، مەبەستمان ئەو ژانرە ئەدەبییە کە خاوەن کەرەستە و خەسڵەت وپێناسە و کەسێتی خۆیەتی و بەسایەی ئەوەوە دیاردەێکی سروشتی یان ژیانیان بە لێکدانەوەێکی نالۆژیکیانە . تا ڕادەیەك ـ ڕاڤە کراوە. بەڵام ژمارەێکی باشمان لە چیرۆك و حیکایەت بۆ بەجێماوە ـ لە بەندێکی تردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە ـــ کە هەموویان دەیسەلمێنن کە هێندێك لە باوباپیرانمان کەوباز بوون و نەوەکانیشیان ، پشتاوپشت میراتگری ئەوان بوون.

بەداخەو، زاراوەی ( کەوباز) ئێستاشی لەگەڵدابی، لە لای ئێمەمانان، هەر ئاماژەکردنە بۆ کەسێك کە خووی دابێتە بەخێوکردنی کەو و هیچی ترنا! هێچ

[1]) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە.ل. ٦٧٣

لێکۆڵینەوەیێکی کۆمەڵناسیی و دەروونزانی و ڕەفتارناسیی و هەوەسناسیی سەبارەت بە ( کەوبازەکانی کوردستان) ئەنجام نەدراوە، لە کاتێکدا دەرزەنێك زانکۆ و سەدان بڕوانامەداری بالاّمان هەیە کە ڕشتەکەیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەو توێژە بەر فراوانەی کوردستان هەیە.

دوای لێکۆڵینە و توێژینەوەیەکی دوور و درێژ لە گەڵ ژمارەیێکی بەرچاو لە کەوبازانی کوردستان ،[1]* بە قەناعەتەوە دەڵێم" کەوبازی خوولیا و عیشق و خۆشەویستییێکی هێندە پڕ سۆز و مەراق و تاسە و عەودالّییە، کە پلەیێکە لە پلەکانی باڵندە پەرستی و خەڵوەتی بێ ریای مرۆڤە بۆ گیانی ڕەگەزێکی غەیرە مرۆڤ."

لە شار و دێ ، لەنێو شارنشین و ڕەوەند وکۆچەریان، لەنێو بەگزادە وئاغا و دۆم و قەرەجان کەوباز و کەوبازی هەیە. ئەم خوولیا و هیوایەتە هیچ پەیوەندییێکی بە چین و توێژ و پیشە و پایە و پلەی کۆمەلاّیەتییەوە نییە، بۆیە دەبینین کەوباز هەیە: جوتیارە، کرێکارە، پۆلیسە، سەربازە، خوێندکارە، سەرتاشە، چایەچییە، حەمامچییە، مامۆستایە، قائیمقامە، فەرمانبەرە، شارەڤانە، دوکاندارە، عەرەبانچییە، فیتەرە، شۆفێرە، کۆمپیوتەرسازە، گورانیبێژە، شاعیرە، موزیکژەنە، نیگارکێشە .... تاد. بەداخەوە پیاوسالاری و

---

[1] *) ئەم پڕۆژیەم لە ساڵی (١٩٨٠) دەست پێکرد و لە ساڵی (٢٠١٤) دامخست. بەداخەو هێندێك لەو کەسانەی چاوەپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون لە ژیاندا نەماون و بەرهەمەکەیان نەدیت.

قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەست ئەواندا، وایکردووە، تەنیا پیاوان لە گۆڕەپانی کەوبازیدا دیار بن و ڕەگەزەکەی تر نەیتوانیوە ئەم خوولیا و حەزە وەك نێرینە بکاتە هیوایەتێکی تایبەتی خۆی و کاتەکانی ژیانی لەگەڵدا بەسەر بەرێت. ئەگەر ژنێك ئەم حەز و هەوەسەشی هەبوو بێت، ئەوا یان بە دزییەوە بووە یان نەیتوانیوە بە ئاشکرا نیشانی بدات.[1]

ژمارەی کەوبازەکان لە شارێك بۆ شارێك و لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە. سەردەمی شەڕ و شۆڕ و قات و قوڕی ، خەڵك کەمتر دەرفەت و ئارەزووی دەبێت بپرژێتە سەر ئەم هیوایەتە. بۆ نموونە ، بە قسەی پیرە پیاوانی قەدیمی، خەڵکی شاری کۆیەی جاران، زۆریان خاوەن کەو بوون لە ماڵەکانیاندا و ڕاوی حەوت شەو وحەوت ڕۆژە زۆر باو بووە.[2]

ئەگەر کەوبازی هەوەسبازییێکی منداڵانەی پڕوپووچ بێت ـ وەك هێندێك کەس دەڵێن ـ ئەوا بە دڵنیاییەوە ، ئەم هەوەسە هەرکیز بەو گەرم و گوڕیە و جۆش و خرۆشییەوە لەگەڵ پیرەمێردێکی خاوەن ئەزموون ودنیادیتە، هەموو ساڵ گەرمتر پەیمانی وەفاداری و دڵسۆزیی نوێ نەدەکردەوە. کەوبازی وەکو ئەڤین و دیاردەیێکی دەروونی مرۆڤە، پتر لە باوەڕ و ئەویندارى پاك و بێگەرد و

[1]) وەستا حەمەدی عەولا جەیدی کەوباز (١٩١٨ ـ ٢٠١٣) چەند جارێك ئاماژەی بە ناوی یەك دوو ژنی شاری کۆیە دەکرد، کە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کەوباز بوون.

[2]) سەرچاوەی پێشوو. چاوپێکەوتن.

پیرۆز دەچێت، باوەڕ و ئەوێندارییێك كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵس و كەوتی ڕۆژانەی خاوەنەكەیەی هەیە.

خوێنەری هێژا، وەك هەوڵێك بۆ گەیاندنی پەیامەكەم بە تۆی بەڕێز، ناچارم نەختێ لە ڕەووتی نووسینەكەم بگۆڕم، بە گێڕانەوەی قسەی دڵ و دەروونی هێندێك لەو كەوبازانەی كە عومرێكی درێژیان لە كەڵ كەودا بەسەر بردووە. بەو هیوایەی تۆیش، بگەیتە ئەو قەناعەتە كە ئەم خوولیاییە و هەوەسبازییە شتێكی ئاسایی و بێ بنەما نییە. بۆیە كەوباز هەیە دەڵێت:"هیچ عیشق و ئەڤینداری و خۆشەویستییێك، لە دنیادا، نەیتوانیوە بەقەد خۆشەویستی (كەو) لە ناو دڵ و دەروونمدا، شوێن پێی خۆی بكاتەوە."[1] یان هەیە دەڵێت:" ئەگەر لە دنیا دا ، پێكی خۆشی و بەختیاریم نۆشی بێت، ئەوا تەنیا ئەو ساتانە بووە كە قاسپەقاسپی كەو سەرخۆشی كردووم."[2] وەستا عەبدوڵای لبادچی ، كە كەوبازێكی ناسراوی شاری كۆیەیە، نهێنییێكی خۆی دەدركێنێت، كە پێشتر قەت باسی نەكردووە و دەڵێت:" لێتان ناشارمەوە، لە تەمەنی هەرزەكاریمدا، تووشی دووعیشقی گەورە پڕ جەفا بووم: عیشقی كەوێكی نازدار و دولبەرێكی شۆخ و شەنگ، دڵدارەكەم بە كەوەكەم دا ، بەڵام، كەوەكەم بە دڵدارەكەم نەدا، هەرچەندە ئەم كچۆڵشم خۆشدەویست، وەلی

[1] ) وەستا عەبدوڵای لبادچی. چاوپێكەوتن.

[2] ) عومەری عەباسی ، كەوباز. چاوپێكەوتن.

ساتێکی ڕاوە کەوم پێ لە ژووانی ئەم خۆشتر بوو، هەر ئەمەیش وا کرد دەست لێك بەردەین. "

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ گیاندار زۆر ڕەهەند و بوار و نیشانەگەلی جیاجیای هەیە ، ئەوەی کە تووشی حەپەسان و ڕامانمان دەکات ، خەست وخۆڵی و کاریگەریی ئەو هەوسبازییەیە کە لە کەوبازەکاندا بەدیدەکرێت و لە هەست و ڕەفتار و مامەڵەکردنی کەسە هەوسبازەکانی تردا بوونی نییە، قەت نەبووە خوولیادارانی هەسپ یا بەخێوکەرانی مریشك و کەڵەشێر یان هەوادارانی توولەوتاژی بەقەد کەوبازێك عیشق و سەوداسەری و وەفادارییان بەرانبەر گیانداره خۆشەویستەکەیاندا هەبێت. شەو و ڕۆژ بە دیار ئەو کەوانە دانیشن و تەماشایانکەن بێزار نابن. [1]وەستا (عەبدوڵای لبادچی) گێڕایەوە:" تازە دۆمەکان لە دەوری (کۆیە) ڕەشماڵیان هەڵدابوو، خۆم گەیاندە لایان و بەخێرهاتنەوەم کردن، هەستم کرد غەم پەژارییێکی قۆرس باڵی بەسەر هەمووان

---

[1] لێکۆڵینەی زانستی: تەماشاکردنی باڵندە و گیاندار فشاری خوێن ڕێك دەخات، نەخۆشی دڵ و کۆلیسترۆڵ کەمدەکاتەوە ، خەمۆکی لادەبات. هەناسە تەنگی و ڕەبوو کەم دەکاتەوە. لە هێندێك نەخۆشخانە سەگ بە ناو نەخۆشەکاندا دەگێڕن ، لە وڵاتی ئایراەندا. سەرچاوە:

http://en.wikipedia.org/wiki/bird

داكێشـابوو، كـه پرسـیارم كـرد، خـاڵۆێگی ڕیـش مـاش و بـرنج، بـه دەنگێكـی لـەرزۆكی غەمگینـەوە گـوتی: كـەوێكم ، هـەردوو چاوی كوێر بووە، بریـا، سـەد بریا، ئەم تاقە كچەم كوێر بوایا، ئەم كەوەم كوێر نەبووایە."

كەو باڵندەیێكی ڕۆحسووكی ڕەفتـارجوانی پەسـند و دڵارامـە، هـەرگیز لـە نێـو هـیچ قـەوم وقیلێكـدا وەك تـەیری شـووم و ناپەسـندی وەك كوندەپـەپۆ و قەلەڕەش سەیرنەكراوە. تەنانەت وابووە كە ژنێكی وچاغكوێر ، فەرامۆشی دڵی خـۆی بـە هاتووچـۆی كـەوێكی مـاڵی دابێتـەوە و وەك منـداڵی خـۆی سـەیری كردبێت. ( خێریەخانی هاوسەری حەسەنەخرە) و( زبێدەخانی هاوسەری عەلی جگەرچی) كە هـەردووكیان وچاغكوێر بوون لـە كۆیـە، كەویان لـە ماڵەكانیانـدا بەخێوكردووە.[1]

زۆربـەی كـەوبازەكان ــ وەك چـۆن كەسـانێك هـەن لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا، سـەگ، وەك ئەنـدامی خێـزان سـەیر دەكـەن ــ كـەوەكانیان بە قـەد منداڵـەكانیان خۆشدەوێت و كاتێك كە ئەو ئەندامە خێزانە بیٚ زمانـە لەدەسـت دەدەن پرسـە و تازیەی بۆ دادەنێن. ( ئەمینە سووری مام باپیری) كەوباز گوتی:" لـە سـاڵی ( ١٩٧٢) باڕەكـەوێكم پـەروەردە كردبـوو، كـۆڕێكی دەینـا، بەیانییـەك لـە خـەو هەڵسام، سەیرم كرد كەوەكەم مردووە، ڕۆژم لـیٚ بـوو بەشـەو، سـیٚ شـەو و سـیٚ

[1] ) حەمەدی عەولا جەیدی كەوباز. چاوپێكەوتن.

ڕۆژان ، له ماڵەوه پرسەم بۆدانا، دەسته دەسته کەوبازەکانی دۆست و برادەرم دەهاتنه لام و دڵنەوایان دەکردم."

خوێنەری ئازیز، لات سەیر نەبێت، ئەگەر کەوبازێك بۆ کەوه خۆشەویسته مردووەکەی پتر لە پرسەدانان، پەرۆشی خۆی نیشان بدات و بکەوێتە ژێر سیحری ئەو ئەڤینداریيە سەیروسەمەرەیە:

(سەرەتای هاوینی ساڵی ( ١٩٦٧) بوو، سەر لە ئێوارەیەك، لە سەر رۆخی تەختێکی سەربان، باوکم بە کەیف و خۆشییەوە دانیشتبووە، کەوە دەستبازەکەی بەڕەڵا کردبوو و خەریکی شۆخی و گەمەکردن بوون لە گەڵ یەکتری، لەنکاوڕا، کەو خۆی هەڵدایە سەر کۆشی باوکم و بە دنووکی توند توند پەنجەی گرت و بەری نەدەدا، ناچار بە جوولەیێکی خێرا ، باوکم دەستی خۆی لادا، ملی کەوەکە لە گەڵ ئەم دەست جوولانەدا سووڕا و یەکسەر کەوتەسەر زەوی و کەوە مرد. باوکم زوو پڕیدایەو هەڵی گرتەوە بەڵام کەوە بەردێکی بێ گیان بوو، هیچ وشەیەك شك نابەم ، تا وەسفی شلەژان و باری دەروونی باوکمی پێ بکەم" ڕەنگی هەڵبزرکا، نوتقی گیرا، دەستەکانی کەوتنە لەرزین...... چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو..... ئەو ئێوارەیە کەس ئاگای لە نانخواردن نەما، شەو باوکم وەك شێتی لێهات و کەوەکەی لای خۆی دانا، . کە ڕۆژ بۆوە، زوو بۆی دەرچوو، کە هاتەوە کیسەێکی مەلمەلی سپی دوورای پێبوو ـ دیار بوو لە لای بەرگدروو سازی کردبوو ـ ، کەوە مردووەکەی کردە ناو کیسەکە و جوان جوان پێچایی و لە نێو ئیغداندا لە گەڵ جلکەکانی خۆی

دانا. تا ماوەی شەش مانگ ئەو جەنازەیە ، لە نێو ئەو ئیغدانەدا مایەوە ، ڕۆژانە و حەفتانە باوکم دەریدەهێنا و سەیری دەکرد. چاك چاكم لە بیرە ، کە بۆنی تێکەوت، پێی گوتین: "من وا دەچمە دەرەو، ئەمە بەرن بۆ شوێنێکی تر!" ئەو دڵی نەهات پێمان بڵێت ، بڕۆن فرێیبدەن، گوتی :"بیبەنە دەرەوە."

باشە، ئەدی دەبێ کەوبازی بەڕاستی، چی بکات کاتێك عیشقی کەوێك دەبێت و حەزی لێدەکا و خاوەنەکەشی دەست بەرداری نابێت؟!

خوالێخۆش بوو ( عەبدول فەتاحی عەبدول قادری ) کە بە ( وەستا عەبدەی بەرگدروو) ناسراوە، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەو بەری ڕەزەکانی (کانی بسکانی) کۆیە، عاشقی کەوی دۆمێك دەبێت، بەڵام دۆمەکە نایەوێت کەوەکەی زاعێ بکات، وەستا ( عەبدە) پارەیێکی باشی دەداتێ، دۆمە هەر ڕازی نابێت. ناچار وەستا، خۆی دەخیلی کابرای دۆمە دەکات و دەڵێ:" هەرچیم پێیە دەتدەمێ، من بە بێ ئەو کەوە ناڕۆمەوە ماڵێ." وەستا ( عەبدە) کورتەك و شەرواڵێکی ( جەرمانی) دەرەجە یەکی نوێی لەبەردا دەبێت ، کە ئەو کات بە نرخترین جل وبەرگی سەردەم بووە و خۆیشی دوورمان کردووە ، ئەم کورتەك و شەڕواڵە و پشتێنەی خۆیی دەداتێ و کەوە لە دۆمەکە دەسێنێت و بە غاردانە بەرەو شار دێتەوە ، کە خەڵك دەبینن وەستا ( عەبدە )بە دەرپێی سپی و کراسی سپی ڕێ دەکات و قەفەز و کەوێکی پێیە،، لێ دەپرسن:" وەستا!

ئـەوە خێـرە؟" وەسـتاش وەلامیـان دەداتـەوەو دەڵێـت:" بـۆ وا سـەیرم دەکـەن؟ دەڵێی، قەت (کەو)تان نەدیووە؟"[1]

ئێمرو لە ولاتە پێشکەتووەکاندا، چەندین ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی پەیوەست بە ژیانەوە و پاراستنی گیانداران هەیە و دڵسۆزانە کاری بۆ دەکـەن. ڕاستە لە کوردستاندا ئەو هۆشیاریی و جەرگسـۆزییە نـەبووە ، تا خـەمخۆرانی گیانـداران بە هانـای ئەوانـەوە بچـن و پارێزگارییان لـێ بکـەن. بەڵام ، کەوبازی ئـەتۆیش لـە نێـو کوردانـدا هەڵکـەتووە، کـە زۆر بـە جـددی کاریـان لـە پێنـاو کوردسـتانێکی سـەوز و پـڕ باڵنـدە و تـەیرو تـوار و گیانـدار کـردووە. ئەمـەی دەیبیسـتن، نـە حیکایەتـە نـە داسـتان، خـۆ ئەگـەر ڕووداوەکـە ، لـە کۆمـەڵگای ولاتـەکانی ڕۆژئـاوا بووایـە، ئـەوا بـە دڵنیایـەوە خاوەنەکـەی پەیکـەری بـۆ دادەتاشرا.

( ئەو نەگبەتی و ماڵ وێرانییەی کە شەڕی جیهانی یەکەم بۆ کوردستانی هێنـا، نـەك تـەنها بـووە هـۆی لەناوچوونی هـەزاران ژن و پیـاو و منـداڵی کـورد، بـەڵکو بـووە هـۆی لەناوچـوون و فۆتـانی هـەزاران گیانـدار و تەیروتواریشـمان، چونکە قات وقڕی و برسییەتێکی ئەتۆی لەگەڵ خۆی هێنـا، مرۆڤـ نـەك تـەنیا

[1] ) حەمەدی عەولا جەیدی کەوباز. ئەویش لە ( مەحموود بێمووی) فەراشی قائیمقامی بیستوە ، کە خـۆی لـە مـاڵی کـاکی هیرانـی ( صـافی) بـووە لـە کۆیـە، کـە ئـەم ڕووداوە لـە سـاڵی ١٩٣٢ بـووە. چاوپێکەوتن.

پەلاماری بزنەکێوی و کەو و کەروێشکی دەدا، بەڵکو سەگ و پشیلە و مشك وماریشیان چەنگ بکەوتایە دەیخوارد.[1] هیچ ئەشکەت و پەسێو و دۆڵ و زەندۆڵ نەما بوو کە بە داو و تۆڕ و تەپکە و تەڵە نەچنرابێت. سەرەڕای ئەو بەڵایە گەورەیە، بەفرێکی زۆریش هەرچوار ئیقلیمی کوردستانی داپۆشی. ساڵی " بەفرە ئەستوورە"ش دەستی ڕەشی خۆی نایە بێن و قاقای ئەو گیاندار و باڵندانە، زۆربەیان قڕانیان هات، تاق و لۆقیان ، لێرە و لەوێ خۆی مەڵاس دابوو.[2] دوای کوژانەوی ئاگری شەڕ و تووانەوەی بەفری ئەستووری کێوەکان، خەڵکی گوند و شارەکان، وەك مرۆڤێکی بریندار، ئەوانەی مابوونەوە، وردە وردە هەڵسانەوە سەر پێی و کەوتنەوە و سەر ئیش و کاری خۆیان . بە کورتی، کە خەڵکەکە ئاهێکی هاتەوە بەر و هاتنەوە ناو باوەشی سروشت، کەوباز و ڕاوچییەکان تەماشایان کرد، شاخ و داخی کوردستان بۆتە بیابانێکی چۆل و هۆل ، زۆر بە دەگمەن دەنگی مەلێك یان خشپەی گیانداریێك دەبیستی. ئەو کات ئاستی هۆشیاریی ماددی تاکی کورد لەو پایەدا نەبوو، زانستییانە ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکات و ڕێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە! بەڵام شاعیری

---

[1] ) کردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی. د. کمال مظهر. ص. ٢٢٦

[2] *) مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی، لە کتێبی مێژووی کۆیە، چیرۆکی ئەو گوێدرێژە دەگێڕێتەوە کە چۆن بە دەست خەڵکە برسییەکەی ئەو کات، لەت و پەت دەکرێت و دەبێتە چ شەڕەشەق و تێك هەڵدانێك لەسەر ( زەکەری گوێدرێژەکە)!

کوردپەرەوری کەوباز (صاف هیرانی ۱۸۷۳ ـ ۱۹٤۱) [1] ڕاوچییەکی ناسراوی دەڤەری ( هیران و نازەنین) دەبێت. مامۆستا (گیوی موکریانی) لە پێشەکی دیوانەکەیدا دەنووسیت:"صاف هیرانی زۆرترین سەردەمی خۆی بە ڕاوی باڵندان و پەروەردەکردنی کەوان بەسەر برد و لە گێتی دا هیچ چشتێکی لە کەوی سپی خۆشتر نەدەویست." [2]

دەمەو ئێوارەیەك، کابرایێکی لادێی، خۆی دەکات بە دیوەخانی (صاف هیرانی) و پێی دەڵێت:" کاکە...، ئەمرۆ لە شاخی دا، هێلانە کەوێکم دۆزیوەتەوە هێلکەشی تێدایە!" کاکی هیرانی دەڵێت:" ناچێتە ئەقلّم، کەو لەو شاخانەدا مابێ، ڕەوز و یالْ نەماوە، لەم ناوەدا، نەم پشکنیبێتەوە." کابراش دەڵێ:" کاکە، باوەڕ بفەرموو، بەم چاوانەی خۆمم بینیم، تۆ بڵێی کوڕی شاخ بم و هێلکەکەو نەناسم." کاکی هیرانی داوای لێدەکات کە بەیانی زوو خۆی ئامادە بکات، تا بەیەکەوە بچنە ئەو شوێنەی هێلانە کەوەکەی لێیە. کە بەیانی زوو دەچنە شوێنەکە و کاکی هیرانی، بە چاوی خۆی هێلکە کەوەکە دەبینی، چاوی کابرا ماچ دەکات و بە جووتە دەگەڕینەوە ناو دێ، هەر ئەو ڕۆژە کاکی هیرانی، هەموو خەڵکی هیران لە مزگەوت کودەکاتەوە و ئەم مژدە خۆشەیان پێدەدات و داوایان لێدەکات کە بە زووی خەڵگی گوندەکانی ئەو دەوروبەرە

---

[1] ) دیوانی صاف . ل. ٥.

[2] ) سەرچاوەی پێشوو.

ئاگادار بکەنەوە کە نابێ کەس لەو تخوبە نزیك بێتەوە کە هێلانەکەی لێیە. لە نێو ئەو کۆمەڵە خەڵکەی مزگەوتدا، دوو گەنجی جوامێر ، دەست هەڵدەبڕن و دەڵێن: "ئێمە ئامادەین، شەو و ڕۆژ ببین بە پاسەوانی ئەو هێلانەیە." کاکی هیرانی دەست پێشخەرییەکەیان پەسند دەکات و بریار دەدات ڕۆژانە دوو مریشکیان پێشەکەش بکەن و هەر کاتێکیش خەبەری ئەوەی بۆ بێنن کە کەوەکە هێلانەیێکی تری کردووە، پەزێکیان خەلات بکات. ئەو دوو جوامێرە پاسەوانی ئەو هیلانە بوون تا تروکاندی و بێجووە کەو بەو ناوە بلاَبوونەوە. کاکی هیرانی بەمەیش نەوەستا، دوو قاسیدی نارده کوردستانی باکوور ( تورکیا)، تا لەوێوە کەو بهێن و لە کوردستانی خۆمان بەڕەلای بکەن، تا جارێکی تر نزار و لوتکە و کویستانەکانمان بە قاسپەقاسپی ئەو باڵندە جوان ، شاد ببنەوە .)[1]* (وێنەی

زۆربەی کەوباز، ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە کەوبازی خوولیایەکی زۆر خۆشە بەلاَم زۆریش بە مەراقە. لە ڕاستیدا، ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی و زانستیی قوول تر هەیە، کە حەقوایە پسپۆڕانی خۆی پێی هەڵسن، چونکە هێندێك نهێنی و لوغز و لایەنی شاراوەی ئەم خوولیایە تا ئێستا بە وردی

---

[1] ) حەمەدی عەولا جەیدی کەوباز. چاوپێکەوتن.

*) وەك ڕێزگرتنێك، بۆ ئەم هەڵوێستە جوان و سروشتدۆسانە ، ئەم کتێبەم پێشکێش بە گیانی شاعیری کورد (صاق هیرانی) کرد. ف. ش.

سـەرنجی لێنـەدراوە، دەنـا مـاقوول نییـە مرۆڤێـك بـە بـەزینی كەوەكـەی سـێ مانگـان، لـە سـەر پشـت، لـە نێـو جـێ بكـەوێت! [1]كـە لێیـان دەپرسـیت:" بـۆ كـەوتان خـۆش دەوێـت؟" هـەموویان دەڵـێن:" كـەو باڵـدارێكی سـیحراوییە، ڕۆحسووكە، دەنگ خۆشە ، خەمڕەوێنە."

ئیمڕۆ دوو زانست هەیە كە پەیوەندی لەگەڵ ئەم باسەی ئێمەدا هەیە ـ بەداخـەو لای ئێمـەمانان ئـەم جـۆرە زانسـتە نەچـۆتە بـواری خوێنـدن و پراكتیزەكردن ـ [2]*

**یەك: زانستی باڵداردۆسـتی** (Science of Birders - or–Birdwatchers):

**دوو: زانستی موزیك بۆ چارەسـەری دەروونی** ( Music Therapy ):

گریكە كۆنـەكان، خودامەنـدی مۆزیـك و دەرمانیـان هـەبووە بـەناوی (Apollo)، (ئەفلاتوون) دەیگوت : مۆسیقا كار لە سۆز دەكات و بۆی هەیـە كەسێتی مرۆڤـ

---

[1] *) وەستا تۆفیقی مام ڕەشیدی گێڕایەوە: لە چلەكانی سەدەی ڕابردوو، وەستا حەمەدی عەوڵڵا جەیدی، سێ مانگ نەخۆش كەوت دوای بەزینی كەوێكی. چاوپێكەوتن ٢٦ . ٣ . ٢٠١٥

[2] *) خۆزیا ئەو ڕشتانە پەیوەستن بەم بابەتەوە لە زانكۆ و پەیمانگاكانی كوردستان، بە خوێندن و لێكۆڵینەوە توێژینەوەی زانستیی، گرینگیان پێدەدرا.

بگۆڕێت. (ئەرستۆ)ش دەیگوت: مۆسیقا کار دەکاتە سەر ڕۆح و بە سۆز دەروون پاك دەکاتەوە. بۆیە لە زانکۆ جیهانییەکاندا، ئەم بابەتە دەخوێندریٚ و ڕێکخراوی جیهانی خۆی هەیە بە ناوی:

(World Federation of Music Therapy)[١] بەڵکەی زانستیی، نۆشدار و دکتۆرە پسپۆڕەکان، سەلماندوویانە کە: (دەنگ و ئاوازی خۆش)، دڵ ڕۆشەن دەکاتەوە ، دەروون هێور دەکاتەوە ، خوێن خاوێن دەکاتەوە، خەمۆکی کەمدەکاتەوە، شپرزەیی و نیگەرانی کاڵ دەکاتەوە. ئەوان دەڵێن:" کە پەژارە ، دڵ و دەروونیی مرۆڤ دادەگرێت ، ڕووناکییان تێدا کەم دەبێتەوە، کە دەنگ و ئاوازی خۆش لە ڕێی بیستنەوە دەڕژێتە ناخی ئەو کەسە ، ئەوا ئەم ڕووناکییە وەك چرا تاو دەسێنێتەوە گەشدەبێتەوە." [٢]

دەنگی خۆش و مۆزیك، دەرد دەپەڕێنیٚ، خەم خامۆش دەکات بۆ بڕێك نەخۆشی مێشك و دەروون چاکترین دەرمان و چارەسەرە.[٣] ( وێنەی

---

[1] ) http://en.wikipedia.org/wiki/Music_therapy

[٢] ) گەنجینەی گۆرانی کوردی. عوسمان شارباژێری. ل. ٢٠( * ئیمرۆ مۆسیقا بۆ چارەسەری دەیان نەخۆشی بەکار دێت ، بۆ منداڵی نێو بێشکە تا پیرەمێردی سەر کورسی و نێوجیٚ.)

[٣] ) سەرچاوەی پێشوو.

خوالێخۆش بوو ( کەریمی گوریْ)، کە کەوبازێکی قەدیمی ناسراوی کۆیە بوو. نەخۆش و کەنەفتی ناو جێگا دەبیْ. داوا لە خزم و دۆستان دەکات و دەڵێت:" بمبەنە چیای باواجی و (بنە)ێکم بۆ دابنێنەوە و گوێم لە دوو قاسپە قاسپی کەو بێت ، باوەڕتان بیْ ، چاك دەبمەوە!"[1]

کۆمەڵی یان دەستە و تاقمی کەوبازان، لە هەوەس و زەوق وچێژ وەرگرتن لە (کەو) چەند جۆرێکن: هێندێکیان تەنیا حەزی لە ڕاوەکەوە. هێندێکی تریان شێت و شەیدای شەڕەکەوە. هەشە هەر چێژ لە دەنگە خۆشەکەی وەردەگرێت و هەشە هەر هەموویان.

لە میانەی تێکەڵ بوون هامووشوکردن و سۆراغکردن، دەربارەیی کەسێتی و کارەکتەری کەوباز، ئەم مشتە سەرنجانەی خۆمم هەیە:

- کەوباز ، هەست و سۆز و خۆشەویستیی و قەدرزانی بۆ گیانداران لە کەسە ئاساییەکان پترە.

---

[1] ) وەستا عەبدوڵلای لبادچی کەوباز . چاوپێکەوتن.

*) ١١١ لە تاقیکردنەوێکی دوو زانکۆی ناسراودا، (Surrey & Salford) کە لە گەڵ (٢٠٠٠) نەخۆش ئەنجامدرا. نەخۆشەکان گروپ گروپ بەسەر چەند باڵندەیێك دابەشکران. دەرچوو دەنگ و خوێندنی (فێرنەگول) لە هەموویان گاریکەری ئەرێنی باشتربوو لە سەر ڕەوشی تەندروستییان.

- پتر مرۆڤـ دۆستن و زۆر بەدەگمەن پیاو خراپیان تێدا هەڵدەکەوێت. بە بەراورد لەگەڵ هێندێك توێژی تری کۆمەڵدا. بە دەیان کەوباز پێشمەگە بوون و یان شەهیدکراون.

- تـا ڕادەیێکـی زۆر دوورن لـە قسەوقسـەلۆك و باسـکردنی خـەڵکانی تـر. هەمیشە هەر سەرگەرمی دەنگ وباسی کـەو و کەوبازی و ڕاون.

- لە نێو خویاندا ڕێك و پێك و خەمخۆری یەکترین و نێوانیان خۆشە، بە بەراوەرد لە گەڵ هێندێك کۆمـەڵ و گرووپـی تـری کۆمـەڵگای کوردەواری وەك ( بازرگانەکان، نووسەرەکان، شۆفێرەکان، دکتۆرەکان...... تاد.)

- زۆر بایەخ و گرینکی بە کار و پیشەکانی خۆیان نادەن و پتر سـەرقاڵی کەوبازییەکەیانن.[1]

- کـاتێکی زۆری ڕۆژانــەی خۆیــان بــە هــاتو بــات و بگــرە وبــەردەی کەوبازیی بەسەر دەبەن و ئەوەندی کاری کەوبازیی ڕادەپـەڕێنن هێنـدە ئیش و ئەرکەکانی ماڵەوەیان ڕاناپەڕێنن.

---

[1] ) حەمەدی عەولا جەیدی کەوباز ، کە وەستا بووە، لە دۆڵی سماقۆڵی خـەریکی ڕاو دەبیٚ، تووشـی ژنێك دێـت و پێـی دەڵێـت:" عـەیب نییـە بۆ تـۆ، بـە منـت گـوت سبـەینیٚ وەرەوە ( شـانەکەی مـووت) چاککراوەتەوە ، من چەند ڕۆژە دێمە کۆیە، دوکانـت داخـراوە و تـۆ هـەر بـەو کەژانـەوە دەسوڕێتەوە، ڕەبی خوایە تا دەمریت ، هەر ئەوە حاڵت بی."

- هێنده عەودالی سامان کۆکردنەوه و پاره وپوول نین به بەراورد به هێندێك توێژی تری کۆمەڵ.

- ئەگەرچی کەوباز له هەموو چینەکانی کۆمەڵدا هەڵدەکەوێت،، بەڵام زۆربەی کەوبازەکانی کوردستان له چینی مامناوەند و بەرەو خوارن ـ له ڕووی ئاستی بژێوویدا ـ .

- زۆر له کەوبازەکان، له تەمەنی پیریدا، پەژیمان دەبنەوه ، هەست به ئازاری ویژدان دەکەن، که کەوەکانیان کۆت و بەند کردووه و زۆریان لێ ڕاوکردوون.

- ژمارەی ئەوانەی کەوبازی تەرك دەکه ، به بەراورد لەگەڵ ژمارەی کەوبازه نوێیەکان، زۆر کەمه.

- به گشتی، تەندروستیان باشه و لەشیان سووکه و خۆش ڕۆنه. به دەگمەن کەسی قەڵەو له نێو کەوبازەکاندا دەبینیت. [1]

- پتر شارەزاییان له ژینگه و کەش و هەوا و وەرزەکانی ساڵدا هەیه، به بەراورد لەگەڵ کەسه ئاساییەکان.

---

[1] *) ئیبراهیمی مام مەجیدی کەوبازدەڵێت: مەشق و ڕاهێنانی هەر کەوێك بۆ شەڕ، (٥) کیلۆ کێشم دادەبەزێنێت، چونکه زۆر له گەڵیدا ڕادەکەم و دەجووڵێمەوه.

- کەوبازە ڕاوکەرەکان شارەزای کەژ و کێو و شاخ و داخی دەڤەری خۆیانن و دەوڵەمەندیشن لە وشەو زاراوە و ناوی شوێنەکان و گیاندارەکان و ڕووەکەکان.

- هێندێك جار نەوەکان، دەبنە میراتگری باو وباپیرانیان، ئەوانیش دەبن بە کەوباز.

- زیادبوونی ژمارەی کەوبازە لاوەکان، تاڕادەیەك ، پەیوەندی هەیە بە بێکاری لە کوردستاندا ، چونکە بازرگانیی کەو ، دەستمایەی باشی هەیە و بەخێو کردن و پەرەوەردەکردنی زۆر گران نییە.[1]

ئەگەر بە ویژدانەوە، بەراوردییەك لە نێوان کەوبازەکانی قەدیمی و کەوبازەکانی ئیمرۆی کوردستان بکەین، ئەوانی قەدیمی پتر ڕێز و ئیحترامیان بۆ کەو و گیاندارەکان هەبووە. پتر خەمخۆری پاراستنی ژینگە بوون و لەڕاوکردندا چاویان تێر بووە . کەوبازیی لەدیدی ئەوان بریتی بووە لە کۆمەڵە تقووسێکی تایبەت بە چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم باڵدارەدا، چ لە ژینەگە سروشتییەکەیدا، چ لە نێو قەفەزەکەیدا..... .

---

[1] ) بە گوتەی ئیبراهیمی مام مەجیدی کەوباز، کەوباز هەیە ساڵانە هەزار کەوێك دەکری و دەفرۆشێت.

## کـەوی مـاڵی:

بێگومـان لـە بەرەبـەیانی دروسـت بـوونی ئـەم زەمـین و ژیانـەدا، هـەموو گیانـدارەکان کێـوی بـووین و هـەر یەکـەی بـەگوێرەی غـەریزە و کـەش و هـەوا و هـەڵس و کـەوتی خـۆی لـە ژینگـە سروشـتییە خواکردەکـەی خۆیـدا ژیـاوە. داپێویستییەکانی گوزەرانی ژیانی ڕۆژانە، لەگەڵ ڕۆژگاردا، مرۆڤی فێرە ماڵی کردن و پەروەردەکردن و بەخێوکردنی هێندێك لەو گیاندارانەی کە پێی وێراوە کردووە. نابێ ئەوشمان لەبیرچێت ، کە هێندێك گیاندار لەسرووشتەوە وا خەلق بوون کە ماڵی نابن - ئەگەر لەنزیکیشمانەوە بژین — وەکو لەقلەق و ڕیشۆڵە و پەپۆ و چۆلەکە و ڕێوی و ژیژك....تاد.

کەو، یەکێکە لەو باڵندانەی کە کـەوی بێت یان ماڵی دەکرێت ، ئەویش دوو جۆری هەیە:

- **کـەوی قـەفـەز:**

ئـەو جـۆرە کـەوە ماڵییەیـە کـە دوای ئـەوەی مـاڵی دەبێـت ، دەخـوا و دەخواتـەوە و دەخـوێنێ و شـەڕیش دەکـات بـەڵام زۆرتـرین تەمـەنی لـە نێـو قەفـەز دایـە، جار هەیـە کـە فڕیـووە ، چـۆتەوە کـەژ و بۆیـان نەگیراوەتـەوە. (وێنەی

- **کـەوی بـەڕەڵا :**

وەك مرشك و کەڵەشێر و چین و ماچین وتاووس لە ماڵەوە ئازادە و هێلکەدەکات و کڕ دەبێت و بێچوو هەڵدێنێ. جا چونکێ بێچووەکانیش لە ژینگەی ماڵەوە گەورە دەبن و چاویان دەکرێتەوە ، وەکو بێچووە مراوی و مریشك. دەبن بە کەوی ماڵی.

جار هەیە کەوی ماڵی هاتووچۆی دەشت و دەریشی کردووە. ئەگەر هێلکەکەو لە ژێر مرشکی کڕ دابنیتەوە دەترەکێ . بە ئامێر و کەرەستەی تازە سەردەمیش هەمان کار ئەنجام دەدرێت.

زۆربەی کەوی ماڵی ئەو باڕەکەو و شاباڕانەن کە ڕاوکەرەکان دەیانگرن و ماڵییان دەکەن. هەرچەندە، جار هەیە شوان و گاوانیش بێچووەکەو بەخێو دەکەن.

چونیەتی ماڵی کردنی کەوی کێوی بەم شێوەیە: ڕۆژانە کەوە گیراوەکە لە نێو قەفەزی سەر داپۆشراو بۆ ماوەی دوو سعاتێك لە بەر خۆر دادەنێن، دواتر لە ژوورەوە بەڕەلایان دەکەن و و ماکەوێکی لەگەڵدا دەنێن تا جووت بن. بەم شێوەیە وردە وردە کەوەکە ماڵی دەبێت. بۆئەوی کەوەکە سروشتی کێوی لەبیر بچێتەوە ، دەبێ کەش و هەوایەکی بوهاری بۆ ساز بکرێت، ئیمرۆ هێندیك کەوباز بە (ڕێگەی گەرۆمکردن بە گلۆپ) ئەم کارە ئەنجام دەدەن.[1]

---

[1] ) سالاری ئەدهەمی چاپەچی ،چایخانەی کەوبازان، کۆیە. چاوپێکەوتن.

کەو زیرەکە و دەتوانێ خاوەنی خۆی بناسێتەوە. وەستا (خەلیلی کەوبان) دەڵێت: کەوی بەرەلاکردوە ، چۆتە سەر دیواری قەڵای هەولێرە بە یەك دوو فیتە هاتۆتەوە بەر دەرگای چایخانەکەی لە هەولێر.[١]

وەستا حەمەدی عەولا جەیدی دەڵێت کە کەوی هەبووە لە دەرگای حەوشەی ماڵەوەی ئەوی ناسیوەتەوە بە دەنگێکی تایبەت بەخێر هاتنەوەی کردووە. مامۆستا (سدیق کاکە) دەڵێت:" کەوێکی نازدارم هەبوو، سەفەرێکم کەوتە بەر نەمدەتوانی لەگەڵ خۆمی بەرم و دڵیشم نە دەهات بە کەسی بسپێرم، بریارم دا لە ناو ڕەزەکانی کۆیە بەڕەڵای بکەم، دوای ساڵ و نیوێك گەڕامەوە کۆیە، کە چوومەوە ئەو شوێنەی کەوەکەم لێ بەڕەڵا کردبوو، چەند فیتەێکم لێدا، کەوەم لێ پەیدا بۆوە و بانگم کرد و هاتەوە لام."[٢]

کەوی ماڵی هەیە ، کە لە نزیك شاخ بووە ، چۆتە چیاو لە گەڵ کەوی کێوی شەڕی کردوە و بە سەر و گوێلاکی خوێناوی هاتۆتەوەە ماڵ.

مامۆستا ( فوئاد ئەسوەد) دەڵێت:" لە گوندی (قورتەلاس) ماکەوێك، لە مانگی بەهاردا بۆ چەند مانگێك ون دەبوو، وا پێدەچوو لەگەڵ کەوی

---

[1] ) http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=10604&Cor=3&Besh=Witar

[٢] ) مامۆستا عەلی مستەفا. چاوپێکەوتن.

چیا جووت دەبوو ، دوای بەخۆی و ڕەو بێچوویەکەوە دەهاتەوە ماڵەوە . ئەو ماکەوە چەند ساڵێك ئەمەی دووبارە کردەوە."

بەڵام ! ئەمە سروشتی هەموو کەوێکی ماڵی نییە. ڕێك کەوتووە کە کەوی ماڵی دوای چەندین ساڵ، دەرفەتی بۆ ڕەخسا بێت بە فجووڕێك خۆی گەیاندۆتەوە ە شاخ و ساتێکی ئازادی و هەناسەیێکی ئەو شاخ وداخەی بە هەموو هەرزن و گوێز و کشمیشە نەدابێت، کە ڕۆژانەن بۆی کرابێتە ناو (کۆل)ی بەردەم قەفەزەکەی.

## چایخانەی کەوبازان:

کەوەبازی لە هەموو شوێنێکدا خوولیا و هیوایەتێکی کۆمەڵگەلییە و سرووشتی گروپ و تاقم و دەستە و هاوڕێگەلی هەیە. ناکرێ کەوباز تاك و تەنیا و دوورەپەرێز بێت لە هاو ـ کەوبازەکانی وەك خۆی. دەکرێ تۆ سەگێك ڕاکریت یان حەوزە ماسییێك پەروەردە بکەیت یان ئاسکێك بەخێو بکەیت و خۆت و خۆت بی، بەڵام ئەم تاکە کەسییە ، لە نێو بازنەی کەوبازیدا مومکین نییە، بۆیە کەوبازەکان پێویستیان بە تێکەڵ بوون و دانیشتن و خربوونەوە و گۆنگەر بەستنە لەکەڵ یەکتریدا ، بۆ ئەم مەبەستەش شوێنێك یان چەند شوێنێکیان ئامادەکردووە. ڕاستە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا چایخانەی کریکاران هەیە و لە شاری سلێمانی (چایخانەی شەعب ) و لە هەولێریش چایخانەی (مەچکۆ) تایبەتە بە ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندان، بەڵام

پیشـەوەرەکانی تـری کوردسـتان، بـە دەگمـەن لـە یـەك شـوێندا بـە بـەردەوامی خردەبنەوە و دادەنیشن.

بارەگای سەرەکی کەوبازان، لـە هـەموو شار و شارەدێیەکانی کوردستاندا، چـایخانەیە و هـەر هەمووشـیان یـەك ناویـان هەیـە: (چـایخانەی کـەوبازان). هـەر یەك لەو چایخانانە، مێژوویکی کۆنی هەیە و جێگۆڕکێی ، بە گوێرەی بازاڕەو شـوێن و ڕۆژگـار ، کـردەوە ، بـەڵام کـەمتر ئـەم دەسـت ئـەو دەسـتی کـردووە. تەنانـەت زۆربـەی چایەچی و شاگردەکانیش کـەوبازن. ئەگـەر یـەکێکی غـەریب ڕێـی بکەوێتـە ئـەو چـایخانەیە، زوو تێـدەگات کـە ڕێـی غەڵـەت کـردووە! ئـەو کەرەسـتە و شـتانەی لـەو چـایخانەدا دێنـە بەرچـاو پـتر بـریتین لـە شـتەکانی جیهـانی کـەوبازی وەکـو: وێنـە و تـابلۆی کـەو بەهـەموو شـێوەیەك، کـە بـە داروديـوار هەڵواسـراون، قەفـەز وسـەرپۆش ـ جـار هەیـە داوەکـەویش ـ لـەوێ دەبینیت . قسە وباس لەوی هەر دەنگ وباسی کـەو و شەڕە کـەو و ڕاوەکەوە.*

کەوبازەکانی ئەم شوێنە هەمووی یەکتری دەناسن و دۆست و برادەری یـەکترن. شـێوەی ئاخـاوتن و ڕەفتـار و هـەڵس و کـەوتیان ، لەگـەڵ یـەکتری ، ڕێـز و ئیحترامی تێدایە هەرچەندە شێوازی سوعبەت و شۆخی کردنیش لـە نێوانیانـدا زۆرە و تام وبۆنێکی تایبەتی هەیە ، بەڵام لەوەشـدا هـەر تـەبعی کـەوی بەسـەردا زاڵە، [١]

*) مام خەلیلی کەوباز دەڵێت: ڕژێمی بەعس دوو پیاوی دائیرەی ئەمنی لە نزیك چایخانەی کەوبازان دانابوو لە هەولێر، بۆ چاودێری کردنی ئەوان. دووای چەند مانگێك ئەو دوو پیاوە ئەمنە چووبوونە

به گشتی چایخانەکانی کەوبازان لە کوردستانی باشووردا، لە شوێنی دیار و بەرچاو هەڵنەکەوتوون، کورس و مێز و تەپلەك و قاوەخانەیان ئاساییە و کەلوپەلی گران بەهای تێدا نییە، جگە لە چایی و ئاو و ساردەمەنی ئاسایی خواردن و نۆشەمەنی خۆش و تایبەتی تێدا نییە، جامخانە و کورس و دار و دیوار و زەوییەکەیان زۆر خاوێن نییە، ڕووناکی باش و تەندروستییان کەمە، چونکە کەوبازەکان هەر باسی کەو و شەڕەکەو دەکەن و لە جیهانی خۆیاندا کاتەکە بەسەر دەبەن، زۆر جگەرەدەکێشن و شوێنەکەیان بە دوکەڵ قاوودراوە و بای ئەوەندەی دوکەڵهەڵمژیان نییە کە بتوانن هەوای چایخانەکان پاکڕابگرن. ئامێری گەرمکردنەوە فێنککردنەوەکانیان وەك پێویست نییە.( لە تەوەرێکی تردا دێینەوە سەر باسی چایخانەی کەوبازان). (وێنەی

---

لای بەرپرسەکەیان و گووتووبیان ئەوانە هەر باسی کەو دەکەن قەت هیچیان لێ نە بیستوون غەیری باسی کەو نەبێ. بە کاسێت قسەکانیان تۆمار کردبوە. بۆیە دوای ماوەیەك وازیان لەو کەوبازانە هێنا.

http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=10604&Cor=3&Besh=Witar

[١] ) مامۆستا فوئاد ئەسوەد. چاوپێکەوتن.

کەوباز هەیە ناوی کەوێکی بەسەردا بڕاوەتەوە. (کەریم کەوباز ـ کەریم عەبدوڵڵا عەبدول ڕەحیم ١٩٣٨ ـ ٢٠٠٩) ، یەکێك بوو لە کەسایەتییەکانی کۆیە و شانازی بەم نازناوە دەکرد.

ئەگەر کاکی کەوباز پیشەوەرێکی دوکاندار بێت یان خاوەن جێگە و ڕێگە خۆی بێت (بۆ نموونە ئەگەر باغچەوانێك بێت) ، ئەوا ئەو سەر دوکان و جێگەیە دەبێتە قۆمرغانەی ئەو کەوبازانە، بە بێ پسانەوە دەستە ێك دێن و دەستەێك دەڕۆن. جاران بە شەویش هامۆشوی یەکتریان دەکرد لە ماڵەکانیانداو تا درەنگانێ هەر باس و خواسی کەو.بوو.[1]*

لە ئێوارەی بوهاران و هاوینانیشدا، زۆرجار چەند کەوبازێك بەێکەوە بەدەم پیاسەکردن دەچنە ناو ڕەزو باخ و دەشت و دەری دەوری شار و دەسکە ( تاڵیشك و قوڕادە) دەکەن و بۆ کەوەکانیان دەهێنەوە.

جاران، هەموو ساڵێك لە وەرز و کاتێکی دیاری کراودا (دۆم ) و( قەرەج) دەهاتە نزیك شارەکانی کوردستان و هەڵیاندەدا، هەر کە خەبەری گەیشتنی ئەوان بڵاودەبۆوە، ئەوا عەسران کەوبازەکانی شار سەردانیان دەکردن ، زۆربەی هەردوو لا یەکتریان دەناسییەوە، ئەوجا سەودا و شەڕیان بەکەوەکانیان

---

[1] *) حەمەدی عەولاّ جەیدی گێڕایەوە، شەوێکی هاوین لە گەڕەکی قەلاّتێ لە کۆیە ، تا مەلا بانگدانێ لەسەرباندا ، لە گەڵ دەستەێك کەوباز هەر دانیشتوون، تا ( تایەر مام خدری) جیرانیان هاتۆتە سەریان و گلەیی لێکردونون، کە ناهێن ئەو خەڵکە بخەوێ.

دەکرد. [1] ئێستا زۆر لەو دۆمانە لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی تایبەتی لە (هەولێر و ورمێ) نیشتەجی بووین و هێندێکیان هەر کەوبازن.

پەیوەندی لە نێوان هێندێك لە کەوبازەکانی شارەکانی کوردستان، لە چوارچێوەی بازنەیێکی مام ناوەندی، هەیە.بۆ نموونە کەوبازانی شاری ( ڕانیە) هامووشۆی کەوبازانی سلێمانی و قەڵادزی و حاجیاوا و کۆیە دەکەن. بە هەمان نەزم، هێندێك لە کەوبازانی ڕەواندز و دیانە و هەریر و سۆران و دهۆك یەکتری دەناسن و هاتووچۆی یەکتری دەکەن.

## شەڕەکەو:

دنیای گیاندار و باڵندە، وەك دنیا شەڕاگێزەکەی خۆمان، هەمیشە شەڕ و شۆڕی تێدایە، جیاوازی شەڕەکانی ئەوان لەگەڵ ئەوانەی ئێمە لەوە دایە، ئەوان چەکی کوشندە و کۆمەڵکوژی بەکار ناهێن و بە ویژدان و ڕفتاری بە غەریزە کۆتکراوەوە خۆیان، شێوازی شەڕەکە بەڕێوە دەبەن و هەمیشە شەڕی ئەوان ـ بە پێچەوانەی ئەوانەی خۆمان ـ هەم کەم خایەنە و هەم هۆکار و بنەمای سروشتیی و ڕەوای هەیە. نەبووە خێڵ و هۆز و عەشیرەتێکی

---

[1] *) دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستاندا، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە بەر هێرشی فڕۆکە و تۆپباران و زیقەتی هاتووچۆ، هامۆشوکردنی ئەو ڕەوەند و کۆچەرانە بەرە بەرە لە کزیدا تا بەتەواوی نەما و چیتر نەهاتنە نێو سنووری کوردستانی باشوور.. جارێکیان فڕۆکەی جەنگییەکانی عیراقی ژمارەیێکی زۆری لەو دۆم و قەرەجانە لە دیوی چنارۆك کەل و پارچە کردبوو.

گیانـدارێك خڕوعامیـان هێـڕش بكەنـە سـەر ڕكابـەر و دوژمنـەكانی خۆیـان ــ تەنانەت  هێڕشی ڕەو گورگیش زۆر بچووكە بە بەراوەد لەگەڵ هێڕشەكانی كە خۆمان ئەنجامی دەدەین ـ

هۆكارە سروشتی و ڕەواكانی شەڕی گیانداران، سێ لایەنەیە:

**یـەك:** هێنـدێك گیانـدار، خـوداكردە، گۆشـتخۆرن، كەواتـە ئاسـایە زۆر جار لـەو ڕاوكـردن ونـان پەیداكردنـەدا شـەڕ و تێكبـەربوون ڕوو بـدات، مـەرجیش نییـە هەموو پـەلامار و هێڕشـێكی دڕنـدەكان سـەركەتوو بێـت. جار بووە ڕەوە گـورگ پڵینگیـان بەزانـدووە و یـان گـاكێوی ڕاوی شـێری نـاوە. لـەو جۆرە شـەڕانە وەك شەڕی نێـوان شـێر و پڵینـگ،  پڵینـگ و ورچ، گـورگ و بـەراز، سـەگ و چەقەڵ ، مار و حاجی لەقلەق، هەڵۆ و گۆڕهەڵكەنە...تاد.

**دوو:** شــەڕكردن  بـۆ بـەرگریكردن لــە نیشــتمان و لانــە و هێلانــە و ئەنــدامانی خێزان و دوورخسنەوی دوژمن و غەوارە.  یان بۆ دەسـەڵات وەدەسـتهێنان یـان بـۆ جووتبـوون و هاوسـەرگیری ـ زۆربـەی ئـەم شـەڕانە خـوێنی تێـدا نارژێـت و لایەنی بەزیوو ودۆڕا و سەرشۆڕ دەكات و بۆی دەردەچێت ــ.

**سێ:** هێندێك گیاندار لە خۆر سكەوە هـەڵگری (جینی) شـەڕكردنن، مـەرج نییـە هـێچ هۆكارێك بۆ شـەڕكردنەكە هـەبێت، بـۆ نموونـە سـەگ هێـرش دەكاتـە سـەر سـەگی بێگانـە، بـە هـەمان شـێوە،  كـەو پـەلاماری كـەوی تـر دەدات لـە وەرزی

هەڵسـتاندا. ئەمـەش لـە لایـەن مرۆڤـەوە بایـەخی پێـدراوە و بۆتـە ڕەهەنـدێکی مەزنی مەراقی کەوبازان.

مرۆڤ، لـە کۆنـەوە بـە شـەڕەکانی نێـو خـۆی تینوویـەتی نەشـکاوە ، هەوڵیـداوە بـە چێژوەرگرتن لـە شـەڕی نێـوان گیانـدارانی تـر خـۆی مەسـت و سەرخۆشئ بکات و کەفوکوڵی دڵی خۆی پێدا بمرکێنێتەوە . لە ناو میللەتاندا شەڕە فیل و شەڕە وشتر و شەڕە وشترمورغ و شەڕەماسی و شەڕە مەیمون و شەڕە ورچ هەیە. لە نێو کوردەواریشدا شەڕە سەگ و شەڕە کەڵەشێر و شەڕە بەران و شەڕە کەو هەیە ــ تەنانەت لە نێو زیندانیشدا، زیندانییەکان شەڕە ( ئەسپێ) دەکەن بەو ئەسپێیانەی لە سەر و لەشی خۆیاندا دەیانگرن ـ [١]

بە گوێرەی چیرۆك و حیکایەتەکانی بەر ئاگردانی کوردی، شەڕە کەو لە نێو کوردەواریدا کۆنە و گۆڕانکاریشی بەسەر داهاتوو. دەبێ ئەوە لەبەر چاوە بگرین کە لە ڕۆژگاری جاراندا، هۆکار و وەسیلەکانی یاریکردن و خۆخافڵاندن و کات بەسەر بردن کەمتر بووە. کەواتە، ئاساییە، شەڕەکەو دەرفەت و هەڵێکی باش بوو بێت بۆ کات کوشتن و خەمڕەواندنەوە.[٢]

---

[١] ) هێندێك لە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری. تۆفیق نەبەز . ل. ٤٣

[٢] *) کەوی شەڕ پێی دەگوترێت (Francolins)، لە کیشوەری ئاسیادا (٥) جۆرە ، لە کیشوەری ئەفەریقیادا (٣٥) جۆری هەیە، قەبارەیان لە (٢٠ ـ ٤٠) سم دە بێت و قاچیان ئەستورە و ڕەنگیان قاوەی و ڕەشتاڵە.

**شەڕەکەوی کوردەواری قامتێك خەسڵەت و مەرج و دەستووەری خۆی هەیە کە پێوەندە بە:**

- *کەوە شەڕکەرەکە.*
- *خاوەن کەوە شەڕکەرەکە.*
- *شوێن و شەڕگەی شەڕەکە.*
- *کات و وەرز.*
- *ئامادەبووان و تەماشاچییان.*
- *مەرجەکانی شەڕەکە.*

**لەم بڕگەیی خوارەوە وردتر ئەم خاڵانە شیدەکەینەوە.**

**دارەی کــەوان:**

**لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، هەموو ساڵێك، لە کۆتایی مانگی ڕێبەندان ( دەکاتە سەرەتای شوبات) تا کۆتایی مانگی جۆزەردان (تەمووز)، هەموو هەفتەیێك ، کەوبازەکان لەگەڵ کەوەکانیاندا، لە شوێنێك یان چەند شوێنێکدا کودەبنەوە بۆ غووڕە کەو و شەڕە کەو. ئەم گربوونەوە وکۆڕبەستنە**

پێـی دەگوترێـت: **"دارە"**.[1] لـە زۆر شـوێندا عادەتـەن ڕۆژانـی هـەینی بـەڕێووە دەچـێت، وەلـیٚ ئاسـاییە لـە ڕۆژانـی پێنجشـەممە یـان شەممەشـدا ئـەو دارە بگیرێت. ئەگەر کەش و هەوای ڕۆژەکەش ناخۆش بێت دوادەخرێت بۆ ڕۆژێکـی تر.یان هەر ناکرێت[2]* لە سەرەتای بەهاردا هەمیشە دەخرێتە دەمەو نیوەڕۆیان، بەڵام کە گەرما بزووت، ئەوا دەمەو بەیانیان یان عەسران دارەکە دەبەسترێت.[3]

ئیمـرۆ خشـتەی دارە گـۆڕاوە، بـۆ ئـەوەی کـەوبازەکانی شـارەکان بتـوانن بەشداری لە دارەی یەکتریدا بکەن، بۆ هەر شارێك ڕۆژێکیـان تـەرخانکردووە و ئاگاداری خشتەی یەکترن.[4]*

---

[1] *) دارە لە وشەی ( دائرە)ی عەربی وەرگیراوە، چونکە کۆڕبەستنەکە لە شێوەی بازنە (دائیرە) دایە.

[2]* ) لە ڕۆژی شەممەی ( ٢١ . ٢ . ٢٠١٥ ) لەبەر بەفربارین دارەکەو لە شاری کۆیە و شارەکانی تری کوردستاندا نەکرا.

[3] ) لە شاری کۆیە، سعات حەوتی بەیانی لە مانگی شوبات دەست پێدەکات.

[4] *) لە مانگی شوباتی (٢٠١٥) : هەولێر، بەیانی، و سلێمانی و دهوك پاش نوێژی ڕۆژی هـەینی . کۆیە : بـەیانی ڕۆژی شـەممە. رانیـە: ڕۆژی شـەممە پاشـنیوەڕۆ. حاجیـاوە: ڕۆژی سێشـەممە. هـەریر ڕۆژی پێنجشەممە.

شوێنی داره به گوێرەی بارودۆخی جێگا و ڕۆژگارەکە دەگۆڕێت، مەرج نییە بۆ هەمیشە هەر لە یەك شوێن بەڕێوە بچێت. جارهەیە لە ناو گەڕەکەکانی شار دایە یان لە قەرغ شار.

گۆڕەپانی دارەی کەو هەمیشە پارچە زەویەکی ڕوو تەختی خۆڵاوی بازنەییە. ڕووبەرەکەی بەگوێرەی کەم و زۆری ژمارەی کەوبازە و قەفەزەکانە.دەتوانین تیرەکەی لە نێوان ( ١٠ ـ ١٤) مەتر بخەملێنین.

بۆ ئەوەی وێنەیێکی جوانی واقیعی (دارە)، بۆ خوێنەر نمایش بکەین ئەم ڕیپۆرتاژە تۆمار دەکەم:

دارەکەوی شاری کۆیە لە ڕۆژی شەممە ( ١٨ ـ ٢ ـ ٢٠١٥) بەم شێوەیە بەڕێوەچوو:

لە بەیانێکی ساف و هەواخۆش، کە پلەی گەرما لە دەوری ( C°١٠) بوو سرووەیێکی فێنك لە لای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەهات و ئەو ناوە سەوزپۆش بوو بە گیاوگۆڵ. لە گۆڕەپانێکی خوار گردی (شێخ مستەفا)دا، کە چەند ساڵێکە (دارە) لەوێندەر ساز دەکرێت، ڕێوڕەسمی ئەم بۆنەیە بەڕێوەچوو. شێوەی دارەکە بازنەیی لاکێشەیی بوو ، درێژیەکەی (١٦) م و پانیەکەی (٨) م دەبوو. یەکەم کەوباز سعات (٧:١٠) ئامادەبوو ، وردە وردە کەوبازەکانی تر بەدوای داهاتن و هەریەکەی کەوەکانی خۆی بە ڕیز لە تەنیشت هاوڕێیەکەی خۆی دان. لە دەوری سعات (٨) ، هەر هەموو بەشداربووانی

دارەکە ئامادە بوون و لە نێوانیاندا میوانی کەرکوك و هەولێر و تەقتەقیش کە ئەم بەیانییە هاتبوون ، بەخۆ و کەوەکانیانەوە ئامادەبوون . هەر کەوبازەی یەك جووت یان دوو جووت کەوی هێنابوو، کۆی بەشداربووان (١١٨) جووت قەفەز بوو . لە (٦٠٪) یەك جووت قەفەزیان پێبوو و (٤٠٪) دوو جووتیات هێنابوو، هەموو قەفەزەکان خۆماڵی جۆری بیلادی (جووت دەرگە) گەورەو جوان بوون، بە سەرپۆشی سپی و سەوز و سوور و رەشی سادە داپۆشرابوون.هەر کەوبازەی لە پشت قەفەزەکانی خۆی لەسەر چینچکان دانیشتن و هیێندێکیان بە پێوە ڕاوەستان و چەند کەسێکیش کورسی سەفەری بۆ خۆی هێنابوو. ژمارەێکیش لە تەماشاچی، کە زۆربەیان کەوبازن بەڵام شەڕە کەو ناکەن بۆ سەیری دارەکە هاتبوون ، لە نێوی تەماشاچییەکاندا خوێندکار و شۆفێر و فەرمانبەر و ـ یەك مامۆستای زانکۆی کۆیە ـ (٤) منداڵی هەرزەکاری هەبوون. تێکڕا تەمەنیان لە سەرووی بیست ساڵی دا بوو، ڕێژەی تەمەنیان، لە نێوان (٢٨ ـ ٥٥) ساڵیدا بوون. چوار پێنچ کەوباز بە کامێرای ( Digital)ی سەر سێپا وێنەیان دەگرت و تۆمار دەکرد.

لەگەڵ هەڵدانەوەی سەرپۆشی قەفەزەکان، کەسێك کە ئێوارە گۆڕەپانەکەی لە دار و چیلکە و شیشۆق و ورەتکە بەرد بژارکردبوو، لە هەر کەوبازێك بڕی ( ٢٥٠ ـ ٥٠٠) دیناری وەرگرت حەقدەستی پاککردنەوەکە.[١]

---

[١] ) بڕی پارەکە دەکاتە ( ٤٠ Cent ) بۆ هەر کەوبازێك. ئەم دیاردەیەش تازەیە و جاران خۆیان خۆبەخشانە ئەم کارەیان دەکرد.

ئێستا قاسپەقاسپ و غوڕەی کەوەکان لە لووتکە دایە و کەوبازەکانیش دوو دوو و سێ سێ گفتووگۆیانە لە گەڵ یەکتری ، تا ڕادەیەك ، دارەکە لە هی سەردەمی پێشوو بە دەنگەدەنگترە. ئەوجا کەوباز هەیە دەچێتە ناو دارەکە بۆ دوو دەقیقەیەك کەوەکەی بەڕەڵا دەکات و دەگرێتەوە شوێنی خۆی. لە دارەی ئێمرو دا (١١) کەس ئەم کارەی کرد. دواتر شەڕەکەو دەستی پێکرد.هێندێکیان پێشوەخت خۆیان بۆ ئەو شەرە ئامادەکردووە، هەشیانە جووت قەفەزەکەی لە ناوەندی دارەکە دادەنێت و غەنیمەکەی تێدەگات و کەوی بۆ بەر دەدات. ئەو شەڕە کەوانەی لە چارێگە سعاتی یەکەم کرا کەم خایەن بوون و هەر بۆ خۆشیی بوو و هیچیان لە سێ دەقیقە تێنەپەڕی. لە سعات (٩:٢٢) شەرێکی (یەکجاری ، واتا دەبێ کەوێکیان ببەزیت) لە نێوان دوو کەو دەستی پێکرد: یەکێکیان باریکەلە و جەستە ئاسایی و جوست و چالاك، ئەوی تریان خەپە و قورس و هەراشتر، کەوەکان پتر دنووکیان لە سەرو ملی یەکتری دەگرت و سێ چوار شەقیان تێك هەڵدەدا و نزیکەی (٤٠)سم دەچوونە حەواو ناوە ناوەش کۆلیان دەدا , واتا پشوویێکی یەك خوولکەییان وەردەگرت و تەنیشتاو تەنیشت پەلاماری یەکتریان دەداوە و جار هەبوو بۆ دوو خوولکە گیرەیان لێك بەرنەدەدا و هەردووکیان خۆیان بە زەوییەوە دەنووساند. کەو لە شەڕدا دنووك و قاچ و باڵەکانی بەکار دێنێ. بە دنووك مای ڕکابەرەکەی دەگرێت و شەقی تێهەڵدەدات و تەقڵەی پێلێدەدات، بەمە دەگوترێت "گیرە". ئەم شەڕە تا (٩:٢٥) بەردەوام بوو بە بەزینی کەوە بچووکوکە کۆتایی هات. لێرەدا دەبێ ئەمە بڵێم: لە سەرەتای ئەو شەڕە یەکجارییە دەنگە دەنگێك دروست بوو ، داوایان دەکرد کە

سەرپۆشەكان بە سەر قەفەزەكانیان دابدەنەوە تا كەوەشەڕكەرەكان بەوانەوە سەرقاڵ نەبن و تووشی شەڕی لابەلا نەبن. چەند جارێكیش هەڵسان و دەست هەڵبڕین و جوولەی نا پێویست كرا، كە سەرنجی كەوەكانی ڕكێشا و كاری بەجی نەبوون. كە شەڕەكە كۆتای هات خاوەن كەوی براوە كەوتە پەیوەندی كردن بە برادەرە كەوبازەكانی لە شارەكانی ترو مژدەی بردنەوەی شەڕە كەوەكەی پێدەدان و خەڵكیش هەبوو پیرۆزبایی لێ دەكرد. ئەو شەڕەكەوە یەك سعات و سێ دەقیقەی خایاند ـ هەرچەندە كۆڵدانی زۆری تێدا بوو . بەڵام بە گوتەی ئامادە بووان چەند ساڵیكە شەڕی وا قورس لە دارەی كۆیە نەكراوە.[1]*
دواتری چەند شەڕێكی تریش كرا بەڵام هیچیان لە (٨) دەقیقیە پتری نەخایاند و وردە وردە دەوری سعات (١٠:١٥)، قەفەزەكانیان بە سەرپۆشەكان، داپۆشییەوە و كەوەكانیان هەڵگرتوو بەرەو ماڵ بوونەوە و دواتری چوونەوە چایخانەی كەوبازان بۆ تاوتوویكردنی بەسەرهاتەكانی دارەی ئەو ڕۆژە.چ١

---

[1] *) كەوە براوەكە هی كەوباز ( مەریوانی موعتەسیمی مەلا مەجید) بوو كە بە (٨٠٠) دۆلار كڕابوو، ناوی نەبوو، ئەم ڕۆژە ناوی (پاڵەوان)ی بۆ هەڵبژارد و بریاری دا تا ساڵێكی تر شەڕی پێنەكاتەوە. كەوەكەی تر كە ناوی (كەچەڵۆك) بوو و شوهرەتی باشی هەبوو بە (١٠٠٠) دۆلار كرا بوو و خاوەنەكەی ( كانبی مەحموود ترش) بوو. هەر دوو كەو پێشتر لە كوردستانی ڕۆژهەلاتەوە هاتبوون.

کەو هەیە ، ماکەوی خۆی لە تەنیشت نەبێ شەڕناکات. کەو بووە لە شەڕدا ڕکابەرەکەی خۆی کوشتووە.[1] خاوەن کەو ماڤ گرتنەوەی کەوەکەی هەیە هەیە ئەگەر زانی شەڕناکات یان زۆر زامدار بووە وەك ( نووك شكان، چاو داڕوشان، مل زامداربوون، قاچ شکان) کەوی بەزیوو دوای ساڵێکیش دەنگی کەوکەی غەنیمی خۆی دەناسێتەوە و ناوێرێت لە ڕوویدا بخوێنێت. [2]

ئەمانەش نیشانەی کەوی بەزیوون:

- *تووکی سەری بەلا گوێچکەکانیدا دەنووسێ.*
- *دنووکی لێك دەدات.*
- *باڵەکانی جووت دەکات و تێکیان دەپەڕێنێت.یان شاش دەبێت.*
- *سەری شۆڕ دەکات.*
- *دەکەوتە هەڵاتن.*
- *دەنگێکی تایبەتی لێوە دێت.*

---

[1] ) ئەمینە سووری مام باپیری. چاوپێکەوتن.

[2] ) کاکە شەلی کەوباز. وەستا عەبدوڵڵا. چاوپێکەوتن.

(جار هەیە دووکەوبازە شەڕکەرەکە، مەرجی پێش وەخت دادەنێن، وەك :ئەگەر کەوەکە چووە سەر قەفەزان، بە بەزیوو حیسابە. یان کەو گرەوە دۆڕاوە.)

بەحوکمی ئەوەی کە لە مندالّییەوە ئاشنایەتیم هەبووە بە (دارەی کەو) وا ئەم مشتە سەرنج و تێڕامانە دەخەمە ڕوو:

- گەورەترین گۆڕانکاری کە لە شێوازی دارەی ئەمرۆ بینیم ئەوەیە کە زۆربەی زۆری کەوبازەکان دابەش بوون بەسەر دوو گروپ یان کۆمەڵ یان باڵ، هەر گروپەی ئەوتریان بە غەنیم و ڕکابەری خۆی دادەنێ و هەمیشە هەوڵدەدەن شەڕەکانیان لە گەڵ یەکتر بێت. خەسڵەتەکانی ئەو گروپانە ئەمانەن:

  - هەموو ئەندامانی گروپێك دڵخۆشن بە بردنەوەی هاوڕێکانیان و خەمبار و عادز دەبن بە دۆڕاندنیان.
  - هەمیشە دەیانەوێ تۆڵەی خۆیان لە غەنیمەکەیان بکەنەوە ، ئەگەر ڕۆژێك بدۆڕێن.
  - ئەم بە گروپبوون هەموو شارەکانی تری کوردستانی گرتۆتەوە، پەیوەندی گروپێك لە گەڵ گروپێکی تر پەیوەستە بە دۆستایەتی و ڕکەبەرایەتی لە گەڵ گروپەکەی ئەو. بە واتایێکی تر، هەر هەموو کەوبازی کوردستان بوون بە دوو گروپ (حیزب) هەر گروپەی هاندەرو پشتیوانی

ئەوەکی خۆیەتی. تەنانەت ئەم گروپکارییە گەیشتۆتە نێو کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش. واتا ئەگەر کەوێك لە شاری ( شنۆ) بێنن بۆ فرۆشتن لە شاری (کۆیە)، ئەوا گروپی (A) ، دەبێ بیفرۆشێت بە گروپی (A) . بەهەمان شێوە گروپی (B) کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە، نابی کەو بفرۆشێتە گروپی (A) بەڵکو بە گروپەکەی خۆی.[1]

- ○ کەوبازی دڵشکاو و ڕەنجاو، جار هەیە گروپ دەگۆڕێت و دەگوێزێتەوە بۆ گروپێکی تر.

- ○ لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نێوان ئەو دوو گروپە خۆش و هاوسەنگ و ئاساییە , واتا هەر لە شەڕەکەوەکەدا ڕکابەری یەکترن و پەیوندی بە ئایدۆلۆژیاو سیاسەت و حیزبایەتییەوە نییە.

- بەڕێوەبردنی دارەکە جۆرە بێ سەرو بەرییێکی پێوە دیار بوو، بە بەراورد لەگەڵ دارەی ساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووە لە ڕووی:

---

[1] *) لە شەڕەکەوەکەی ئەمڕۆدا گروپی (گەڕەکی سەرێ. حیلفی ناتۆ) بە سەر گروپی( گەڕەکی خوارێ) سەرکەوتن و ئەندامانی گروپی (گەڕەکی سەرێ) لە لایەن کەسی براوە ، بانگێشتکران بۆ نانخواردن لە یەکێك لە ڕێستورانتەکانی شار.

- نەبوونی کەسێك وەك ناوبژیەوان یان دەمڕاست و ڕێبەری دارەکە. جاران یەکێك سەرپەرشتی دارەکەی دەکرد و ڕێز لە دوا بڕیاری ئەو دەگیرا.[١]

- دەنگە دەنگ و جوولە و حەپەکەی نائاسایی زۆربوو . جاران قەدەغەبوو دەستت هەڵبڕێت یان بە دەنگی بەرز هاوارکەیت نەکۆ کەوەشەڕکەرەکان بترسێن.

- دوو یان سێ شەڕەکەو لە یەك دەقیقە لە ناو دارەکەدا ئەنجامدەدرێت . تەماشاچی نازانێت سەیری کامیان بکات. جاران ئەمە ڕێی پێنەدەدرا.

- ژمارەی کەوبازە بەشداربووەکان بە ڕێژەی ( ٥٦٪ ــ ٧٥٪) زیادی کردووە لە چاو ئەوانەی جاران و زۆربەشیان گەنج و لاون.

- بڕگەکانی دارەکە بە کامیرە ، زۆری تۆمار دەکرێت و دواتر دەکرێت بە (CD) یان لە مۆبایلەوە نمایش دەکرێت.

- قەفەز و تفاقی کەوبازەکان باش و گرانبەها و جوانن.

- میوانە و میوانداری لە گەڵ کەوبازەکانی تری شارەکاندا هەیە و ڕێزلێکتر دەگرن.

---

[١] *) لە شاری کۆیە کەوباز ( فەتاح حەکیم و کەریم کەوبان) حەکەم و سەرپەریشتیاری داراەی جاران بوون. ئەگەر کەوبازێك نابەجێی بکردبایە، ڕێیان نەدەدا بەشداریی لە دارەکەدا بکات.

- کـەوبازی  کەوبـەزیوو زۆر جـاران دەچـێتە شـارێکی تـر و کـەوی باشـتر و ئازاتر و شـەڕکەرتر دەکڕێت،  تـا تۆڵـەی خـۆی لـە ڕکابەرەکـەی بکاتـەوە. کـەوی بـەزیوو، لـە شـارەکەی خۆیـدا، شـەڕی پێناکرێتـەوە، چـونکە کـەس ئامادە نییە کەوەکەی خۆی بە کەوێکی بەزیوو تاقی بکاتەوە. بۆیە کەوی بەزیوو دەبردرێتە شارەکانی تر.

- خۆشبەختانە زۆر زۆر بە دەگمەن شەڕەچەقە و ناخۆشیی لـە سـەر کـەو و شـەڕە کـەو لـە نێـوان کەوبازەکانـدا ڕوودەدات. ئەمـەیش نیشـانەی بـەرزی ئاستی هۆشیاریی ئەوانە. بە پێچەوانەی جاران.[1] *

- خۆشـبەختانە، بـە پێچـەوانەی شـەڕە سـەگ و شـەڕە کەلەشـێر، لـە هـێچ شوێنێك لە کوردستاندا، شەڕەکەو، قوماری لەسەر ناکرێت. بەڵام نرخی کـەوی شـەڕکەر بەرزدەبێتـەوە.[2] لـە تـاران و شـارەکانی دەرەوەی سـنووری کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات  لـە ئێـران و لـە  ئەرمەنسـتان و بلوجوسـیتان و پاکستان.... تاد . شەڕەکەو قوماری لەسەر دەکرێت.

---

[1] *) جاران  شەڕە کەو پتر  ناخۆشی لێدەکەوتەوە و جار بوو بۆ چەندین ساڵ لێك تۆراون و سەری کەوی بەزیووی بەستەزمانیان  دەستبەجێ هەڵ قەندووە.

[2] *) گرانترین کەو کە ناوی ( جەنگیزخان بوو)  لە ساڵی (٢٠١٤) بە (٣٠٠٠) دۆلار فرۆشراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٤) دا، لە قەڵادزێ،  کەوێك بە  (٣٤٠٠) دۆلار فرۆشراوە.

## کـەو لەخۆڵگرتن:

کەو، یەکێکە لەو باڵندانەی کە زۆر بایەخ بە خۆ پاك کردنەوە دەدات و بە پێچەوانەی چۆلەوە و کۆتر و پەرەسێلکە، پەنا ناباتە بەر ئاو، بەڵکو لەش و پەڕەکانی خۆی وەك سوێسکە و مریشك و کەڵەشێر بە خۆڵ پاك دەکاتەوە، بە تایبەتی لە وەرزی بەهار و هاویناندا. هەر جارەی (٥ تا ١٠) دەقیقەیێك خۆی لە خۆڵدا دەگەوزێنێ، دەاتر کە هەڵسا چەند جارێك خۆی ڕادەتەکێنێ و خۆڵەکە لە خۆی دەکاتەوە. کەوی کێوی خۆی لە نەرمە خۆڵی ڕێگا و بان و وردە زیخی دەم جۆگە و ڕووباران دەگەوزێنێ.[1]

بۆ ئەوەی کەوەکانیان لەم دیاردەیە مەحروم نەبێت و چێژ لەم خۆڵ وەرگرتنە وەرگرن، کەوبازەکانیش ژینگەیێکی دەستکردیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دروست کردووە، ئەمیش بە دوو جۆرە:

**یەك : لە خـۆڵ گرتن لە قـەفـەزدا:**

قەفەزێکی تەلبەندی شەبەکە قەباره گەورە دروست دەکەن، کە دەرگایێکی بچووکی هەیە و بنی پێوە نییە لە ناو ئەم قەفەزە وردە خۆڵی پاك وخاوین بە

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە ٥ . ل. ٣٦.

قـەد بـەرزایی ( ٣ تـا ٥) سـم بڵاودەکەنـەوە [١]*، و تـاك تـاك یـان جووتـە کـەوی تێدەکـەن، کـەوەکان خۆیـان لـە خۆڵەکـە وەردەدەن و خاوەنەکـەیان لەسـەر چینچـکان بەرانبـەریان دادەنیشـێت وسـەرنجیان لێـدەگرێت و چـێژیان لێوەردەگرێـت. ئەمـەیش لەبـەر خۆرەتـاوی بـەهار و هاوێنـدا دەبێـت. ئـەو کەوبازەی لە ماڵەوە حەوشەو هەیوانی گونجاوی نییە ، لە گۆشەیێکی سەربان ئەمە دەکات. (وێنەی __________

دوو : له خـۆڵ گرتنی ئـازاد:

ئەگەر کەوبازەکە دڵنیا بێت کە کەوکەی نافڕیت و ناڕوات و هەڵنایە، لە گۆشەیکدا، لە ماڵەوە یان لەسەربان، ئاگردان ـ ئاسا شوێنێك بۆ لە خۆڵگرتنەکە دروست دەکات و کەوەکەی لە قەفەز بەردەدات و لە ناو خۆڵەکە تا تێر دەبێت خۆی دەگەوزێنێت و خۆڵ بە خۆی دادەکات و چینە دەکات.

ئەمەشمان لە بیر نەچێت، کەویش وەك کۆتر حەز دەکات خۆی لەسەر زەوی دریژبکات و باڵەکانی بکاتەوە و خۆی بداتە بەر تیشکی خۆر.

لە ڕووی زانستییە ، خـۆڵ دەوڵەمەنـد بـە چـەندین جـۆرە بـەکتریای سوود بەخش، کەواتە ئەم خۆڵە ڕۆڵی شامپۆ دەبینێت لە خاوینکردنەوەی لەش

---

[١] ) قەفەزم دیوە درێژی (٧٠) سم و پانی (٥٠) سم وەبەرزییەکەی (٩٠) سم بوو. قەبارەی کونی تەلی دەوری ، قامکی پێوە دەچێت .

و پـەڕەكانی كەوەكـە. لـە لایێكـی تـر ئەگـەر هـەر جـۆرە خروشـتییێك یـان زام و برینێكـی بچـووك هـەبێت، ئـەوا ئـەم خۆڵـە وەك مەرهـەم وایـە بـۆ جەسـتەی ئـەم كەوە. سوودی تیشكی خۆرەكەش لەوە دایە ، كە زۆر (پەرەسایت Parasites) هەیە بە خۆڵەكە لە ناو ناچێت ، بەڵام وزەی تیشكی خۆر لـەناوی دەبات. چینە كردنەكـەش، وەك كاغـەز سمپارەوایـە ، بـۆ ڕێخسـتن و تیـژكردنی دنـووك و نینۆكەكانی.

كـەو زۆر لـە خـۆی دەخـەفتی و خـەریكی خـۆ ئارایشـت كـردن دەبێـت. ڕۆژانـە چـەند سـعاتێك هـەر بـە دنـووك و چـەنجەكانی پەڕمووچـەكانی ڕێكدەخاتـەوە و گەندە تووك و پەڕی گەچراو لە خۆی دەكاتەوە.

## كـوورەی كـەو:

نێرەكەو بەهاران ( گوون دەكات و هەڵدەستیٚ)، هێنـدێك لـە كـەوبازەكان وا حەزدەكـەن كـەوەكانیان زۆرتـر لـە وادەی سروشـتی خـۆی هەڵسـێت. بـۆ ئـەم مەبەستە كەوەكانیان لە شوێنێكی گـەرم وگـوڕ دادەنێن. جـاران كـە ئاگردان لـە ژوورەكاندا هەبوو ، لە نزیك ئاگردانەكە شەو دایان دەپۆشتن و كاتی خەوتنیش دەیان هێنا پشت سـەری خۆیان.بـەڵام لـە نیـوەی دوەوەمـی سـەدەی ڕابردووە و ڕێچگەیێكی تریان داهێناوە:

كەوەكـە بـە قەفـەزەوە لـە نێـو سـندووقێك دادەنـێن كـە ڕووی پێشـەوەی شووشەیە و وەك دەرگا دەكرێتەوە. سەرچاوەیێكی گەرمی ـ وەك گڵۆپی صـەتی

یان دوو صەتی ـ لە گۆشەیێکی سندووقەکە دادەگیرسێنن. لە نێوان ( ١٠ تا ٣٠) ڕۆژ، کەوەکە گوون دەکات و هەڵدەستێ، واتا دەکەوێتە فییتوو لێدان. لایەنی خراپی ئەم جۆرە هەڵسانە ئەوەیە، کەم خایەنە و هەر کەوەکە سەرمایێکی بگاتێ لە فییتوو دەچێتەوە. کەوبازەکان دەڵێن""' دەکەوێتەوە" و نیشانەکانی کەوتنەوە ئەوەیە چەند شاپەڕێکی فڕێ دەدات. کەوی کەژ هێندێك جار لەیەك کەژدا، دوو جار هەڵدەستێ.

لە توێژینەوەکانمدا، بەدەگمەن ڕێك دەکەوێ کەوبازە ڕەسەنە قەدیمییەکان ئەم کارە ئەنجام بدەن و دڵیان نایەت دەستکاری سروشتی ئاسایی ئەو باڵندەیە بکەن و لە لایان گرینگ نییە گەر کەوەکانیان درەنگیش هەڵسێ، ئەوان خۆشی کەوەکانیان دەوێت.

## کەرەستەی کەوبازی:

بەخێوکردن و پەروەردەکردنی هەر گیاندار و ئاژەڵێك، پێویستی بە هێندێك کەرەستە و شتومەك و داپێویستی هەیە. ئەمانەش بە گوێرەی جۆری گیاندارەکە دەگۆڕێن. هەڵبەتە کەرەستە و شتومەکی هەسپ بەخیوکردن زۆرتر و گەورەترە لە هی کەوبازی. لە وڵاتاندا دوکانی تایبەت بە کەرەستە و شتومەکی گیانداری ماڵی هەیە پیچی دەڵێن: (Pet Shop) ، تەنانەت هێندێك لەو کەرەستانە نوێکاری تەکنەلۆژیای سەردەمیان تێدایە، وەك ئامێری گپکەری وەڕین و حەپەحەپی سەگ.

ئەو کەرەستانەی لە ماڵی زۆربەی کەوبازە ڕەسەنەکاندا هەیە (یان هەبووە) ئەمانەن:

- **قەفەز:** بە کوێرەی ژمارەی کەوەکان، چەند قەفەزێکی تاك یان جووت.
- **چارۆگە:** سەرپۆشیشی پێ دەڵێن ، قەفەزەکانی پێدادەپۆشن، بۆ هاوینان قوماشەکەی تەنکە و بۆ زستانیش جۆری ئەستوور و گەرم. هەیە بە قەبارەی قەفەزەکەی لە لای بەرگدروو بە شێوەیێك دەیدروێت کە پێشدەمی وەك پێچەی ژن هەڵبدرێتەوە.. هەشە هەر پارچە کالاێکی ئاساییە. هەیە سادە و هەیە چنراو و نەخشێنراو بە خەیاتە و سانتین ڕەنگاوڕەنگ.
- **کۆڵ:** بەردێکە قەبارەکەی لە فنجانی شیر گەورەترە. ناوەکەی کۆڵدراوە و دانی تێدەکرێت و لە بەردەرکی قەفەز دادەنرێت. کەواتە کۆلیدان ئاخوڕێکی بچووکە. کەوبازە ڕەسەنەکان کۆلیان پێ پەسندە چونکە یارمەتی ڕێکجستن و جوانکردنی دنووکی کەو دەدات. جاران وەستای نەقار لە بەرد ئەو کۆلانەی دروست دەکرد.
- **قۆتیلەی ئاو:** زۆربەی جار فافۆنە. ئاوی تێدەکرێت و لەپێش دەرکی قەفەز لە تەنیشت کۆلەکە دادەنرێت. (قاپوولکە)شی پێدەڵێن.

- **بەردەزوورە:** بەردێکی ڕەشی کونکونی سروشتییە ، بە قەد هێلکەیێک دەبێت. بۆ سافکردن و تیژکردن و دنووکی کەو بە تەلێك لەناو قەفەزەکە چەسپدەکرێت. کەوی دنووك درێژ پەسند نییە.

- **لباد:** پارچە لبادێك بە شێوەی بازنەیی بە قەد بنی قەفەزەکە بۆ ژێر پێی کەوەکە دادەنرێت بە مەبەستی پاراستنی قاچەکانی لە خزین و گیر بوون لە شوولەکان، کە دەچن بۆ ڕاو لەناو قەفەزەکەی ڕادەخەن.

- **شفرە:** پارچە ئاسنێکی تەنکە لە شێوەی ڕاستە، دەمەکەی پانکراوە، چیقنەی نێو قەفەزی پێ پاکدەکەنەوە.

- **وردە خۆڵ:** خۆڵی ورد و زووری لە بێژینگدراو بۆ ژێر پێی کەوەی نێو قەفەز.ڕۆژانە جارێك یان دوو جار مشتێك لەو خۆڵە دەکرێتە ژێر پێی کەوەکە تا چیقنەی پێوە نەنووسێت و تووشی نەخۆشی نەبێت.

- **گێرد و تەختە:** یان قەڵەمبڕ بۆ وەردکردنی تاڵیشك و کەوەر و قوڕادە.

- **نینۆکبڕ:** بۆ چاککردن و هەڵپاچینی نینوکی پەنجەکان کاتێك زۆر درێژ دەبن.

- **ژێر قەفەز:** زۆربەی ژێر قەفەزەکان کۆنە گونیە وکۆنە بەڕە و لبادن. قەفەزیان لەسەر دادەنرێت تا کەوەکان سەرمایان نەبێت و ژێر قەفەزەکان پیس نەبن.

مـەرج نییـە هـەموو کـەوبازێك ئـەو شـتانەی هـەبێ، بـەڵام کـەوبازە ڕەسـەنەکان گرینگی بە کەرەستەی کەوەکان دەدەن و تا بۆیان بلوێت شتی باشیان بۆ پەیدا دەکەن.

## جۆرەکانی قەفـەزی کـەو:

قەفەز، کە لە وشەی (قفص)ی عەرەبییەو وەرگیراوە، بە کوردی ( بێر، بێرکم، ڕك، ڕەکك، ژاگـە) شـی پێـدەڵێن[1]. لـە کەرەسـتە هـەرە پێویسـت و بەنرخـەکانی کەوباز و ڕاوچییە کە هەمیشە شانازی پێوەدەکەن و حەزدەکەن و هەوڵدەدەن ببن بە خاوەنی جوانترین و باشترین قەفەز ، زۆر ئاگاداری دەکەن لە شکان و کـەوتن و زەبرپێکـەوتن. هەیـە قەفـەزەکانی بـە مـووری شـین و زەنگیانـە دەڕازێنێتـەوە.[2]* هەیـە نووشـتەی پێوەدەکـات و بـە سەرپۆشـی نەخشـێنراو دایدەپۆشێت.

هـەموو کەرسـتەکانی دروسـتکردنی کـەو لـە کوردسـتاندا بـە هاسـانی دەسـت دەکەوێت. وەستای قەفەز یان خودی کەوبازەکە خۆیـەتی یـان دۆم وقـەرەج یـان ئیمـڕۆ هێنـدێك کـەس شـارەزایان لـێ پەیـدا کـردووە و بـۆ فرۆشـتن دروسـتی دەکەن .

---

[1] ) فەرهەنگی مەهاباد. ل. ١٠٦ ، ٣٠٨، ٣٠٢.

[2] *) مووری شین بۆ دوور خستنەوەی چاو و نەفەسی پیس.

کەرەستەی سەرەکی تاکە قەفەزێك بۆ نموونە بریتییە لە:  جووتێك کەوانەی داری بی کونکونکراو بۆ شوولەکان. شوولی تەڕی دار بەڵالوك لە قەڵەم باریکتر کە بە شێوەی پیتی (U)ی سەرەوخوار، لە نێو کونی کەوانەکان بەڕیز چەسپدەکرین. سیرمە بۆ چنینەوەی لای سەرەوەی شوولەکان تا باستر ببەسترێنەوە. تەختەیێك بە قەد ناو پەلی دەست بۆ ژێر قەفەزەکە کەوی لەسەر بوەستیت. جوتێك داریش بۆ سەر دەرگاو ژێردەرگا. لە ناوچەی شارەبان و خورماتوو لە چڵی دارخورما قەفەز دروست دەکەن. ئیمڕۆ نرخی باشترین جووتە قەفەز دەگاتە (٤٠٠) دۆلار بۆ قەفەزی ئێرانی وە (٢٠٠) دۆلار بۆ قەفەزی هەولێری.[١] ئەوجۆرە قەفەزانەی لە کوردستانی باشووردا دەبینرێن ئەمانەن:

### ١) قەفەزی دۆمانە:

جاران دۆمەکان بە دەستڕەنگی ناسرابوون، تەیابەتی لە دروستکرلادنی قەفەزی کەو و سوێسکە. داری بەڵالوك و داری بناو

---

[١]* ) بەناوباگترین وەستا قەفەزی کەو لە کوردستانی باشووردا ، وەستا حەمەدی عەبدوڵا جەیدی بوو . بە جووتەقەفەزێك ، خەڵاتی یەکەمی پێشەنکای کەلتووری عیراقی لە بەغدا بردەوە کە لە ساڵی (١٩٥٩) بە چاودێری سەرۆککوماری عیراق(عەبدولکەریم قاسم ) سازکرا. وەستا ناسراوەکانی کوردستانی باشوور ئیمڕۆ: وەستا نەجاتی نەجار(هەولێر) ، وەستا ڕەمەزانی عەبدە فەرەجی(هەولێر) وەستا سەلاحی عەلائەدینی (کۆیە)، دڵشادی مام سمایلی چاچی(کۆیە) وەستا عومەر نەجار(حاجیاوە) وەستا سەعیدی مامە ڕەشەی( حاجیاوە) ، وەستا خوسرەوی کەوباز (ورمێ).

بەکار دێنن. قەفەزەکانیان توند و تۆکمەیە، بە سیرمە شوولەکان ڕیز ڕیز بەیەکە و توندکراون[١]*. قەفەزی کەویان دوو جۆرە: قەفەزی خۆماڵی خۆیان، کە نایفرۆشن، بچووک و توند و خۆڕاگرە وە قەفەزی فرۆشیاریی کە گەورە و جەلەبییە. لە گوندەکانیش قەفەزی دۆمانە دروستدەکرا.

٢) **قەفەزی بیلادی:**

ئەم قەفەزە لە داهێنانی کەوبازەکانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووە و لەو کاتەوە کەوتۆتە بازاڕ. کەوانەکانی لە داری (بیکەژاڵ) و(زەردەبی) دروستدەکر ێت و شوولی دار بەلاّلوك و چەقەلۆکە. دەرگای ئەو قەفەزە شوول نیە، وەك دەرگای ئاساییە بۆ دەرەوە دەکرێتەوە. ئەمەیش دوو جۆر ی هەیە:

**قەفەزی ماڵ:** گەورە و جوان و ڕەنگکراوە بە ئیسپرتۆی بریقەدار.

**قەفەزی ڕاو:** بچووك و سووك و ئاساییە.

٣) **قەفەزی ڕاو:**

---

[١] *) بۆ نیشاندانی تۆکمەیی جووتە قەفەزەکەی، دۆمێك دەچێتە سەر قەفەزەکانی و ڕادەوەستی . نووسەر.

ئەم جۆرە قەفەزەیە کە ڕاوەچی کەوی ڕاوکرای تێدەکا. ئەمەیش دوو جۆری هەیە:

**قەفەزی دەم بە پەڕۆ:**

قەڵتارەیێکی بچووکە، زارکەکەی پیڕۆیێکی پێوە درواوە کە پزێکی بۆ کراوە، داوە بەنێکی توندی ، وەکو دۆخینی، تێهەڵکێشراوە بۆ بەستنەوەی پەڕۆیەکەی زارکەکە بەکار دێتز

**قەفتەزی سەوە:**

بریتییە لە تریانەیێکی قوول، ژێرەکەی بە پارچە گونییەیەك گیراوە و لە تەنیشتەوە بە قەد ناولەپ، کونێکی تێکراوە وەك دەرگا، جا زارکی ئەو دەرگایە یان بە داوەبەن یان بە شوول دەگیرێت.

ڕاوچی هەیە قەفەزی ڕاوی نییە، کەوەڕاوکراوەکانی یان سەردەبڕێت یان قاچبەستیان دەکات و بە کەمەری خۆیدا شۆڕیان دەکاتەوە.

٤) **قەڵتارە:**

(تووولینە) و ( کەتلە)شی پێدەڵێن. تەنیا لادێیەکان قەڵتارە بە کاردەهێن ئەویش هەر بۆ ئەو کەوەکێویانەی کە ڕاوی دەکەن یان دەیانگرن و دەیان هێنن بۆ شار تا بیفرۆشن. وەك لە سەرەوە

ئاماژەمان پێدا، زارکەکەی بە داوەبەن یان شوول دەگرن، جاریش هەیە بە پارچە پەڕۆ دەیبەستن.

٥) کولەکە:

کولەکەیێکی زەردەی گەور هەڵدەگرن تا باش باش وشک دەبێتەوە و ڕەق دەبێ، ئەوجا ناوەکەی دەکۆڵن وسەرە ملەکەی دەکەن بە زارك و چەند کونێگی بە قەد قەبارەی دنکە قەسپ لە دیوارەکانی دەکەن بۆ هەوا. ئەم جۆرە قەفەزە هەر بۆ بێچووە کەو و سویسکە بەکار دێ، قەبارەکەی بۆ لەشی کەودەست نادات.

٦) قەفەزی خۆڵ:

پێشتر کوورتە باسێکی ئەم قەفەزەمان کرد کە هەر بۆ لەخۆڵگرتنی کەو و سویسکە بەکار دێ.

٧) سندووقی کوورە:

چونکی ئەمەیش هەر بە جۆرە کەرەستەیێکی کەوبازیی بەکار دێ بۆیە لێرەمان داناو پێشتر قسەمان لەسەر کردووە. ئەم قەفەزە بۆ (گەرمکردنی کەو) بەکاردێ و کەوبازە ڕەسەنەکان نایحوبێنن و پێیان پەسند نییە.

٨) شەبەکەی ژوور:

ئەو کەوبازانەی لە ماڵەو شوێنێکی فراوان و بە لاوەیان هەیە، جێگەیەك بۆ کەوەکانیان لە نێو تاق دا دروستدەکەن، بۆ جووت بوونیان، ئەم تاقانە زێتر لە هاوین و پایزاندا بەکاردێن. هەرتاقەی کە لە ناو دیوار دروستکراوە بەرزیەکەی نزیکەی (١٤٠)سم و درێژییەکەی (١٢٠)سم و پانییەکەی (٩٠)سم دەبێت و هەموو لایەکانی دیوارە، تەنیا پێشەوەی دەرگایەکی تەلبەندی هەیە. ئەوان بەم شوێنە دەڵێن " شەبەکەی ژوور" ، کەوباز هەیە دە ژووری وای لە ماڵەکەی دا دروستکردوە. (وێنەی

## کەوی قاچاغ

ئاشتی و هێمنی دەڤەرەکانی کوردستان و بەردەستیی هۆکارەکانی گواستنەوە، ئیمڕۆ گەشت و سەفەری نێوان شارەکان و دەرەوەی وڵاتی ئاسان کردووە. کەوبازەکان ، بەدوای کەوی باشدا، سنوور دەبەزێن و پەل بۆ وڵاتانی دەرەوە دەهاوێژن. بە تایبەتی بۆ ئێران و تورکیا و سوریا...تاد. بەڵام یاسای پاراستنی گیاندار و ژینگە و ئاسایشی ئابووری وڵاتەکان ڕێ نادەن( کەو)یش وەك گیاندارەکانی تر، بە ئازادی هاوردە و هەناردەی پێ بکرێت. ئەگەر لە بازگەکانی سنووردا، دەستیان بەسەردا بگیرێت، ئەوا کەوەکان هەر لەوێ ئازاد دەکەن و خاوەنەکەشی لێ پێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە کەوبازەکان ناچارن، لە ڕێی قاچاغەوە کەوەکانیان لە سنوورە قەدەغەکراوەکاندا بپەڕێننەوە. جا یان بە پیادە و کاروانی قاچاغچییان، یان بە

شاردنەوەیان لە ئۆتۆمبیلە بارهەڵگر و نەفەر هەڵگرەکان. بەڵام بازرگانی قەفەزی کەو هیچ کێشەیێکی نییە و وەکو کاڵایەکانی تر ئاسایە بە پێی یاسا.

## ناوی کەوی کەوبازان:

لە دیدی کەوبازانەوە، کەو ئەندامێکی خێزانە و ناوی تایبەتی خۆی هەیە و ، کەو هەیە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە ناوی دەرکردوە. کەوبازەکان شانازی بە ناوی کەوەکانیانەوە دەکەن. هەموو کەوبازێك ناتوانێت ببێت بە خاوەنی کەوی ناودار. چونیەتی هەڵبژاردنی ناوی کەوەکە بیٚ بەرنامەیە ، جار هەیە بە ناوی خاوەنەکەیەوە دەکرێت ، یان بە ناوی کەسانی ناودار، یان شوێن ، یان ڕووداو ، یان سیفەت و شێوە و ڕەفتاری کەوەکە. ئەم ناوانەی خوارەو ، هێندێك لە کەوە بەناوبانگەکانی کوردستان:

(کەوە عەنتەر، کەوە نەقیب، کەوە نۆنۆ، کەوە سوور، کەوە ١٠٦ ، کەوە جەنگیزخان، کەوە مێروو ، کەوە عەجەم ، کەوە ئێرانی ، کەوە گوێچکەدەر ، کەوە داڵەهۆ ، کەوە ئەحمەدی نەژاد، کەوە بەور ، کەوە کەماڵ، کەوە ئۆباما ، کەوە ئاپۆ، کەوە دنحە ، کەوە بەراز ، کەوە فیلەتەن ، کەوە دەریالووش ، کەوە پاڵەوان ، کەوە جیهان پاڵەوان ، کەوە گێلە ، کەوە جاوارایەر ، کەوە دەقاق ،

**کـەوە دەسـتباز ، کـەوە گەورەی کاك ئەنـوەری ، کــەوە دۆمــە ، کــەوە بروســلی، کـەوە مەجنون، کەوە مارشاڵ ....تـاد.**[1]

[1] ) داڵەهۆ: لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. جاورایەر: شوێنێکە لە نزیك کرۆژ ـ کۆیە.( ئیبراهیمی مام مەجیدی کەوباز. چاوپێکەوتن.)

# بــەنــدی ســێیەم

**خــوا خــواردنی بەگشــت باڵنــدەکان بەخشــی.....**

**بــەڵام، بــۆی نەکردنــە نیــو تەپــکەکان!**

(Henrik Ibsen)

# ڕاوەکــەو

## ڕاوەکــەو

ڕاو ، لە زۆر دێرینەوە لە کوردستاندا باوبووە، چونکە کەش و هەوای ژینگەی ڕاوکـردن  زۆ ر لـەبار و گونجـاو بـووە: لـە لایـەك بـوونی شـاخ و داخـی هـەزار بەهـەزار و کوێسـتان و ئەشـکەوت و دارسـتان و جەنگـەلی عاسـیٚ و دەشـت و دەری سەوز و باغ و باغات و  دەریاچە و ڕووبار و کانی و کانیاو هۆکار بوون بـۆ ژیـان و زۆربـوونی گیانـداران لـە ورچ و پڵینکـەوە بیگـرو تـا پـۆڕ و قـومری و ریشۆڵە و ژیـژك و سیخوڕ. لـە لایێکـی تـر سـەختی زسـتان و بـەفرو بەسـتەڵەك و کـەمی بەرهـەمی کشـتوکاڵی هانـدەر بـوو بـۆ ڕاوکـردن و پەیـداکردنی خـوارن و خۆراك بۆ خۆی و خێـزان و گیانـداره ماڵییـەکانی وەکو سـەگ و تـاژی و توولـە. ئـەوەشمان لـە بـیر نەچـیٚ کـە دروسـتکردنی چـەك و تفـاق و وەدەسـتهێنانی کەرەسـتەکانی ڕاوکـردن لـەو ژینگەیـەدا هاسـان و بەردەسـت بـوون. بێگومـان نەوەکان لە باوباپیرانیشەوە کەلتوور و هونەری ڕاوکردنیان بۆ بەجێماوە.

ئەو ڕاوانەی کە لە کوردستاندا باویان هەبووە ، هەرچەندە ئێستا هێندێکیان نەماون، ئەمانەن:[١]

- ڕاوە پڵینگ.
- ڕاوە هەرس (ورچ)
- ڕاوە کێوی.
- ڕاوە بەراز.
- ڕاوە ئاسك.
- ڕاوە کەروێشك.
- ڕاوە باز.
- ڕاوە ڕێوی.
- ڕاوە قۆش و بەڵەبان.
- ڕاوە سیخوڕ.
- ڕاوە ژیژك.

---

[١] ) کوردەواری. علاالدین سجادی. ل. ١٥٥.

- ڕاوە  کەمتیار.
- ڕاوە تورگ.
- ڕاوە  ماسی.
- ڕاوە سوێسکە.
- ڕاوە  قاژوو (ڕیشۆڵە).
- ڕاوە پۆڕ.
- ڕاوە قازوقولینگ.
- ڕاوە کەو.

لەسەرەتادا ڕاوکردن لە پێناو گۆشت پەیداکردن بووە. بەڵام وردە وردە بۆتە جۆرە هیوایەتێك کە تام وچێژی خۆی هەیەو لە چیرۆکەکانی میر و پاشا و سەرکردەکانی قەدیمی ڕاز و باسی ئەو ڕاوانە زۆرن. ڕەنگ بێ  هێندێك خێڵ و هۆز  و ڕەوەندی وەك دۆم و قەرەج ژیانیان لەسەر ڕاو بوو بێت.

بە کوردی و کرمانجی هەر گیانداریکی ئەوانن دەستیان پێڕاگەیشتبێت تەقسیریان پێنەکردووە و چەندین فێل و ئۆین و کەرەستەیان داهێناوە بۆ گرتن و ڕاوکردنیان.

جا چونکیٚ ژینگەی  هەموو کوردستان خۆش و شیاو ولەبارە بۆ  ژیانی کەو، جاران کەو لە هەموو شوێنێکیدا  دەبینرا. تەنانەت ژمارەی ڕەوەکەو لە کاتی کۆچکردنیان بەرەو کویستان لە دەوری (٥٠٠ تا ١٠٠٠) کەو بووە.[١]

هەموو کەبازێك ڕاوچی نییە. هەموو کەوێکیش بۆ ڕاو دەست نادات.مەرجیش نییە کەوی ڕاوکەر دەگی خۆش بێت یان شەڕکەربێت. بەڵام مەرجە کە ڕاوچی:

- شارەزار ئەو ناوچەیە بێت کە ڕاوی لێدەکات. لە کانی و کانیا و ڕێباز و کەوبوار و نوانی کەوان شارەزابێت.
- ئاشنای کەش و هەوای دەڤەرەکە بێت.
- لە جۆر و هونەر و شێوازی ڕاوکردن بزانێت و ئەزمووندار بیت.

خوێنەری بەڕێز، لەم تەوەرەدا باسی جۆرەکانی  ڕاوەکەوتان بۆ دەکەین، حەزیش دەکەین ئەم سیٚ خاڵەی خوارەوە بە وردی بخوێنەوە:

یەك:  دەمانەویٚ  بیٚ ویژدانیی  و بیٚ مروەتی ڕاوکەری کورد نیشانی ئێوە بدەین ، کە چەند بێ ڕەحمانە هەر لەبەر خاتری چەند پلە گۆشتێك ، کەوتوونەتە  قەتل و عام کردنی ئەم باڵندەیە ڕۆحسووك و دەنگ خۆشە.

---

[١] ) کەوباز وەستا ئیبراهیمی حاجی سابیری حەمە دەروێشی. چاوپێکەوتن.

دوو: کاتی ئەوە هاتووە کە دەبێت هێندێك لە شێوازی ئەو ڕاوانەی باسیان دەکەین، قەدەغە بکرێت و سزای توند بە سەرپێچیکەرانیدا ببڕێتەوە.

سێ: کە ئاماژە بە جۆری ڕاوەکان دەدەین، دەمانەوێ بۆ مێژوو، بەشێك لە کەلتووری نەتەوەکەمان ـ بە چاك و خراپییەو ـ تۆمار بکەین. بۆ ئەوە نییە فێرە هونەرەکانی ڕاوکرنتان بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم کارە قێزەوەنەتان لە بەر چاو بخەین و چاوێك بە هونەری ڕاوکردنماندا بخشێنینەوە ( لە تەوەرێکی تردا بە درێژی قسە لەمەر ئەم خاڵەدا دەکەین).

لە میانەی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەدا ، تا ئێستا ( ٣٤) جۆرە ڕاوکەوی کوردەواریم تۆمار کردوە. ئەمەی پووختەی جۆری ڕاوەکەوەکانە:

**١ ) ڕاوەکەو بە داو ( ڕاوە شەڕەشەبەق ):**

لە ناوەندی مانگی ڕێبەندان (سەرەتای شوبات) دەست پێدەکات تا مانگی گوڵان ( کۆتایی نیسان)ز ڕاوچی نێرەکەوێکی باش و ئازا لەگەڵ خۆیدا دەباتە چیا، نێرەکەوەکە لەناو تەڕاشێکدا بە چرو و گەڵای درەخت باش دەشارێتەوە، بە مەرجیچك سێ سانتمەتریچك لە زەوی جیاببێتەوە . ئەجا ڕاوچی دەست دەکات بە داو لێدان. شێوازی داوەلێدانەکە پەیوەستە بەو مێرگەی (بنە)کەی لێدادەنێتەوە. واتا دەسکە داوەکان ڕیز ڕیز لێدەدات، یان وەکو ڕستە یان بە شێوەی نیوە بازنەیی، لە دوو تا شەش دەسکەداو لێدەدات. کە لە داولێدانەکە دەیبێتەوە، تەماشا دەکات چ بۆشایەك ماوەتەوە بە دار و چیلکە پیڕی

دەکاتــەوە و دەیگرێــت و بارکــە ڕێیــەك دەهێلێتــەوە  تــا کــەوەکانی کــەژ پێیــدا برشۆنن و بکەونە ناو داوەکە. هێندیچك ڕاوچی پێش خۆر هەڵاتن داو لێدەدەن. هەشە سەر لە ئێوارە ئەم کارە دەکات. بەم جۆرە داولێدانە دەڵێن (شەوداو یان شەداو). شەوداو دەبێت بە دار و چیلکە دابپۆشرێت، نەکۆ زیندەوەر و دەعبا شەو بکەونە ناو داوەکەوە. دوای جێبەجێ کردنی دانانەوەی (بنە)کە ، ڕاوچی چەند گەزێك دور دەکەوێتەوە  و خۆی لە پەناگەیەك دەشارێتەوە و تەماشای (بنە)کەی دەکات. کە نێرەکەوەکە بۆنی شاخ و داخ دەکات دەکەوێتە خوێندن، هەرکە کەوەکاتنی کەژ گوێیان لە دەنگی دەبێ، دەزانن کەوێکی بێگانە هاتۆتە ناوچەکەیان و بە خوێندن وەڵامی دەدەنەوە. نێرەکەوەکە  هێندەی دی گەرم دە بێت و غوورەکە خۆشتر دەبێت. لەناکاو کەوەکانی کەژ بێدەنگ دەبن، سەردارەکەیان گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، وەك  بڵێچیت داوایان لێبکات هێڕش بکەنە سەر ئەو کەوە غەریبە (یان دەسیتدرێژکەرە). کەوەکان دەکەونە  چغە چغ و هەموویان بەرەو بنەکە فجووق لێدەدەن، بەڵام چەند گەزێك دوور لە بنەکە دەنیشنەوە. بە پێدزکێ و قنەقن و خوێندنەوە دەچنە سەر گابەردەکان و هێواش هێواش دێنە پێشەوە. دەیانەوێ ئەو نێرەکەو بدۆزنەوە، رشاوچی دەبینی کەوەکان لە بنەکە نزیك دەبنەوە چونکە شێوەی قاسپەیان دەگۆڕی و دەبێتە قاسپەی شەڕکردن وە سیڕەلێدان.  لە کاتی سووڕان و گەرشانیان بە دەوری بنەکەی، دەکەونە ناو داوەکە و سەر و مل و قاچیان بە داوەکەوە دەبێ ڕاوچی گورج دەگاتە سەریان و یەکە یەکە لە قوڵفەی داوەکانیانن دەکاتەوە. هێندێ جا چوار تا پێنج کەو بەداوەوە دەبن، جا ڕاوچی داوەیکان ڕیچك

دەخاتەوە و قوڵفە تەقاوەکان چاك دەکاتەوە ، چونكیٚ هێندیٚ کەو زیرەکن داو دەتەقێنن. ئەو کەوەی لە دتاونزیك نە بێتەوە و داوبناسێت پێی دەگوترێت ( کەوی داودۆن). بەم جۆر ە ڕاوچی خولێکی تری ڕاوەکەی دەست پێدەکاتەوە. خۆ ئەگەر شوێنەکە کەوی نە بوو ، ئەوە دەگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر هەر لەو ناوە.

## داوەکـەو:

داوەکەو چییە؟ لەبەر ئەوەی کەو، بە پێچەوانەی سوێسکە،

، مەلێکی زۆر زیرەك و ورد بینە، داوێکی تایبەت بۆ ڕاوکردنی بەکار دێت.. ئەم ڕستە داوە لە (٣٠ تا ٥٠) قوڵفە پیچکهاتووە.لە تاڵەمووی کاکی بارگیر (یان تەلی نایلۆن) دروست دەکرێت. رشەنگی خاکییە، بۆرە یان مەیلەو رشەشە،. سەرێکی قوڵفە داوەکە بە پارچە داریچکی نووك تیژ سندم کراوە کە درێژییەکەی (٥) سم دەبێت و بە قەد قەڵەمی ڕەش ئەستوورە، بە پەنجەی گەورە لە زەویدا دەچەقێندرێت. ئەم دارۆکە پێدەگوترێت ( سینگەداو یان سینگۆکە). سەرەکەی تری قوڵفەکە داوەدەزوییەکی پێوەیە پێی دەڵێن ( چاوگە)، ئەم چاوگەش بە قوڵفەیەکی ئاسن کۆتایی هاتووە و بە ناو داوەکەدا هەڵکێشر اوە. بەم جۆرە هەر قوڵفەداوێك سینگێکی خۆی هەیە و سینگەکانیش بە ڕستەێکەوە بەستراون نێوانیان ( ٨ ــ ١٥) سم دەبێت. سەرێکی ئەم ڕستە سینگێکی پیچوەیە کە (١٠) سم دەبێت و سەرەکەی تری

قایشێکی تایبەتی پیچوەیە بۆ بەستنەوەی لە تەڕاش بەکار دێت نەکۆ دەعبا پێوە بێت و داوەکە ببات. ئەم کۆمەڵە قوڵفەداوەی بە ڕستەیەکەوە بەستراون پێی دەڵێن ( دەسکەداو). ئەم دەسکەداوەش بە شێوەیێکی تایبەتی هەڵدەگیریچ

ت بۆ ئەوەی ئاڵۆز نە بێت. وەکو بازنی مەچەکی ئافرەتان دەکرێتە لوولە دارێکی ناو بۆش، درێژییەکەی (١٥)سم و تیرەکەی (٥) سم دەبێت، پێی دەڵێن (کۆلك). ئەم کۆلکەش دەکرێتە قایشێکی تایبەت، رشاوچی وەکو جانتا دەیکاتە شانیەوە پێی دەڵێن ( ملەکانە). برشوانەیی

## ٢ ) ڕاوەماکەو بە داو (ڕاوە چیڵ کرر):

ئەم ڕاوە لە مانگی جۆزەردان(مایس) و سەرەتای پووشپەڕ(حوزەیران)دا دەکرێت. هەموو شتێکی هەر وەکو ڕاوی نێرەکەو وایە. ئەیوەندی هەیە لەباتی ئەوەی کە نێرە ببرێ بۆ شاخ، ماکەو دەبەن. (بنە)کەش نزیك گەزێك تا دوو گەز لە زەوی بەرزتر دەبێت. لە کاتی ڕاوەەکامەودا، ماکەوی کەژ هەموو بە کرر کەوتوون و بەسەر هێلکەوەن، ئەم ماکەوی کە ڕاوچییەکە بردویەتی بۆ کەژ ئە میش لەناو قەفەز دایە، کە دەست دەکا بە خوێندن ، نێرەکەوەکانی شاخ زۆر لە ئارەزوودان و بیچ ماکەون، لێی کۆدەبنەوە و دەکەونە سووڕان و بە داوەوە دەبن.[١]

[١] ) سەرچاوەی پێشوو. ل, ١٦٧.

## ٣ )        ڕاوە سـەرکانی:

لـە وەرزی هـاوین و سـەرەتای پـایز دەبـێ تـا بـارانی پەڵـە. ڕاوچـی پـێش خـۆر هەڵاتن ڕێبازەکانی دەوری ئەوکانییەی کەو دێنەسەری بۆ ئاوخواردنەوە دەکاتە داو. ئەم ڕاوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا باوە.

## ٤ )        ڕاوە داو ( سـیپاکام ):

ڕاوچی ڕێگـای هاتووچۆیکردنی ئـەو کەوانـە دەسـت نیشـان دەکـات کـە دەچـنە گەرمیان و کوێستان و هـەمووی لێدەکاتـە داو. یـان مـەنزڵی شـەوانەی کـەوەکان دەدۆزێتـەوە و پـاس عەسـر دەچـێ داوی لێدادەنێتـەوە و کـەمێکیش دانبـان بـۆ دەرژێنێت. کە سەر لە ئێوارە کەوەکان دەگەڕێنەوە مەکۆی خۆیـان دەکەونـە نـاو داوەکـان و ڕاوچـیش لـە نزیکـەوە خـۆی شـاردۆتەوە خێـرا دەگاتـە سـەریان و دەیانگرێت. هێندێك ڕاوچییش کە داوەکەیان لێدا بە جێی دەهێڵن و بەیانی زوو سـەریان لێدەدەنـەوە. ئـەم ڕاوەش لـە سـەرەتای بـەهارو کۆتـایی پاییزانـدا دەکرێت.

## ٥ )        ڕاوە نێرەکـەو بە ڕەبـات ( روبـاد ):[١]

---

١ *) وشەی ر( ٖوبات / ڕوباد)  لە وشەی ( ربط) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە بە مانای بەستنەوە دێت.

ڕاوچی نێرەکەوێکی ڕاو لە ناو تەڕاشێك دەشارێتەوە و چوند دەسکە داوێك لەدەوری تەڕاشەکە بە ڕێك و پێکی لێدەدات. و بازنەیێکی زەوی بە خاڵی دەهێلیچتەوە. لە ناوە ڕاستی ئەو زەویە سینگێك دادەکوتیٚ کە داوێکی توندوتۆڵی دوو کەزی پێوە گرێی دراوە کە پێی دەڵێن (شکاربەند)، سەرێکی تری ئەم شکاربەندە، گەردوونەیێکی ئاسنی تیٚ هەڵکێشراوە بۆ هەموو لایەك دەسووڕێتەوە بەبیٚ ئەوەی شکاربەندەکە بڕێسێت. ڕاوچی جگە لە نێرەکەوەکەی ناو تەڕاشەکە، نێرەکەوێکی تریش لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ شاخ کە پێی دەڵێن ( ڕەبات یان ربـاد)، وەچەکێکی ئەم روبادە دەکرێتە گەردوونەکەوە و بەڕەڵا دەکرێت، دەوروپشتی ئەم بازنەیەش هەمووی دەکرێتە دار و چیلکە تا کەوی کەژ نەگەنە سەر سەرس روبادەکە و شازاری بدەن. بە نێرەکەوەکەی ناو تەڕاشەکە دەگوترێت (جەلاد). کە جەلاد دەست دەکا بە خوێندن، کەوەکانی کەژ بە دەنگیەوە دێن، کە چاویشیان بە کەوە ڕوبادەکە دەکەویٚ شێت و هاردەبن و هێرش دێنن و دەکەونە ناو داوەکانەوە. بڕوانە وێنە ژمارە ().

### ٦ ) ڕاوە ماکەو بە ڕەبات ( ڕوباد ):

هەموو شتێکی وەکو ڕاوە نێرەکەوە بە ڕوباتی، ئەوەندە نەبێت ڕاوچی لە شوێنی نێرەکەو، ماکەوێك لە بنەکە دادەنێتەوە. کە ماکەوە جەلا دەکە دەخوێنیٚ، کەوەکانی چیا لە خۆشیان بەرەو پیرییەوە دەچن، چونکە ماکەوەکانی خۆیان کرر کەوتوون و ماوەیەکە بیٚ هاوسەرن. کاتیٚ لە بنەکە

نزيك دەبنەوە ز چاويان بە كەوە ڕەبايەكە دەكەوێت هێندەی دی شێت و شەيدا دەبن و دەكەونە داوەكانەوە.هەموو

٧ ) ڕاوە سـەركانی بە ڕەبـات ( ڕوبـاد ):

كـەو باڵنـدەيێكی هەسـتيار و زيرەكـە، كـە دەبـينی هاوەڵـەكانی چـوند جارێـك دەكەونە ناو داوی سەركانييەكان، دوورەپە ڕێز دەوەستێت و نايەتە سـەركانی. جا بۆ ئەوەی ترس لە دڵی كەوەكان دەركەن، ڕاوچی كەوێكی ڕەبات لەسەر ئەو كانييە دەبەستێتەوە كە ڕاوی لیٚ دەكات و دەوری كانيەكەش دەكاتە داو. كە كـەوەكانی چـيا چـاويان بـە كـەوە ڕەباتەكـە دەكـەویٚ هێـدی هێـدی ترسـيان دەشكێت و نزيك دەبنەوە و دەكەونە ناو داوەكان.

٨ ) ڕاوە پـەيكەرە ڕەبـات ( ڕوبـاد ):

هـەموو شـتێكی وەكـو (ڕاوە نێرەكـەوە بـە ڕوبـات) ئەوەنـدەی هەيـە ڕاوچـی لـە جيـاتی ئـەوەی كـەوێكی زينـدوو لەگـەڵ خـۆی ببـات بـۆ شـاخ و بيكاتـە (ڕوبـاد) پەيكەری كەوێك دەبات كە لە گـەچ يـان شووشـەو پلاستيك دروستكراوە و وەك كـەوی ئاسـايی بۆيـە و ڕەنـگ كـراوە. ئـەم شـێوازە ڕاوە زۆر سـەركەوتتوو نييـە چونكە كەو زوو دەركی پێدەكات كە ئەوە كەوی زيندوو نييە.

٩ ) ڕاوەكـەو بە دێوجـامـە:

دێوجامە پارچە قوماشێکە بە ئەندازەی چارۆگەیەك وە یان با بڵێین گەز و نیوێك لە گەزو نیوێکدا، دەهێنرێت پارچەی بچووکی چوارگۆشەیی ڕەنگاو ڕەنگی پیا دەدرۆێت بە ڕووبەرەکەیدا. پارچە بچووکوکان هەریەکەی بە ئەندازەی دوو تاکە تارانییەك بەڵام بە چوار گۆشەیی نەك بە خڕی، یەکێ زەرد، یەکێ سوور، یەکێ سەوز، یەکێ شین، یەکێ ڕەش و ڕەونکی تریش ئەوەی هەبوو، وەیان ئەمانە هەر دەدروێن پێکەوە. دوو دار دەبەستن بەم لا بەو لایەوە. کونێك دەکرێتە ناوەکەی. (دیجامە، دێجومە)ش پێ دەڵێن. کابرای ڕاوچی دەچێ بۆ کەژ کە گەیشتە ئەوێ دێوجامەکە دەکاتەوە. دوودلارەکە ی ئەم لا و ئەو لا بەدەستەوە دەگرێ پشی دەکاتە خۆی و ڕووە ڕەنگاو ڕەنگەکەی دەکاتەوە کەژەوە. لە کونەکەشەوە سەیری پێش دەمی دێوجامەکە دەکات. کەو شارەزانی مەفتەنی خۆیەتی کە چاویان بەو عاجباتیە دەکەوێ زۆر سەیریان پێ دێت. وردە وردە لە دەمیەوە دەنیشنەوە یان دێن بۆ لای، ئیتر بە تەواوی سەریان لەم شتە شەیرە سوەردەمینێ. ئینجا کابرای ڕاوچی ئەگەر دارەکانی بە دەستەوە بێت بە هێواشی دەیان چەقێنێ لەبەر ئەوی کە خۆشی لەو دیویەوەیە کەوەکان نایبینن، بە تفەنگی ساچمە دەست دەکات بە کوشتنیان و خێرا پەلاماریان دەداتێ و سەریان دەبڕێ.[1]

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٦٥ (( دێوجامە وشەیێکی لێك دراوە لە (دێو واتا خەیاڵ) وە ( جاو واتا قوماش) کەواتە دێوجامە یانی خەیاڵ و دێوی سەر قوماش. دیجامە بە فارسیش یانی نیگا))

هێنـدێك جار لـەجیاتی بـە کارهێنـانی قووماشـی ڕەنگـاه ڕەنـگ لـە سـەر ڕووی دێوجامەکە ڕەسمی پشیلەو مار و سەگ و دەعبای تر بە بۆ یە دەکێشن.

### ١٠) ڕاوە حـەشـار (بەرەڕەت ، کەوبوار):

لـە پاییزانـدا، کـە کویسـتان خـاڵ خـاڵ دەبێتـەوە، پـۆل پـۆل کـەوەکانی چیا ڕوودەکـەن شـیوو و دۆڵچـەکان، ڕشاوچـی لـە نزیکـی ئـەو کانیانـە یـان لـە سـەر ڕێبازی ئەوانـدا، حەشاریچك دەکات و خـۆی تیچدا دەشار ێتـەوە کە کـەوەکان دێن بـۆ ئـاو خواردنـەوە بی تفەنگی ساچمە تێیان دەکـەوێ و وەکـو گـەڵای دار لێیـان دەخـا. ئەگـەر ئـەو ڕاوچـییانە دوو کـەس بـن، یەکیچـکیان خێـرا پـەلامار دەداو، گورج گـورج دەگرێت و سـەر دەبرێت. تـا پـۆلێکی تـر دێنـەوە ئەمانـە لـە ئیشـی خـۆیـان دەبنـەوە و دەچـنەوە حەشـارەوە بـۆ غـەزایێکی تـر. مـاوەی ئـەم ڕاوەش هەر نزیکەی مانگێکە.[١]

### ١١) ڕاوە نێرەکـەو بە تـابـڕ :

[١] ) سەرچـاوەی پێشـوو. ل. ١٦٦( خوێنـەری ئـازیز، لـە چاوچـنۆکی ئـەو ڕاچـییانە تێدەگـەێت کـە چ کارەساتێکیان بەسەر ئەو باڵندە بەستە زمانە دا هێناوە. پۆلە کەوەکانی کەوبوان چوار سەت و پێنج سەت بوون. خۆ ئەو ڕاوچییە هەر دەتوانێت دوو کەو بخوات. ئەو قەتلوعامـە بێ ئینسـافە لـە پێنـاو چیێ، لە کاتێکدا ئایین دەڵێ زێدە سەرفکردنی لە ئاوی زەریاش، حەرامە!)

ئەم ڕاوە لە ئاخیری زستان دەکریٚ، ماوەکەی هەموو بیست ڕۆژ ، ئەو پەڕی تا مانگێك دەبێت.ڕاوچی نێرەکەوی فێرکراوی باشی هەیە، دەیبات بۆ شاخ، دێنێت کۆلیتێك لە هەژگ و گەلاٚ بۆ خۆی دروست دەکات، لە هەر چوار لاوە کون دەکاتە کۆلیتەکەوە بۆ ئەوەی کەوەکان ببینێت و تفەنگیان تێگری. کەوەکی خۆی دەبات ماوەی حەوت هەشت هەنگاو دوور لە خۆی بە قەفەزەکەوە دەیکات بە لقی دارێکدا. کەو بۆنی شاخ و چیا دەکات و ئەوەندەی تر دڵی تازە دەبێتەوە و ئاگری پێبەر دەبێت و دەست دەکات بە قاسپە قاسی، لەو شیوو و شاخانەدا دەنگ دەداتەوە، کەوی کەژ کە گوێیان لەو دەنگە غەریبە دەبیٚ لێی کۆدەبنەوە. نێرەکان بە نیازی شەرشکرلادن و مێیەکان بە نیازی هاوسەر پەیدا کردن. کە نزوێك کەوتنەوە لە کەوە ماڵییەکە، ڕاوچی ناو کۆلیت بە ئارەزووی خۆی تفەنگیان تێدەوگریٚ، ئەوانی ئەو نابینن، پاش چەند دەقیقەیەکی تر دیسان کەو کۆدەبنەوە ئەوي دیسان تەقەیان لێدەکاو دەیانکوژیٚ. لە هەر ڕاوگەیەگ چوار پێنج ڕاوچی تفەنك دەتەقێنیٚ. ئیتر کەو لەو شوێنە دەسڵەمێنەوە نایەن، رشاوچی شوێنەکەی خۆی دەگوێزێتەوە دەچێت هەر لەو شاخەدا لە جێگایەکی تر کۆلیت دروست دەکات و دەست بەو قەسابخانەیە دەکاتەوە![1]

## ١٢) ڕاوە ماکەو بە تابڕ:

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٦٧

کتو مت ئەم ڕاوە وەکو (ڕاوە نێرەکەو بە تابڕ) وایە، تەنیا جیاوازی ئەوەیە ڕاوچی لە جیاتی نێرە کەو، ماکەوێکی ڕاوکەی فێرکراو بە لقی دارەکەوە هەڵدەواسێت و وەرزەکەشی ئەو کاتەیە ماکەوەکانی کەژ لە سەر هێلکەن و نێرەکەوەکان بێ ماکەون و پەرێشانن بۆیە بەرە و دەنگی ماکەوەکە دێن و دەکەونە بۆسەی کاکی ڕاوچییەوە.

## ١٣) ڕاوە ڕەبات بە تابڕ:

ڕاوچی کەوێکی ڕەباتی ڕاهێنراو لەگەڵ خۆیدا دەباتە چیا، لەو

شوێنەی ڕاوەکەی لێدەکات، سینگێك دادەکوتێ و گەردوونە شکاربەندەکەی دەکاتنە مەچەکی کەوە رشەباتەکەی و بەڕەڵای دەکات. کە کەوی کێوی دێن بۆ پەلاماردانی، رشاوچی دەیانداتە بەر تفەنگی ساچمە . بیچ کومان ئەم رشاوە کەوی جەلادی ناوێ و کەوە رشەباتەش فێرکراوە و لە تەقەو زرمەی تفەنگ ناترسێت.

## ١٤) ڕاوە شەوارە :

شەوارە ئەوەیە کە گیا ڕەشی بەهارە یا زستانە، شەوی زۆر تاریکە، نم نمەی باران و زیاتر لە نم نمەی دێتەخوارێ، لە شەوێکی وادا، هەندەك هەڵدەستن دەچن بۆ شەوارە:

داری زەنگی وشك لە گەیڵ خۆیان دەبەن تلۆزم تلۆزمی دەکەنەوە، خۆیانی لێ هەڵدەکەن چەنکە دنیا دەبێتە قووڕوچڵپاو. ئەم دەستەیی کە دەچن لە دوو کەس کەمتر نین. کە چوونە دەشست و ناو دەوە نەکان ، باقەیەك لەو دەستە چیلکەیە ئاگر دەنێن بە سەرەکە یەوە و دەبێت بە گڕ. یەکێکیان دەیگرێ بە دەستەوە و دەیداتە پێش خۆی ، ئەوی دیکەشییان ـ وە یان ئەوانی تر ـ لە شوێن ئەوەوە دەڕوا، وردە وردە بە ناو بنجك و دەوەنەکاندا دەڕۆن، کە کەوەکان ئاگرەکە دەبینن، بە شەوارە دەکەون، واتا بەرچاویان تاریك دەبێ و دێن بۆ لای ڕۆناکی ئاگرەکە، لە بەر رشۆناکی ئ‌واگرەکەو تاریکی شەوەکە زەلامەکان نابینن، دێن هەتا لووت دەژەنن بە ئاگرەکەوە، ئەمجا ئەو کەسەی کە لە پشتەوەیە دێتە دەست و یەکە یەکە دەیانگرێت.[1]

هێندێك جار لە جیاتی داری زەنگی وشك چراوەگ بەکار دەهێنن، واتا لەسەرەتای هاوێندا هێندێ لقەدار مازوو دەبڕنەوە، سەرێکی ئەو لقە دارە بڕاوە، باش باش دەکووتن، تا وەك ڕیشەی رشەگی دار داوداو دەبێت، سا دەیخەنە ژێر گوێسەبانەی خانووەکانیان تا وشك دەبێتەوە. کە دەچن بۆ ڕاو

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٢٦٤.

چەند چراوگێك لەگەڵ خۆیان دەبەن و وەك مۆمێكی بڵێسەدار بەدەستەوەی دەگرن دەست دەكەن بە ڕاو.[1]

هەشە چرا ڕەشكەیەگ یان فانۆسێك لە ناو تەنەكەیەكی بەتاڵ هەڵدەگرێ كە ڕووێكی كراوەیە لە جیاتی چراوگ بە كاری دێنێت.

دوای پەیدا بوونی لۆكسی نەوت، ئەویش كرا بە ئامرازێك بۆ ڕاو، چونكە كەو لە ڕووناكی نارشەوێتەوە. لەو شوێنانەی كە كەوی زۆر بیسێ، ئیچواران ڕاوچی دەچێتە سەر شوێنێكی بڵند و تەماشا دەكات نوانی كەوەكان لە كوێن. كە جێگاكەیان دەستنیشان دەكات، شەو بە خۆی و لۆكسە و دەچن بۆ ڕاو . پارچە كارتۆنێك لە نێوان خۆی و لۆكسەكە دادەنێ تا شەوقەكە لە چاوی خۆی نەدات و تاركی لە خۆیان بكات. كە لە كەوەكان نزیك دەبنەوە بە دارێبكی یان لە تەنیشتێك لێیان دەدەن و كۆمەڵێكیان لێ دەخەن و دەیانگرن.[2] ئیمڕۆش ( تۆرج ـ چرای لایتی دەست) بۆ ئەم مەبەستە بەكار دێ.

به داخەو چونكێ ئێستا چرا و گلۆپی زۆر زۆر بە تین و بە شەوق پەیدا بوو، هێنندێك لە ڕاوچییەكان ـ بە تایبەتی لە گەرمیانی كوردستانی باشووردا ـ ئەمە بەكار دەهێن و خراپ دەست لە كەوەكان دەوەشێنن و دەیانگرن.

---

[1] ) مامۆستا عەلی مستەفا. چاوپێكەوتن.

[2] ) من و شەقڵاوە. قادری گۆزێ. ل. ٩٣

### ١٥) ڕاوه شـەواره بە تــابڕ:

ئەم ر اوه هەر ڕاوه شەوارەکەیە وەلیٚ چەند تفەنگ بە دەستێك یان چەند تفەنگ بە دەستێك لەگەڵیان دەچن، جا لـەجیاتی ئەوەی بە دەستت کـەوەکان بگر ت ، دەیان دەنە بەر تفەنگ و دەیان کوژن و سەریان دەبڕن.

### ١٦) ڕاوه شـەواره بە تۆڕ (چـرووسـکەڕاو):

هـەموو شـتێکی وەکـو ڕاوه شـەوارەیە ئەوەنـدەی هەیـە ڕاوچییەکان بـۆ گـرتنی کـەوەکان تـۆرش بـە کـار دیـنن. ئـەم تۆرشـە بریتییـە لـە کەوانـەیکی گـەورە، تۆرشەکەی پیچوه دورواوه دەسکێکی هە یە وەك (کەوگیر)، کە کـەوەکان بـەرەو رشووناکی ئاگرەکە دێن، هەر لە حەواو تۆڕە کـەیان بـۆ دەهـاوێن و دەیـان گـرن. کتو مت وەکو ڕاو کردنی ماسی لە ئاوەدا بەم جۆرە تۆڕە.

### ١٧) ڕاوەکـەو بە تـە پـکە:

زۆر گیاندار هەیە بە تەپکە ڕاو دەکرێت و هەر گیاندارەی تەپکـەی خـۆی هەیـە. تەپکەی کەو لە دار دروست دەکرێت. چوارچێوەیکی لاکێشی دروسـت دەکـەن ، درێژییەکەی (٥٠)سم و پانیەکەی (٤٠)سم دەبێت. دوو دەرگـای لـە دوو پـارچـە تەختـە داری تـەنك بـۆ دروسـت دەکـەن ـ وەکـە دەرگـای دوودەری وایـە ـ ئـەو دەرگایانە بە داوی مووی ڕێسراو توند شـەکەت کـراون، بـە شیچوەیچك هـەر بـۆ دیــوی ناوەنــە دەکرێنــەوە هەمیشــە داوه بەنــە ڕێســراوەکە دەوری ( تــەلی

ئیسپرینگ) دەبینی، واتا دەرگاکە هەمیشە بە داخراوی ڕادەگرێت. تەپکە ئامرازێکی کۆنی ڕاوە و لە باب و باپیرانەوە بەجێماوە. تەپکە لە کویستاناندا زۆر باوە، لە کاتی بەفر باریندا دادەنرێتەوە. رشاوچییەکانی دێیەکان شوێنی تەپکەی خۆیان هەیە و بۆتە میراتی ئەوان و کەسی تر ناتوانێ بچێت لە هەمان شوێن تەپکە دابنێتەوە.

باشترین شوێن بۆ تەپکە بن کەپکە شاخ و بەردانە کە کەو شەو دەیکاتە نونانی خۆی.. ڕاوچی دێت و شویچنی کۆنە تەپکە جوان پاك دەکاتەوە و قۆڵتەکە چاکدەکاتەوە خۆڵ و بەری ناوی فڕێدەداتە دەرەو و پارگینەی باشی بۆ دەکات بۆ ئەوەی چۆڕاوگەی بەفر و بارانی نەیێتەوە ناو. دوای دانانەوەی تەپکەکە لەوسیەر چاڵەکە، بە خۆڵ و داروچیلکە دەیشارێتەوە. کە کەوەکان دێن و بەسەر تەپکەکە دادەڕۆن، دەرگای تەپکەکە بۆ خوارەوە دەکرێتەوە و کەوەکە دەکەوێتە ناو قۆڵتەکەو دەرگاکەی یەکسەر بەرز دەبێتە و لەسەر دادەخرێتەوە و ناتوانێ دەرچێت. ڕاوچی هەیە (٢٠) تا (٥٠) تەپکە بەجارێك دادەنێتەوە، تەپکە هەیە چوار تان پێنج کەو دەگرێت. بڕوانە وێنەی ژمارە ( ).

## ١٨) ڕاوەکەو بە تۆڕ :

ئەم رشاو زۆرتر لەسە ر کانی و کانیاوان دەکرێت و ئامرازەکەشی تۆڕێکی تایبەتییە، کە بۆ گرتنی کەو دروستکراوە. ئەمەس بە چەقاندنی (٥) سینگ

دەبێت کە تۆڕەکەی پێدادەندرێتەوە. ڕشاوچی خۆی لە حەشارگەیێکی نزیک دەشارێتەوە و سەری پیتێکی لە ناو مسدایە کە یە زارکی تۆڕەکەوە بەستراوە. بیچگومان تۆرشەکە بە کا و پووش و پەلاش جوان شاردراوە تەوە وبۆ چەواشەکردنی کەوەکان ، دانیان بۆ دەرێژن تاا ترسیان بشکێت و زۆر تر پپوە بن. کە تۆڕەکە کەویکی زۆر ی هاتە ناو ، ڕاوچی گورج شکاربەندەکە ڕادەکێشێت و کەوەکان دەکەونە نپو تۆڕەکە. ڕاچیی رشەسەن ئەم ڕاوەی پێ پەسند نییە چونکە نێرەکەو و ماکەو بێچووەش دەگرێت و زۆر جار بێچوەکان بێ دایك هە تیوو دە مینێنەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە ( ).

**١٩ ) ڕاوە بەچکەکەو ( ڕاوە باڕ ، ڕاوە گوار ):**

ئەم ڕاوە پتر لە ناو شوان و گاوان و مێرمندالی گوندی باوە. کە تازە ماکەو هێلکەکانی دەترۆکێنێ و جوجەلەکەوەکان دێنە دەرەوە ، پڕیان دەدەنێ و بە دەستی دەیان گرن و دەیانکەنە ناو کولەکە و قەلتاران و دەیان بەن بۆ شار دەیانفرۆشن. هەشە بۆ خۆیان بەخێویان دەکە ن. بێگومان پێشتر شوێن و جێگەی هێلانەکانیان دەست نیشان کردووە و دەزانن کەی وەعدی تروکانی دێت. ئەم ڕاوە عومری کورتە و هەر بیست ڕۆژێك دەخایێنێ.

**٢٠ ) ڕاوە هیلانە:**

ئەم ڕاوە جیاوازە لەگەڵ (ڕاوە بەچکەکەو)، هەرچەندە هەردووکیان عەودالّی بێچووەکەوەکانن.شوان و گاوان زۆر عەودالّی گیاندار و تەیروتوارن. هەرکە مەڕو مالاتیان گەیاندە دەشت و دەر، ئەوە دەکەونە گەڕان و پشکنینەوەی بن ئەم بنجك و بن ئەو بەرد، ئەوەی بەردەستیان بکەوێت ئەگەر مار و دوپشکیش بێت ڕزگاری ناکەن. بۆیە کە کاتی کرر بوونی ماکەو دێت، دەکەونە گەڕان بۆ دۆزینەوەی هێلانەکانیان و یەکە یەکە نیشانەی دەکەن،، پێش ئەوەی ماکەوەکە هەموو هێلکەکان بترەکێنێ و بەیەکجاری هێلانەکە بەجێ بهێڵی، بە تریانە یان هەر بەدەست دایکەکەوە و بێچووەکان هێلکەنەتروکاوەکان ئەکەنە ناو قەڵتارەیەك و ئەیان بەن بۆ شار یان خۆیان بە کوللەداشت پەروەردەیان دەکەن.

## ٢١ ) ڕاوە شلەبەفر:

کەو هەرچەندە بەرگەی سەرما دەگرێ، بەلام بە بەفر و شەختە قەڵس دەبێ و جووست و چالاکی خۆی نامینێت. بۆیە دوای بارینی بەفر، ڕاوچییەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بەفرەکە کەمێ بتوێتەوە و ببێتە شلەبەفر، سا دەکەونە دوای ئەو کەوانەی تووشیان دێن و بە ڕاکردن ماندوویان دەکەن. چونکە مەچەکی کەو کورتن و باڵەکانیشی تەڕبوون ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن و دەگیرێن. هێندێ جاریش هەر لەگەڵ بەفر بارینداو دەست دەکەن بە ڕاونان و گرتنیان.

## ٢٢ ) ڕاوە بەفرەوشکە:

ئەم ڕاوەکەو لە کاتی بەفر دەکریٚ، ئەگەر بڕێکی زۆر لە بەفری وشك (کەم ئاو) بکەویٚ، کەو دێنە خوارەوە بۆ دەم ڕووبار و دەشی، وەك دەشتی هەریر و دەربەندی شەقلاوە. سی تا چل کەس ڕاوەکە دابەش دەکەن و لە زۆربەی گرد و بەرزاییەکانی ناوچەکە دابەش دەبن. کەو زۆر دوور نافڕیٚ، بۆیە ڕەوەکەیو لە لایەك دەفڕێنن و دەچێتە نزیك ئەوانی تر. چونکە بەفرەکەش وشك و سووکە، لە کاتی هەڵنیشتنەوەیان دەکەونە ژێر بەفر. کەوەکان ناتوانن دەم و دەست لە بن بەفر بێنە دەریٚ و بە ئاسانی دەگیرێن. دواتر ڕاوچییەکان کەوەکان لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن.[1]

## ٢٣) ڕاوە ڕەز :

کەو زۆر حەز لە تریٚ دەکات، زۆر جاریش دەچێتە ناو ڕەزان بۆ تریٚ خواردن. کە ساڵ درەنگ بوو، تریٚ لە ڕەزەکان نەما، ڕاچییەکان هێندیٚ هێشووە تریٚ لەگەڵ خۆیاندا دەبەن بۆ ناو ئەو ڕەزانەی کەوی دێتیٚ. هێشووە ترێیەکان دەکەن بە چڵ و لقی دارمێوەکان و خۆشیان چەند هەنگاوێك دوور دەکەونەو و لە پەناگەیەك خۆیان دەشارنەوە و پەنجە دەخەنە سەر پەلاپیتکەی تفەنگە تابڕەکانیان. کە کەوەکان دێن بۆ تریٚ خواردن دەیان دەنە بەر تفەنگان. ئەم ڕاوە لە ناوچەی پشدەردا زۆر باوە، هەر بیست ڕۆژێك دەخایێنێت.

---

[1]) من و شەقلاوە. قادری گۆزی. ل. ٩٢ ـ ٩٣

## ٢٤ ) ڕاوە مـاقــۆڕ ( هەرەکەو ) :

ماقۆڕ(هەرەکەو)، بەو کۆل و قۆڵت و حەوزۆکانتو دەڵێچن کە لەسـەر ڕووی تاتـە بەردو شاخاندا ئاوی بارانی تێدا کۆدەبێتەوە. لـە هێـنـدیَ شـوێندا، هاوینـان کـە ئاو کەم دەبیَ، کەو دەچنە سەر ئەم ماقۆڕانە بۆ ئاوخواردنەوە. جا راوچییەکان دەیاندەنە بەر ساچمان و دەیـان کـوژن. هێـنـدیَ جار کـابرای ڕاوچـی ئـاو لەگـەڵ خۆی دەبات و ماقۆڕەکان پڕ ئاو دەکاتەوە. ئەم ڕاوەش لە ناوچەی خۆشناوەتی باوە.

## ٢٥ ) ڕاوی سـەر گۆمـە شـاخان :

ئـەم ڕاوە لـە ناوەنـدی هـاوین و کـاتی دەرکـەوتنی ئەسـتێرەی گەلاوێـژ، لەسـەر گۆمە ئاوە گچکەکانی سەر شاخان دەکرێت. کە ڕۆژ کەرم دەبێت و ئاوەکە کـەم دەبێتەوە. بەشی زۆری ئەو ئاوە دادەپۆشن و تـەنها جێگەیـەك دەهێڵنـەوە. لـەو کاتەس ساڵدا ، کەو زۆر پێویستی بە ئاو دەبێت، ئـەو شـوێنەی دانەپۆشـر اوە داو یـالن تـۆڕی لـیَ دەتنرێـت. تۆڕەکـە لـە چوارچـێوەیێکی ئاسـن گـیراوە کـە ئیسـپرینگێکی لە نـاوە ڕاسـتەوەیە. چوارچێوەکە لێك دەکرێتـەوە وە دارێك لـە نێــوان هــەردوو پـــەڕی چوارچــێوەکە دادەنرێــت. کــە ســـەرێکی پـــەتی لـــیَ بەستراوەتەوە و سەرەکەی تری لـە نیچو دەستی ڕاوچییدایە. هێـنـدێك پـۆش و پەڵاش دەخەنە سەر تۆڕەکە هەتا دیار نەبیَ. ڕاوچیش لە شوێنێکی نزیك بـۆی دادەنیشیَ و خۆی جوان حەشاردەدات. کاتیَ کە ڕەوەی کـەو بـۆ ئاوخواردنـەوە

دێن، ڕاوچی پەتەکەی ڕادەکێشێت و هەموو ئەو کەوانە دەگرێت کە لەسەر تۆڕەکەن.[1]

### ٢٦ ) ڕاوە کـڵاو ورچ:

ڕاوچی دەمامکێکی لە لباد دروست کردووە لە شێوەی سەری ورچ، گوێچکە و دەم و لوتی بۆ کردووە، شوێنی چاویشی کون کردووە. کە ئەم دەمامکە دەکاتە سەرییەوە ڕووی دادەپۆشێ و لە دوو کونەکەی چاویشی تەماشای پێش دەمی خۆی دەکات, کاتێ کەو چاویان بەو دەعبایە سەیرە دەکەوێت دەیکەنە چغە چغ و ڕاوچی بە تفەنگی ڕاو دەکەوێتنە گیانیانەوە. ئەم ڕاوە لە هەموو وەرزێکدا دەکرێت. بڕوانە وێنەی ژمارە ().

### ٢٧ ) ڕاوە کەوڵـە ڕێـوی:

بیرۆکەی ئەم ڕاوە لە ڕاوە دێوجامە و ڕاوە کلاوورچ وەرگیراوە. ڕاوچیی کەوڵە ڕێویچکی مۆمیاکراو بە کا یان قشپل، دەبات بۆ کەژ، بە دەستی خۆی بەرزی دەکاتەوە دەجولێنیچتەوە، کە کەوی کەژ چاویان پێ دەکەوێ ئەشلەژێن و دەکەونە چغەچغ. ڕاوچی بە ئەسپایی کەوڵە ڕێویەکە دادەنێ و کەوەکان دەداتە بەر تفەنگان. ئەم ڕاوەشیان لە هەموو وەرزێکدا دەکرێ.

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٩٢

## ٢٨ ) ڕاوە شـوێن خـەرمـان:

ئەم ڕاوە لە گەڵ خەرمان هەڵگرتندا دەبیّ. کە کەوی کێوی دێنـە سـەر خـەرمان یان شوێن خەرمان ، دوای هەڵگرتنی، ڕاوچی ڕاویـان دەکـەن.جا چ بە تفەنگی ڕاو بێت چ بە داو یان تۆڕ.

## ٢٩ ) ڕەشـە ڕاو:

ڕاوچی بە خۆی و تفەنگەی ڕاوە دەچێتە شاخ و کەژ، لـە هـەر شـوێنێك تووشـی کەو بێت نیشـانەی لـیّ دەگرێـت و دەیـان کوژێـت . جار هەیـە دەمـەو بـەیانی یا ئێوارە بە ئۆتۆمۆبیل لە دەم ڕیگادا دەگەڕێت و هەمان کردار ئەنجام دەدات. ئـەم ڕاوە لە هەموو وەرزێکدا باوە.

## ٣٠ ) ڕاوەکـەو بە تـاژی و توولـە:

ڕەنـگ بێـت ئـەمـە کـۆنترین شـێوازی ڕاوەکـەو بـوو بێـت. ئـەم ڕاوە پـتر مـەراقی گوندنشـینەکان و دۆم و قەرەجـەکان بـووە . هەمیشـە چـەند تـاژیو توولـەیێکی ڕاهێنراویـان بـەخێوکردووە لـە کـاتی بـەفربارین و وەرزی ڕاو لـەو کـەژ و کێوانـە کەوتوونەتــە گــەڕان و ڕاونــانی کــەو ـــ خــۆ ئەگــەر گیانــداری تریشــیان هەڵساندبوایە، وەك کەروێشك و پۆر و قاژوو تەقسیریان پێنـەکردوون. هێنـدێك ڕاوچیی تفەنگی ساچمەشیان لە گەڵ خۆیان دەبردو ڕاویان پێدەکرد.

## ٣١ ) ڕاوە نـوار:

ئەم ڕاوە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ـ ١٩٨٥ ) باو بوو، بەڵام چونکە سەرکەتوو نەبوو زوو مرد. کاتێك ئامێری ڕیکۆردەر هێنرایە کوردستان، ، هێندێك ڕاوچی لە جیاتی ئەوەی نێرە کەوێك یان ماکەوێك ببەن بۆ کەژ، کاسێتی تۆمارکراوی دەنگی کەویان بۆ کەوەکانی شاخ لێدەدا. بەڵام چونکە ئاوازی دەنگە تۆمارکراوەکە وەك دەنگی سروشتی کەو نەبوو و قاسپەی شەڕو ڕاوکردنی تێدا نەبوو کەوی کێوی بەرەو پێری نەدەهاتن و ڕاو نەدەکرا.

کە ئامێری مۆبایل گەیشتە کوردستانی باشوور و نرخەکەی نەختێك دابەزی، هونەری ڕاوەکەو بە مۆبایل داهێنرا. ڕاوچی لە بنەدا، داو یان تۆڕ دادەنێتەوە و دوو مۆبایل بە کار دێنێ، مۆبایلێك لە لای بنەکە دادەنێ و دەنگی دەکاتەوە، بە مۆبایلەکەی تر، کە لە دەستی ڕاوچیدایە زەنگ بۆ مۆبایلەکەی بنەکە لێدەدات. مۆزیکی ئەو مۆبایلە تۆماری قاسپە قاسپی کەوە. ڕاوچی بە بەردەوامی زەنگ لێدەدات تا مۆبایلەکەوەکە هەر بخوێنێ. بەم شێوازە ڕاوەش، کەو گیراوە، بەڵام ڕاوێکی سەرکەوتوو نییە و هیچ مەزیەتێکی زەوق و خۆشیی تیدا نییە.[١]

### ٣٢ ) ڕاوە هەوازەنی:

[١] ) د. هاوژین صلێوە عیسا . چاوپێکەوتن.

ئـەم ڕاوە لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا بـاوە چـونکە کوێسـتانی زۆرە و کـەوی زۆریان هەیە. چەند ڕاوچییەك بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە بەیەکەوە دەچن بۆ شـاخ و دەکەونـە دۆزینـەوی شـوێن ی کـەوەکان و هەڵفڕانـدنیان. جـا هـەر لـە حەواوە دەیاندەنە بەر تفەنگان و قەتل و عامیان دەکەن. ڕاوچی ئەم ڕاوە دەبێت تفەنگچییەکی باش بێت.

## ٣٣) حیـزە ڕاو :

ئەم ڕاوەش زۆرتر منداڵانی دێ زەوقیـان پێـدێ. دەچن (خـوێ)ێکی زۆر دەکەنـە نـاو ئـاوی ئـەو کـانی و کانیاوانـەی کـەو و بێچـووەکانی دەهێنیتـە سـەر بـۆ ئـاو خواردنەوە. چونکە ئاوەکە سوێرە بێچووەکان هەر ئاو دەخۆنـەوە تێـر ئـاو نـابن و تینوویەتیان ناشکی، زگئاو دەبن و ناتوانن باش ڕاکەن، جا منـداڵ بـە دوایـان دا ڕادەکەن و دەیانگرن. ئەم ڕاوە هەر لە هاوێناندا دەکرێ.

## ٣٤) سـەرخۆشـە ڕاو:

شێوازی ئەم ڕاوە نوێترین داهێنانی ڕاوچییەکانە بۆ گرتنی کەو. بیرۆکەکـەی لـە بیرۆکـەی (حیـزە ڕاو) دەچێت. ئـەم ڕاوە لـە گـەرمیانی کوردسـتانی باشـووردا دەکرێـت. ڕاوچـی دەچێت سەرچاوەکانی ئـاو دادەپۆشـێت و لـە کـەوی کێـوی دەیانشارێتەوە. بۆ خۆی ئاو لە هێندێك جام و قاپوولکـە و دەفران دەکـات و لـە نێو قوڵتۆکان دایان دەنێت و بە خۆڵ و پووش و پـەڵاش دەوریـان دادەپۆشـێت. جا هێنـدێك ئارەق یـان هـەر مەشروبێکی تـری سـەرخۆشکەر بێـت، دەکاتـە نـاو

جامـه ئاوەكـان. كـه كـەوی كێـوی تینـووی دەبێـت و دێ ئاوەكـه دەخواتـەوە سەرخۆش و گێژو وێژ دەبێت. ڕاوچی لـه حەشارگەی خۆی دێتـه دەرەوە و بـه هاسانی بە دەستی دەیان گرێت.[1]

## جۆرە و شێوازەكانی ڕاو چیمان پێدەڵێن؟

دوای ئەم گەشتە سەر پێیەمان بە ناو كەند و لەند و هـەوراز و نشێوی جـۆر و شێوازەكانی ڕاوەكەو لە كوردستانی باشووردا، دەگەینە كۆمەڵێك ئەنجام كە بـۆ بەند و تەوەرەكانی تری ئەم كتێبە بایەخی زۆریان هەیە. ئەوەی كە زۆر سـەرنج ڕاكێشەرە ئەوەیە تاكی كورد دوژمنایەتێكی خوێناوی لەگەڵ ئـەم باڵنـدە جـوان و قەشـەنگ و ئـاواز خۆشـە هەیـە، بـە دەیـان گیانـدار و تـەیروتواری تـر لـە كوردسـتاندا دەژیـن، كەچـی دەبیـنین ئـەوەی دەرحـەق بـە كـەو دەیكـەن لەگـەڵ گیانـدارو تـەیروتوارەكانی تـردا نایكـەن. كـە بیر لـە شـێوازەكانی ڕاوكـەوی نێـو كوردەواری دەكەیتەوە ، وا هەست دەكەی كە ئەو كورد قـەت هـیچ ئـیش و كـارو پیشـە و كەسابەتێكی نـەبووە غـەیری كـەو كوشـتن ، لـە غـەیری بیركردنـەوە لـە داهێنانی تازەترین فرت وفێڵ بـۆ قـەتل وعـامكردنی ئـەم باڵندەیـە قـەت بـیری لـە شتێكی تر نەكردۆتەوە. فەرموون ئەم پووختەی ئاكامەكانی ئەم گەشتەمانە بە ناو ڕاوەكانی كەو لە كوردستانی باشووردا:

---

[1] ) ڕۆژنامەی ڕووداو. ژمارە ٣٣٧. ل. ١٦ لە ٨ ـ ١٢ ـ ٢٠١٤

- ***کەوەکانمان لە هەموو قۆناغ و تەمەنێکی ژیانیاندا مەترسی کوشتنیان لەسەرە: کە هێلکەیە، کە لەناو هێلانەیە، کە تازە دەترۆکێت، کەجووجەڵەیە، کە بێچوەوە، کە بارەکەو، کە شابارەکەوە کە پیرە کەوە..... .***

- ***کەوەکانمان لە هەموو شوێنێك دەکوژرێن: لە سەر کانی و کانیاوان، لە بن کەپکە شاخ و بەردان، لە ناو بەفرو شلەبەفران، لە کەوبوارو سەرداران ، لە سەر خەرمان و ناو ڕەزان تەنانەت لە حەوا و ئاسمانیشەوە.... .***

- ***کەوەکانمان هەموو دەم مەترسی قەتل و عامیان لەسەرە: لە بەهار و هاوین و پاییز و زستاندا، بە شەو و بە ڕۆژ، لە بەرەبەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و شەو و کاتی خەوتنان. لەکاتی فڕین و یاری کردن و جووت بوون و کرر بوون و جووجەڵە بەخێوکردندا.... .***

- ***کەوەکانمان بە هەموو ئامرازەکانی کوشتن و گرتن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت: بە داو و تەپکە و تەڵە وتۆڕ و تریانە، بە تفەنگ وساچمە و تابڕ، بە چرا و ئاگر و لۆکس، بە نەوار و مۆبایل، بە ترساندن و تۆقاند، بە ڕاونان و لێدان و ئازاردان، بە ژەهراوی کردن و سەرخۆشکردن، بە هەڵخەڵەتاندن و فریودان، بە برسیی کردن و تینووکردن .... .***

- ***کوردەکان بەردەوام بیر لە داهێنانی تازەتر ئامراز و چەك وتفاق دەکەنەوە بۆ دەسگیر کردن و کوشتنی زۆرترین ژمارە لە کەوەکانمان.***

- *کەوەکانمان بەو پەڕی بی ئینساف دوور لە هەمووە بەهایّکی ئایینی و مرۆیی و مۆڕاڵی قەتل و عام دەکرێن.*

- *کوردەکان ئازادن لە ڕاوەکەو ، هەرچی گەرەکیانە دەتوانن لەگەڵ ئەم باڵندەیە ئەنجامی بدەن، هیچ یاسا و دەستور و عورف و ئەخلاق و کەلتوورێك نییە کەوەکان بپارێزیت و کەوکوژەکان سزا بدات.*

- *کوردەکان ئاستی هۆشیاری ژینگەیان زۆر نزم و لاواز و کلۆڵە و دڕەندانە بە گژ سروشتی خۆیادا کەوتونەتە دوشمنکارییەوە!*

## ڕاوچی کورد لە ڕاوەکەودا:

چۆن ڕاوچییەکانی کەو خۆ ئامادەکەن؟ کەی دەچن بۆ ڕاو؟ دەچنە کویٚ؟ چی دەکەن؟ چۆنی دەگوزەرێنن؟ دوا ڕاو چیدەکەن؟ زۆر پرسیاری تریش.... .

وەکو گوتمان ڕاوەکەو ، وەکو مەراق و هیوایەت و ئامرازێك بۆ پەیداکردنی خۆراك، لە نێو کەلتووری کوردەواریدا زۆر کۆن و دێرینە، هەم چیرۆك و حیکایەتەکان سەربوردەی ڕاوچییەکانی ڕۆژگاری جارانمان بۆ باس دەکەن، هەم ئەم هەموو شێوازی چۆنیەتی ڕاوکردنی کەو ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو میللەتە بە شەو و ڕۆژێك ئەو هەموو فەن و هونەر و ئامێر و کەرەستە و فێل و ئاین و ئۆیننە فێرۆ نەبووە. کەواتە لە پشت هەر ڕاوێك و ڕاوچییێك و بنە و تەڕاشێکدا چەندین ڕاز و نهێنی شاراوە هەیە، کە ئێمەمانان سەرمان

لێدەرنەچووە و پێویستە نووسەری ئەم جۆۆرە بابەتە بۆ خۆی ڕاچیی بێت و شارەزای هەموو سەین و بەینەکی ئەم مەسەلە بێت. سەت حەیف و مەخابن باوباپیرانمان ئەم کەشکۆڵە پڕ گەنجینە کەلتوورییەو زمانەوانییە و مێژوویەیان بۆ تۆمارنەکردووین، ئەوەی ئێستا خرمانکردۆتەوە هەم زۆر کەمە و هەم کەمو کوڕی و نوقسانیشی زۆرە.

گۆڕانکاریـــەکانی ڕەوتـــی ژیـــان و شارەســـتانییەت و دیـــاردە تـــازە چـەکەرەکردووەکانی بـواری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ڕۆشـنبیری و سیاسـی کاردانـەوەی خـۆی هـەبووە بەسـەر هـەر هـەموو پێکهاتـە و ئۆڕگـان و فرمـان و کـرداری ڕەگـەزەکانی ژیـان، کەواتـە زۆر ئاسـاییە کـە ڕاو و ڕوچـییەتیش زۆر گۆڕانگاری بەسەر داهاتبێت.

لە ڕوانگەی تێڕامـان و وردبوونـەوە و توێژینـەوەدا، دەتـوانین تـەوەری ( ڕاوچـی کورد لە ڕاوەکەودا) بەسەر سێ قۆناغ ( یان سـەردەم) دابـەش بکـەین ، ئەمـەیش لەســەر بنــەمای: کەســێتی ڕاوکەرەکــە، بــارو دۆخــی ســەردەمی ڕاوکەرەکــە، گۆڕانکارییە تازە و نوێیەکانی شێوازی ڕاوکردن.

1) *قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهان تا شۆڕشی ئەیلول.*

2) *قۆناغی شوڕشی ئەیلول تا ڕاپەڕین.*

3) *قۆناغی دوای ڕاپەڕین تا ئیمڕۆ :( ٢٠١٥).*

## ١) قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهان تا شۆڕشی ئەیلول ( ١٩٣٠ ـ ١٩٦١) :

لەم قۆناغەدا ژمارەی ڕاوچییەکانی کەم بوون و زۆربەشیان پیاوانی کاملّ و خاوەن ئەزموون و شارەزایانی کەو و کەوبازی و ڕاوچییەتی بوون. ڕاوەکەو لە دید و ڕەفتاری ئەواندا مەراق و هیوایەتێکی خۆش و چێژبەخش و مەبەست ـ دیار و ڕێزلێگیراو بوو. ئەوان پتر عەودالّی دامرکاندنەوەی حەز و شەوق و خولیا دەروونییەکەی خۆیان بوون و بەنیازی کوشت و قڕکردن و ئەنفالکردنی کەو ڕاویان نەکردووە ـ بە دەیان بەڵگەی متمانەکراومان لە لایە ـ کە:

- ئەوان لە وەرزی زاوزێکردندا ڕاویان نەکردووە.
- ئەوان ماکەو و بێچوەکەویان ئازاد کردووە، بە دەگمەن ماکەویان بۆ ڕاو کردن گێڕاوەتەوە.
- ئەوان لە ڕاوکردندا بێ ئینسافیان نەکردووە و بە هەزاران کەوی گیراویان هەر لە سەر بنە ئازاد کردووە.[1] *

---

[1] *) مندالّ بووم، لە ڕاوێکدا لە گەلّ باوکم و هاوڕێکانی ، باوکم لە بناری نازەنینیّ، (٢٤) کەوی ڕاو کرد. (٤) کەویان خوار و(٦) کەوی هێناوە و ( ١٤) کەوەکەی تری نیشانی هاوڕێیەکانی داو دواتر هەر لە کەژ بەرەڵای کردن. کە گەیشتینەوە کۆیە (٤) کەوی بۆ (کاکە زیادی حەماغای کۆیە) کردە دیاری، (٢) کەوەکەی تریشی بۆ کەوباز (باقی حەلاق) برد کە نەختێك نەساغ بوو تا گۆشت وچەلاوەکەی بخوات. دایکم گلەیی لێکرد کە بۆ (٤) کەوی بۆ ئەوانیش نە هێنایەوە!

- ئـــەوان ئـــامراز و وەســـیلەی نامرۆڤانـــەی وەك ژەهـــراوی كـــردن و بێهۆشكردن و كۆمەڵكوژیان بەكار نەهێناوە.

- ئـەوان كـەوكانیان هەراسـان و هـەترە و ئـاوارە نـەكردوە و ڕەفتـاری تۆقاندن و تیرۆركردنیان نەبووە.

لـە گـەڵ نوێبوونـەی هـەموو ساڵێك، وەرزی نـوێی ڕاوكـردن دەسـتی پێـدەكرد. چونكە ڕاوكەرەكانی یەك شار و گوند و دەڤەر هەمووی هاوڕێ و دۆستی یـەكتر بوون بە كۆمەڵ یان بە دوو دوو یان بە تاقی تـەنیا دەچوونە ڕاو. بـەڵام زۆربـەی كـات بەیەكـەوە چـوونەتە ڕاو. جـار هـەبووە شـەش تـا حـەوت ڕاوچـی پێكـەوە چوونەتە كەژ. جاریش هەبووە هەر دوو تا سێ كـەس بـوون. دوای ئـەوەی كـات و شوێنی ڕاوەكەیان دادەنا خۆیان بۆ ئامادە دەكرد.

بۆ جل و بـەرگی ڕاو، شارنشینەكان پێڵاو و گۆرەووی و كورتـەك و شـەرواڵ و پشـــتێن و كـــڵاو و جامـــادانی خۆیـــان هـــەبوو ، ڕەنگـــی خـــاكی و كەســـك و خۆڵەمێشـــان بـــەلاوە پەســـندتر بـــوو بۆئـــەوەی بەرچـــاو نـــەبن. كۆڵـــە پشـــتی دەسـتكردیان لـە شـێوەی خرجـی بچـكۆلانە بـەكار دەهێنـا. تفـاقی ڕاویشـیان بریتی بوو لە جووتێك قەفەز و داو و قەفەزی ڕاو و قەڵـەمبڕ و هـەبوو دەمانجە و خەنجەر و حەڕبەشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. جۆری خواردنیان پەیوەنـدی هـەبوو بە ماوەی مانەوەیان لە شاخ و دوور و نزیكی لە گونـد و چایخانەی سـەر ڕێگـا. ئەگەر ڕاوەكە ڕاوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بوایە یان ڕاوی سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ بووایە ئەوا بای ئەوەندە ڕۆژە شتومەكیان دەبرد. كە زۆرتـرینی بریتـی بـوو

لـه: كـولێره بـه ڕوون، خورمـاو ڕوون، نـانی نـۆردی، ماسـت و پـەنیر، شـەكر و دەرمانچـا و خـوێ و مێـوژ و گـوێز و قەسـپ. ئەگـەر ڕاوەكـە هـەر بـۆ یـەك ڕۆژ بووایـە ، تـەنیا خـوێ و نانیـان لەگـەڵ خۆیانـدا دەبـرد. ئەگـەر شوێنەكەشـیان چایخانەی لێ نزیك بووایـە ئـەوا نـان و چاییان لـەوێ دەخـوارد. ئەگـەر تفاقیـان زۆر زۆر قورس و گران بوایا ئەوا گوێدرێژێكیان بۆ بارەكە لەگەڵ خۆیان دەبرد. چاپەست و كتڵی و قاپ و قاچاغیان لە ئەشكەوت و بن كەپكەشاخی دیاری كرا هەمیشـە شـاردبۆوە، ئەگـەر هـەر زۆر موحتـاج بوونایـە لـە نـزیكترین ئـاوایی دەیانخواستەوە. كاتی بەڕێكـەوتنیان یـان پێش نوێـژی مـەلا بانگدان بـوو یـان دوای نیوەڕۆیان، هەمیشە بە پێ دەرۆیشتن و ئۆتۆمۆبیلیان بەكار نەدەهێنا. جا سعات و مەنزڵگەیێكیان دەست نیشان دەكرد بۆ گردبوونەوە و بەڕێ كەوتن. كە دەگەیشتنە قۆناغی دیاری كراو كە دەكرا بە شوێنی نان خواردن و خەوتن ـ بە زاراوەی ڕاوچییان ئەم شوێنە پێی دەگوترێت ( قزگە) ـ بار و بارگەیان دادەنا و شتوومەكەكانیان جوان جوان لەم قزگەیەدا تەقەتدەكرد نەكۆ دەعبا و زینـدەوەر بیاندۆزێتـەوە بیـانخوات. جـا هـەر ڕاوكـەرەی بەلایەكـدا ڕووی دەكـردە یـاڵ و ڕەوەز و شـیووەكان، بـۆ بنـە دانانـەوە. ئـەو ڕاوچـییەی زوو ڕاوی خـۆی تـەواو بكردایە، دەگەڕایـەوە قزگـە و ئاگرێكی خۆشـی گـەورەی لێدەكردەوە و دەسـتی دەكــرد بــە گۆشــت برژانــدن و چاپەستیشــی دەخســتە لاێكــی ئاگرەكــەوە. هاوڕێیەكانی كە ئاگرەكەیان دەدیت دەیانزانی یـەكێكیان گەڕاوەتـەوە كابانییـان بۆ دەكات.كە هەموو ڕاوچییەكان دەگەڕئانەیوە و بە دەم باسكردنی چۆنیەتی ڕاوەكەی ئەو ڕۆژەیان، نانیان پێكەوە دەخـواردو دوای پێداكردنی چەند پیاڵـە

چـایەك دیسـان گەشـتێكی تـری ڕاویـان دەسـت پێـدەكردە. شـەو ئـاگرێكی گـەورەیان دادەگیرسـاند تـا زینـدەوەر و دەعبـا لێیـان نزیـك نەبنـەوە. تـا كـاتی خـەوتن بـە قسـەی خـۆش و سـەعبەت و گـۆرانی شـەوەكەیان بەسـەر دەبـرد. ڕاوچیی هەبوو كەوەكانی خۆی بە لقی داێكی سەرسەری خۆیەوە دەكرد یان لـە پشت سەری خۆی دادەنا تا ئاگاداری بێت.

هێندێ جار وارێك دەكەوێ ، كە ڕاوچی بنە دادەنێتـەوە و خـۆی لـە پەناگـەیـەك مـات دەكـات، دەبـینی وا ڕاوچییەكی تـر خەریكـە بێتـە هـەمان شـوێنی وی كـە بنەكەی لێداناوەتەوە.بۆ ئەوەی ئاگاداری بكاتـەو كـە ئـەم نـاوە ڕاوچی لێیـە، بە لێوی فیتوویەكی درێژی بۆ لێدەدات، ڕاوچییەكەی تر یەكسـەر تێدەگا كـە ئـەم ناوە بنەی لێداندراوەتەوە. ئەویش بە هەمان شێوە فیتوویەكی بۆ لێدەداتـەوە و بە هێواشی لەم شوێنە دوور دەكەوێتەوە. بەم دوو فیتوولێدانە دەڵێن ( سلاوی ڕاوچیان).

ڕاوچـییەكانی ئـەو سـەردەمە ڕاویـان لـە جیـاتی سـەیران و گەشـت وگـوزار كردووە.قـەت كـەوی گیراویـان نـە فرۆشـتووە بـەڵكو زۆر بـە دەگمـەن بـۆ مـاڵ و منداڵی خۆشیان هێناوەتە، ئەوان كەوی گیراویان دەكردە دیاری یان هەر لەسەر ڕێ، لە گەڕانەوە دەیانبەخشییەوە.

جار هەبوو ڕاوچیی كەوەگیراوەكانی هەر بۆ ئەوە دەهێناوە لای برادەرەكانی تـا باوەڕی پێبكەن كە ئەوەندە كەوەی ڕاوكردوە. ئەوجا یـەك یـەك لـە كـەژ بـەڕەلای

دەکردنەوە. ئەمەیش هەر بۆ ئەوە بوو قیمەتی کەوەڕاوکەرەکەی بەرزبێتەوە چونکە ڕاوچیی جاران زۆر زۆر شانازیان بە کەوی ڕاوی خۆی دەکرد.

ئێستا، ڕاوکەرەکانی ئەم قۆناغە هەموویان کۆچی دوایان کردووە و ماڵئاوییان لە کەژ و شاخ و قزگە و بنەکان کردووە.

کە دەگەڕانەوە ماڵەو ئەوا تا دەستپێکی ڕاوێکی تازە، باس هەر باسی ئەم ڕاوەیە لە مەجلیس و چایخانەی کەوبازان.

ئەو ڕاوچییانەی ئەو سەردەمە پەیوەندی خۆشیان لە گەڵ گوندنشینەکان پەیداکردبوو. کە دەهاتنە شاری سەردانی ئەو ڕاوچییانەیان دەکرد و دیاریان بۆ دەهێنان.

**٢) قۆناغی شۆڕشی ئەیلول تا ڕاپەڕین (١٩٦١ - ١٩٩١):**

شەڕ و پەلامار و پێکدادان و تێکهەڵچوونی سی ساڵەی (١٩٦١ . ١٩٩١) نێوان حکومەتەکانی بەغدا و هێزی شۆڕشگێری کوردستانی باشوور، نەك هەر گیانی سەدان هەزار کەسی بێگوناحی کێشا و بە هەزاران شارو شارەدێ و گوندی وێران کرد و هەزاران مەرگەسات و کارەساتی جەرگبڕی بەسەر نەوەی ئەم نەتەوە مەزڵومە داهێنا، بەڵکو زەرەر و زیانییێکی هێندە گەورە و ترسناکی بە ژینگەی کوردستان گەیاند کە چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و ئاساییی کردنەوەی بە سەدان ملیار دۆلار و بە دەیان ساڵ ئەنجام نادرێت.

هێـزی پـەلاماردەر، بـە دەیـان جـار دە شـت و شـاخ و پـاوان و بـاغ و باغـات و گێڵگـە و دارسـتان و چـەنگەڵەکانی سـووتاندین. بـە سـەدان کێلۆمـەتر دووجـا دارستان و لێرستان و ڕەز و دەوەنی بڕییەوە. لەبەرانبەریشدا ، لەبەر نەبوونی ســـووتەمەنی، لەشـــکری پێشـــمەرگە و گوندنشـــینەکان نـــەك هـــەر دار و درەختـەکانیان بڕییـەوە بـەڵکو کـۆلکی ڕەگەکانیشـیان دەرهێنـان. ئاکامەکـەی وێرانکردن و تێکدانی ژینگـەی گیانـدارەکانی بەدواوە داهـات و ئەنجامەکەشـی بە نەما و لە ناوچوونی ئەوان کۆتایی پێهات. کەو، وەك باڵندەیێکی کوردسـتانی پشکی شێری لە قەتل و عامکردن و قڕکردن بەرکەوت . چۆن؟

- تفـەنگ و چـەك و تەقەمـەنێکی زۆر کەوتـە دەسـت خـەڵکی کوردسـتانی باشوور ( بە پێشمەرگە و جاش و چەکدار)، واتا ناڕاسـتە و خـۆ هـەر هـەموویان بوون بە ڕاوچی، لە هەر شوێنێك باڕەکەوێك سەری دەرهێنابێت بیسـت کوللـەی ئاراستەکراوە. [1]*

- سـووتاندنی پـاوان و کـەژ و شـاخ لـە لایـەك و گرمـە و زرمـە و شـریقە و تەقـەی ئـەو هـەموو بۆمـب و مین و ناپـاڵم و دۆشـکە و چـەك و جبەخانـە، کـەوی کێوی ، وەك گیاندارەکانی تر ، هەترە و پەرتەوازە کرد و تۆقاند.

---

[1]* ) کە لە سالیّ (١٩٧٤)دا دەیان گوت (١٥٠) هەزار چەکدارمان هەیە، من دەمگوت (١٥٠) هەزار ڕاوچیمان هەیە.

- هەژاری و دەستکورتی و برسیەتی و گرانیی و قات و قڕی، هاندەر بوو بۆ ڕاوچییەکان و خەڵکی ئاسایی بکەونە دوای ئەو چەند دانە کەوی لێرە و لەوێ دەنگیان دەبیسترا.

- ژەهراوی کردنی کانی و کانیلە و سەرچاوەی ئاوەکان ـ بە تایبەتی دوای شاڵاوی ئەنفال ــ و کیمیاباران کردنی شاخ و داخەکان لە لایەن ڕژێمەکانی بەغداوە، زەبری کوشندەیان لە گیانی کەو ( وە گیاندارەکانی تری کوردستان) وەشاند.

- شەڕ، یانی بێ یاسایی و بەرەڵایی و بێ ئەخلاقی، کەوکوژ و گیاندارکوژەکانی تر بە ئازادی دەستی خۆیان دەوەشاند و هیچ بەربەستێك نەبوو بیانوەستێنێت.

لەم قۆناغەدا، ژمارەی ڕاوچیی حەقیقی ، زۆر زۆر کەمی کرد [١]*. ئەوانەی مابوونەوە، دەرفەت و سنووری ڕاوکردنیان زۆر تەسك بووبۆوە. ڕاوی حەت شەو و حەوت ڕ~ۆژە نەما. ڕاوی سێ شەو و سێ ڕۆژە نەما. ئەگەر پاش نیوەڕۆێك بچووبانە زوورگ و ڕەوەز و بەرزاییەکانی دەوورو پشتی شار ئەوا دە بووایە پێش ڕۆژ ئاوا بوون بگەڕێنەوە و لە شاخ و لادێیەکانیش نەمینێنەوە.

---

[١] ) زۆربەی گەنجی کورد، یان پێشمەرگە بوو یان جاش و سەرباز.

زۆرجاریش گیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە.[1] ژمارەیەك ڕاوچیی به فڕۆکە و تۆپ و دۆشکەی دوژمن لە کوردستانی باشوور کوژران. لە ساڵی (١٩٨٨) لە دۆڵی (نازەنین) . پارێزگای هەولێر. کەوبازێکی ڕاوکەر بە چەکی کیمیاوی هەر دووە چاوەکانی کوێر بوو. لە بەر هێرشی بەردەوامی فڕۆکەکانی بەغدا ، دیاردەی کۆچی دۆم و قەرەچ نەما، چونکە زۆریان لێکوژرا ، ئەوەی ماوە یان بڕیاری دا چیتر نەپەڕێتەوە بۆ کوردستانی باشوور یان بەیەکجاری نیشتەجێ بێت.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم. چونکە کەس نەیدەتوانی لە ئۆردەگا و پادگان و کەمپەکانی سەربازیی نزیك بێتەوە و سەربازیش نەیدەتوانی بەبێ فرمان تەقە بکە، لە سەربازگەکانی نزیك شاخ، لە کوردستانی باشووردا، ژمارەیێکی باش کەو پەیدا بووبوونەوە زۆر بووبوون ولە نزیك ئەوانەوە هێلانەیان چێدەکرد.

٣ ) **قۆناغی دوای ڕاپەڕین تا ئیمرۆ (١٩٩١ ـ ٢٠١٥):**

---

[1] ) لە ساڵی (١٩٧٩)دا، حەمەدی عەولا جەیدی گوتی : کە دەچووومە ڕاو دەبوایە دوو بەرگە (عەدەم تەعەرۆز)م پێ بێت: یەکێکیانم لە قائیمقامی کۆیە وەردەگرت و کە لە کۆیە دەردەچووم لە بن بەردێك دەمشاردەوە. ئەوەکە ی تر لە ناوچەی کۆیە ( لە گۆپتەپە) کە دەهاتمەوە شار لە بن بەردێك دەمشاردەوە.

ئـەو گۆڕانکاریانـەی ڕاپـەڕینی سـاڵی (١٩٩١) بـۆ کوردسـتانی باشـووری هێنـا یەگجار مەزن و پڕ بایەخن. ئەوەی کە پەیەوندی لە گەڵ باسەکەی ئێمـەدا هەیـە ، (کەو و ڕاوەکەو)ە، کە دەتوانین لە دوو ڕەهەندی دژ بەیەکەو سەرنجی لێبدەین و خوێندنەوەی بۆ بکەین:

ڕەهەندی یەکەم: پاراستن و ژیاندنەوەی ژینەگەی کوردستان:

کوردستانی دوای ڕاپەڕین وڵاتێکی خاپورکراوی برینداری شەپرزە و شەکەت و هـیلاك بـوو. خۆشـبەختانە ، زۆر زوو بـە دەیـان ڕێکخـراوی خۆبـەخش، بـۆ نۆژەنکردنەوە و سارێژکردنی برینـەکان، قۆڵی میرخاسیی و کار و چالاکییان لـێ هـەڵماڵی و کەوتنـە کـار و کۆشـش و سـەعیکردن بـە هـەموو شـێوەیێك. بـە دەگمەن کایەیەکی ژیـن و ژیـان هەبوو، خاوەن ڕێکخراوی خۆی نەبێت. بۆیـە ژینگە و گیاندارانیش پشکی باشیان بەرکەوت. چەندین دام و دەزگاو کۆمەڵە و ڕێکخراو و گروپـی پاراستنی ژینگـەو گیانداران دامـەزران و جـێ پەنجـەیان لـە بواری کارەکەیان دیارە. ئەوەی بەبەر (کەو) کەوت ئەم چوار دەستکەوتەبوو:

١) هاندانی هاوڵاتی بۆ ئازادکردنی کەوەکانیان.

٢) سنووردانان بۆ ڕاوکردن و سزادانی سەرپێچیکەران.

٣) هۆشیارکردنەوەی کەوباز و ڕاوچییەکان تا ڕادەیەکی باش.

٤) هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگەی کەو و گیانداران.

له بەرانبەریشدا، دوو دیاردەی قێزەوەنی زیانبەخش سەری هەڵدا، کە بەشێکی زۆری ریسەکەی لێکردینەوە خووری.

١) رەهای ئەو ئازادییە تازەیە، هاندەر بوو بۆ زیا بوونی ژمارەی کەوباز و ڕاوچییەکان.

٢) باشبوونی گوزەرانی و بژێووی خەڵك، دوای ڕۆخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی سەددام، بووە هۆکارێك بۆ شاڵاوکردنە سەر ئەوەندە کەوەی کە بە شاخەکانەوە مابوو. ئەمەیش بە هۆی زۆر بوونی ئۆتۆمبیل و زۆری کاتی بێ ئیشی وای کرد کە بتوانن بە ماوەیێکی کەم بگەنە شوێنە دوور و عاسییەکانی کە جاران ڕاوکەرە قەدیمییەکانیش نەیدەگەیشتنێ.

دەبێ دان بەوەدابنێم کە لە (٪٩٠) ی کەوباز و ڕاوچییەکانی قەدیمی گلەیی و گازندەیان لە ڕاوچییە گەنجەکان هەیە.[١]* ئەمەیش لە سوونگە ئەم خاڵانەوە:

- گەنجەکان کەمتر بایەخ بە پاراستنی ژینگە کەو دەدەن.
- کەمتر پەیڕەوی کەلتووری ڕێزگرتنن لە شێوازی ڕاوکردن ، لە ڕوو وەرز و کات و ئامێر و وەسیلەی بەکارهاتوو.

---

[١] *) ویستم ڕاپرسییێك لەمەر ئەم مەسەلەو ئەنجام بدەم، وەلێ کە بینیم دیاردەکە هێندە زەقە لە هەموو شارەکانی کوردستانی باشوور دا ئەم بۆچوونەی سەرەوەیان هەیە، ڕاپرسییەکەم ئەنجام نەدا.

- بێ ئینسافانه ڕاوەکانیان دەکەن و هیچ حیساب بۆ ژمارەی کەوکان و ماکەو ودایکه کەو وبێچووەکەو ناکەن.

- ئەوان ئەوندەی کەوکوژن ئەونده خولیا و مەراقی کەوبازی و ڕاوەکەویان نییه. قەدیمییەکان دەڵێن ڕاو جۆرە سەیرانێکه نەك هێرشکردن و کوشتار و قەتل و عامکردنی کەوەکان!

هەر چەنده پێویسته کەوبازتازه پێگەیشتوەکانیش هۆشیاریی و ڕۆشنبیری ژینگەیی خۆیان پەرەپێبدەن، وەلێ ، بەڕای زۆر له کەوبازەکانیش، پێویسته ئەوانیش دەرفەتێکیان پێ بدرێت تا دەبن به خاوەن ئەزموون و تەجرەبەب خۆیان، بەمەرجێ سنووری سەروەرییەکانی ژینگه نەبەزێنن.

# بـــەنـــدی چـــوارەم

بـــاشـــترین دەرمـــان، مرۆڤـــ بەکاری هێنـــاوە......

وشـــەیـــە.

(Rudyard Kipling)

# کــەو لــە نــاو کەلتــووری و ئــەدبی کوردیــدا

## کــەو لــە نــاو کەلتــووری و ئــەدبی کوردیــدا

قۆناغ و کاروانسەرا جیاوازەکانی ڕەوتی کاروانی هەماهەنگی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکان، چەندین گۆڕانکاری لە شێواز و بنەما و ڕەهەندەکانی پێوەندی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایە داهێناوە. ئەگەر بنەمای بنەڕەتییەکەی ئەم پەیوەندیە لەسەرەتادا بەرژەوەندی ماددی بووبێت ( لە گۆشت و پێستە و هێلکە و تووك و خووری و پەڕ)، ئەوا لە قۆناغی دواتردا بەرژەوەندی مەعنەویش، لەم هاوکێشویەدا، بۆتە هاوتەریب. ئەمەیش، لە بەر بەها و بایەخی مەزنی پێوەندەکە، هێندە خێرا پەرەیسەند و تەشەنەی کرد ، تا گیاندارەکان بوونە قارەمانی ئەفسانەکان و دواتریش بوون بە خوداوەندەکان و هەزاران ساڵە ـ تا ئەم چرکە ساتەیش ـ لە نیو چەند هۆز و خێل و نەتەواندا دەپەرسترێن. لە ڕۆژگاری سەردەمی( ڕۆشنگەرایی و زانست و تەکنەلۆژیا)شدا بوون بە هێما و ڕەمز و کاریکتەر و ئەندامی کاری ژیانی تازە. ـ بڕوانە سەر دار و دیواری کەڵیسا و کوشك و قەیسەرییەکانی وڵاتی ڕۆما و یونان و ڕوسیا و

فەرەنسا...... سەرنج بدە لە تابلۆکانی موزەخانەی لۆڤەر(پاریس) وگەلەریی نیشتمانی (لەندەن) و ڤاتیکان و گەلەری نیشتمانی بۆ هونەر ( واشنتۆن) مۆزەخانەی(Metropolitanmu – New York) .......... . چاوێك بخشێنە بەسەر نەخش و نیکاری سەر ئالاّ و لۆگۆ و ئارم و مارکە بێشومارەکانی کۆمپانیا و دەزگا و ڕێکخراو و تیپ و گروپە فرە ڕەنگەکانی دنیای تاز...... گوزەرێك بکە بە ناو جیهانی چیرۆك و داستان و ڕۆمان و شیعر و گۆرانی و مۆزیك و هونەر و ........جا تێدەگەی کە ( ڕۆح و جەستەی) ئەم گیاندارانە چەند بە پیرۆزیی و شکۆداری و موحیبەتەوە (ڕۆح و جەستەی) ئێمەیان داگیر کردووە.

ئەگەر بازنەکە نەختێك بچووکتر بکەینەوە و زومی کامیرای سەرنجمان نەختێ گەورەتر بکەین، وەك مانگەشەو دیارە کە کورد کوڕی شاخە. شاخیش یانی سروشتی جوان و ڕەنگین ، سروشتیش پێکهاتەیەکی پڕ هارمونی و هاوسەنگ و فرە ڕەگەزە لە( دەنگ و ڕەنگ)، دیارترن ڕەنگ و کاریگەرترین دەنکیش، لەم دەڤەرەدا، .(**کەو** )ە.

کورد دەڵێت: "ئەوی لەبەر چاوانە، لەبەر دلاّنە." سەرنجێکی نەخشەی گیاندارانی جیهانی ئیمڕو بدە بزانە چۆن (گەنغەر) لە دڵی ئوستورالییەکان و و (قاز) لە چاوی ئایرشەکان[١]و و ( قەل) لە هزری تورکەکان و ( تاووس) لە

[١] *) ئایرشی = خەڵکی ولاّتی ئایرلەندا.

بــیری چــینییەکان  و (وشــتر) لــە لای عەرەبــەکان و (بــاز) لــە سەردەســتی مەنگۆلیەکان مەقامی پیرۆز و نەمرییان بۆخۆیان زامن کردووە.

"عەرەبەکان هەر لە کۆنەوە لە پێش ئیسلامدا، گەلێك هۆنراوەیان بۆ باسکردنی وشتر و بەرزەلاغ و و ئاژەڵـەکانی تـری دەوروبەریان هۆنیوەتـەوە. باس وشتری نێر و مێیان کردووە، باسی شیرمژین و ئاوس بوونیانی کردوە، هەروەها باسـی بـەروبووم و دۆشــین و شــیرەکەیی و ڕەنگــەکانی و ســەربڕین و بەرەبابــەکان و دەنگــەکانی و پاوانــەکانی و شــوێنی ئاوخواردنــەوە و جۆرەکـانی ڕۆیشــتنیان کردووە."[1]

هەموومان هاوڕاین کە کوردستان مەفتەنی دەیان گیانـدار و باڵنـدە و زینـدەوەر بووە، بەڵام هیچیان نەیاتوانیوە  بە قەد (کەو) بوون و ماهیی خۆیان بسەلمێنن. کە چاو دەکەنەوە  دەبینن هەر (کەو)ە فجووقدەکات و قنـەقن دەکات.. کـە گوێ هەڵدەخـەن هـەر (کـەو)ە قاسپەقاسـپی دێ و دەخـوێنێ. ئـەم باڵنـدە سـیحراویە هێنـدە بـە بـەرفراوانی و قـوول و کاریگـەرانـە بـاڵی کیشـاوە بەسـەر ڕۆح و دڵ و دەروونــی کـورددا کـە هـیچ کایـە و بـوار و دیاردەیـەکی ژیـان  نـەماو،  نـاوی (ئەوەی) تێدا ئاوێتەنەکرابێت.

لەم تەوەرەی خوارەوە وردتر و جوانتر ئەم بۆچوونە شیکار و شیتەڵدەکەینەوە.

---

[1] ) ئەو تاوانانەی  دژبە ئاژەڵ ئەنجام دەدرێن. د. هیمداد مجید علی. و. شاخەوان باوەدین کریم. ل. ٥.

# بەشی یەکەم

" کەوان قەپان قەپانە، دانیشتن جێی مێردانە."

. پەندی کوردی .

# کــەو لە فــۆلکلۆری کوردیــدا :

## کــەو لە فــۆلکلۆری کوردیــدا

" گەلی کورد، لـە کۆنـەوە گەنجینـەیێگی گرانبـەهای لـە کەلـەپووری نەتەوایـەتی خـۆی بـووە، بەتایبـەتی کەرەسـتە و بابـەتی ئـەدەبی فۆلکلـۆریی وەك چیرۆك و بەیت."[1]

لە ناو کوردەواریدا، بە داستانی هـۆنراوەی فۆلکلۆری دەگوترێت ( بەیت). جا ئـەو داسـتانە، چ داسـتانی قارەمانیـەتی بێـت و چ داسـتانی ئـەڤین و دڵـداری. هونـەری داڕشـتن و شـێوەی هۆنینـەوەی (بـەیت) یـان بـە شـیعری هـاوکێش و سـەروادار هۆنراوەتـەوە، یـاخود بـە جـۆرە شـیعرێکی کـێش جیـاوازی کـورت و درێـژی سـەروا گـۆڕاوی نزیـك لـە پەخشـانی هـۆنراوەیی داڕشـتراوە کـە پێـی دەگوترێت ( بەند). بەنـدی کوردی تـەنیا هـۆنراوەیێکی شـیعری فۆلکلۆری لـەبار نەبووە بۆ هەڵبەستنی بەیتی قارەمانییەتی و دڵداری، بەڵکو لە کۆنەوەش جۆرە قالبێك بووە بۆ داڕشتنی گـۆرانی پڕ سـۆز و کەرەسـتەیێکی سـەرەکیی بـووە بـۆ

---

[1] ) کەریم مستەفا شارەزا. مەقامەکانی سێوە. ل. ٦٢.

لاوك و حەيران و مەقامی كوردی. هیچ بەندێك بەبێ ئاواز نەماوەتەوە و هەردەم وێردی سەرزار و زمانی گۆرانیبێژان بووە.[1]

جا بۆ كوردێكی چیانشین، جگە لە ئاسمانی شین و دارستان و شاخ وداخی سەر بە هەورو بەفر و مانگەشەو و دیمەنی ئەم گیاندارو دەنگ و سەدایانە كەرەستەیێكی تری شیعری شك نابات ن بۆ هۆنینەوەی بەندەكانی ، پەنای بۆ بەرێت . مرۆڤـ هەمیشە حەز بە لاسایی كردنەوەی ئەو دەنگانە دەكات كە لە سروشت دا گوێی لێبووە، وەك نەغمەی مەلە دەنگخۆشەكان و گرمەی هەورو وورژەوژی با و هاژەهاژی ئاو........[2] كەوتە هیچ شكی تێدا نییە كە قاسپەقاسپ و دەنگ وسەدای كەویش، وەك دەنگە خۆشەكانی مەلەكانی تر لە گوێی كوردا زرینگاوەتەوە و فێری ساز و ئاواز و سەمای كردبێت. وەك مامۆستا (گۆران) دەڵێت:[3]

قاسپەی كەو، نەغمەی چۆلەكە و بولبولی دەنگخۆش

پیاڵەی نەشئەی جەنتا، بە گیانی بەردیش ئەكانۆش

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

[2] ) عوسمان شارباژێری. گەنجینەی . ل. ٥

[3] ) محمدی مەلاكریمی مودریس. دیوانی گۆران. ل. ١٦٩

له کەنەوە دڵداری کورد بە دولبەرەکەی خۆی گوتوو:

ئـەگـەر تــۆ کـەوی ئـەمـن کـەوبــازم

سـوندت لـۆ دەخـۆم هـەر تۆ دەخـوازم[1]

- **کـەو لە گـۆرانیدا:**

ئەفسـانەیێکی (چـینی) دەڵێـت:" مـەلیێکی نەناسـراو چاوسـاغی ئـادەمیزادی کردووە بۆ دۆزینەوەی گۆرانی و مۆسیقا."[2] هەبیّ و نەبیّ ئەو مەلە نەناسراوە، لە کوردستانەکەی ئێمەدا (کەو)بووە. چونکە " گۆرانی فۆلکلوری کوردی کە لـە هەڵبەسـت و هـۆنراوەی فۆلکلـۆری سـادە و دڵـدەێن داڕژاون، مـۆر و سـیمای دێهاتی پێوەیە، جیّ پەنجوی شوان و رشەوەند و ڕەشماڵنشینی دیارە."[3] جا چ چ شتێك هەیە بەقەد (کـەو) لـەو ژینگـە خۆشـەی ئەوانـە نزیك بێـت. کەواتـە زۆر ئاساییە کە (کەو) لە هەموو دەرگاو دەروازە و پەنجەرەکانـەوە ، بە ئاز، هاتۆتـە

---

[1] ) زبێدەی عەبدوڵڵای کەبابچی. چاوپێکەوتن. لەم تێکستەدا ئاماژەکردنێکی تێدایە بۆ پاکی خۆشەویستی جاری جاران : ( تا سەرەتای سەدەی ڕابردوو ، لە ناو کوردەواری باو بووە، کە کوڕ و کچی عاشق سوێند بۆ یەکتری بخۆن و پابەندی ئەو عەهد و پەیمانەش بن کە دایاندا بە یەکتری و دەیانگوت ـ یان بۆ یەکتری یان لۆ بن گری ـ )

[2] ) عوسمان شارباژێری. گەنجینەی . ل. ٥

[3] ) سەرچاوەی پێشوو . ل. ٥٩

نێو ئاواز و گۆرانی کوردییەوە. ( کەو) کەرەستەی ئەو هۆنراوانە کە " بۆنی غەم و غەریبیی و خۆزگە و خۆ شیی و لەیل و مەیل و خۆوێن و خاکیان لێدێ پارچەیەکن لە ئەدەبی کوردی."[١]

خاڵی گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە، (کەو) وشەیەکی مردوو نەبووە هەر بۆ هێنانەوەی کێش و سەروای بەیت و بندەکان بەکار هاتبێت، بەڵکو وەسیلەیێکی زیندووی بەهادار بوو بۆ دەربڕینی سۆز و هەست و هزر و هۆشیتاکی کورد. ئەوان هونەرمەندانە لەگەڵ هەموو پەڕ و پەڕەمووچێکی ئەم باڵندەیە ، زۆر جوان مامەڵەیان کردووە. کام گۆرانیبێژی ڕەسەنی کورد هەیە، گەرووی بە وشەی (کەو و ئەندامەکانی کەو)) نەخارابێت و ئاشنا نەبێت. گۆرانی کوردی لێوانلێوە لە (کەو):

**دەنگی کەو:**

هەمیشە مژدەهێنەری خێر و خۆشیی و بەختەوەری بووە. هێورکەرەوەی دەروون و ئارامبەخشی دڵان بووە: نەبیستنی ئەو دەنگە، ڕەشبینی و نسکۆ و نوشستی لەدوا بووە:

**لە کەل سەرکەوتم، وەتەن دیارە**

---

[١] ) سەرچاوەی پێشوو . ل. ٦٠

## نـه قاسـپەی کـەوە ، نە دەنگی یارە [1]

قاسپەی کەو ، بۆتە دەنگی نـەرم وخـۆش ئاوازی گـەرووی یـار. ناهـەقیان نییـە، چونکە هیچ دەنگی وەك قاسپەکەی ئەو نابێتە پەلکەزێرینەی ئەو جوانییە.

عاشـقی دوو بـرۆی گیـژێـکم

جـووت پەیوەسـتن پێـکـەوە

خـودا لـە قـاقـای ئە و کچە

قـاسـپەی دێ دەڵێـی کـەوە. [2]

چ شـتێك وەك قاسـپەی کـەو مـژدەی بوهـاری پـڕ مـاچ و ژووان و ڕاموسـانی بـۆ دلچدار و عاشقان پیێ نییە:

### بەهـاران بەهـارە...

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە . ٥٢. ل. ٩٩

[2] ) عوسمان شارباژێری. گەنجینەی . ل. ٢٧٩

ئایشـلێی مـامـان

دەخـوێنن کـەوبـارە...

وێمـدە شـەمـامـان[1]

لە وێنەی هونەری دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا، کـەو لـە هـەموو هونـەرەکانی ئەو شێوازە ئەدەبییەدا خۆی فەرزکردووە: بڕوانن چەند جوان لـە گـەڵ بولبولـدا لەم خوازەدا بەکار هاتووە:

دوو کـەو ، دوو بولبـول، دوو بەڵـەك چاو دیـم

دوو بـەنـەی بێ عـەیـب، لە ڕێـی سـراو دیـم.[2]

پـەڕی کـەو:

لاوی کـورد، ناتوانێـت سـەیری ڕوخسـاری دڵبـەری بکـات و نیشـانەیێکی کـەوی تێدا نەبینیتەوە:

چـاوت، چـاوی بـازانـە

---

[1] ) محەمەدی ماملێ. بازی بێریان. ل. ١٣٥

[2] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە . ٥٢. ل. ٩٩

برژانـگت، پـەڕی کـەوێ

مەڕ، چیـدەکرد لۆ بەرخی

هەندمان یەکدی خۆش دەوێ[1]

**کوڵکی کـەو:**

بـالیف لـە کـوڵکی کـەوێ

بە جـووت خـەومان لێکەوێ[2]

**دنووکی کـەو:**

چـاوت ئـەستێرەی شـەوێ

کـوڵمـت دنـووکی کـەوێ

بـاسکت بکە بـە سـەرین

بـە جـووت خـەومان لێکەوێ.[3]

---

[1] ) کاکە شەلی کەوباز. وەستا عەبدوڵڵا . . چاوپێکەوتن.

[2] ) سەرچاوەی پێشوو.

[3] ) عوسمان شارباژێری. گەوهەرێ. ل. ١٤٣

خـەت و خـالْ:

یـارێکم دەویٚ بچـکۆلـەو منـدالْ

وێنەی بارِەکـەو تازە بـدا خـالْ[1]

چینـەی کـەو:

کـەوبـارِیٚ بوایـەم لـە ( جـارەجـۆ ) دا

چینـەم کـردایـە لـە سینەی تــۆدا. [2]

رِەوتـی کـەو:

هـاتە خـواریٚ وێنـەی کـەوە

یـار ئـەمـان

وەکـوماینی خۆش جـەلـەوە

یـار ئـەمـان

کـارمـامـزی ، پیٚ بـگرەوە

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە . ٥٢. ل. ٩٢

[2] ) سەرچاوەی پێشوو.

## یـــار ئـــەمـــان [1]

خوێنەری ئازیز، جوانی هونەرکاریی و هونەرمەندیی وشەی (کەو) لە گۆرانی کوریدا، بە ڕاست و دروستی لە مێشك و هەست و دڵ و دەروونـدا، بەرجەستە دەبێ ، ئەو کاتە کە خۆت گوێی هەڵدەخەی بۆ دەنگی هونەرمەندانی مەزنی وەك ( حەسەن زیرەك و محەمەدی مامڵێ و مەزهەری خالقی و تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و ئایشەگوڵ و گوڵبەهار و خاڵە سێوە و.........تاد. ئەمانە تەنیا مشتێك لەو خەرمانە بە بەرەکەتەی ئەوانن:

مانگە شـەو خۆشە، هـۆهـۆی گاگێرە

قـاسپەقـاسپی کەو، مـەڕ لەدو بێـرە[2]

***

قـاسـپە قـاسپی کـەو دێ، کـەو لە بناری بـەردوو

هەرمن بـانگ دەوکەم لێو ئاڵ، ئەو پێم دەڵێ دەردوو[3]

---

[1] ) عوسمان شاربازێری. گەنجینە. ل. ٢٨٧

[2] ) سەرچاوەی پێێشوو.

[3] ) عوسمان شاربازێری. گەوهەرێ. ل.٢٢٥

***

بــە كــوێرى دوژمــن، بــە دیــدەى یــاران

وەك كــەو بخــوێنــین، لــە پــاى نــزاران[1]

***

كــەو یــارێ و كــەو یــار، خــاس كــەویــارێكى

دەم تــەرِ و لێــو ئــاڵ، عــەجــەب یــارێكى[2]

***

قاسپە قــاسپى كــەو دێ، كــەو لە بنارى بــەردى

كــەو كــەوبــارِ دەخوێنن، لــە ئیزاعــەى كــوردى[3]

***

[1] ) سەرچاوەى پییێشوو. ل. ٢٠٣

[2] ) سەرچاوەى پییێشوو. ل. ٢٢٤

[3] ) هەمان سەرچاوەى پێشوو.

مەقامبێـژی نـاوداری کـورد (سـێوە) لـە مـەقامی ( بـەهار)دا ، هێنـدە وەسـتاینە تـەعریف کـەو دەکـات ، بـە و حـەکیم و دکتـۆرەی دەشـوبهێنێت ، کـە هـەر ئـەو دەتوانێـت دەردی دڵـی ئـەو تیمـار بکـات، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو کەوانـەی ئـەو هاواریان بۆ دەبات، لەو دیار نیین!

ئـەمـن بە هـارەکم ئـەوا گـەیوەتێ

گەلی برادەرینـە

خـواکەی سـەری من دەپێیـشی

دری منی ماڵ وێران گەلەك بـە کـەوایە

ئـەگـەر کـەوێ مـار وێـران

لـەمـن بوویتـە تـاق و جـووتە

بـەری سووێسکەی خـانە خـەراپ

لـەمـن بـووین بـە ڕەوایـە.[1]

هونەرمەنـدی گـەورە (خاڵـە سـێوە) لـەم تـابلۆ هونەرییـەی خۆیدا مـەقامی شکۆداری (کەومان) نیشان دەدات، کە ئەوە دەسەڵمێنی کورد بەو پەڕی ڕێز و

[1] ) کەریم مستەفا شارەزا. مەقامەکانی سێوە. ل. ٤٠

ئیحترامەوە سەیری ئەو باڵندەییەی کردووە. " سێوەی عاشق لەم بەهارەدا لە هەموو بەهارەکانی تر پتر دڵی سووتاوە و بە سکڵ و ژیلەمۆی ئەڤین و دڵداریێ، جەستەی داغ و کەوی کراوە ، ئەو چاوەڕوانی ئەوە بوو کە تاک تاک یان جووت جووت کەویاری نازدار و شۆخ ۆشەنگ بێن دەرمانی دڵ ئەو بکەن، کەچی لە بێ بەختی ئەودا، ئەوا سوێسکە بە ڕەوەی دەوریی ئەویان گرتووە." ئەمەیش ئامارژەیە کە سوێسکە خوازەیە بو کچەتیم و ناکەس بەچان، کە سێوە دڵی پێیان ناکرێتەوە، ئەو هەر بەتەمای هاتنی (کەوەکانە).

(کەو) دەنگ و سەدای گۆرانی کوردی، لە ژێیە سیحراویەکانی گەرووی هونەرمەندی مەزنی کورد ( محەمەد عارف جەزیری)، گەیاندە هەر چوار ئیقلیمی دنیا، تا گۆرانییە بەناو بانگەکەی ( کاڤۆکم لێ لێ ) بوو بە ئاوازی چەندین گۆرانیبێژ بە زمانەکانی تر:

کاڤۆکم لێلێ لێ لێ لێ

کاڤۆکا ڕەشم وای وای

لسەربان و بن بانە

ئەز دێم دمەشم لو لو

لبن بانا قوربانێ

دێم دمەشم لو لو

ئـەز ئاشـقێ لیـلێ

کچـکا کـەلەشـم وای وای

***

کـاڤۆکـم لیـلێ لێ لێ لێ لێ

کـاڤۆکـا سـوورم وای وای

لسـەربان و بن بـانە

ئـەز دێـم دمەشــم لولو

ئـەز ئاشـقی لێ لێ

چاڤێت ڕەشـم قوربانێ

***

کـاڤۆکـم لێلێ لێ لێ لێ لێ

کـەڤـوکـا شـینم خـودێـوە

لسـەربانا و بن بـانە

ئـەز دەخوینـم لۆ لۆ

ئـەز ئاشـقی لێ لێ

## کەچکا کەلەشم وای وای.[1]

### ▪ کەو لە بەیت و حەیراندا:

ڕووبەری پانتای جوگرافیایی حەیران لە دەشتی قەراج و کەندیناوە لە ناوەندی کوردستانی باشووردا تا دەم دەریای وان و کەناری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەلات داگیر دەکات. جا چونکێ ئەم دەڤەرە پان و بەرینە هەموو جۆرە شێوازێکی سروشتی خاك و هەوای تێدایە، زۆر ئاسایە کە (کەو) وەك ڕەگەز و پیبکهاتەیێکی زیندوو و جوانی ئەم سروشتە، بوون و حزووریێکی بەرچاوی هەبێت لە بەیت و حەیراندا و حەیرانبێژان وەستایانە ئەویان ڕاکێشاوەتە نێو گۆبەندی گوتنی خۆیان و دەنگە خۆشەکەی ئەویان لەگەلٚ ژسٚسەکانی گەرووی خۆیان ئاوێتە کردووە. ئەمەیش چەند نموونەیەك لە حەیرانی دەشتی هەولێر ، کە (کەو)یان کردۆتە کەرەستەی بابەتەکەیان:

**(حەیران لە باسکە باسکان)**

**حەیران لەباسکە باسکان .... کەویەك دەخوینی لەگەر دوو سوسکان....ئەوا کیژ دەرێ ... کورەتیم حەیران ... دەوەر بەوێ بوارێ .... لەناو گیا و کنێران.... لۆخۆمان تێکهەر کەین سمێر و بسکان..... حەیران دەرێم ....نادری وەلا بە من نادری.... لەچاوان بازی ....لە**

[1] ) نهاد عەبدولاڕحمان ، زاخۆ

خویندنێ کەوی... لـە فـڕینی کـۆتری... دەمگـۆ ئـەمن چـجاران دەسـت لەبەژنـەکی باریـك هەرناگرم.... هەتا ئەوێ ڕۆژێ بە کۆمەرگی.... برادەران شۆم دەکنەوە .....لەبۆ خاکی گری.

بەشێك لە حەیرانێکی تر:

ڕۆینی ڕۆینی مـامزێ.... لـە قاسـپە دەتگـوت کـەوە.... غرمـەی گـوارە و شـۆرابان ، مـەڕی دەرەواندەوە... گرتم و لە ئامێزم گرت، خۆم پێ گەرم کردەوە.... دەسـتم لـەبۆ یەخـەی بـرد شـەمامەم نەدیتەوە... درم سارد بوو وەك بەفرێ... هەستام لـەخۆم چـوومەوە..... جـاعێران لۆمەم دەکەن.... بەبێ ماچ گەڕامەوە.[١]

## ▪ کـەو لە شـایی و هـەڵپـەڕکێـدا :

شایی و هەڵپەڕکێ هەر سەماکردنی جەستە و وروژاندنی ناخ و ئارامکرنـەوەی ڕۆحـی داگیرسـاو نییـە، بـەڵکو هـەڵگری چـەندین ڕاز و نهـێنی و پـەیامی مرۆڤدۆستانەیە.(Alan Watts) دەڵێت:" تاکە ڕێچارە بۆ گـۆڕینی کـەش و هەوای هەست و سۆز ئەوەیە ڕاچڵکێنیت و بیهەژێنیت و بیرەقسێنی، ئەمـەیش بە شـایی کـردن دەبێت." هـەر لەمبارەیـەوە (George Bernard Shaw)

---

[١]) دیدەوان یەعقوب. چاوپیکەوتن

دەڵێت:" گەر گەرەکتە ئێسك و پرووسکت لە نێو گۆڕدا نەڕزی، بڕۆ ، فێرە شایی و هەڵپەڕکێی بکە."[1]

پێش هاتنی ئیسلام ، ئەو بۆنە و تقووس و خۆنمایشکردنانەی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا هەبوون ، هێندە ئاوێتە و تێکەڵەی پێکهاتەکانی ڕەمز و دیاردە ئایینیەکانی زەردەشتی و وەرزەکانی ساڵ و بۆنە نەتەوایەتی و کۆمەلایەتییەکان بوون، ژمارە و شێواز و جۆرەکانی شایی و هەڵپەرکێی کوردی هێندە دەوڵەمەند کردبوو، کە توێژینەوەکان ژمارەی شاییەکانی کوردی لە دێرزەماندا لە سەرووی (٣٠٠) جۆر دەخەملێنێت. لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەلایەتیی و ئابووری و شارستەنییەکان، وردە وردە ئەم شایی و هەڵپەرکێیانە پووکانەوە و بەرەوکزی و تووانەوە چوون. هەڵپەرکێی کوردی بێ ساز و موسیقاو و ئاواز و هەڵبەست و بەند و باڵۆرە نییە.کەواتە لەم بەزم و ڕەزمەدا، ناکرێ ئاوازی کەو و ڕوخساری جوانیی و ڕەفتاری شیرینی وەلاوە نرێت. بە دەیان دەقی فۆلکلۆری کوردیمان لەبەر دەستە، کە تایبەتە بە شایی و هەڵپەرکێی کوردی، ناکرێ هەمووتان لێرەدا بۆ بەیوان بکەین، جا فەرموون لە گەڵ ئەم تێکستە ناسك و پاراوە کە لە دەقەری ( برادۆست)دا لەگەڵ شایی ( سێ پێیی) دەخوێندرێت:

---

[1] http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/dance.html#ytTBKGyJSo3lUcpl.99

کـەو بووینە جـووت       کـەو بووینە جـووت

هـیٚ کـچیٚ جـــوانیٚ       کـەو بووینە جـووت

کــــەو ل کیٚـلیـا       ویٚ د بووینە جـووت

لــە دەو دۆلاٚن       شـــین بـوون کـەوۆت

هـیٚ کـچیٚ جـــوانیٚ       جـــەرگی مـــن سـۆت

***

کـەو بووینە سـیٚ       کـەو بووینە سـیٚ

کــــەو ل کیٚـلیـا       ویٚ د بووینە سـیٚ

لــە دەو دۆلاٚن       شـــین بـوون ڕاســیٚ

هـیٚ کـچیٚ جـــوانیٚ       جـــەرگی مـــنیٚ

هـیٚ کـچیٚ جـــوانیٚ       دلٚـــــی مـــنیٚ

***

کـەو بووینە چــــار       کـەو بووینە چــــار

کــــەو ل کیٚـلیـا       ویٚ د بووینە چــــار

لــه    ناو باغچان        شـــین بــوون هــەنار

هــێ کـچێ جـــوانێ       جــەرگی  مــن  خــوار

هــێ کـچێ جـــوانێ       دڵــی   مــنێ  خــوار[1]

- **کـــەو لە شـــین و شـــە پـــۆڕدا :**

حەلقـەی شـینگێران و سـینگ کووتـانیش، جـۆرێکی تـری سـەمای کوردییـە، [2] وەلـێ بـە بـەرگ و ڕوخسـار و کـات و شـوێنێکی جیـاوازتر لـە سـەمایەکانی تـر. چونکێ کەو ، لە کوردەواریدا، نیشانەی جوامێری و دڵپـاکی و خـوێن گـەرمی و وەفادارییە، لـە ئەلقەی شینگێراندا حزوورێکـی بەرچاو و دیـاری هەیـە. کیـژ و ژنـانی سـەردولکەبێژی کـورد، ئـاگری دەروون و سـفت و سـۆی دڵـی برژاویـان، بەهاوکاری ئەو باڵندە و گوڵ و شـەماڵ و هەورانـە دەردربـڕن کـە بەرامبـەریانن . ئەگەر جوانەمەرگ دڵدار بێت یان بە دەستگیران بێت یان تازە ژنی هێنابێت یـان

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە ٣٩. ل. ٦٥

[2] *) مەخابن ئەم بابەتە تا ئەم ئیمڕۆشی لەگەڵ دابێت وەك پێویست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و ئەدەبیی بۆ ئەنجام نەدراوە.

له هەڕەتی لاوی دابێت، له دەشتی هەولێرێ ، کیژانی دەسرۆکه[1] به دەست بەم سەردولکەیه بەسەر جوانەمەگیاندا هەڵدەڵین:

کـــەوەکـــم دەوێ کـــەوانی ســـووره
یـــارەکـم دەوێ بـــه تـــام و تـــووره

***

کـــەوەکـــم دەوێ لـــەوان کـــەوانێ
یـــارەکـم دەوێ لـــەوان جیـــرانێ

***

کـــەوەکـــم دەوێ کـــەو شکـــستی
دەســـته لـــه تیران لێکدی ببـــەســـتی
یـــارەکـم دەوێ کەس ڕووی نەکەســـتی [2]

---

[1] *) دەســـرۆکه پارچـــه قوماشـــێکی چوارگوشـــەیه، هـــەر لایـــەکی (١٤٠)ســـم دەبێـــت ناوەندەکـــەی قوماشێکی زەردە، هەر لایێکی قوماشی ڕەنگ سەوز و شین و پەمەی و پرتقاڵی پێوه دورواوه، جار هەیه له کاتی بووک گواستنەوه ، له سەری بووکێی دەبەستن.

[2] ) گۆڤاری ڕۆشنبیری. ژماره (١٠٣ ـ ١٠٤ ) ل. ٢٦٦

## ▪ کـەو لە پەنـدی پێشـینانـدا:

" پەنـدی پێشـینان بەشـێکی گـرنگ و بەنرخـە لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری نەتـەوە و کەرتێکی جوجانەکراوەی ژوورخـانی ماددی میللەتـە، لـە ئـەنجامی بەسـەرهاتی کاریگـەر و تاقیکردنـەوەی پیر و پێشـینیانە و گـوتراوە و کەوتۆتـە سـەر زمـانی گـەورە و بچـووك، تـا ڕادەیـەك بـووە بـە بەنـدی دەسـتوری ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و ڕامیـاری گـەل."[1] چونکە کورد هێنـدە شـارەزای ڕەفتـار و ڕەوشـت و ڕوخسـاری کـەو بـووە، دەرس و عیبرەتـی لێوەرگرتـووە، پەنـدی پێشـینانیش بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە. فەرموون لەگـەڵ ئـەم (٩) تێکسـتەی پەنـدی کـوردی کـە وابەستەن بە کەو و ژینگە و ژینی کەو:

١) "کـەو ئەو کـەوەیە، بەرانبەر کـەو بخوێنێ."

بە یەکێك دەڵێن کە لە پاشملە باسی یـەکێکی تـر بکـات. واتـا ئەگـەر دەتـوانین فەرموو ڕوو بە ڕووی خۆی قسە بکە.[2]

٢) " کـەوە خنکێ."

---

[1] ) کەریم مستەفا شارەزا. پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا. ل, ٨

[2] ) جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. ل. ٣٧٧

واتا ئەم شوێنە هی ئەوەی نییە مرۆڤـ تێیدا بژی، هێندە کەم ئاوە کەوی لێ ناژیت.[1]

٣) **" بەشی کــەو هەر ڕێزە."**

(ڕێز) بە مانای چەو و زیخ هاتووە. واتا ئەوەی بۆ کەو دەمینێتەوە هەر چەو و زیخە. بە یەکێك دەوترێت قانع بێت و چاوی لە شتی زل زل نە بێت.[2]

٤) **کەوك دەخینێ، کەوبارِ دەناری، مێردی نابەدر ، گوو بێ بەحاری، شـەوکم ڕابــارد، بە هەزار ساری."**

واتا بە نابەدڵی بە مێرد دراوم و ژیان کولەمەرگە.[3]

٥) **کــەوی سـۆری قوندەکە، خورتێ لە حاکمی دەکا."**

بە کەسێك دەڵێن ئازا و بوێر بێت و ملکەچی لە کەس قبوڵ نەکات و تۆبزیش بکات.[1]

---

[1] ) علی مەعروف شارەزوری. پەندی پێشینان.ل. ٨٢

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٨٣

[3] ) عمر شێخ للە علی. پەندی کوردی . ل. ١٥٥

٦ ) **" کـەو زمانی خۆی دوژمنیەتی."**

واتا زمان لیّ بگەریّت، سەر ئاسوودە دەبیّت. لەوەوە هاتووە کەو دەخوێنێ و شوێنی خۆی ئاشکرا دەکات و ڕاوچی دەیپێکێت.[٢]

٧ ) **" کـەوان قە پان قە پانە، دانیشتن جێی مێردانە."**

واتا پیاو ئەو پیاوەیە بەرانبەر پیاوان خۆ بگرێت.[٣]

٨ ) **" کەوەك دەخینی، هەر دەڵێی ئاوکووف."**

واتە: گشت ڕێککەوتنێك پێویستە بە لێوەشانەوە بێت. کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو.[٤]

٩ ) **"کـەوم، کـەوەێکی نێرم، لە بلازا دەخینم، لە نەویلیا دەبێرم."**

بە کەسێك دەڵێن دوو کەسێتی هەبێت ، لە شوێنی بێ ترس خۆ دەربخات و لە مەترسیدا خۆ بپارێزێت.[١]

---

[١] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٥

[٢] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٠

[٣] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٥

[٤] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٦

لــە هەڵســەنگاندنی ئــەم (٩) پەنــدە تێدەکــەین کــە کەســێتی (کــەو) لــە نــاو کوردەواریدا سەنگ و ڕێز و بەهایێکی مەزن و جوانی هەیە. تەنیا یەك دانە پەند گلەیی لە (زمانی کەو) هەبوو، ئەمیش لە سونگگەی بیٚ ئاگایی کەسەکە بووە، کە کەو پارێزگاری لە مەفتەنی خۆی دەکات، نەك بوونەوەرێکی زۆر بلێ و چەنەباز بێت.

■ کــەو لە مــەتــەڵدا:

مەتــەڵ ــ هەڵبەســت، هەمیشــە هــەوڵ دەدات ئــەو مەتەڵــەی دایــدەنێت و هەڵیدەبەستێت، سەرچاوە و کەرەستەکانی لە ژینگەی دەورو پشتی خۆی هەڵێنجێت. واتا ناکریٚ ئەو ( ماسی دۆلفین و کەنغەر و وشترمورغ) بۆ منداڵی کورد بکاتە مەتەڵ، چونکە ئەم بوونەوەرانە دوورن لە ژینگەی بەرچاوی ئەوان. بلاٚم زۆر ئاسایی بیر و هۆشی بۆ (کەو و سەێسکە و قازوقوڵینگ) بچێت. هەر بۆ نموونە وا ئەم (٦) مەتەڵەی جیهانی (کەو)تان وە بیر دێنمەوە:

١) "ســەد بەردیری کوڕەکــە دەزیٚ چ گــوانا نــاکــا" (کەو) ە

٢) "دە ھ مێر ب ڕەنگەکی سترانا دبێن ب دەنگەکی ." (کەو) ە

٣) "ســەر مازیکە ، ســتۆ دەرزیکە ." (کەو) ە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو. ل. ٦٦

٤) "مل نەخشینە و لە چیا زۆرە، ڕەنگی بۆرە و قاچی سۆرە، دوژمنی خۆیەتی و خۆخۆرە." [١] (کەو) ە

٥) "پوورەکم هەیە لە کێوی، بە ڕبان هێلکە دەپێوی." * (کەو) ە

٦) "هەژ زاخۆ هەتا سولەیمانیێ، هەمی کچێت چاڤ کلووکن." (کەو) ە

٧) "ژ فێری هەتا بلبل، هەمی لاوێت چاڤ ب کل." (کەو) ە

٨) "وت وت شینکی دویل قووت." [٢] (کەو) ە

٩) "دەھ دار و دوو بەن

هەموو ب فعیل و فەند

نێچیری دەکەن بێ دەنگ." [٣] (تەپکە، سیتاکەو) ە

---

[١] ) سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر. بەرکۆتێکی مەتەڵی کوردی. ل. ٢١٥ ـ ٢١٦. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری. هەولێر. ٢٠٠٥. ( مەتەڵی ژمارە ٤، ٥ ، ٦ ، ٧)

*) ڕبە = دەفرێکە (٨) کێلۆ گەنم دەکرێت. درکەیە بۆ ماکەو کە زۆر هێلکە دەکات.

[٢] ) گۆڤاری کاروان . ژمارە ٤٨ . ل. ١١٢ (مەتەڵی ١، ٢ ، ٣ ، ٤ )

[٣] ) گۆڤاری کاروان . ژمارە ٥ . ل.٣٨

١٠) " هەوار هەوار دار چـەماوە

گەڕا پشـتی چـەرمی خاوە

زینـدەوەریـکی لـە نـاوە." [١]        (قەفەز و کـەو) ە

- **کـەو لە لایـلایـەدا:**

لایلایە هونەرێکی دێرینی سەرزاری هەڵقوڵاوی ناخی دڵ و دەروونی دایکە. لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیادا هەیە. سێکوچکەی ئەم هونەرە ژن ـ ئامێزە، لە کۆنەوە نەگۆڕاوە و هەر پێکهاتووە لە:

- دارشتنێکی ئەدەبی کە خەم و پەژارە و ڕەشبینی بەسەردا زاڵە. دایکان وەك ئـامرازێکی فێنـك کـەرەوی دەروون و ئارامکـەرەوەی دڵـەی پەشـێویان پەنایان بۆ بردووە. ناوەڕۆکەکەی بەندە بە کەش و هەوای زیندەگی دایکەکە. بـۆ نموونـە ئەگـەر هاوسـەرەکەی لـە سـەفەر و جـەنگ و دوورە وڵات بێـت یـان کۆچـی کردبێـت و سـاوای بێکشـە هـەتیوو ـ کەوتـەبێت یـان دایکەکـە هـەژار و دەسـتکورت و نـەبوو بێـت، یـان نـەخۆش و دەردەدار بێـت ئـەوا نـاوەڕۆکی لایلایەکانی دەربڕی ئەو حاڵەتانەن.

---

[١] ) گۆڤاری کاروان . ژمارە٥١. ل. ١٥١

- هەمیشە لایلایە بۆ منداڵی ساوا دەکرێت لە کاتی خەواندنیدا ، مەرجیش نییە منداڵەکە هەر لە ناو بێشکە بێت، دەکرێت دایکە قاچەکانی درێژکات و بیکاتە بێشکە و منداڵەکەی لەسەردا بخەوێنێت.

- چونکە لایلایە ئاواز و نۆتە و نەغمەیێکی مۆرزیکیی تایبەتی هەیە، هەمیشە یەك قالبی داڕشتنی ئەدەبی هەیە. لایلایەی کوردەواری کێشی شیعرەکانی فۆلکلۆرییە و ( پێنج پەنجەییە) ( ٥ + ٥ ).

دایك لە کاتی لایلایەکردندا، چاو دەگێرێت و شتێك، دیمەنێك، ڕووداوێك ، خەونێك، خەیاڵێك، کە لە ژینگەی خۆیدا نزیکە بێت، دەکاتە کەرەستە و وەسیلەی دەربڕینی ناخی خۆی. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە لەو هونەرە و هەر ناوچەیەك خاوەنی دەیان لایلایەی خۆیەتی. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە لایلایەی وراتی کۆیە کە (کەو) بۆتە قارەمانی بابەتەکە:[١]

لای لایە ڕۆڵە ڕۆڵە لای لایە

کەوان دەخوێنن لۆ خەوت نایە

لای لایە ڕۆڵە ڕۆڵە لای لایە

***

---

[١] ) زبێدەی عەبدوڵلای کەبابچی. چاوپیچکەوتن.

کـەویٚ دەخـوێـنـیٚ        لـەو گـرد و هـەردە

هەناسـەی دایـکت        هەنیسـکی سـەردە

***

کـەویٚ دەخـوێـنـیٚ        لـە بـەر پـەنـجەرە

فرمێسـکی دایـکت        بـارانـی پـەرە

***

کـەویٚ دەخـوێـنـیٚ        لـە سـەر شـانی من

یاخوا کەس نەی بیٚ        دەرد و ژانـی مـن

***

کـەویٚ دەخـوێـنـیٚ        لـەسـەر لانـکەکـەم

دەبنوو بـەرخـۆرە        لـەجێی دایـکەکـەم

***

لای لایـە ڕۆڵـە        ڕۆڵـە لای لایـە

کـەوان دەخوێـنن        لـۆ خـەوت نـایـە

لای لایــه ڕۆڵـــه        ڕۆڵـــه لای لایــه

- **کــەو لە مەیــدانی جەنــگدا:**

وادەگێرنەوە کە جاری جاران کاتێك هۆزێك یـان خێڵێك هێرشیان دەبردە سـەر خێڵێکـی ڕکابـەری خۆیـان، چـەند سـوارەێکی چـەکدار لـەپێش لەشـکرەکەیان دەڕۆیشتن و پێش ئەوەی بگەنە ئەو قەڵا و کۆشك و سەراییەی دوژمنی تێدایـە، دەستیان دەکرد بە خوێندن لە سەر شێوەی قاسپەی کـەو:

" قــەقبــە، قــەقبــە، قــەقبــە، قــەق،

قــەقبــە، قــەقبــە، قــەقبــە، قــەق،

قــەقبــە، قــەقبــە، قــەقبــە، قــەق."[١]

کـە دوژمـن گـوێی لـەم قاسپەقاسـپە دەبـوو، زوو دەیزانـی پـەلامار دەدرێـن، جـا ئەگـەر ئـەوانیش نیازی شـەڕکردنیان هەبووایـە هـەر بـە قاسـپەی کـەو وەڵامیـان دەدانــەوە. خــۆ ئەگــەر وەڵامیــان نەدابایــەوە، مانــای وا بــوو بــێ شــەڕ خــۆ بــە دەستەوە دەدەین ، یان سولح و مەسلەحەت دەکەین.

- Never give a sword to a man who can't dance.

---

[١] ) مامۆستا عەلی مستەفا. چاوپێکەوتن.

- Confuciu
s

- **كـەو لە خـەوندا:**

**مامۆستا ( عەبدولسەلام محەمەد نەبی خۆشناو) لە ( خـەوننامە)دا دەنووسی:**

**" گرتنی کـەو لە خەودا: بۆ کەسێکی بیٚ ژن، ژنهێنانە. ماڵی کردنی کەو:فێربوونی قورئـانی پیرۆزە. گۆشت خواردنی کـەو: بەرگی نوٚیٚ لەبەر گردنە.خوێندنی کـەو لە کێـو دا: نیشـانەی ساڵی خۆشـــییە. بەڵام لە گوند دا: ئەوا پەیدا بوونی پیاوی دیندار و سوود بەخشـە."[1]**

**شیکردنەوەیێکی خێرای ئەو خەو لێکدانەوە، پێمان دەڵێت کە:**

- **کورد بە چاوی ڕیزە و سـەیری ئەو باڵندەیە دەکات.**
- **کورد زۆر زۆر ئاشنای ژینگەی ئەو باڵندەیە.**
- **بوون کـەو هاوسـەنگی جوانی و خۆشـی کوردستان ڕادەگرێت و لـەناو چوونی ئەو لەناو چوونی جوانی و خۆشییەکانەی کوردستانە. بڕوانـە ئـەو دەسـتەواژانەی بـۆ تەفسـیری خەونـەکان بـەکارهاتوون هـەموویان**

---

[1] ) عەبدولسەلام محەمەد نەبی خۆشناو . خەوننامە. ل. ١٨٠

**مۆژدە و گەشبینیی و خۆشیی و خێری تێدایە:*( ژنهێنان / فێر بوونی قورئان /***

- ***بەرگی نۆیّ / ساڵی خۆش / پیاوی دیندار)***

**خۆ ئەگەر بۆ باڵندەیێکی وەکو ( قەلە ڕەش و پەپۆ) تەفسیرەکان بخوێنینەوە ، ئەوا لێوانلێون لە ڕەشبینی و تاریکی و مەرگەسات.**

## ▪ کەو بە دیاری:

**سێسیۆلۆژ و ڕۆژهەڵاتناسەکان، زۆریان دەربارەی کەسێتی تاکی کورد ، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەوان: بەخشندە و خزمدۆست و هامووشوکەری بەدەست و دیارین لە گەڵ ناساو و بێگانە.دیاری و خەڵات و پاداشت، هەمیشە لە کوردەواریدا جێگەی دیاری هەبووە.لادێیەکان بە دەست بەتاڵی سەردانی دۆست و خزمانی شاریان نەکردووە، جاران سەرقەڵتارە هەنجیر و تریّ و خۆخ و هەرمیّ هەمیشە بەسەر پشتی گوێدرێژەکانیانەوە بووە. شارنشینیش لە بەرانەبردا ئەوانیان بەسەرکردۆتەوە. هەنگوین و پەنیری کوێستان و بەرخۆڵە و کەو وسوێسکە، دیارتریت دیاری دەستی گوندنشیان بوون. کەویش بە دوو جۆر دەکرایە دیاری:[1]* ئەگەر ڕاوچی زۆری ڕاوبکردبا، ئەوا چەند دانەیێکی لیّ**

---

[1] ) حەمەدی عەولاّ جەیدی گێڕایەوە:" لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە هوتێل شەهلا ، لە بەغدا، گوێم لە دەنگی کەوێکی زۆر خۆش بوو، خاوەن هوتێلەکە کە کۆیی بوو، پێی گوتم کە سەربازێکی کورد ئەو کەوەی بە دیاری بۆ ئەفسەرێکی عەرەب هێناوە. خێرا، چوومە (سوق الغزال) کەوێکی تۆڕم کڕی و هێنام ،

دەکردە دیاری. یان هەر یەك دانە کەویان بۆ مندالەکانی ناسیاوەکەیان دەهێنا تا پەروەردەی بکات و دلی پیٚ خۆش بێت. جاری واش بووە کەوی شەڕکەر و ڕاوکەریان بۆ ئاغا و شێخ و حاکم و پیاوانی ماقوولی شار بردووە ، ئەگەر کەسێکی کەوباز یان ڕاوچیی بووبێت.

- **کـەو وەك ناوی کەس:**

---

بەدزییەوە، بە کەوەکەی سەربازەکەم گۆڕییەوە ، گوتم خۆ ئەفسەری عەرەب هیچی لیٚ نازانیٚ. ئەو کەوەم هێناوە کۆیە و زۆر ڕاوم پێکرد."

*) لە ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم لاپەڕە (٦٧٨) دا هاتووە:" لە ولاتی ـ گرگر ـ جارێك کابرایەکی (وەرمەکانی) کەوێکی نایابی ئەبیٚ بەدیاری ئەیبا بۆ حاجی میرزا موجید باوکی نوسرەت نیزام لە (مامێزەك). ئەویش چل تمەنی ئەو سەردەمی بەناوب بەخششەوە ئەداتیٚ. ئەڕوا ، پاشان بانگی ئەکاتەوە پێی ئەلیٚ چاکەی ئەم کەوە چییە؟ ئەلیٚ: قوربان شتی وا نەبووەتەوە کە ئەبریٚ بۆ ڕاو هەرکە ئەخوێنیٚ هیچ کەوێك لەو دەورەدا ئەبیٚ هەموو کۆ ئەبنەوە. پاشان ڕاوچییەکە بە تفەنگی ساچمەزەن هەموویان ئەکوژیٚ کەوی وا هەر نەبۆتەوە.

حاجی میرزا ئەلیٚ: ها تێگەیشتم ، بە یەکیٚ لە پیاوەکانی خۆی ئەلیٚ ئەم کەوە سەربڕە. کابرای کۆنەخاوەنەکەی کلپە لە جەرگیەوە هەلەستیٚ تا ئەلیٚ: قوربان چی ئەکەی؟ پیاوەکە سەری ئەیبڕیچ ئەمجا ئەلیٚ: برام ئەم کەوە خۆخۆرە! ئەکاتە کاریٚ کە هاوخوێنی خۆی لەناو بەریٚ و ئەبێتە لەناوچوونی جنسی خۆی. هەر کەوابیٚ ئەبیٚ !لەناو ببریٚ."

له نێو کوردیشدا، وەکو نەتەوەکانی تر، هەڵبژاردنی ناوی هێندێك گیاندار بۆ کوڕ و کچەکانیان زۆر باو بووە. "لە دێرینەوە عەرەبەکان ناوی ئاژەڵەکانیان لە ڕۆڵەکانی خۆیان و هۆزەکانیان دەنا شەگەر واتای توانا و بەهێزی و وەفاداری بگەیاندایە، بۆیە زۆربەی ناوە عەرەبییە ڕاستەکانی هۆز و تاکەکانی پێش ئیسلام لە ناوی ئاژەڵ وەرگیراون، چەنکە ئاژەڵەکان باشترین ئامرازبوون، بۆ دەربڕین و وەسفکردن." [١]

ئێمەش لە جیهانی گیاندارانداا زۆر ناومان خواستۆتەوە، وەك: ئاسك، غەزاڵ، مامز، *شەهێن، هەڵۆ، قورینگ، پڵینگ، شێرکۆ، قومری، شاهۆ، شاڤ* ....... *تاد.*

وشەی (کەو) ، وەك ناوی ژن بەم شێوانە هاتووە:

**کەوە / کەوێ / کەویار / کەو کەو**

مامۆستا (هێمن) دەڵێت:[٢]

**سوێسن و وەنەوش و هەمین**

---

[١] ) د. هیمداد مەجید عەلی. و. شاخەوان باوەدین کەریم. ئەو تاوانانەی دژبە ئاژەڵ ئەنجام دەدرێن. ل. ٥

[٢] ) هێمن موکریانی. تار يك و ڕوون. ل. ١١٠

کـەژێ و خـەندان و جـەمین

خـاسـێ، کـەوێ، خاتووزین

بـە پـۆل، دەچنە مـەڕدۆشـین

نـاوی چـەند گونـد و کـانی و کانیـاوێکیش لـە کوردسـتاندا پاشـگری (ــ کەو)یان هەڵگرتووە ، وەك ( کـانی کـەو ).

دەشـتم دا لەبـەر، بـەم نیمـەشـەوە

بـۆلای یار ئەچـم، بۆ (کانی کـەوە )[1]

***

بـەو شێخەی (کـانی کـەوێ )، گوێت لێ بێ ڕەدڵت کـەوێ

بـە قوربانی لـە نجـەت بـم، هـەروەك و بـاڕەکـەوەێ

- **کـەو لە وەسـیەتنامەدا :**

کەوبازە ڕەسـەنەکان، هێنـدە قـەدر و خۆشەویستییان بۆ کـەوەکانیان هـەبووە ، کە لـە سـەرە مەرکیشـدا، فەرامۆشـیان نـەکردوون و بیریـان لـە خۆشـی ئاینـدەی

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە (٥٢) ل. ٩٢

ئەوان کردۆتـەوە . چـەندین وەسـیـەتنامـەی کـوردەوار یمـان لەبـەر دەسـتایە کـە پێوەندە بە (کەو). وەکو:

- وەسیەتنـامەی عومەر عەبـاسی ــ کۆیە:

"داواتـان لێدەکەم، دوای مردنیشم، جووتە کەوێك هەر ڕاگرن، بـا ماڵەکەم قەت قـاسپەقـاسپی لیٚ نەبڕێت. بەهارانیش ئەگەر هـاتنە سەر کۆڕەکەم، نـاوە نـاوە ، جووتە کەوێکی دەنگ خـۆش لەگەڵ خۆتـاندا بێن، بـا دوو بـانگ لەسەر گۆڕەکەم بخوێنیٚ."

- وەسیەتنـامەی عەزیزی قەسـاب ــ هەولێر:

" دوای مردنـم ، نـابیٚ کەوەکـانم بفرۆشن بە کەس."

چـەند کـەوبازێك دەچـنە مـاڵی خوالێخـۆش بـوو بـۆ کـڕینی کـەوەکانی ، بـەڵام هاوسـەرەکەی لـە دەمیاندەداتـەوە وەسـیەتەکەی بـە جیٚ دەگـەێنێت و کـەوەکان نافرۆشێت.

- وەسیەتنـامەی ــ کۆیە:

" کە مردم ، جووتە قەفەزێکی کەوم لەگەڵدا، لەناو گۆڕەکەم، بنێژن."

ژنی کەوبازێك، هاوسەرەکەی دەمرێت و جووتە کەوێکی لە دوا بەجیٚ دەمێنیٚ، ئەویش ئەم هەڵبەستەی بەسەردا هەڵدەڵێت:

جـووتە کـەوەکەی نێرە و مـایە بوو

# کـوێرایم دابێ، عـومـرم زایـە بوو[1]

[1]) کاکە شەلی کەوباز ـ وەستا عەبدوڵڵا. چاوپێکەوتن.

# بەشــی دووەم

**عــەسا و قــامەتم  تیر و کــەوانــە**

**کــەچی  دڵ تــاڵبی  ڕەوتــی کــەوانە[1]**

---

[1] ) عەسا و قامەتم  تیر و کەوانە: جوانترین وەسفی ڕوخساری پیرەمێرە، لە شیعری  کلاسیکی کوردیدا. پشتی چەماوە ، کەوانە، دار عەسای دەستی ، تیرە، هەر دووکیان بوون بە تیروکەوان.

**حاجی قادری کۆیی**

# کـــەو لە ئـــەدەبی کوردیـــدا

کـــەو لە ئـــەدەبی کوردیـــدا

مەغزا و مەبەستمان ، لەم تەوەرەدا، نە ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی ڕێبـاز و بنـەماو و خەسـڵەت و قۆنـاغ و تیۆرییـەکانی ئـەدەبی کـوردی و نــە شـیتەڵکاری و هەڵسـەنگاندنی ڕەوتـە جیاوازەکـانی شـیعری کـوردی، بـەڵکو پیاسەکردنێکی شاعیرانەیە بە ناو کەژ و یاڵ و دۆڵ و دەربەند و کویستانەکانی

شـــيعری كـــوردی بـــه نیـــازی ســـەردانی هـــەوارەكانی كـــەو و بـــە ئومێـــدی ئاشتبوونەوەمان لەگەڵ دەنگە خنكێنراوەكەی و ڕەنگە كوژراوەكەی!

بۆ ئەم مەبەستەش، شیعرەكانمان بەسەر چەند هۆبەیێكی دەست نیشانكراو دابەشـكردووە و لـە هەموویانـدا قارەمانـە دیارەكـەمان هـەر (كـەو و جیهـانی كەوە):

- ## كـەو لە شـيعری كلاسـيكی دا :

توێژەری بابەتی (كەو)، لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، دەبێ سەبری (ئەیوب) و ڕەنجی (نـوح) بكێشـێت، چـونكێ چاوانی لـە چەندین دیوانـە شـیعران سـپی دەبێت و تاقە وشەیێك نادۆزێتـەوە پەیوەست بـە بابەتەكەیـەوە بێت. ڕازەكەشـی لـەوە دایـە كـە (كـەو) نـەیتوانیوە ئـەو جیهانـە بـەرفراوان و كراوەیـە لـە شیعری كلاسیكی كوردیـدا دروست بكـات ، وەكـو لـە ئـەدەبی زارەكـی سـازی كـردوە. ڕیزبەندی چەندین شاعیری كلاسیكیمان لەبەر دەستە، بۆ سـۆدرەی سـەران، بـە حەڕفێك ، ناوی (كەو)ی نەهێناوە، ئەمەیش لەبەر ئەوە نەبووە كە (كـەو) بـەلای ئەوانە باڵنـدەیێكی نەگریسـی بەغـەزبی و نەعلـەتلێكراو بێـت، بـەڵكو تـەنیا لـەبەر ئـەوەی ، ئـەو لـە دەرەوەی بازنـە داخراوەكـەی ئـەوان بـووە، كـە قوفڵـدراوە بـە "پەرچـەمی خـاو و شـەمع و پەروانـە و ئـاوی حـەیات و جـەوری فەلـەك و سـاقی مەیخانـە و ئـەبرۆی كـەوان و چەهچـەهەی بولبـول و .....تـاد." بۆچـی؟ چـونكە هەمیشە ئەوان ویستوویانە بگـرێن، بنـاڵێنن، هـەش بكـەن بەسـەر خۆیـان و خـۆ

مەست و سەرخۆش بکەن، کە ئەوانە هیچیان بە کەوی دەنگ خۆش و قاسپەی دڵـرفێن و ڕوخسـاری خوداوەنـد ئاسـا ناکرێـت. ئـەوان عێشـقی چەهچـەهەی شـالۆرن، چـونکە باشـتر دەیـان سـووتێنیۨ، ئەوان هـاودونگی پەروانـەن چونکە باشـتر فێـرە سـووتانیان دەکـات. ( ئـەخـــۆڵ ) زوو دەرکـی بـەو حەقیقەتـە تاڵـە کردووە، بۆیە دەڵێت:[1]

کـەو بە قـاسپە قـاسپ، کـۆتر بە هاق هاق

لـە دڵ دەردەکـەن مـەینـەت و فیـراق

بازنەی ژینگەی کەو لە شیعری کلاسیکی کوردیـدا زۆر سنورداره ، هـەرجارەی لـە گۆشـەنیگایەکەوە سـەیری دەکـەن. ئـەوتا لـە دیـدی ( خـادیمـــی ) دا هـەرگیز پلـەو پایـەیی کـەو ناگاتـە عـەنقاو، بـەم بەراوەدکارییـە قیمـەتی جـوانی یـار دەخـەمڵێنێت ــ کـە بـە بۆچـوونی بەنـدە ، سـەرکەتوو نـەبوو چـونکە تـای بەراوردکارییەکە نا سـەنگە ، کـەو بە گیانـداری خـەیاڵی و ئەفسانەیی بـەراورد ناکرێت ـ :

ئــەم پەری ڕوخسارە وەك ئاهو لە ئادەم سـل دەکا

---

[1] ) ئەحمەد دەروێش عەبدوڵڵا. دیوانی ئەخۆڵ. ل. ٤١

**ئەم قسە مەشـهوورە: عەنقا نابێ وەك كەو ، كەوی**[1]

هەرچی ( **مـەلا محـەمـەدی كـۆیی** )یە كـەوی بە مرۆڤی چەوساوە و زوڵم لێكراوە داناوە و ئومێد دەخوازێ حەق و ڕاستیی زوڵم و زۆرداری ببەزێنن:

**بـە نـەظـەری تـۆ خـودایـە ئاسـانـە**

**بـاز و شـاهێن هـەڵێن لـە ترسی كـەو**[2]

سەربەرزیی و سەرداریی (كەو) لەو شیعرەی ( **حـەمـدی** ) دا كە لە گۆرانییەك بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٢٥) دا گوتویەتی، هێندە هونەرمەندانە تەوزیفكراوە، كە مەقامی هەڵۆ و بازی وەرگرتووە:

**وەطن غەرقی عیشوە و نازە ئەلحەق لە ئەرضا مومتازە**

**قەلی شـەلی ئەڵێی قازە كـەوی هەمووی ئەڵێی بازە**[3]

شاعیری كەوباز و كەوناس ( **صـافی هـیرانی** ) لە نیگا و سیمای كەو دا چاوی باز دەخوێنێتـەوە ، كـە ئـەویش ئـەو مەحبوبەیـە، شـاعیر بەدوایـدا وێـڵ و

---

[1] ) خادیمی . دیوانی خادیمی . ل. ٢٥٣

[2] ) مەلا محەمەدی كۆیی. دیاری مەلا محەمەدی كۆیی. ل. ٩

[3] ) ئەحمەد بەگی صاحبقران. دیوانی مەحوی. ل. ١٦٣

سەرگەردانە. لەنێو ئەو سێ باڵندەیە ( هەڵۆ و شاهێن و باز* ئەو هەر کەوی بژاردەیە:

بۆ شکاری مورغی وەحشی نەك هەڵۆ و شاهێنم

عەشقی چاوی بازی خۆمم بۆیە ڕاوی کەو دەکەم.[1]

شاعیری نەتەوەیی کورد ( **حاجی قادری کۆیی** ) سێ جار کەوی کردۆتە ئامرازی دەربڕینی دەردی دڵ: [2]

دەستەمۆکردنی مامزێکی سرکی عەمبازهاوێژی وەکو کەو، کارێکی شێتانەیە بۆ دڵێکی خەستە و شەکەت. حاجی شاعیرانە فەنی ڕەوانبێژی خۆی لەم بەتەدا بەیان کردووە:

دولبەرم مامزییە بازی بە ڕەفتاری کەوە

ئەی دڵی خەستە وەکو کۆرپە بە شوێنی مەکەوە

لە جیناسێکی هاو ئاوازی مانادار، حاجی بە قامەتی چەماوە ، ڕەتی کەوانی چۆتە دڵ و لە نەرمە هەنگاوی ئەواندا یارەکەی دەبینێت:

---

[1] ) دیوانی صافی. ل. ٢٥

[2] ) مەسعوود محەمەد. دیوانی حاجی قادری کۆیی. ل. ١٢٣، ١٢٨ ، ٣٣

عـەسا و قــامەتم تیر و کـەوانــە

کـەچی دڵ تاڵبی ڕەوتی کـەوانە[1]

حەتمەن، مومکین نییە، قەسیدە شاکارەکەی ( وتم بە بەختی خەواڵو) ی حاجی هیچ ئاماژەیێکی (کەو)ی تێدا نەبێ، چوون ئەم شاکارە، شاکاری بەهەشتەکەی کەوە.

خرینگ و هۆڕی قوڵینگ و قەتاری سی لە سەران

دەبێت و کـەو دەفـڕێت و شـەهێن چـریکە دەکـا

بەڕاستی حاجی قادری کۆیی بەم بەیتە نازدارە، جوانتریت تابلۆی چیاکانی کوردستانی جارانمان بۆ دەنەخشێنێت، ئەو کوردستانەی هەمووی نیشتمانی باڵندە و تەیرو تواری ڕەنگاڵ و ئاواز خۆش بووە. بەڵام سەد حەیف ، ئیمڕۆ هەر لە بەیتێکی ئاوا دا ئەو کوردستانە دەبینین. حاجی هەر بە (١٢) وشەی سادە، چیایەکی بە قەد (قەندیل)ی لە بیبیلەی چاوانماندا بچووک کردۆتەوە، تا ورد ورد جوانییەکانی ببینین و ئاوازەکانی هەڵمژین. ئامارژەی بە جوانترین (٤) باڵندەی چیاکان کردووە: قوڵینگ ، سی ( کە باڵدارێکی سپی کیوییە ، ئێستا

[1] ) عەسا و قامەتم تیر و کەوانە: جوانترین وەسفی ڕوخساری پیرەمێرە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. پشتی چەماوە ، کەوانە، دار عەسای دەستی ، تیرە، هەر دووکیان بوون بە تیروکەوان.

قڕ بووە و  نەماوە) ، کەو ، شەهێن. قولینگ و سی بە قەتار بە ئاسماندا دەفڕن وەلیٚ هەر دەڵێی کاروانن خرینگ و هۆڕیان دیٚ. بڕوانە حاجی قەتاری باڵندەکانی ئاسمانی هێناوەتە سەر زەوی، وەك ئەوە وایە تۆ سەیری قەتاری ئاسمانان دەکەیت و گوێت لە خرینگ و هۆڕی کاروانی بنار شاخەکان دەبیٚ. جا لەم حەشرو هەرایەدا  کەو فجووق دەکات و شەهێن بە دەنگە تیژەکەی دەچریکێنێت. ئەگەر تۆ بتوانی ئەو هەموو ئاواز و دیمەنە جوانانە لە خەیاڵی خۆتدا دابرێژیتەوە ، تێدەگەی حاجی چی کردووە و چی  گوتووە .

(**ئەسیری**) وای بۆ چووە کە ( کەو) لە گەڵ هێندیٚ  باڵندە هاوپۆلەجوانەکانی خۆی کە لە کوردستانی ئێمەدا هەیە، لە باڵندەکانی بەهەشتدایە و خودا بە ئێمەی بەخشیووە . ئەمەیش بەڵگەیچکی ترە کە کورد ئەو باڵدارەی لە لا پیرۆز و سەنگینە.

**نیشتمانت وەك بەهەشتە چیمەنی**

**تیا دەخوێنیٚ پۆڕ و جوڕە و قومری و کەو**[1]

(**عەبدوڵلا بەگی مصباح ـ ئەدەب**) ، هیچ گیانداریك نادۆزێتەوە بە قەد کەو جوان بێت تا یاری خۆی پێهەڵکێشێت، بۆیە کەو دەکاتە ڕکابەری دەلبەرەکەی لە شۆخ و شەنگیدا.

---

[1] ) ئەسیری. دیوانی ئەسیری. ل. ٤٤

خـــالْ و خەتی ڕەنگینی بــەر گــەردن و ســینەت

شایستەیە سەد تەعنە لە خالْ و خەتی کــەو دا[1]

گـەورە شـاعیری کوردیش (نـــالی)، لـە یـەك بەیتـدا، لـە قەسـیدەی ( ئـەم طـاقمـە مومتازە)، ئامـاژەی بە (کەو) کردووە و لـە نێـوان تـاووس و بۆقەلەمۆنـدا مـەح و ستایشی دەکات:

گەه طاوس و، گەه کـ ەبـکن و ، گەه بۆقەلەمۆنن

گەه ئاتەش و ، گەه شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن[2]

لەم گەشتەدا، بینیمان کە شاعیرانی کلاسیك بە هیچ شێوەیێك تانە و تەشەریان لـە (کـەو) نـەداوە و وەك ڕەمـزی شـووم و مـەرگ باسـیان نـەکردووە و هـەرگیز نەفرەت و نەعلەتیان نەکردووە، بەڵکۆ وەك کەرەستەیێکی جوان و سـەنگین و پڕ بـەها مامەڵـەیان لەگـەڵ کـردووە ، بـەلاّم لـە ڕێـزی هـەر پێشـەوەی باڵنـدەکانی

---

[1] ) دیوانی عەبدوڵلا بەگی مصباح ـ ئەدەب. ل. ٢٠

[2] ) مەلا عبدالکلریمی مدرس و فاتح عبدالکریم. دیوانی نالی. ل. ٣٤٣ ( ئەوها تەفسیری ئەم بەیتەیان بەیتـەیان کردووە:ئـەم کوڕگەلـەی دەوروپشـتی پادشـا هـەر تـاویٚ لەسـەر باریٚکن، جاریٚك وەك تـاوس خۆیان ئەنوێن و، جاریٚك وەك کەو بە لارە لەنجە ئەڕۆن بە ڕێدا و ، جاریك وەك بۆقەلەمۆن خۆیان فش ئەکەنـەوە. کـە تـوڕەش ئـەبن جاریٚـك ئـەڵێی ئاگرن و ، جاریٚگ ئـەڵێی بڵێسـەن ئەچن بـە ئاسمانا و ، جاریٚکیش ئەڵێی دووکەڵی ڕەشن بەری چاو و دڵی خەڵك ئەگرن.)

کوردستاندا نییە. باڵندەی تریۆان بەسەردا تەفزیل کردووە.هۆکارەکەمان پێشتر بەیان کرد.

- **کەو لە شیعری نوێدا:**

شەپۆلی شۆڕشی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا، کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە سەر دەستی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران هاتە ئاراەوە، هێندە بە هێز و بەرفراوان و کاریگەر بوو ، کە توانی گۆڕانکارییێکی ئەوتۆی بەسەر زمان و ڕوخسار و قالب و پێکهاتەی ناوەرۆکی شیعری کوردی دابهێنێت، کە ببێتە سیمای سەردەم و قۆناغێکی تازە، ڕەخنەگر و زماننا س و ئەدیبەکان ناویان نا( سەردەمی شیعری نۆی کوردی). خەسڵەتە هەر دیارەکانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە تازەیە ، کە بە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە ، بریتینە لە:

- تێکشکاندی قالبی چوارچێوەداری فۆڕمی شیعر کۆن و داهێنانی قالبی تازەبابەت.
- پچڕاندنی کۆت و پێوەندی سەروا و بەخشینی ئازادی بە بەیت و بۆتەی دێڕەکانی.
- گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ (وشە) و نۆژەنکردنەوەی زمانی ڕەسەنی کوردی .

- تێکەڵکردنی ڕێبازی ئەدەبی تازەباو بە هێزی پێشکەوتووخوازی سەردەم و خەیاڵی بەربڵاوی شاعیرانە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە کاکڵی بابەتەکەی خۆمان و ئەم ڕەوتە ئەدەبیە تازەیە ئەوەیە :

ئەگەر بۆ ماوەیێکی دوور و درێژ، شاعیرانی کلاسیکی کوردی ، کەسێتی و چییەتی و بوونی ( کەو)یان هەر لە " ڕەوتی لەنجەداری یار و خەت وخاڵی گەردنی دولبەر و قاسپەقاسپی تریقەی پێکەنینی شۆخی عەیار و غووڕەی خیانتکاری چاوبەڵەکان" بینیبێت و هەست پێکردبێت، ئەوا شەپۆلی شیعری نوێی کوردی ئەو کەلتوورەی ڕاماڵی و بە نیگار و وێنەی داهێنراوی ئەو قەڵەمەتازانە سەرلەبەر تابلۆ و نەخشی نەبینرا و نەبیسترا و نەنووسراوی تازەیان بۆ (کەو) ئارایشتکرد.

لە شیعری نوێی کوردیدا، (کەو):

- بوو بە پێکاتە و تەواوکەری جوانیی دیمەن و سروشتی کوردستان.
- بوو بە ڕەمزی ئازادی و سەربەخۆی و سەروەری تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردی.
- بوو بە لۆگۆی پارێزەرانی خاك و نەتەوە.

لـەم سـەردەمە نوێیـەدا ویـژدانی کـەو ئاسـوودەیە و هەسـت دەکـات شـیعری تـازەداهێنراوی کـوردی قـەرەبووی خەسـارەتە مەعنەوییـەکانی کـانی عـومری ڕابووردی ئەویان کردۆتەوە. تەنانەت پێش باز و هەڵۆی شاخەکانیش کەتەوە و مـەدالیای بـەرخوردانی و خـۆڕاگرتن و کەشـبینی و سـەرکەوتنی نیشـتمانی کوردانی بردەوە.

باسکردنی کوردستانی بێ (کەو )، ئامازەکردنە بۆ نیشتمانێکی نیوەچڵ بۆیە (دڵـدار) دەچریکێنێت:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان

تۆ قیبلـەگاهی مـنی بێ گـومان

قاسـپەی کەوانی قـەد شـاخەکانت

خـۆڕەی ئـاوەکـەی نشـێوەکـانـت [1]

(بێکەس) دڵی خۆی دەکاتە کەو و لە زیندانی کـەودا هەست بە ژان و موعاناتی دیلی و ژێردەستەیی نیشتمانەکەی دەکات:

دڵ لـە دەردی وەطن پەسـت و گیـراوە

وەك کەوی ناو قەفەس، شـەوقی نەماوە[1]

---

[1] ) دڵدار. دیوانی دڵدار. ل. ٧٧

دەبێ شاعیرانی نوێی کورد، چ بوێریی و چاونەترسیی و خۆفیداکارییێك لە کەسێتی کەودا ببینن، تا بیکەن بە ڕەمز و سونبلی خەبات و تێکۆشان. ئەوەتا ( **پیرەمێرد** ) ، هانماندەدات کە ڕەفتار کەو بین و لەو فێرە پێشمەرگایەتی بین:

**ئێمە ئەبێ پێشڕەو بین بۆ فیداکاری**

**بە قاسپە قاسپ ، وەك کەو بین، کەوی بەهاری.[2]**

(**قانع**)یش، (بێکەس) ئاسا، ئازادی بە ئازادی کەو دەبەستێتەوە و زیندان بۆ ئەو قەفەزی کۆیلەتی و دەستبەسەرییە:

**ئاوارەی وەتەن تەنیا و بێکەس خۆم**

**کەوی باڵشکاو، حەپسی قەفەس خۆم[3]**

لە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، هیچیان بەقەد مامۆستا (گۆران)، شەیدا و عەوداڵی جوانی کەو نەبوون. ئەو هێندە هونەرمەندانە، (کەو)ی لە شیعرە ناسکەکانیدا تەزیفکردووە کە خوێنەر وا هەست دەکات، پێشتر ئەو ئاشنایەتییە پیرۆزەی لە گەڵ ئەو باڵندەیە نەبوو. جا چونکێ (گۆران) وەستا و

---

[1]) بێکەس. دیوانی بێکەس. ل. ١٥٩

[2]) پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد . ل. ٢١٧

[3]) بورهان قانع. دیوانی قانع. ل. ٣١٠

ڕێبەری ئەو ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەی شیعری کوردی بوو، (کەو)ی هەر وەك جەستە وپەیکەر و ڕۆح وەرنەگرتووە، وەستاکاری لە خودی وشە سێ حەرفە یەك بڕگەییە ئاوازدارەکەی( ك ، ە ، و) و کردوە، چونکێ ئاسان و سادەو خۆش نەغمەیە . ئەو کە لە ( هەورامان)دا، سەرهەڵدەبڕێت و مانگی ڕەنگ زەردی بەرە بەیانی بە ئاسمانەوە دەبینێت، بە ڕەوانبێژی خۆی، قاسپەقاسپی کەو دەکاتە هۆکاری ئەو ڕوو زەردییە. بە دەیان شاعیری کورد ، قاسەقاسپی، کردۆتە کەرەستەی شیعریی خۆی. وەلێ کەمیان گەیشتوونەتە مەقامی (گۆران) لە جوان تەوزیفکردیدا، بڕوانە ئەو تابلۆ هونەرییە نەمرە:

( الله اکبر! ) مەلا بانگانە

تاریك و لێڵی بەری بەیانە

مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو

زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو[1]

بە چوار دێڕە شیعری ناسك ناسك، بە ڕیزە وشەیێکی کوردی ڕەوان و پەتی، بە خەیاڵێکی سنوورشکێن، (گۆران) دڵگیرترین وێنەی کەوی کویستانمان لەبەرچاودا نمایش دەکات:

---

[1] ) محەمەدی مەلا کەریم. دیوانی گۆران. ل. ١٣١

یا کـەو لەسـەر بەفری نـزار

بۆ لوتکەی هـەزار بەهـەزار

چـەند ئێسـك سـووك ، چـەند گورج و گـۆڵ

ئـەکشـێ، پشـت لـە تـۆی تـەختـی دۆڵ[1]

کـە بەرەبـەیانێك، جـوانی کیژۆڵـەیێکی عەبابەسـەری جـادەیێکی شـار، چـاوی (گۆران) دەگرێت و مێشکی هەراسان دەکات و خەیاڵی لێدەستێنێ، ئەو عاشقە زامـدارە، پـەنا بۆ ( کـەو و تـاووس و قـومری) دەبات ، بەڵکو بە هـەر سێکیان بتـوانن، ڕەوت و لەنجـەی ئـەو کچەعەبابەسـەر، لـە دێـڕە شـیعرێکی نـازدار و ئاوازداردا ئاوێتە بکەن:

بـە ڕەوتی کـەو ، لـە نجـەی تاووس و قـومـری

گورج گورج، جوان جوان ، ئەهات و جادەی دەبڕی[2]

شاعیری جوانپەرسـت، کە چاوانی بەدوای شتە جوانەکانـدا دەگێڕێت ، دەبێ جگە لە (کەو) ، کێیتر، چیتر، بکاتە هاوسۆز و هاو خـەمی خۆی؟ ئـەو ( هێـمن )ەی کە خۆی گوتەنی" چاوی من ، جگە لە جوانی، نـەدی."، لـە چـەندین

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١١

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ٣٥

شاکاری هونەری شیعردا، کەوی، کردۆتە ئەستێرەی جوانی، هەر بۆ بەرچاو ڕوونیتان، وا چوار نموونە، لە شیعرەکانی نەمایش دەکەین:

جوانترین جوانترین شت کە ئەو شاعیرە بە منداڵی دیویەتی و بە پیریش هەر لە زەین و هوشیدا ، لە گەڵ شتەجوانەکانی تر، دەبریسکێتەوە (کەو)ە، ئەمەیش پایەبەرزی ئەو باڵندەیە دەسەلمێنێ لە ناو کوردەواریدا. (بڕوانە ناوی (کەو) یەکەمین یادەوەرییە ، لە نێوان ئەو (٧) یادەوەریانەی شاعیر لە بیری ناچێتەوە:

بە منداڵی کە پەروردەی چیا بووم

کەوم دی، پۆڕ و سوێسکە و ئاسکم دی

بە لاوچاکی لە شاری کوردەواری

کچم دی، نازەنین و ناسکم دی[١]

لە دیدی شاعیردا بەهار هیچ بوونێکی نییە بەبێ قاسپەی کەو. ئەمەیش نیشاندەری ئەوەیە کە تەواوکەری جوانی کوردستان، بە وەرزەکانیشیەوە، بە جوانی ئەم باڵندەیەوە بەندە. دەنا خۆ لە کوردستاندا دەیان باڵداری تر هەیە ـ

[١] ) هێمن. تاریك و ڕوون. ل. ١٩١

ڕەنگ بێ لەو جوانتریش هەبێت ـ ، بۆ شاعیر ئەو دەکاتە سەر قافڵەی بیرۆکەکەی؟

هات لە ڕەوەز و زەردان

قاسپەی کەوی سەربەردان

ورتە ورتی هەوێردان

دێ لەناو شینا و وەردان[1]

لە قەسیدەی ( کاروانی خەباتدا)، لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانندا، شاعیر کەوی لە بیر نەچۆتەوە و ، ئاخ هەڵدەکێشیچت ، کە قرمژی شێست تیر، جێگەی قاسپە قاسپی کەوی گرتۆتەوە:

زەردە پەڕی سوور بوو ئاسۆ

خەریك بوو سێرە هەڵگیرێ

لەباتی قاسپە قاسپی کەو

دەهات قرمژنی شێست تیرێ[2]

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٠٧

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل. ١٩٤

کـەوی بێ ڕەنـگی نـەو بەهـارانم

گـوڵی بێ ڕەنگی چـاو لـە بـارانم[1]

چـەندە دڵتـەنگی و پـەژارە و پەشـێوی خەفـەتبارمان دەکـات، کـە دەزانـین ( هێمن)ی دڵناسکی مرۆڤدۆست، بۆتە کەوی بێ ڕەنگ و گوڵی بێ ڕەنگ چونکە کیژۆڵە جوان و لە بارەکانی کوردستان لە ژێر زوڵم و جەوری چینایەتی و داب و نەریتی داتەپیووی کۆنەپەرست دەتلێنەوە.

( **محـەمـەد سـاڵح دیلان** )، لە خوێندنگەی ژیانـدا فێرکـراوە، کە قاسپەی کـەو هـەم مژدەی سەرکەوتنە و هەموو نیشانەی کەش و هەوایێکی خۆشی ئەو ڕۆژەیـە کـە کەوەکەی تێیدا دەخوێنێت. ئەمەیش لە کوردەواری تاقی کراوەتـەوە. لێـرە کـەو خەسڵەتێکی جوانی تری خۆیی دەردەخات:

شـینی چلـە دەسـتی پێکـرد بە تـەرزە

ئـاوە زێیـە، چـاوی زەوی ئـەم وەرزە

قاسپەی کەوە، تـاریك و ڕوون بەیـانی

لـەو مـلانـە مـوژدەی گزنـگی هـانی.[1]

---

[1] ) هێمن. ناڵەی جودایی. ل. ٤٢

( د. ئیحسـان فوئـاد)یـش لـە هـونراوەی ( خـوێن جمـان) دا ، دەخـوازی لاوانـی میرخاسی کورد، با وەکو کەو کارا بن و هەر مژدەی سـەرکەوتن بێن و سـەدایان سەدای قاسپە قاسپی دەربەند و کێوەکان بێت. دیسان گەشبینی بە (کـەو) و پەسندیی ئەم باڵندەیە دووپات و سێپات بۆوە بۆ ئێمەی خوێنەر.:

**لەگەڵ هـاژەی پلـەی کێـوا**

**کەوی موژدە و سەدای قـاسـپە**

**لەتەك دەنگی ئەوان لاوان**

**بجـۆشـن وەك دەمـی گڵپـە**[2]

پووختەی شیتەڵکردنی ئەم بڕگەیە ئەوەیە، شیعری نوێی کوردی، کودەتایێك بوو تەخت و بەختی بولبول و باز و شاهێن و هوما و عەنقای تێك و پێكدا و تاجی زێڕینی نایە سەر سەری (کەو).

- **کـەو لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا :**[1]

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە ١٦. ل. ٥٠

[2] ) ڕۆژنامەی ژین. ژمارە ١٠٥ ـ ١٩٧٣

ئەگەر بە چاوی ڕەخنەگری ئەدەبناسی بێلایەن و حەقبێژ، شیعری کوردی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، بنرخێنین، دەڵێم:" سەرەڕای هێندێ تاسە و ساتمە کە لێرە و لەوێ لەبەردەماندا زەق دەبنەوە، شیعری کوردی توانیویەتی بوێرانە و گەشبینانە هەنگاوی گەورە بنێت و بە هەیبەت و ویقارێکی سەردەمییانە بوونی خۆی بسەلمێنێ لە میانی شێوازی مامەڵکردنی لەگەڵ زمان و داهێنانی باڵا لە پێکهاتەی بونیاتی جەستەی دەق و لە هەڵشێلانی هزر و خەیاڵ و سروش و بەهرە و روئیای فرە رەنگی ئاوێتە بوو بە مەعریفە و تەکنەلۆژیا و دیدی تیۆرییەکانی سەردەم. ئەوەی کە دەنگی شیعری کوردی نەخێتێك خەفە کردوە ، نە شاعیرە و نە شیعر، بەڵکو نەبوونی ڕەخنەی باڵای داهێنەرانە لە لایەك و کزی بازاری وەرگێڕانی کوردی بۆ زمانە زیندووەکان لە لایەکی تر.

چونکێ بابەتەکەمان سنوردارە و لە دەوری بنە و نوانی (کەو)دا دەسوڕێتەوە، ناکرێ بۆ ئەملا و ئەولا عەمبازان بهاوێن و سەرە داوەکان ئاڵوز بکەین . بۆیە وا باشترە بگەڕێینەوە ئەو بنارانەی دەنگ و سەدای کەوی لێ دەنگ دەداتەوە......
.

یەکێك لە خەسڵەتە جوان و دیارەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی "یەکێتی بابەتی دەقە". بە واتایێکی سادە تر ، ئەگەر لە شیعری کلاسیکیدا، کەو ، بە

---

[1] *) هەرچەندە زاراوەی ( هاوچەرخ)مان زۆر پێ شیاو نییە. بەڵام وا بۆتە پێناسەی ئەو ماوە دیاری کراوەی نێوان حەفتاکاتنی سەدەی ڕابردوو تا ئێمرۆ (٢٠١٥).

تاکە وشەیێکی نیوە ڕۆح ئامازەی پێکرابێت و لە شیعری نوێی کوردیدا بووبێت بە ڕەمزی قامتێك لە سەروەرییەکان، ئەوا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بووە بە بونیاتی تێکستێکی تەواو و تەکمیل کە:

- خاوەنی فۆڕمێکی سەربەخۆیە لە پێکهاتەی بونیاتدا.
- خاوەن بیرۆکەیێکی داڕژاوی فرە ڕەهەندی هزر و خەیاڵە.
- خاوەن زمانێکی شیعرییە، لێوانلێو لە هونەری ڕەوانبێژی و ڕەوانیدا ـ بە ئەقەست یان بێ ئەنقەست ـ.
- ئەو ڕووبەرە شیعری و مەعریفی و ویژدانییەی بابەتەکە داگیری کردووە ، بێسنوورە. بە واتایێکی تر، شاعێر زۆر لە خەمی داهێنانی تازەیە و خۆپارێزە لە لاساییکردنەوە و کاوێژکردن.
- وێنەی هونەری ( یان وێنە هونەرییەکان)جەوهەر و ماهییەتی دەقە.

فەرموون ، با بە پراکتیزەکردنی چەند دەقێکی شیعری هاوچەرخی کوردی، دروستیی ئەم لێکدانەوەی سەرە و بسەلمێنین:

(لەتیف هەڵمەت) لە هونراوەی ( کەو)دا دەبێژێ:

(کەو)

شەوەی لە شەوان، سوڵتان

بەچکە کەوێکی گرت لە کەژێکی دووری کوردستان

کچی سوڵتان تەواو هۆگری کەو بوو

کەو لە کۆشیا فێری خەو بوو

ســاڵ هات و چوو

کەو گەورە بوو

کەو باڵی گرت

شەوێ پەنجەرەکانی شکان

بانگی لێکرد کچی سوڵتان:

بۆ کوێ دەڕۆی ئەو کەوی جوان

کوێ لە کۆشکم گەرمترە...؟

چی لەم کۆشکە بەرزترە...؟

کەوی فێرە بەفری کوێســتان

وتی: لوتکەی چیاکانی کوردستان.[1]

هەرچەندە بیرۆکەکەی تێکستەکە کۆنە، وەلێ شاعیر زۆر ژیرانە لە فۆرمێکی نوێی و بە زمانی ڕەوان و خۆش چیرۆکە خۆکردەکەی دەگێرێتەوە. گەورەیی (کەو) لە چاوی شاعیردا لەمە دایە کە:

- (٧) جاران ناوی کەوی هێناوە.
- بە شەو سوڵتان، کە ڕەمزی داگیرکەر و دیکتاتۆرانە، ئەوی گرتووە کە بێچووە بووە.
- جوانی کەو، وای کرد کچەسوڵتان هۆگری بێت و لە خۆشترین شوێنی دانی(ناو کۆشك و سەر کۆشی خۆی).
- کەو، هەر ئەوەند کویلەتی قبوڵکردوە تا باڵیگرت.
- کەوە، خۆی شووشەی پەنجەرەکان دەشکێنیٚ( ئازایەتیی).
- کەو، دەرس فێرە کچە سوڵتانیش دەکات کە جێگەیێك ئازادی لیٚ بێت و مەفتەنی خۆت بیٚ لە کۆشکی گەرم و قووبە بەرز خۆشتر و جوانترە

---

[1] ) دیوانی لەتیف هەڵمەت. ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.. ل. ٩٤ . چاپخانەی تاران. ٢٠١٤

بۆ منداڵ و گەورە ئەم دەقە شیعرە ناسکە، زۆر مانا و ڕەمز و دەلالەت لە خۆ گرتووە، ئەوە جگە لە زمانە ڕەوان و سادە و موسیقادارەکەی، کە ئاوێنەی قاسپە قاسپی کەوە لە ئاواز و نەزمدا.

دیوانەکەی ( شێرکۆ بێکەس ) کوێستانێکە پڕە لە کەو و تەیرو تواری تر. ئەو هەر هەموو ژانەکانی خۆی کردۆتە (خوێندن و دەنگی کەوێك) ئەو (کەو)ە پیرۆز و خوداوەندیەش خۆی لە نێو سینەگە خەفەتبارەکەی شاعیردا حەشارداوە و نایەتە دەرێ ، بۆیە ئەوەی دەیبیستی ئەوە قاسپە قاسپی ئەو کەوەی نێو قەفەزی سینەی شاعیرە، لێرەدا، وەستایانە بە سۆز و خەیاڵ و سروشی ، دڵی خۆی کردۆتە کەو و سینە: قەفەز و شیعرەکانیشی : قاسپە قاسپی ئەو کەو دەنگ خۆشە، ئەمانەیش بەڵگەی مەزنایەتی ئەو باڵندەن لە لای ئەو:

بارەکەوێ لەناو سنکتا قاسپەیەتی و

ژانی کردووە بە شیعر و بۆت دەخوێنێ.[1]

لە دەقێکی تردا دەڵێت:

ئـەی زایەڵەی کەوە سوورەکەی ناو سینگم

تـۆ کەی ئەوەند چوار دەوری

---

[1] ) شێرکۆ بێکەس. پیاوێك لە دار سێو. ل. ٢٣ ـ ٢٤ چ ٢ . ئۆفیسی دەزگای سەردەم. سلێمانی. ٢٠٠٢

## جێژوانی ڕازەکانت چۆڵ و هۆڵ بوون.[1]

پەپۆسلێمانی بە ڕاستگۆیی و خاوەنی (خەبەری یەقین) ناسراوە و بۆتە ڕمزی باڵندەی سەرڕاست.[2] بەڵام (شێرکۆ بێکەس) هاوەڵێکی بۆ پەیدا کردووە و حەزی کردوە خۆی ( خەبەرە یەقینەکان ) لە زاری کەوەو بیستی ، چونکە ئەو ڕەمزی شاخەکانەوە نزیکیشە لە ڕووداو و کارەساتەکانی کە بەسەریان داهاتووە. لە لاوانەوەکەی بۆ (مامە ڕیشەی) شەهید دەڵێت:

لەو دەوروبەرەی لەیلانە بانگی شێوان

مامە ڕیشەیان بینیوە هاتۆتەوە

ئەستێرەیەکی بچووك لە سینگیا شەلاڵ

بەجریوەی سوور

لەسەر دەفەی هەردووشانی گوڵە کێویلە ڕواوە و

---

[1] ) شێرکۆ بێکەس. دەربەندی پەپوولە . ل. ١٥٠ . قەسیدەیکی درێژ. ستۆکهۆڵم. ١٩٩١

[2] *) " فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ "سورة نمل .٢٢ )

ناو کاکۆڵی پڕ پەپوولە و

لە ناو ڕیشـیا گوڵ ئەستێرە تروکاوە!

بینیویانە هاتۆتەوە....

ئاخر خۆ دەربەند باسەڕە و داری قۆپی و

کەوەکانی ناوچەی شوان و

دەشتی حەمك درۆ ناکەن![1]

" دۆنادۆن ـ تناسخ الروح ـ  کە پڕۆسەی گواستنەوەی ڕۆحە لە جەستەوە بۆ ناو جەستەیێکی دیکە، لە ئاستی ئاساییدا پابەندی ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت بمرێت لەو دیو مردنەوە، دۆنادۆن ڕوودەدات، لە سەر ئەم جۆرە بۆچوونە کە لە ئاینیی (یارسان) هەیە،"[2] شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکیدا ـ کە کەوی تێدا لەبیر نەچووە، واتا سیفەتی سەرمەدی پێبەخشیوە، دەڵێت :

[1] ) شێرکۆ بێکەس. گۆڕستانی چراکان. ل. ١١٣ ـ ١١٥  چ ٢ .  ڕۆمانە شیعر. چ٢. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی،. ٢٠٠٤

[2] ) د. هاوژین صلیوە. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا. ل. ٢٩٨ ـ ٢٩٩

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردی و ڕەشــەبا بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشــی بەورێکەوە**

....................

**ئەگەر لە ڕۆژێکدا مردی و بەفرانبار بوو**

**ڕەنگە ڕۆحت بچێتە ناو لەشــی کــەوێکەوە**

...........................

**بەڵام ئێستە وەك دەبینن من زیندووم و**

**کەچی زۆر دەمێــکە ڕۆحم**

**چۆتەوە ناو لەشــی کوردســتانەوە.[1]**

**وەك گوتمان، یەکێك لە خەسڵەتە دیارییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی: یەکــەی بابەتــە، لــە ڕووی بونیــات و پێکهاتــە و بیرۆکــە و وێنــەی هونەریــدا. (قــوبادی جــەلیــزادە)، وەك شاعیرێکی ژنپەرستی هەست ناسك، دوور لە کەپکە شاخ و مێرگی دەوری کانی، دوور لە قاسپەی بەرخوردان و فیداکاری، جووتە**

[1]) شێرکۆ بێکەس. خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعێرێ. ل. ٧٣

کەوێك لەسەر سینەی ساف بلورینی کیژۆڵەکدا دەبێنێ. جووتە کەوێکی سرك و بزێو و دەستباز، کە شاعیر بۆ دەست پێداهێنانێکی پەڕ و باڵ و بۆنکردنێکی دەفەی سینگ و ماچێکی دنووك سووری، دەیان دنووکی وەك نوقورچەی خواردوە وناو لەپ و پشتی دەستەکانی وەك سەرەد، کونکون کراون. بەڵام ئەو، وەك ڕاوچییەکی لێزان و شارەزای مەمکە کێوییەکان، ئەو جووتە کەوە دەستبازە کەوی دەکات و ڕاستیی ئەم گوتە کوردییە تاقیدەکاتەوە، کە دەڵێ:" کیژان، هەر ماچی یەکەمیان زەحمەت!". (قوباد) دەبێژێت:

(مەمك)

ئێستا مەمکت،

دوو پشیلەی خڕی ماڵین

هەتا زێتر دەست بەسەر سەریان دابێنن،

پتر چاوی حەز لێك دەنێن.

کەچی دوێنێ

دووبارە کەوی کێوی بوون،

هەتا شابالم هەڵکێشان،

## سـەت دنووكيـان دا لە دەسـتم.[1]

هەرچی (**موحســین ئــاوەرە**)یەوە، بە بیرۆکەیێکی زۆر زۆر جیاوازەوە، یاخـەی کـەو دەگرێـت و تەنیا(ســوورای دەنــووکی کەوەکــە) دەکاتــە مــەکۆی خــەیاڵێکی بێســنووری پــڕ جەفــەنگ. لێڵــی و ڕاز و ڕەمــز ڕەگــەزی بەرچــاوی شــیعری سەردەمن. شاعیر بە تێکستێکی جوانی ئەندێشە ئامێز و توکمە و خۆشـزمان، شانۆگەییەك نمایشدەکات:

کەرەکتەرەکان: چۆڕاوگە، تاشەبەرد، کەو، شاعیر.

شوێن: دەم چوڕاوگەیێکی کوردستان.

کات: زەمەنێکی کراوە.

بیرۆکەی دراما: هـەموو بستێکی ئـەم خاکـە قـەوارە برینـە و ڕەنگـی سووریش، نیشانەی خوێنی هەزاران شـەهیدە کە ڕۆحـی (چوڕاوگە و تاشـەبەرد و کـەوی) پاراستووە.

ئــەم تێکســتە، بابــەتێکی والآیــە، بــەو مانایــەی ڕاڤــەی تــر و لێکدانــەوەی جیــاوازتریش هەڵــدەگرێت. شــاعیر، زۆر هونەرمەنــدا کەرەســتەی تێکســتەکە

---

[1] ) شەهید بە تەنیا پیاسە دەکا. قوبادی جەلیزادە. ل. ٢٣. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی. هەولێر. ٢٠٠٧

تێکهەڵشێلاوە. ئەوەی پەیوەستە بە کەو( باڕەکەو، دەفەی سینگ، شەقەی، دەنووك، سوور) جوولەی شانویش وەك ( ڕاکشان،پرسیار کردن، وەڵامدانەوە ،شەقەی باڵی وەڵام، سەرلەقاندن) .

کرۆکی قسەکەی ئێمە لێرەدا، (پرسیار)ەکەیە کە دەچێتە خانەی ( ئەفسانە) وە ـ ئەفسانەیێکی شاعیرکردە ـ : بۆچی ڕەنگی دەنووکی کەو سوورە؟ (ئاوارە) دەڵێت:

( چۆڕاەگە )

تاشە بەردێ،

لەژێر پڕووشەی برژانگی چۆڕاوگەیێ

ڕاکشا بوو،

باڕەکەویکی لەسەر شان و ملا بوو

پرسیم: بۆ وا دەفەی سینگت کون کون بووە؟

چۆڕاوگەکە دایە شەقەی وەڵام و وتی:

ئاخر دڵۆپەکانی منی خۆشویستووە

بەردەکەش سەری لەقاند و

وتی: تۆ بپرسە،

دەنووکی ئەم کەوە بۆ سوور بووە؟[1]

وای کە (عەبدوڵڵا پەشێو)ی بەرەبەیانی ڕۆژ چەژنی نەورۆز ، نیگەران و پەشۆکاو و ترساو دیارە، ئەو دەیەوێ زوو زوو ، پێش گزنگ هەموو کوردستان بەسەر بکاتەوە و چەژنەپیرۆزەیان لێبکات، بۆیە لە قەسیدەی( نەورۆزی ١٩٧٩)دا دەڵێت:

کزەی جەرگم!

بەیانی زوو هەڵمسێنە،

زۆر ئەترسم

کەوێک ، کارێک

گوندێک، شارێک

چەمێک، چیایەک

لە بیر بکەم.[1]

---

[1] ) موحسین ئاوارە. چۆڕاوگە. ل. ٤٧. پڕۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی. المؤسسة العراقیة للدعایة و الطباعة. کرادة داخل. بغداد. ١٩٨٤

بڕوانە ، یەکەمن، شت ، کە هاتۆتە سەر لێوی شاعیر و بیر و ئەندێشەی داگیر کردوە، (کەو)ە، ئەمەیش بەرزی پیرۆزی مەقامی ئەم باڵندەیە، لە لای شاعیر، نیشان دەدات.

شاعیر ( خەلیل محەمەد دهۆکی )، دەنگی کەوی بە دەنگی باڵدارێکی ئاسایی نازانێ، بەڵکو دەنگی هەورە تریشقەی جەماوەرە، دەگرمێنێ بۆ هاندانی شۆڕشکێڕان و خەباتکەرانی ئازادی و مرۆزایەتیز ئەو دەڵێت:

لێ برایینو!

هەرچەند گەلەك دار بەلاڤە و

ڕوبیارەك پڕ تۆڕ و داڤە

لێمە خەبات و بزاڤە

چنگۆ گەلۆ:

کەوێت مە هەدی د قەبن

ماهینێت مە هەمی سحارا دشهن

---

[1] ) عەبدوڵڵا پەشێو. شەونییە خەوتان پێوە نەبینم. ل. ١٥٠

## گـولێـت مه چـاندین نامـرن.[1]

( **کـەژاڵ ئەحـمەد خـدر** ) لە تێکهەڵکێشەیێکی هونەری پڕ سۆز و ئاواز ( کەو و چیا و نەتەوی کورد و کوردستان)ی هێندە وەستایانە داڕشتۆتەوە، کە توانیویوتی سەرکەوتوانە بە کەمترین وشە بیرۆکەکەی خۆی بگەیێنیٚ. لە دیدی ( کەژاڵ)ی شـاعیردا ( کـەو یـانی چـیا ) چـیاش کوردسـتانە و و جێگـە و هەوارگـەی نەتەوەیێکی مەزلوومە کە هەرگیز ئامادە نەبوو لەبەر ناپاڵم و چەکی کیمیاوی و کۆمـەڵکوژی و زیندانـدا چـۆکدابدات و تەسـلیمی ئـیرادەی شـەرخواز و مرۆڤخۆرەکـان بێـت ــ هەرچـەندە ئـەم وێنەیـەی چاوی شـاعیر لـە مـەدلولی ڕەمزەکـانی تێکسـتەکەدا دەخوێندرێتـەوە ـ کـە مـن هـەر بڕگـەی ( کـەوە)ەکەتا پێشکەش دەکەم. ئەو دەبێژێت:

**(ئـەگـەر)**

**ئـەگـەر کـەو**

**هێنـدە شـەیدا و وێـڵی چیـا نەبـوایـە**

**لـە کـرێـوە و بـەفـری زسـتانـا**

**دەبـوو چیـای جێهێشـتایـە.**[2]

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە ٧ . ل. ٣٣

[2] ) کەژاڵ ئەحمەد خدر.

(نـــەوزاد ڕەفعـــەت)، وەك شـاعیرێکی چیانشـین و ئەشـکەوت دیتـە، (کـەو) بـە مرۆڤی شۆڕشگێڕ دادەنێت و شاخ و داخ و ئەشکەتیش بە مەڵبەند و مەکۆ و حەشارگەی ڕاپەڕین و پارێزەری ئەوان. ئەو دەبێژێت:

پێـش بیسـتنی تـەقـەی تابـڕ

چـۆلـە پاسـاریم دی پێـکران!

پێـش کـەوتنی ئـا ئـەم بـەفـرە

ڕەوە کـەوم بینی خـۆیـان

لـە ڕەشـایی شـاخ دەکوتا![1]

لەم دەقە جەفەنگ ـ ئامێزە خۆش ئاوەزەدا، شاعیر دوو ئەزموونی شاردراوەمان بـۆ بـەیان دەکـات: یـەکێان، زیرەکـی کـەوە، کـە پـێش بـاران بـارین و ڕەشـەبا هەڵکردن و تۆف و زریان و ڕنۆی بەفر، پێشبینی ڕوودانیـان دەکات، هێنـدێك گیانداری تریش ئەم توانا و بەهرە خوداوەندییەیان هەیە. ئەوی تر یان: خودی شـاعیر، لـە تـاڤ لاویـدا، وەك کـەوەکان، لـە سـاڵی (١٩٧٤)دا، زانکـۆی بەغـدا

[1] ) نەوزاد ڕەفعەت. دارستانی ئەم بنارە. ل. ٧

جێـدەهێڵێت و ڕوو دەكاتـە ئـەو مەڵبەنـدەی كـە مـەكۆی كەوەكانـە و ، دەبێتـە پارێزەری ئەو شاخ و داخە.

شاعیرەكان، زۆر خەون بە نەمرییەوە دەبین و ، هەر یەكێكیشیان بۆ گەیشتن بەم مرازە، بە پەیژەیێكدا سەردەكەون. (**فازیل شـەوڕۆ**)، لە قەسـیدە درێژەكـەی (هەیبـە سـوڵتان)یدا، خۆی دەخیلی قاسپەی باڕە كەوێك دەكات، بیگەێنێتە ئەو مەقام و مەنزڵە، ئەمەیش لە ڕوانگەی ئەوەیەوە كە، كەو، وەك باڵنـدە، تا هـەوا و ئاو و خـۆر مابێـت، بوونـەوەرێكی ئـەزەلی و سـەرمەدییە. شـاعیر وێڵـی قاسـپەیێكە شەپۆلی سەدایەكەی بگاتـە دوورتـرین دەربەنـد و دۆڵ و یاڵـەكانی كوردسـتان، ئەوەتا دەڵێت:

(هەییەسـوڵتان)،

قەڵـەمی لەرزۆكی دەسـتم

بە تۆولەڕێی پڕ لە ڕاز و

لوتكەی ڕك و

پێچی دۆڵـە لێژەكانی عەزابی تۆ

هەڵناگەڕێ....

دەلێیگەڕێ....

با هەر لەوبەر ڕووباری ( تالان )ەوە

بەرانبەرتا هەڵتروکێ و

دوور بە دووری بەردەکانت لە بەربکات،

تا ئاوی چاوانی دادێ و

بەحەسرەت ماچێکی نەمریی

تەوێڵی تۆوە ڕۆح دەدات،

دەلێیگەڕێ.....

با تالاوی

شیرینی تۆ بخواتەوە

بەڵکو قاسپەی بارە شیعرێکی ئەزەلیی

لەسەر کەپکەشاخێکی تۆ

لە ( شنرۆێ ) دەنگداتەی

دە دە دە

نگ نگ نگ نگ نگ

**دا دا دا دا دا دا دا دا دا دا  دا دا دا د ا**

**ته ته ته ته ته ته ته**

**وه وه وه وه**[1]

**پووختــەی قســەمان لــە کۆتــای ئــەم بڕگەیــە ئەوەیــە، کــە (کــەو) لــە شــیعری هاوچەرخی کوردیدا تەواو سەربەخۆی خۆی وەردەگرێت و بە ڕاستیی شاعیران وێنــەی هونــەری زۆر شـاکارانەیان لــە دەنـگ و قاسـپە و ڕەوت و ، ڕوخسـاروی شـیرینی وەرگرتـوەوە و ، بـە ئـەزمونێکی کوردانـە و ژینگـەیێکی کـوردەواری و کەوسالاری، ئەدەبەکەیان دەوڵەمەند کردووە.**

- **کــەو لە سروود دا :**

**هەرچەندە ئەم بڕگەیەش هەر  لە کارێز و کانیاوی شیعرەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە هەمان دەریا مەزنەکەی زمانی شیعر، وەلێ یەك خاڵی گرنك هەیـە کـە**

---

[1] ) فازیل شەوڕۆ. کۆترێك لە ئاگر. ل. ٢٩٢ ـ ٣٩٣

پەیوەست و تایبەتە بە سروودی کوردی، ئەویش لەم پرسیارەدا چڕدەکەمەوە: بۆ لە زۆربەی سرروودەکانماندا گیانداران بوونێکی بەرچاویان هەیە؟

" مێژوویەکی دوور و درێژە ئێمە ناچارین بە چنك و ددان بەرگری لە خۆمان و هێلانە و زێدمان بکەین. رشەمزی مانەوەی ئێمەش هەر ئەم وە و هێزە نەترسی و ئازایەتییە بووە. هەر کە سەرهەڵجێنی و دەڕوانی ، ڕابردوویەك لە خوێن و خەیبات و بەرەنگاریی دەبینی،لەم هەڵ و مەرجەدایە تۆ دەبێ هەست و ڕۆحی (هەڵۆ و شێر و پڵنگ ئاوێتەی هەست و ڕۆحی وەری جەنگاوەرەکانت بکەیت و بەو هەستەوە بۆ خەبات هانیان بدەی. ئێمەن لێرەدا ، کەمتر کاتی ئەوەمان هەبووە بە شوێن جوانیدا بگەڕێین و خۆمان و ژیانمان و رشوانینمان بۆ دیتنی جوانی و جوانییەکان یەرخان بکەین. بۆیە هەوێن و کاکڵی زۆربەی سیعری حەماسی و شۆڕشگێرانەیەکانمان، ناوی هەڵۆ و پڵنگ و بەور و شێرو کەو بووە."[1] جوانی و جوامێریی کەسەکان لە سیفەتی ئەو گیاندارانە بەدیکراون.

نموونەگەلێگی زۆرمان لە سروود لەبەر دەستدایە کە گیاندارەکان بوون بە قارەمان و ئەکتەری سەرەکی. دەربارەی حزووری (کەو)یش هەر سرروودە بەناوبانگەکەی ( بەری بەیانە)ی شاعیری مەوزن (گۆران)مان بۆ ئامادەکردوون، کە زۆربەمان لە منداڵیەوە ئەزبەرمان کردووە:

---

[1] ) گۆڤاری ڕامان. ژمارە ٢١٤. ل. ٩٨

**بـەری بـەیـانـە ڕوونـاکـە ئاسـۆ**

**ئـاسـۆی هیـوای کورد موژدەبی لـە تۆ**

**قـاسـپە قـاسـپی کـەو ئاشـکرا ئەڵێ**

**کـاتی فرمـان هات، کورد نابی بنـوێ**[1]

کەواتـە، ئـەو قاسـپە قاسـپەی کـە بـەیانیان دەگاتـە گوێمـان ئـەو خوێنـدنێکی ئاسایی باڵندەیێکی ئازادی ئەم شاخانەیە، ئەوە بانکخوازی کوردە ، کە داوا لە کوڕ و کچ و ژن و پیاو ومندالی کورد دەکات ، لەگەڵ هەموو گزنگێکی نوێ ، ڕاپەڕن و ئەرکـەکانی خۆیـان و نیشـتمان و نەتەوەکـەیان بەجێبەگـەیێنن! بانگخوازەکەش کەوی کەژەکانە.

- **کـەو لە شیـعری منـدالاندا :**

**شیعری مندالان دوو جۆرە:**

**شیعری منداڵ:** کە خۆی دایدەڕێژێت و هەست و بینین دیدی خۆی تێدا بەرجەستەدەکات. لەبەر بایەخ نەدانی پەروەردەکارانی کورد بەم جۆرە ئەدەبە، بە داخەوەن هیچ نموونەیەکم وەگیر نەکەوت تا دوو قسەی لەسەر بکەم

[1] ) دیوانی گۆران. محەمەدی مەلا کەریم. ل. ٤٠٢

دوو: شیعری منالان: کە شاعیرە گەورەکان بۆ ئەوانی هەڵدەبەستن.هەرچەندە ئەمەشیان، بە بەراورد لە گەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی تر، لە ناو ئێمەدا نوێیە و " (نەو بەهاری) ئەحمەدی خانی، بە یەکەمین شیعری مندالان لە ئەدەبی کوردی دانراوە."[1] و تا ئیمڕۆ بە چەند قۆناغێك تێپەڕیووەو لە سەر دەستی شاعیرانی نوێخوازی وەك: گۆران و پیرەمێرد و فائق بێکەس و کامران و ع.ع. شەونم و کاکەی جوتیار و زێوەر و فەرەیدوون عەلی ئەمین و مەدحەت بێخەو و کەریم شارەزا و دلزار و موفتی پێنجوێنی و .....تاد. گرنگیەکی باشی پێدرا و هەنگاوی گەورەی نا ــ هەرچەندە بەردەریش نین لە ڕەخنە ــ ، دواتریش شاعیرانی هاوچەرخ، وەك لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و قوبادی جەلیزادە و ...... تاد ، بە بیر و هزرێکی تازەتر و داهێنانەتر، بەرهەمەکانیان خستە بازاری ئەدەبی مندالانەوە.

"ئەم ژانرە لە ئەدەب، کە گەورەکان بۆ مندالان تۆماری دەکەن، لە ناوەرۆکدا هونەری جوانیی و هەست و سۆز و ویژدانە. گوتاری سەروادار و کێشدارە و هەڵگری وێنەی خەیاڵاوییە، پەخشانە شیعریش هەر شیعرە، وەلێ کێشی هاڕمۆنی تێدایە. جا گەر پەخشان بیرۆکە بێت ، ئەوا شیعر جۆشدەری هەست و سۆزە، کە لەسایەی هونەرەوە هەستی جوانیمان دەخرۆشێتنێت." [2]

[1] ) گۆڤاری ڕۆشنبیری. ژمارە ١١٥ . ل. ١١٤

[2] ) د. اشراح المشرفي. ادب الطفال مدخل لتربية الابداعية. ل. ٩٥

جا کە شاعیر، لە هەر وڵاتێك بێت، کە شیعر بۆ منالان دەنووسیٚ، سەیری ژینگەی دەوروپشتی ئەو مندالە دەکات، ڕەنگ بێت بۆ شاعیرێکی هیندی ، تاووس و بۆ شاعیرێکی عەرەب ، وشتر ، نزیکترین گیاندار بن لە منالانەکانیان، کەواتە کەو و کۆتر و هەلۆ وبازو قازوقولنگ و پاساری و ڕیشۆلە ....تاد، باڵندە خۆشەویستەکانی منداڵی کوردن. بۆیە شاعیرەکانمان، هەمیشە شیعریان بەسەردا گوتوون.

کەو باڵدارێکی ئێسك سووك و قەشەنگە، دەنگخۆش و یاریکەرە، بێزەڕ و زیانبەخشە، زۆر نزیکە لە جیهانی سپیی مندالٚ، سەیرکە مامۆستا (گۆران) قەسیدەیکی نازداری ناوناوە ( گۆرانی کەو) کە تێیدا دەبێژێت:

قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق

شاخی بەرز و بەردی ڕەق

جێگای چێلٚ و جێگای بەق

قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق[1]

( محەمەد ڕەشید مەلا عەلی) زۆر بە نەرم و نیانی دەڵێت:

من کەوێکی زۆر جوانم

---

[1] ) دیوانی گۆران. محەمەدی مەلا کەریم. ل. ٤٠٦

هەمیشـە لـە کۆیسـتانم

لـەنـاو باخ وگـوڵانـم

فڕەنـدەی سـەر شـاخانم.[1]

( نەوزاد ئەحمەد حوسین) یەك هونراوەی تەواوی بۆ ( کەو و مندال) گوتووە:

ئـەی کـەوە، دنـووك سـووەکـەم

وەرە ، سـەر تـاقـی ژوورەکـەم

بـەو دەنـگـە خـۆشـە بخـوێنـە

بـوکـەشـووشـەکـەنم بنـوێنـە

بمخـەرە سـەر بـاڵـەکـانت

بمبـە لای منـاڵـەکـانت

[1] ) گۆڤاری بەیان. ژمارە . ٢٣. ل. ٦٧

## بـالەگـەڵ یـەك بکـەین یاری

## بـا وازبێنـین لـــە خـەمبـاری.[1]

ئەم هونراوەیە جوان داڕشتراوە و زیرەکانە بابەتەکەی نمایشکراوە ، شاعیر بە تـەواوی منـداڵ بۆتـەوە چـۆتەوە نێـو جیهانـە سـپیی و بێگـەردەکـەی ئـەو، بۆیـە دەبینین کە:

- کەوەکـەی بـە هـاوڕێی خـۆی دانـاوە و بـە قەدرزانییـەوە بـانگی دەکاتـە ژوورەکەی خۆی ( ئەی کەوە دنووك سوورەکەم).

- کەوەکە ئازادە و بانگی دەکاتـە ئـەو ژینگـەی کـە خـۆی تێیـدا دەژێـت،( تاقی ژووەرکـەم)، نـەك بـۆ نـاو قەفـەز و تەلبەنـد. کـەواتا هـەردوکیان هاوتـان لـە کەسایەتیدا و باوەڕیشیان بە زیندان نییە.

- دەنگی کەوەکە دەکاتە لایەلایە. کەسیەتی (دایك)ی پـێ دەبەخشـێ ، تـا ( بووکەشـووشـەکەم بنۆێنە).

- شیعرەکە خەیاڵ ئامێزە و منداڵەکە دەیەوێت وەك کەوەکە بفریت. کە نافڕیت، داوا لە کەوەکە دەکات یارمەتی بدات. ( بمخەرە سەر باڵەکانت).

---

[1] ) گۆڤاری کاروان. ژمارە. ٤٥. ل. ٤٠

○ کەدەیەوێ بچێت بۆ کەژ، حەز دەکات لەوی منداڵەکانی کەو ببینێت و سەردانیان بکات. ئەمەیش ئەو پەڕی ڕێزگرتنی ژینگە و دۆستایەتی ئەوە.( بمبە لای مناڵەکانت)

○ جا لەویش یاری و سەما و هەڵپەرکێ ساز دەکەن. کە سروشتی خۆڕسکی هەردووکیانە. ( با لەگەل یەك بکەین یاری).

## کەو لە چیرۆکدا

ئاشنایەتی گیاندار و تەیرو توار لە گەڵ چیرۆکدا زۆر کۆنە، حیکایەتەکانی بەرئاگردانی جاری جاران زۆربەی لەسەر زاری ئەوانە گێردراونەتەوە یان هەر خۆیان قارەمانیان بوون. ئەمەیش لە هەموو نەتەوەکاندا هەبووە و چەندین کتێبی وەك ( کلیلە و دمنە) مان ئەمڕۆ لەبەر دەستە. لەگەڵ گەشەکردنی ژانری چیرۆکی کوردیدا، کەویش وەك گیاندارەکانی تر پەڕیوەتە نێو چیرۆك و ڕۆمانەکان، جاری واش هەیە ڕاوچیی و کەوبازیش بوون بە کەرەکتەر و کەسێتی بابەتەکان. ئەو چیرۆکە کوردییەی کە لەسەر (کەو)ە و زۆر باوە و وەك فۆلکلۆر سەیر دەکرێت و وەك پەند و عیبرەتیش دەگوترێتەوە ، چیرۆکێکە بەناوی ( زاڵم زەوالی هەیە)[1] ئەمەیش پووختەکەیتی:

---

[1] ) ؟؟؟؟؟ سجادي

" دوو چەتەی ڕێگر ، لە سەرە ڕێی شاخ و داخێکی چۆڵ و هۆلی کوردستاندا ، ڕێبوارێکی بەستە زمان دەگرن و ڕووتی دەکەن، دوای دەیانەوێ بیکوژن، کابرا زۆر لێیان دەپاڕێتەوە کە ئازادی بکەن و نەیکوژن، وەلێ ئەو دڵبەردانە هەرگیز دڵیان نەرم نابێ و بە قەستی کوشتن پەلاماری دەدەن. ئا لەو کاتەدا جووتێك کەو لەسەر بەردێکی نزێك بەدیار دەکەون، کابرایش ڕوو لە کەوەکان دەکات و پێیان دەڵێت:" توخوا جووتەکەوەکە ، ئێوە شاهید بن کە ئەو دوو زەلامە بەناحەق وا ئەمن دەکوژن. چەتەکان دەیدەنە قاقای پێکەنین و کابرا دەکوژن و بەجێ دەهێڵن و بۆی دەردەچن.

سالْ دێ و سالْ دەڕوا، ڕۆژێك ئەو دوو چەتە پیاو کوژە بە هەڵکەوت دەبنە میوانی کابرایێکی گوندنشین. کە ئێوارە ئاش دادەنێنن و دێنە سەر سفرە، دەبینن لەسەر پلاوساوارەکە دوو کەوی قەڵەی سوورکراوە داندراو، بەدەم نانخواردنەوە ، ئەو دوو چەتەیە هەر زەردەخنە و پێکونینیان دێتێ، کابرای خانەخوێ، گومانێك دەکات و بە قسەی خۆشی هۆکار و سڕی ئەو پێکەنینەی ئەوان دەپرسێ، یەکێك لە چەتەکان ، دەڵێ: جا چیت بۆ باس بکەین، بەم دوو کەوە پێدەکەنین کەوا لەبەر دەمان دانراون، کە جارێك بوون بە شاهیدی پیاوێك لەو شاخ و داخە..... خاوەن ماڵ سەربوردەی چیرۆکەکەیان لێ دەردێنێ و پێیان دەڵێ: جا خۆ کەوەکان ئەویان بۆمن گێڕاوەتەوە ،ن ئێوە بە ناهەق ئەو زەلامە بەستە زمانەتان کوشت. یەکسەر وەك شێر پەلاماریان دەدات و

هــەردووكیان لەســەر خــوانی نانخواردنەكــە ســار دەكاتــەوە و تۆڵــەی ئــەو مەزلوكەیان لیّ دەكاتەوە و دەڵیّ ( زاڵم زەوالت هەیە!)"

برشـوانن لـەم چیرۆكەشـدا ، (كـەو) وەك گیانـداریّكی خیّرخـوازی مرۆڤدۆسـت كەسیّتی خۆی نیشان دەدات كە پەیامی ئەوەمان پیّدەدات، كورد هەمیشە ئەم باڵندەیەی بە گیانیّكی پیرۆز و بەخشندە و بە كەلك زانیوە.

- كـەو لە ئەفســانەدا

سادەترین پیّناسەی ئەفسانە ئەمەیە كە دەڵیّت:"ئەفسانە بە شیّوەیەكی گشتی پەیوەنـدی نیّــوان مرۆڤــ و خوداوەنــدەكان، مرۆڤــ و دیاردەكــانی سروشــت نیشاندەدات و پووختەیەكی میّژووی بڕوای مرۆڤە و سـەرەیایەكانی بوونمـان بۆ دەگیّڕیّتـەوە. زۆربـەیان وەكو حەكایـەتیّكی پیرۆز، كردەوەی خوداوەنـدەكان دەگیّڕیّتــەوە ." [1] مـەغزای سـەرەكی ئەفسـانە دۆزینـەوە و هەڵبەسـتنی ڕاڤـە و تەفسیر و لیّكدانەوەیـە سـاكار و خەیاڵاوییـە، بـۆ شـت و ڕوودا و دیاردەكـانی دەورو بــەرمان و ئــەم كەونــە مەزنە.گەنجینــەی فۆلكلــور و كــەلتووری ئــەدەبی نەتەوەكەمان، بای خۆی چیرۆكی ئەفسانەی بۆ بەجیّهیّشتووین كە ڕەسـەنایەتی زمان و كەلتوور و ئەدەبەكـەمان بسـەلمیّنییّت بۆیـە گـەتراوە:" ئەفسـانە خـەونی

---

[1] ) نەجم ئەلوەنی. ئەفسانە و پەندی كۆمیدی گالتەئامیّزی كوردی. .ل. ٧. ٢٠٠٧، هەولیّر . چاپخانەی دارا.

گەلانە." [1]. هەرچەندە، بەندە هەوڵی زۆری دا، وەلیٚ بەداخەوە هەر یەك چیرۆكی ئەفسانەمان دەربارەی (كـەو) چـەنگ كـەوت. ئەمـە مانـای ئـەوە هیترمـان نییـە ، دوور نییە نووسەرێكی تر هەبیٚ كە ئەم بابەتە بیزانێت و ئێمە خەبەردار نەبین.

**بۆ كــەو زەندەقی لە بـاز چــووە؟**

**ئەفســانەی (بــاز و كــەو)** [2]

" بازێك و كەوێك لە ناو دۆڵێكی خـۆش پـەیمانی برایـەتی و دۆسـتێنییان بەست. باز بەڵێنی دا هیچ هەقی بەسەر كەوەوە نەبیٚ بەو مەرجەی، هەر كـاتیٚ دڵی تەنگ بوو، كەو بەنـدێك گـۆرانی بـۆ بڵـیٚ.... كـەو ئـەم پەیمانـەی پـیٚ خـۆش بوو. بەڵێنی دا لـە كـاتی دڵتەنگیـدا غـەمگینترین گـۆرانی و لـەكاتی شـادومانیدا خۆشترین گۆرانی بۆ بچڕیٚ.

چـەند ڕۆژێـك ئاوهـا ڕۆیشـت. ئێـواران دەهاتنـەوە، حەشـارگەیەكیان پەیـدا دەكـرد و دەخـەوتن. سـبەینانیش، لەگـەڵ تاریـك و ڕوونـی بـەیانی، سـەریان هەڵدەگرت و بۆ دەشت و چۆلەوانی بە دوای دان و ئاودا دەگەڕان: كەو بە دوای تۆوی گیا و گۆڵ و بازیش بۆ ڕاوە مشك و مەلووچك.

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

[2] ÷ ئەفسانەی لادینشینانی كوردی. مەنسووری یاقووتی. و. عەزیز گەردی. ل. ٢٧ ـ ٢٩. چاپخانە ؟ هەولێر. ٢٠١٢

ڕۆژێ، باز هەرچەندە بە ئاسماندا فڕی و سەری بە دوڵ و گەلییاندا کرد و لە قەراغ ئاواییەکان گەڕا و سووڕاو بە سەر چیاو دەشت و دەردا فڕی، هیچی دەست نەکەوت بیخوا. لە یەك جێگا، مشکێکی قەڵەوی بینی، بەڵام کە ویستی پەلاماری بدا، مشکی زرینگ و زیرەك خۆی لە کونەکەی کوتایەوە. لە جێگەیەکی تریش، ڕاوی کۆترێگی نا، کۆترەکە بایداوە بۆ لای ئاوایی و خۆی لە ژێر ساپیتەی خانوویەك شاردەوە.

باز، ئێوارێ کە هاتەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: بەڵێنی چی؟ پەیمانی چی؟ تا ئێستا، کێ دیویەتی و کێ بیستوویەتی باز و کەو پەیمانی دۆستێنی لەگەڵ یەك ببەستن؟ سینگی کەو/بەم هەموو تام و لەزەتەوە، لە پێشم کەوتووە، کەچی من وازم لەوە هێناوە دەچم وەکوو سەکی بەرەڵڵا لێرەو لەوێ دەگەڕێم.

باز، بە پەشوکاوی و شلەژاوی، چووە لای کەو و دوای چاك و چۆنی، گوتی:

- ئەمڕو دڵم زۆر تەنگە، بەندە گۆرانییەکم بۆ بڵێ.

کەو پرسی:

- چیت لێ قەوماوە؟

باز گوتی:

- تۆ بەندە گۆرانییەکم بۆ بڵێ، تا پێت بڵێم چیم لێقەوماوە.

کەو خۆی ڕێکخست و چاوەکانی نوقاند. لەپڕ، باز پەلاماری کەویدا، کەو بە پەشوکاوی و زەندەقڕژانی گوتی:

- هاوڕێ، ئێمەت پەیمانی هاوڕێیتیمان لەگەڵ یەك بەستووە!

باز گوتی:

- ئەژدادی ئێمە وەسیەتیان کردووە ئەگەر تووشی کەوێك هاتن دەبێ بیخۆین. من ناتوانم وسیەتی ئەژدادمان پشی گوێ بخەم.

کەو، کە ئێستا گیرۆدەی ژێر پەنجەی باز بوو، بیرێکی کردەوە و گوتی:

- ئەی هاوڕێ، ئەژدادی ئێمەش وەسیەتیان کردووە ئێمە دەبێ ببین بە خۆراکی باز. بەڵام ڕایانسپاردووین هەر کاتێ بووین بە دیلی بازێك، داوای لێبکەین دەست بەرزکاتەو بەرەو ئاسمان و بڵێ: خودایە سوپاس بۆ ئەو نیعمەتەی پێت کەرەم کردووم.

باز گوتی:

- باشە!

باز هەر هێندە باڵەکانی لێکداو سەری بەرەو ئلسمان هەڵبڕی بۆ ئەوەی شوکرانەبژێری بکا، قورسایی لەشی لەسەر کەوەکە لاکەوت. کەوەکە تەکانێکی دایە خۆی و هەڵات و خۆی لە ناو کونە کەوڕێك کوتا و لە درزی

کەورەکە هەڵکوڕما. باز، بە دڵتەنگی و نائومێدی، ڕووی کردە کەوەکە و، گوتی:

– ئەمە پەند بێ، کە ورگم برسی بوو، قەت و قەت دەست بۆ شوکرانەبژێری بەرز نەکەمەوە.

کەو، لەو بەرزایەوە ، گوتی:

– منیش ئەم پەندەم وەرگرت: نابێ قەت و قەت پەیمانی دۆستێنی لەگەڵ کۆنە دوژمنی فێڵباز ببیەستم. دوژمن ئەگەر پەیمانێك ببەستێ، بۆ ئەوەیەتی لە کاتی پێویستدا، سوودی لێوەربگرێ."

لێرەدا، بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەرەکانم: چیرۆکێکی ئەفسانەی کوردی کە دەربارەی باڵندەیێکی هاوڕێی (کەو)ە باس دەکەم، دواتر نموونەی هێندێ ئەفسانەی نەتەوەکانی تر، دەربارەی (کەو) تۆمار دەکەم.

## بۆچی کۆترەباریکە لای کورد پیرۆزە؟

لە دیدی ئاینی (یارسان و زەردەشتیی)یەوە ، کۆترە بار یکە فریشتەیە، هەر بۆیە ڕاوەچی کورد قەت ڕاوی ناکات. وا دەگێرنەوە :" لەسەردەمی کۆندا خەسوویەك و بووکێك دەبن، خەسووەکە کاتی شیردۆشین، کە شیرەکە کەف دەکات، مەنجەڵەکان پڕ دەبن، بەڵام دواتر کە کەفەکە دەنیشێتەوە، وا دەزانێ

بووکەکەی لەو شیرە دەخواتەوە بۆیە شیرەکە کەم دەکات. بووکەکە هەر چی بەخەسووەکەی دەڵێ، وا نییە، بێ فائیدە دەبێ. بۆیە لە یەزدان دەپاڕێتەوە لەو کێشەیە ڕزگاری بکات. یەزدانیش دەیکاتە کۆترە بار یکە، هەموو ڕۆژێ دەچێتە سەر ئەو دارەی خەسووی شئیری مەڕەکانی لەژێردا دەدۆشی و هاوار دەکات: (خەسوو کەفوو... خەسوو کەفوو,, خەسوو کەفوو.) واتا خەسوو ئەو کەف بوو من شیرەکەم نەخواردۆتەوە. کە کەفەکە نەدەما خۆی دەنیشتەوە و کەمی دەکرد. "

لە هێندێ ناوچەی کوردستان پێیان وابووە ئەم چیرۆکە لە نێوان باوەژنێك و کچێك بووە:

سەردەمانی زوو کچێك دایکی دەمرێ. باوکی جوتیار ێکی هەژار دەبێت، ڕۆژانە کە دوای کار و ماندووبوون دەگەڕێتەوە ماڵ ، دەبینی ماڵ ساردوسوڕە کەس نییە خواردنێکیان بۆ ئامادە بکات و کەسیس نیە چاودێری ئەو کچۆڵەی بکات، ناچار ژن دێنێتەوە. بەڵام باوەژن زۆر زۆر بەد ڕەفتار دەبێت لەگەڵ ئەك کیژۆڵەیە. ڕۆژ بە ڕۆژیش کچە تا هەراشتر دەبوو جوانتر دەبوو و ئیرەی و حەسادەتی باوەژن پتر دەبوو . کچە عازەبان بوو و کوڕە میرخاسێکی قۆز و خانەدان هاتە خوازبێنی و کچەی درایە. بریار بوو بوهارێ، بووك بگوازترێتەوە. کچە ئیغدانی پڕ کرد لە جیاز و کەرەستەی بووکێنی. باوەژنی غەدار، ئیغدانی لێ پرشکر لە کلۆ بەفر. کە بەهارێ کچە سەیری جل و بەرگ و جیازی خۆی کرد/ هنەی مووی کەڕوی هە لێچنابوو. نە یزانی مەسەلە چییە.

بەدەم گریانەوە داوا لە خەودا دەکات لەم قەیر انە ڕزگاری بکات، ئەویش دەیکاتە کۆترە باریکەو لەو ڕۆژەوە هەر دەخوێنێ و دەڵێ:: کوو ...کوو...کوو. کوو."[1]

**بۆچی کەو هەر لە هەورازانەوە بەرەو نشێوان هەڵدەفڕێت و بە پێچەوانە نافڕێت؟**

ئەفسانەیەکی گریکی کۆن وا دەگێڕێتەوە:" ئاسنگەرێکی زۆر بە توانا و زیرەك هەبووقبوڵی نەبوو کەسێك لە شاردا هەبێ لەو شارەزاترو بلمەتتر بێت ناوی (Daedalus) بوو. خوشکەکەی کوڕێکی پارچەڵەی خۆی ناردە کنی ببێت بە شاگردی ناوی (Purdix)بوو، بەڵام زوو وەستا هەستی کرد ئەم شاگردە زۆر بلیمەتە و ئیرەیی پێ برد. ڕۆژێك کە لە کەناری دەریا بەیەکەوە پاسەیان دەکرد، ئەو کوڕە پەیکەری ئێسقانی ماسییەکی بینی لەسەر زەوی کەوت بوو، نەختێ تێیفکری، دوای لە بڕبڕەی پشتی ماسییەکە مشارێکی دروستکردو و لە دوو شەویلاکەکەی پڕگاڵێکی ئەندازیاری. وەستا چاوی چووە پشتی سەری و لە دڵی خوێیدا گوتی: تۆ لە من بلیمەتتری؟ دەردت لە گیانم. هەر کە گەیشتنەوە شار، بردی لەسەر قوولەی قوڵایەکی بەرز پاڵی پێوەنا و ویستی بینێرێ بۆ ناو دۆزەخ، کە شاگردەکە لە نیوەی ڕێگا بوو بەرەو زەوی دەهات، خواوەندی (Athena) ڕزگاری کرد و کردی بە کەو و وەستا (Daedalus) یش دەکاتە ئاسنگەری جەهەنم و مۆری قاتیلی لە نێوچەوانی

[1] ) ڕۆژنامەی باس. ژمارە . ٢٢٩ لە ١٠ ـ ٣ ـ ٢٠١٥ ل. ١٩

دەدات. بۆیە کەو ئێستا هەرگیز لە شوێنی نزمەوە بەرەو جێگەی بەرز نافڕێت. دەترسیێ پاڵی پێوە بنێن و بەریدەنە خوارەوە."[11]

## بـۆچـی کـەو لە سـەر دار و درەختـان هەڵ نانیشـێت؟

لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی ئینگلیزیدا هاتووە:

ڕۆژێك کەوێك ساڵدانە ساڵدانە پیاسەی دەکرد،ن لە ناکاوڕا هەڵۆیێ ك بـــــۆی دابەزیە خوارەو کەوە زەوندەقی چوو و لەترسان خۆی لە کونە بەردێك ئاخنی. هەڵۆ هیچ خۆی نەشێواند و بە ئەسپای لێی نزیك بۆوە و بە نەرم و نیانی پێی گوت: ئەی نازداری شـۆخ و شـەنگ، لـەم کونـە وەرە دەرەوە با ببین بە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی. کەوەکەش گوتی: لاچو هەی زۆڵی کۆرشی زۆڵ، کەی ئێوە لەگەڵ ئێمەدا مانای هاوڕێیەتیتان زانیوە؟ بۆ نازانم ، ئێستا بێمە دەر ، بە دنووك و چڕنوکان، ونجڕ وەنجڕم دەکەی ؟

هەڵۆ ویستی گومانەکەی بڕەوێنیچتەوە بە زەردەخەنەوە گوتی:" جاران بوایـە، ئـا وا بـوو، بـەڵام ، ئێسـتا تۆبـەم کـردووەن و سویچـندم خـواردوە قـەت قـەت جارێکی تر شتی وا نەکەم. نازدارەکەم ، وەرە دەرەو، دەتبـەم بۆ سـەر ئـەو دارە بەرز و خۆشەو بەیەکەو ژیان بەسەر دەبەین و هاوسەریشت بۆ پە یدا دەکەم. تۆ لە هێلانەی من بیت کێ حەدی هەیە بەلاتەوە بێت؟

---

[11] ( ١١

کەوە گوتی: با وا دابنێین، پەیمانەکەت ڕاستە، ئەدی گەر ڕۆژێك دڵت لێم شکا پارچەپارچەم ناکەی؟

هەڵۆ کوتی: من گفتم داوە و تاقی بکەرەو. جا کەوە لە کوننێ هاتە دەرەیوە هەڵۆ بردیە سەر هێلانەکەی خۆی. ماوەیێك پێکەوە بوون . ڕۆژێچك هەڵۆ نەخمۆ ش کەوتوو ، لە هێلانە نەچووە دەرەوە بۆ ڕاو... بەرە بەرە تەندروستی خراپ دەبوو و تا وای لێ هات تینوویەتی و برسییەتی زۆری بۆ هێنا. هەڵۆ لە دڵی خۆیدا گوتی: خۆ لە تۆم باشتر و ئاسانتر چەنگ ناکەوی/بۆیە بە توڕەی قیژاندی: تۆ ناخۆشت کردووە. بۆ خۆت لەبەر سێبەر دانیشستوویت و منت لەبەر تیشکی ئەو سۆرە هە تاوە داناوە. کەوە گوتی: ئازیزەکەم،ن دیارە تایەکە لە سەری داوی، سێبەری چی و هەتاوی چی ، بەم شەوە؟ هەڵۆ هاواری کرد: سەگباب ، یانی من درۆ دەکەم....؟ پەلاماری دایەو ، بە هەوزار حاڵ ، کەوە لە چڕنووکی ڕزگاری بوو و هە ڵات. لە و ڕۆژەوە کەو ناوێرێت لە سەر داران هێلانە بکات و هەڵنیشێت." [١]

**کەو ئەو فییکەی لە کوێ هێناوە؟**

ئەمەیش هەر ئەفسانەیەکی کۆنی ڕۆژئاواییە:(هە بوو نەبوو، زەمانێکی زوو چکۆڵە کیسەڵێك هەبوو زۆر خۆش فییکەی لێدەدا، کەو قەت هیچی نەبوو. ئەم کیسەڵۆکە هەمیشە لە نێو ئەم گیادارانە چرپوچرپی بوو و زۆر شایی بەو

---

[١] ) ١٢

فییکە فییکەی خۆی دەهات و نەیدەبڕییەوە. تا وای لێهلت کەو حەسوودی پێ برد. ڕۆژێك کەوە چوە بن گوێی کیسەڵ و داوای ئەو پووشکەی ناوزاری لێکرد کە فییکەکەی پێ لێدەدا، تا خۆی پێ تاقی بکاتەوە . لەسەرەتا کیسەڵە دەترساو لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەو ماستە مووێکی تێدایە، بەڵام دڵی کەوەوی نەشکاند و پووشکەکەی پێدا. هەر کە کەوە پووشکەی خستە ناو زاری خۆی کەوتە فییکە لێدان و بەدەم ڕۆیشتنی بە ناز و فیز لە تەنیشت کیسەڵەکەوە ، هەر فییکەی دەهات و گووتی: ها... خاڵە کیسەڵ چەنی لێدەدەم؟ باشە؟ بە دڵتە؟ کیسەڵ گووتی: "شتی وا نییە، بەڕاستی مەعلانیی لێی دەزانی. " کەوە لە خۆشیان پتر هەنگاوی هەڵێنا و خۆشتر فییکەوی لێدەداو هەر دیگووت.: ئێی ، ئێستا چونە، خۆشە؟" ئەویش دەیگوت:" زۆر زۆر ، بەس بۆ تۆ وا غاردەدەیت و لێم دور دەکەویتەوە ؟" کەوە هەر بۆی هەڵدەبەزیەوە دوور دەکەوتەوە تا بەدەم فییکە لێدانەوە فجووقێکی کردوو فڕی و چوو لەسەر بەردیك هەڵنیشت و تا ئێستا کیسەڵ چاوی بە کەوەی نەکەوتەوە. جا لەو ڕۆژەوە کە خشپەی پێی یەکێك دێ ، کیسەڵ یەکسەر سەرۆی دەخاتەوە ناو قاوغەکەی خۆی و شەرمدەکات سەری دەرپێنێ چونکە شەرمەوزار بوو بە فرت و فێڵی کەوەکەو کەویش تا ئێستا هەر فییکەی خۆی لێدەدا.)[1]

**ئەدی بۆ کەو بە قاسپەقاسپ دەخوێنێ؟**

---

[1] ) ی١٢

ئەفسانەیەكی (ڤێتنامی) زۆر خۆش هەیە - كە نزیكە لە ئەفسانە كوردیەكەی خۆمان دەربارەی كۆترەباریكە - پێمان دەڵێت بۆچی كەو بە قاسپە قاسپ دەخوێنێ:

( مێرمنداڵیكی هەژار و بێكەس، باوكی دەمرێت و هەتیوو دەبێت، دایكە كلۆڵەكەی بەزەحمەت نانی ڕۆژێی بۆ پەیدا دەبێت، ناچار شوو بە كابرایەك دەكاتەوە، لە بەختی ئەو، ئەم زڕبابە دەبێتە دوژمنی ئەو منداڵە بەستەزمانە. شەو و ڕۆژ لە تەفەكیری ئەوە دابوو چۆن لەناوی ببات و كەسیش پێنەزانێ. ڕۆژێك ئەم منداڵە لە گەڵخویدا دەبات بۆ ڕاو، بەڵام دەچێتە جێگەیەك كە كەس تا ئێستا زەفەری پێنەبردبوو، دوای گەڕان و سوڕانی بەناو دارستانی چەنگەڵێكی زۆر ترسناك و عاسێ، منداڵەكە دەنێرێتە سەر دارێك، زڕباب لە دڵی خۆیدا دەڵی:" قەت دەرفەتی لەمە باشترم بۆ نارەخسێت. ئێستا ئەگەر گیانداریش نەیخوات، لە گەڕان و سوڕان شەكەت دەبێت و ڕۆحی دەر دەچێ ، خۆ ئەگەر بەوەش نەمرێت ، ئەوا بۆخوی لە بر سان دەتۆپێ." یەكسەر خۆی دەدزێتەوە هەڵدێت.

كاتێ منداڵەكە ، لەسەر دارەكە دێتە خوارەوە دەبینی زڕباب دیار نییە، دەكەوێتە هاوار كردن و لە دارستانەكەدا، هەر سەدای دەنگی خۆی دەبیستێتەوە و زۆر دەترسێت و ماندوو دەبێ، كە دەیەوێ نان بخوات ، ئەو پریاسكە خواردنە دەكاتەوە ، كە باوكی هێنا بوو بۆ ڕاو، گۆیا هەمووی گۆشت و سەوزە و پلاو برنجی خۆشە،، بەڵام كە بە كەوچكێك سەری خواردنەكەی

لابرد، بینی هەمووی گووە لەگەڵ مەرەگی باینجان تێگەڵکراوە. ئەویش دەست دەکات بە  گریان و هاواردەکات :

(But cat qua ca…. But cat qua ca… But cat qua ca)

بە زمانی ڤێتنامی واتا:" برنج و گوو و بایبنجان.... برنج و گوو و بایبنجان.... برنج و گوو و بایبنجان." منداڵە دێ لە برسان بمرێت. بەلام خودای میهرەبان دەیکاتە باڕەکەوێکی جوان.

دوای پێپەڕبوونی چوند ڕۆژێك ، دایکە زانی هەبێ و نەبێ ئەو فیتی هاوسەرە نوێیەکەیەتی کە سەری ئەو کوڕەی ئەوەی بەفەتەرات داوە. بۆیە دەیکاتە شەڕە چەقە و پێی دەڵی ئەکەر ئێستا نەچیت ئەم کوڕەم بۆ بهێبنیتەوە لە دادگا شکیەتت لێدەکەم. زڕباب ، بە سەر شۆڕی دەچێتوە ئەو شوێنەی لە چەنگەڵەکە منداڵەکەی لێ جێ هەشیت بوو . بەلاّم بینی دەنگی ئەو منداڵە لە هەموو لایەك وەك خێو دەنگ دەداتەوە و زڕباب شێت دەبێت و زراوی دەرژێت ولەوێ ڕۆح دەدات. دوای چەند ڕۆژێك دارکەران مەیتەکەی لە نێو دارستانەکە دەدۆزنەوە. لەو ڕۆژەوە کەو هەر دەڵێ:

قەقبە قەقبە قەق.... قەقبە قەقبە قەق...... قەقبە قەقبە قەق)[1]

## کەو لە پەخشاندا

---

[1] Vietnames Legend.  Partridge  Bird. com(

نووسینی پەخشانیش بە هەردوو جورەکەیەوە ( پەخشانی سادە و پەخشانی ئەدەبی) ، ڕووبەرێکی فراوانی لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا تۆمار کردووە، کەواتە ئاسایە ، کە ناوی کەویش ، لێرە و لەوێ ، بۆ مەبەستی و مەرامی پێویست ، بپەڕێتە ناو دێڕەکانی ئەم نووسینانە. جا وێنەی هونەری و فۆرشمی دارشتنەکە دەکەوێتە سەر توانا و بەهرەمەندی و ئەزموونی خاوەن قەڵەمەکە. بۆ نموونە ، فەرموون لەگەڵ ئەم پارچە پیەخشانە کە پەیامی ئامۆژگاریی و ڕێنمای تێدایە بۆ خوێنەر:

( خۆت بە ! )

"ئەو کەوە خاتوونە، زۆر جوان ڕێ دەکات، هیچ نمایشێکی جلوبەرگ، هێندەی ئەو سەلیقەی ڕێکردنی نییە. خاتوو قەلەڕەش بێزاربوو، هێندە لە پشت بەردەکان وەستا و سەرنجی خاتوو کەوی دا، بەڵام هەر فێرنەبوو، بۆیە بە ڕاشکاوی ، چووە لای و تێیگەیاند: کە دەیەوێ فێری هونەری ڕێکردنی کەو بێت. ڕۆژان تێپەڕی، خاتوو کەو زۆر بە نیازپاکیی تەواوی نهێنی چەند ساڵەی بنەماڵەکەیانی بۆ شیکردەوە، بەڵام ئە نجامەکەی چی بوو؟ لە ئە نجامدا قەلەڕەش نە فێری ڕۆیشتنی کەو بوو، نە ڕۆیشتنی خۆی بیرمابوو. لەبەر ئەوە تا ئێستاش، کاتێك قەلەڕەش ڕێ دەکات هەردوو پێی پیێکەوە دەجوولێنێت.

خۆنەبوون سەری لە قەلەڕەش شێواند، خۆت بە! ئەگەر قەلەڕەشیت، دیارە سروشت پێویستی پێتە. خۆت بە! جیهان پێویستی بە ئەنیشتاین و شکسپیر و ئەدیسۆنێکی تر نییە، ئەگەر پێویست بوایە نەدەمردن، باسی ناودارەکان ناکەین، تا ببین بە یەکێك لەوان، باسیان

**دەکەین تا سوود لە ئەزموونەکانیان وەرگرین. ببورە ئەگەر خۆت نیت، نەبوونت باشترە ، چونکە باخی یەك جۆر میوە، لەم سەردەمەدا بازاڕی نییە."[1]**

**وەك نموونە، لێرەشدا کەو: جوان و بە لارولەنجەو خۆشەویستە. ئیرەی پێدەبەن. باوەڕی بە خۆیە ، ئەو، ئەو بوونەوەرە نییە بیر لە لاسایکردنەوەی خەڵکی تر بکاتەوە ، چونکە خەوشێك و ناجوانییەك لە خۆیدا نابینیت.**

**کەو لە ئەدەبیاتی سیاسەتدا :**

**لە نێو بەرهەمی نووسراوی ئەدەبیاتی حیزبەکان و سیاسەتمەدارەکانی کورد، بە مەرامی گەیاندنی پەیام و خیتابی سیاسی خۆیان، هانا بۆ گیاندارەکان دەبەن، تا وەك ڕەمز و سونبل بەکاربیان بێنن. جا هەر گیاندارەی هەڵگری خەسڵەت و کەسیەتی خۆیەتی لەم بوارەدا. بۆ نموونە ، زۆربەی جار (کەو) ڕەمز بووە یان بۆ چینی ڕەش و ڕووت و چەوساوە یان بۆ دەستەی خەباتگێر و پاسەوان و فیداکاری وەتەن.**

**ئەمەی خوارە وەرگێڕانی چەند پەرەگرافێکە لە بابەتێکی سیاسیی، کە نووسەرێکی کورد بە زمانی عەرەبی، دەربارەی مەسەلەی کورد ، لە کتێبێکدا بە ناوی (الصراع بين القبج و الذئاب) نووسیویەتی و دەڵێت:**

---

[1] ) گۆڤاری بریار. ژمارە ٨٠. شوباتی ٢٠١٥. ل. ٣٩

"هێندێك مرۆڤـــ هـەڵگری ڕەفتـار و ڕەوشـتی گیانـدارانن لـە میانـەی غـەریزەی ژیـانی ڕۆژانەیاندا بە ئاراستەی خرا پەكاری بە ئە نجامدانی تاوانی چاوەڕوان نەكراو.تەنیا ئەگـەر ئەو مرۆڤە بەسەر ئەو غەریزەیدا سەركەوێت و ببێت بە خاوەن هەڵوێست. ئـا ئەگـەر شـەرەفی ئەوەی پێدرا ببێت بە كەسی خاوەن هەڵوێست، لە دنیادا نەمری بۆ دەمینێتەوە، بەڵام ئـەوەی كەوتۆتە ژێر ڕكێفی غەریزە، وەك بنەماڵەی ( قەلەڕەشی كاهین )، ئەوا لەم ژیانەدا جێگایـان نابێتەوە ،بە حوكمی غەریزەكانیان كە قامتێك غەریزەی گیاندارین. ، لەگەڵ ڕۆژگـاردا خـۆڵ دەیـا نخوات و مێـژوو بەسـەریاندا ڕادەبرێـت و لـەیادیان دەكـات. بـەڵام مرۆڤـە خـاوەن هەڵوێستەكان خۆڵ نایـا نخوات و مێـژوو لـە بیریـان ناكـات، تێگەیشـتن لـە غـەریزەكانی گیانداران ، دەروازەیێكە سروشتتیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤـــــ."[1]

"هێندێك لەو گیاندارانە ڕەمزن وە ــ سـەگی خـوێری ـــ ( ڕەمـزی بـێ ئـابڕووی و هـیچ و پووچی ) هەر بە دزییەوە دەڕوات و بۆن هەڵدەگرێت و كلك بادەدات و دەوەڕێ. ــ گورگی لاڕێ ــ ( ڕەمزی حەرامی و تـاوان ) كە بە ڕەوە و فـرت و فێـل و خۆهەڵكێشـانەوە هێـرش دەبـات. ـــ چەقەڵی ترسنۆك ــ ( ڕەمزی دزی و قۆڵبڕی ) كە هەر خـەریكی گۆڕهەڵدانـەوە و گەڕانـە بـە دوای لاشەی تۆپیوو. هەشە خوو و ڕەوشتی ئاژەڵی ماڵی دەگرێت وەك ــ هێسـتری خەسـێنراو

---

[1] ) يونس علي. الصراع بين القبج و الذئاب. ل. ٧. طبع المركز التقني في بغداد . ٢٠١٠.

ـ ( ڕەمزی کەلەڕەقی و ویلْ بوون ) خەلق کراوە تا یەخسیری دەستی خەڵکانی تر بێت و جەڵەوی لە مەلاشوو کەن."[1]

"...... بەڵکو چیرۆکی نا خەبات و تێکۆشانی نابەرابەری نێوان مرۆڤی ئاسایی ( کەو ) کە خەبات لە پێناو مەسەلەیەك دەکات کە لە ناخی پاکییەوە باوەڕی پێیەتی و بە هەرچی سامان کە هەیەتی پارێزگاری لێدەکات و . ئەو کەسێکی هەر خۆشەویستی شك دەبات و بێ چەکە ، جگە لە ئیمان بە میللەتە ڕەسەنەکەی کە ڕووبەڕووی زۆڵ و زۆرداری بۆتەوە لە پێناوە مانەوەی بە زیندووی دژی هێزی تاریکی ( نوکەرانی سێبەر ) هەمیشە ئامادەیە قوربانی بدات لە پێناو ئەو ئایدەلۆژیایە شۆڕشکێڕییە کە حەتمەن بە گوێرەی یاسای لۆژیکی دەبێ سەرکەوتوانە مافە ڕەواکانی میللەتەکەی بە دەست بهێنی، لەگەڵ بنەماڵێەك کە خۆی خستۆتە نێو کۆشی دەزگایێکی سەربازی فێلکەر وەك گورگی شەو، جا ئەم دەزگایە هەرچی ئەسباب و تفاقی هێز و ئامرازی تەحەدا کردن و هەڵخەڵەتاندن هەیە کۆی کردۆتەوە."[2]

***

تاکە سەرنج، کە دەبێ تیشکی بخرێتە سەر، ئەمەیە" لە هەموو ئەو ڕوماڵەی کە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ (کەو) کردمان ، کەو باڵندەیێکی سەنگین و جوان و بێزەڕە ، تاکە خاڵی ناشیرینی هەر ئەوەندە بوو، کە لە یەك دوو شوێندا ، بە(

[1] ) سەر چاوەی پێشوو. ل. ٢٤

[2] ) سەر چاوەی پێشوو. ل. ٦ ـ٧

خۆ خۆر و دوژمنی قەومی خۆ) ناوبردرا. " ئەمەیش زۆر ئاسایە لە بەر دوو هۆکار:

- هێندێ لە خاوەن ئەو جۆرە بۆچوونانە، کەوناس نین و لە ڕەوشت و کەسێتی کەو باش تێنەکەیشتوون. لە کاتێکدا ئەو پارێزگاری و فیداکاری بۆ خاکی خۆی دەکات، ئەوا بێگانەن هێرش دەکەنە سەر وڵات و مەفتەنی ئەو.
- ئەوە کەو نییە کە خاوەن ئەو ڕەفتارە بێت،، بەڵکو ئەوە مرۆڤە ، بە بەندو باوی خۆی ئەو دەکاتە ئامرازی هێنانەدی مەرامی خۆی. دەنا هەزارەها ساڵە ئەو کەوە لەو شاخ و داخەدا دەژێت و کێشەیەکی لەگەڵ هاوڕەگەزەکەی خۆی نەبووە و وەك خوشك و برا بەیەکەوە،، بە ئاشتەوایی دەژێن!

## بەشی سێیەم

**هونەر، هونەری توونی ڕەنگی سروشتە.**

كـەو لــە هــونــەردا

كـەو لــە هــونــەردا

هونەر ئەو خسڵەتە باڵایە جوان و پیرۆزەی مرۆڤە کە هەم مەقام و پێگەی بەرز و بڵندی ئێمە لە بوونەوەرەکانی تر باڵاتر نیشاندەدات و هەم دەیسەلمێنێ کە ئێمە هەر بە نان و ئاو ناژین. ئەوە هونەرە جوانەکان جوانتر دەکات و گرژی و ئاڵۆزی و نیگەرانییەکان هێورتر و ئارامتر دەکاتەوە ، تا خۆشتر چێژی ژیان و جوانییەکانی ژیان نۆشبکەین. وا سەرپێیانە بەم شەقام و کۆڵانانەی خوارەوەی بازاڕی هونەر گوزەرێك دەکەین.

## ▪ کەو لە نیگارکێشیدا

ئەمەیش سێ پێگە و مەیدانی جیاوازی هەیە:

- لە قوناغەکانی خوێندندا، زۆر جار مامۆستایان داوا لە شاگردەکانیان دەکەن کە نیگاری کەو بکێشن، بە ڕەنگ و قەبارە و شێوەی هوتەری جیاجیا.
- لە کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکانی کوردیدا، زۆرجار دەبێتە بەرنامای کار و ، هۆڵی نمایشی تابلۆکانی ئەوان خاڵی نییە لە کەو.
- هونەرمەندانی شێوەکاری کورد ، هەرگیز کەویان فەرامۆش نە کردووە. زۆر وەستایانە شاکاری باڵایان بۆ نەخشاندەوە لە کارەکانیاندا

تـەزیفیان کـردووە. گـەڕان بـە نـاو کـارە هونەریـەکانی ئەوانـدا، ئـەم ڕاستییە دەسەلمێنیٚ.*[1]

وەك کەرەستەی دیزاینی بەرگی کتێب و گۆڤاری کوردیش، حزووری بەرچاوی هەیـە. بڕوانـە بـەرگی گۆڤارەکـانی (کـاروان) و (نووسـەری کـورد) سـاڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو.[2]

## ▪ پەیکەر و داتاشینی کەو

لـە کوردسـتاندا تـا ئێسـتا (٢٠١٥)، لـە پـاڕك و گۆڕەپـان و چـوار ڕیـان و شەقامەکاندا پەیکەر و کۆتەڵی کەوم نەدیوە، ئەوەی دەبینرێت، زێتر، مامز و کێوی و هەسپ و هەڵۆ و مەڕ و بزن و گوێدرێژە.....تاد.

بـەڵام لـە بـوارێکی تـری داتاشـین دا، کـەو بـازاڕی باشـی هەیـە، هێنـدێك هونەرمەنـدی میللـی ، لـە دار و کـەچ و تـەنی ڕەق و ئەسفنج و کەرەسـتەی تـر

---

[1] *) لە کۆبەرهەمی ئەم هونەرمەندانەدا، کەو بوونەوەرێکی زیندووە: محەمد عارف، جەمال بەختیار، دانیال قەساب، بەدیع باباجان، ڕۆستەم ئاغالە، عادل زرار، فەتحەڵڵا تاهیر، عەلی لەتیف، دارا حەمە عەلی، عەلی کەریم، دارا حەمە سەعید، عەلی جۆلا، نەبەز بابان، جەزا بەکر، ڕێبوار سەعید، ڕەهبەر جەلال، شێرکۆ جەلال، ڕبین حەیدەر، هادی زیاد، ئاری بابان، قەرەنی جەمیل، سیروان بارام .... تاد.

[2] *) چۆلەکەیزێڕین (Goldfinch) لە سەردەمی ڕۆشەنگەرایی لە ڕۆژئاوادا، بوو بە سونبولی ئایینی. بێکاسۆ، کۆتری کردە هێمای تابلۆکانی.

شـێوەی کـەو دادەتاشـن ، دادەڕێـژنن ، هەڵدەکـەنن، و لـە هێنـدێك ماڵانـدا بـۆ جوانی نمایش دەکرێن.*[1]

## ▪ کـەو لـە چنـین و نـەخـشدا

ئەمە زیتر لە نەقش و نیگاری مافۆر و بەڕە و جاجم و لباد دا دەبنرێت. ئـەویش بە دوو شێوەیە: وێنەی کەو یان چەند کەوێك بەسەربەخۆیی هـەموو ڕووبەرەکـە داگیر دەکـات، بـە تایبـەتی مافورۆکـەکانی سـەر دیـوار. یـان لـە گـەڵ گیانـدار و باڵندەی تـردا دەنەخشـێندرێت، ئەمـەیش لـە مـافور و بـەڕە و جـاجمی گـەورە دا هەیە.

"جگەلەوەی لباد لە ماڵ و لە دیوەخانان ڕاخراوە، ژنـان بـۆ ڕازندنـەوە و جـوانی مالچەکانیان سوودیان لێبینیوە، نەخش و نیگارییان لەسەر دروسـت کـردووە و بە دیوارەوە هەڵیان واسیوە."[2]

ئەوە جگە لەو چینینەوانەی کە بە دەست دەکرێن وەك کڵاوی پیاوانەی کوردی جـاران کـە بـە خەیاتـە دەچـنران و دەنەخشـێنران، لـە حەفتایـەکانی سـەدەی ڕابردوو نیگاری کەو بە پوولەکان لە سەر سوخمە و سـەڵتەی ژنـان بـاو بـوو وە

---

[1] *) وەستا ئەحمەدی خاڵە ئەسوەدی ، کە کۆیە و لە کەرکوك دادەنیشێت، هونەرمەندی پسپۆڕی ئەم ئەم باڵندەیەیە. زۆر پێشەنگای لە شارەکانی کوردستاندا کردۆتەوە و کارەکانی داخۆازیان لەسەرە..

[2] ) مام هەژار. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کۆیە. ل. ١١٨. چاپخانەی شەهاب. هەولێر. ٢٠١٠.

هەروەها بەرگی سەرین و سەرپۆشی خەوتن و کۆچکی منداڵان و ملپێچ و دەستەسڕ و سەرپۆشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، کە ئێستا بەداخەوە، بەرەو نەما چوون.

## ▪ کەوی مۆمیاکراو

چونکە ڕاوکردنی کەو ئاسان بووە و بە یاسا نەکرابوو، ساڵانی حەفتا و هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو مۆمیاکردنی کەو زۆر باو بوو ، لە دوکانی مۆمیافرۆشەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دهۆك و شەقڵاوە و زاخۆ و ئامێدی ـ لە کوردستانی باشووردا . نمایشدەکران و کەسانی شارەزا ئەم مۆمیایانەیان سازدەکرد. ئەمیش دوو جۆری هەبوو، یان کەوی مردوویان مۆرمیادەکرد ، یان بە دەزری کەوی زیندوویان دەکوشت و دواترۆ دەیانکردە مۆمیا بۆ فرۆشتن.( ئەم کارە دەبێت بە ڕێنمایی یاسایی بکرێت).

## کەو لە ڕادیۆ و شانو و تەمسیلدا

لە ڕۆژی ( ٢٩ ـ ١ ـ ١٩٣٩)دا، دە ساڵ دوای دامەزراندنی ئیستگەی ڕادیۆی بەغدا بەشی عەرەبی، ئیستگەی ڕادیۆی بەشی کوردی لە بەغدا، دەستی بە پەخشکردنی بەرنامەکانی کرد. لە سەرەتادا ماوەی پەخشەکە ڕۆژانە تەنیا (١٥) دەقیقە بوو. [1]دەستپێکیکیشی هەموو ڕۆژێك بە قاسپە قاسپی کۆمەڵە

---

[1] ) http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=adab-20130225-29564

کەوێك بوو، کە لەسەر شەریت تۆمارکرابوو. ئەمەیش نزیکەی دەقیقەیەك و نیوی دەخایاند. ئەمە ئەوە دەردەخات کە کەو زۆر زۆر خۆشەویست و دیار بووە لە ناو کوردانـدا. ئـەم شـێوازە دەسـتپێکەی ڕادیۆکـە بـەردەوام بـوو تـا دەوروبەری سەرەتای شەشتەکانی سەدەی ڕابردوو ، دەنگی کەوەکەیان گۆڕی بۆ جریکەو چهچەهەی بولبول. بۆ؟ چونکە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد و دوژمن لە دەنگی کەوەکانیشمان دەترسان. تا کەو نەبێتە ڕەمزی کوردستان و خەبات و دیفاعکردن لە نیشتمان، دواتر دەنگی بولبولیشیان خنکاندو کردیان بە قورئان خوێندن. تا داخستنی ئیستگەی کوردی لە بەغدا، ئەمە بەردەوام بوو.

خوێندنی ئەم کەوانە لە ئیستگەی ڕادیۆی کوردی، لە هەموو بەرەبەیانێکدا، هەست و سۆزی گۆرانیبێژی ڕەسەنی کوردی ( حەسەن زیرەك)ی ئاگردا و ئەم گۆرانییەی بۆ چڕی:

قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو لە بناری بەردی

کەو کەوبارِ دەخوێنن، لە ئیزاعەی کوردی[1]

---

[1] ) عوسمان شارباژێڕ. گەوهەرێ .ل. ٢٢٤.

بەداخەوە ئێستا کە کوردستانی باشوور حکومەتی خۆجێیی خۆی هەیە ئەم کەلتوورەی کەو خوێندنە لە هیچ ئیستگەیەکی ڕادیۆی کوردیدا پەیڕەو ناکرێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ، تەلەڤزیۆنی کەردی لە کەرکوك تەمسیلی ( قاسپەی کەوی) نمایشکرد. زنجیرەی ( کەوەکانی قەرەچوغ)یش لە سالّی( ١٩٩٤) کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ( تەلعەت سامان بوو) لە کەنالّی (گەلی کوردستان ، لقی هەولێر) پەخشکرا.

خوێنەری هێژا، بینیت کە چۆن کەو لە هونەرەکانی کوریدا ، لە لایەن هونەرمەندەکانەوە بەڕێز و حورمە تەوە و مامەڵەی لەگەڵ کراوە و بە بێزەوە ناوی نەهاتووە و بە سووکی تەماشانەکراوە. لە هیچ بوارێکیشدا فەرامۆش نەکراوە.

# بـەنـدی پێنجـەم

"یـاسـای خـراپ ، پیسترین جـۆری سـتەمـکارە."

(Edmund Burke)

## یاسـای پاراسـتنی باڵـندەکان و

## مـاف و ئـەرکی ڕاوچییـەکان

## یاسـای پاراسـتنی باڵـندەکان و

## مـافـ و ئـەرکی ڕاوچییـەکان

ئەگەر بە وردی تەماشای نەخشەی ژمارەی دانیشتوانی مرۆڤـ و گیاندارەکانی سـەر ئـەم هەسـارەیە، لـەم سـەت سـاڵەی دوایـدا بکـەین، دوو خـاڵی گـەش سەرنجمان ڕادەکێشێت:

یەك: ژمارەی دانیشتنوان، بە شێوەیکی مەترسیدار چەند بارە زیادی کردووە و لە هە ڵکشاندایە، هەر بۆ نموونە ،بڕوانە ئەم خشتەیە:

| خشتەی زیادبوونی دانیشتوانی جیهان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بلیۆن | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ |
| ساڵ | ١٨٠٤ | ١٩٢٧ | ١٩٣٩ | ١٩٧٤ | ١٩٨٧ | ١٩٩٩ | ٢٠١٢ | ٢٠٢٦ |
| بە ساڵ | ــــ | ١٢٣ | ٣٢ | ١٥ | ١٣ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |

دوو: لەبەرانبەردا، ژمارەی گیاندارەکان و ( ڕووەکـەکان) ساڵ لـە دوای ساڵ لـە کـەم بـوون و دابەزینـدایـە، بـە ڕێژەیـەك، کـە ئەگـەر زوو خـەمێك بـۆ پاراسـتن و

ژیانەوەی ئەوان نەکرێت، گیان و ژیانی ئەوان زۆر لە تەلەزگەدایەو زۆریان بەرە و لەناوچوون و قڕ بوون دەچن ، وەك زۆر ڕەگەزیان هەر بەیەکجاری لە ناو چوون. وەك لە ڕاپۆرتێکی (ڕیچکخراوی ژینگەی جیهان)دا هاتووە کە لەم (٥٠) ساڵەی دوایدا نزیکەی (٪٤٠)ی گیانداران کەمیانکردوە[1].

بۆیە لەم پەنجا ساڵەی دوایدا، زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینە بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە و لە هێندێك لە وڵاتانی هۆشیاردا ، بە بەرنامە و یاسا و ڕێسا خەریکی پاراستنی ئەو سەروەت و سامانە مەزنن ، کە موڵکی هەموو جیهانە و بەشێکە لە بوونی ئەم هەسارەیە.

بە ئومێدی، پێشکەشکردنی خزمەتێکی بچووك بە نیشتمانەکەم - بە مرۆڤ و زیندەوەرەکانیەوە - ئەم بەندە تەرخان دەکەم بۆ:

١) یاسایەکانی پارستنی گیانداران - کەویش وەك ئەندامێك لەم خێزانە گەورەیە - .

٢) ئەرك و مافەکانی مرۆڤ ( ڕاوچییەکانیش وەك بەشێك لەوان).

## یاسای پاراستنی گیانداران لە جیهاندا

---

1 ) http://www.legislation.gov.uk/ukpga/1981/69/contents

لــە ڕاســتیدا، بــەرپابوونی شۆڕشــی فەرەنســی لــە ســاڵی(١٧٨٩) وەرچــەرخانێکی یــەگجار مــەزن بــوو لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا، دەســتکەوتە گەورەگەی، کە ڕەنگدانەوی کاریگەری لە سەر نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری جیهـان هـەبوو، دەرکردنـی جاڕنامـەی جیهـانی مـافی مرۆڤــ بـوو. دوای هەوڵ و خـەباتێکی زۆری دڵسۆزانی ژینگە و تێ پەڕبوونی (١٨٨) ساڵ بەسەر جاڕنامەکەی جیهانی مافی مرۆڤــ، جاڕنامـەی جیهـانی مـافی ئاژەڵان لـە (٢٣ی ئـەیلولی سـاڵی (١٩٧٧)دا، لـە کۆبەنەویـەکی نێودەوڵـەتی لـە شـاری (لەندەن) دەرکرا.کە جێبەجێ کردنی ئەرکی دەوڵەتەکانە و دەبێ واژووی لەسەر بکەن. لەم جاڕنامەیـەدا مافـەکانی گیانـداران تـا ڕادەیـەکی بـاش بـە مافـەکانی مرۆڤــ ، لــە چوارچــێوەی (١٤) بەنــدا، یەکســان کــراون. ئەمــەیش دەقــی جاڕنامەکەی مافی ئاژەڵانە:[١]

(( **پێشــەکی:**

- **بەو پێیەی کە ژیان یەکەیێکە بۆ هەموو دروستکراوە، زیندووەکان، یەك بنچـینەی هاوبەشـیان هەیـە، بـەڵام جـۆراو جـۆر بـوون و جیـاواز بـوون لـە قوناغەکانی پەرەسەندندا.**

- **بەو پێیەی کە هەموو دروستکراوە زیندووەکان مافی سروشتیان هەیـە، و لە نێوانیشیاندا ئەو ئاژەڵانەی کە سیستمی دەمارییان هەیە.**

---

[١] ) د. هیمداد مەجید عەلی. ئەو تاوانانەی دژبە ئاژەڵ ئەنجام دەدرێن. ل.، ٥١ ـ ٥٤

- بەو پێیەی بەکەمزانینی ئەم مافانە، تەنانەت گەر کەمیش بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی زیانی قوولّ بە سروشت بگەیێنیّ و پالّ بە مرۆڤە و بنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان دژ بە ئاژەلّ.

- بەو پێیەی بەیەکەو ژیانی ڕەگەزەکان لەگەلّ یەکتری بەلّگەیە بۆ دان پیانانی ڕەگەزی مرۆڤ بە ئاژەلاّن کە هاوتەریبە لەگەلّ ڕێزگرتنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

بەگوێرەی ئەمە:

مادده ١): هەموو ئاژەلاّن بە یەکسانی لەدایك بوون و هەمان ماف بوونیان هەیە.

مادده ٢ ـ ا): هەموو ئاژەلاّن ماف ڕێزگرتنیان هەیە.

مادده ٢ ـ ب): وەك چون ناتوانرێت ڕەگەزی مرۆڤ لەناو ببردرێت، بەهەمان شێوەش ناتوانرێت گریمان بکرێت کە ڕەگەزی ئاژەلّی لەناوببرێت. یاخود ژێردەستە بکرێت ( استغلال)، بۆیە پێویستە ویژدان بە کاربهێنرێت لە خزمەتی ئاژەلاّندا.

مادده ٢ ـ ج): هەموو ئاژەلّیك ماف خۆیەتی گوێی پێبدرێت و ماف ئەوەی هەیە کە مامەلّەی باشی لەگەلّدا بکرێت و مرۆڤ بیپارێزێت.

مادده ٣ ـ ا): نابێت ئاژەلاّن هەلّس و کەوتی ناشیرینیان لەگەلّدا بکرێت. یان توند و تیژیان لەگەلّدا بکرێت.

مـــادده ٣ ـ ب): پێویستە ئاژەڵ تووشی مامەڵەی خراپ نەکرێت، یان تووشی توند و تیژی نەبێتەوە.

مـادده ٣ ـ ب): ئەگەر هاتوو مردنی ئاژەڵەکە پێویست بوو، پێویستە جێبەجێ کردنی مردنەکە بە ڕێگایەکی لەناکاو و بەبێ ترساندن یاخود دڵڕەقی بێت.

مـادده ٤ ـ ا): هەموو ئاژەڵێکی دڕندە مافی ژیانی هەیە لە ژینگە سروشتییەکەی خۆی و مافی زیادبوونیشی هەیە.

مـــادده ٤ ـ ب): هەموو بێ بەشکردنێکی ئاژەڵ لە ئازادی . تەنانەت ئەگەر بۆ مەرامی زانستیش بێت ـ پێچەوانەی ئەم مافەنەیە.

مـــادده ٥ ـ ا): هەموو ئاژەڵێکی نادڕندە کە لە ژینگەی خۆجێی خۆی دەژیت، مافی ژیان و گەشەی هەیە لەگەڵ ئەندامانی ڕەگەزەکەی خۆی.

مـادده ٥ ـ ب): هەر گۆڕانکارێك لەم شێوازە یاخود لەم ڕەوشتەدا بکرێت کە مرۆڤ بۆ مەبەستی بازرگانی ئەنجامی دەدات پێچەوانەی ئەم یاسایەیە.

مـــــادده ٦ ـ ا): هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە مرۆڤ وەك هاوەڵی خۆی هەڵیان دەبژێرێت، پێویستە بە شێوەیەك بژین هاوشێوەی ژیانی سروشتیان بێت.

مـــــادده ٦ ـ ب): جیهێشتن یاخود وازهێنان لە ئاژەڵ کارێکی دڵڕەقانە و ناشیرینە.

**مـاددە ٧ )**: ئەو ئاژەڵانە کە لە کارکردن بەکار دەهێنرێن پێویستە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کاریان پێبکرێت و پێویستە تاکو مردن کاری هەر پێنەکرێت و پێویستە خواردن و حەسانەوەیان پێبدرێت.

**مـــاددە ٨ )**: هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەسەر ئاژەڵان ئەنجام دەدرێت و تووشی ئازاری جەستەیی یاخود ئەقڵیان دەکات، پێچەوانەی ماڤی ئاژەڵانە، جا بازرگانی بێت یاخود هەر جۆرە تاقیکردنەوە تر بێت.

**مـاددە ٩ )**: ئاژەڵان بەخێودەکرێن بۆ ئەوەی زیاد بکەن تا گۆشتەکەیان بخورێت، بۆیە پێویستە خواردنیان بدرێتێ و ژەهراوی نەکرێن، و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نەگوازرێنەوە. هەروەها نابێت بکوژرێن بە جۆرێك کە ترس و تۆقاندنی تێدا بێت.

**مـاددە ١٠ ـ ا )**: نابێت ئاژەڵ بەکار بهێنرێت لە نمایشە هونەرییەکانی سێرك.

**مـــاددە ١٠ ـ ب )**: ئەو پێشەنگایانەی کە نمایشەکانیان بە ئاژەڵە، دەبێتە هۆی پێچەوانەی سروشتی ئاژەڵان.

**مـــاددە ١١ )**: هەموو کردارێك گەر ببێتە هۆی مردن و پێویست نەبێت، ئەمە کردارێکی دڵڕەقانەیە و بە تاوانی دژە ئاژەڵ دادەنرێت.

**مـاددە ١٢ )**: هەموو کردارێك یاخود کارێك ببێتە هۆی مردنی بە کۆمەڵی ئاژەڵانی کێوی بە تاوان دژ بە ڕەگەزی ئاژەڵان دادەندرێت.

مـــادده ١٣ ـ ا ): پێویسـتە ئـەو ئاژەڵـە مردووانـە بـە ڕێـزەوە مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکرێت، کە تەرمەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازترێتەوە.

مـادده ١٣ ـ ب ): پێویستە قەدەغەی ئەو گرتـە سینەمایی و تەلەڤیزیۆنانـە بکرێت کە تێایدا ئاژەڵان قوربانین، تەنیا لەو کاتانە نـەبێت کـە کـە نمایشـەکە خزمـەتی مافی ئاژەڵ بکات.

مـــادده ١٤ ـ ا ): کۆمەڵـەکانی پارێزگـاری کـردن و ڕزگـارکردنی ئاژەڵان پێویسـتە لەسەر ئاستی حوکومەت بێت.

مـادده ١٤ ـ ب ): مافی ئاژەڵان پێویستە پارێزگـاری لێبکرێت بـە یاسـا هاوشـێوەی مافەکانی مرۆڤ. (کۆتایی جاڕنامەکە)

پـێش ئـەوەی، لـە ڕوانگـەی ئـەم جاڕنامـەوە، تـاوتوێی مـاف و ئـەحواڵی گیانـدارەگانی کوردسـتان بکـەین، وای بـەباش دەزانـین سـەیرێکی (یاسـای سزاکانی عیراقی) بکەین ـ کە تا ئێستاش حوکەمەتی هەرێمی کوردستان کار بە زۆربەی ماددەکانی دەکات ـ .

لە (یاسای سزاکانی عیراقی)، ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)، لـە پـاژی یـازدەم/ کە تایبەتە بە ( تاوانەکانی کوشتنی ئاژەڵ و زیـان لێدانیان) ، تـەنیا (٥) ماددە

بۆ پاراستنی مافی گیانداران تەرخانکراوە.( ماددەی ٤٨٢ ـ ٤٨٦ )[١] ئەمانەیش بەم شێوەیە:

ماددەی ٤٨٢: تایبەتە بە تاوانی کوشتن و ئازاردانی ولاغی خەڵکی تر و ژەهراوی کردن ئاوەکان و بەکۆمەڵ ڕاوکردنی ماسی.

ماددەی ٤٨٣: تایبەتە بە تاوانی کوشتنی کرمی ئاوریشم و مێشوونگوێن و گیانلەبەری کەوی کراوی یان ماڵی مولکی کەسی دیکە.

مادده: ٤٨٤: تایبەته بە تاوانی گەیاندنی زیان بە هەر گیانلەبەرێکی کەسی دیکە.

مادده: ٤٨٥: تایبەته بە تاوانی کوشتنی بە هەڵەی گیاندارانی موڵگی خەڵکی تر.

ماددەی : ٤٨٦: تایبەته بە تاوانی مامەڵەکردنی خراپ لە گەڵ ئاژەڵی ماڵیکراو یان کەویکراو و ئازاردان و کوشتنیان بە ڕێگەی توندو تیژ. هەرەها تایبەتە بە تاوانی بەکارهێنانی وڵاغی پەککەوتەو بێتاقەت و نەخۆش و بریندار.

---

[١] ) سردار عەزیز خۆشناو. یاسای سزاکانی عیراقی. ل. ٣١١. چ ٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

**جگە لەم (٥) ماددەیە، لە کتێبی ( التشریعات العقابیە فی القوانین العراقیە) ، چەند بڕگەیەك هەیە کە لە هێندێك جەمسەردا، پەیوەندی بە گیاندارانەوە هەیە وەك:**

**یاسای ژمارە (١٩) تایبەت بە ( ڕێکخستنی ڕاو و بەکارهێنانی سەرچاوە ئاویەکان و پارێزگاری کردنیان) کە لە (٣٣) مادده پێکهاتووە و سەروبەر پەیوەستن بە ئاو و گیانداری ئاوی.**

**یاسای ژمارە ( ٢٢) تایبەت بە پاراستی گیاندار و باڵندەی کێوی . ژمارە (٢١) ساڵی (١٩٧٩). کە ئەویش (٢٠) مادەیە ( دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم یاسایە)**

**یاسای ژمارە (١٦) تایبەت بە سەربڕینی گیانداران، ژمارە (٢٢)ی ساڵی (١٩٧٢). کە (٦) ماددەیە.**

**یاسای ژمارە (٥) تایبەت بە دارستان. ژمارە (٧٥)ی ساڵی (١٩٥٥). (١٤) مادەییە.**

**یاسای ژمارە (١) ، تایبەتە بە چەك. ژمارە (١٣) ی ساڵی (١٩٩٣)، کە (٣٠) ماددەیە.**

**یاسای ژمارە (١٩)، لەناوبردنی سەکی بەڕەڵا. ژمارە (٤٨) ی ساڵی (١٩٨٦). کە (١٠) ماددەیە.**

یاسای ژماره ( ١٩)، پاراستن و پێشخستنی ژینگه. ژماره (٣)ی ساڵی( ١٩٩٧)، که (٢٣) مادده‌یه.

یاسای ژماره (٣٠)، پاراستن و پێشخستنی ژینگه هەرێمی کوردستان ـ عیراق. ژماره (٨) ی ساڵی ( ٢٠٠٨)، که (٣) مادده‌یه.

خوێنەری ئازیز: ئەگەر بە ویژدانەوە، شیتەڵکاری ناوەرۆکی بڕگەکانی ئەم مادده یاسایانه بکەین، زۆر خاڵ و بەند و تەوەری گرنگ و بایەخداری تێدایه ـ بێگومان ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر مافی گیانداران و پارێزگاری کردن و گەشەکردنیانه ـ تا ڕادەیەك هاوشانی یاساکانی هێندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەم یاسایانە، بڕگەی ئەتۆیان تێدایه که سەرپێچی جاڕنامەی جیهانی مافی گیاندارانه و دەبێ لێ پێچینەوە لە گەڵ لایەنە بەرپرسەکانی حوکومەتی عیراقی و هەرێمی کوردستاندا بکرێت.هەر بۆ نموونە ، لە جاڕنامەی جیهانی مافی ئاژەڵاندا ماددەی (٩) دەڵێت: "گیانداران نابێت بکوژرێن بە جۆرێك که ترس و تۆقاندنی تێدا بێت." کەچی لە ماددەی (٥) یاسای ژمارە (١٦)ی عیراقی تایبەت بە (لەناوبردنی سەگی بەڕەڵا)دا هاتووە:" سەگی بەڕەڵای سەر شەقامە گشییەکان و دەرەوی ماڵەکان و شار و شارۆچکەکان و لە دەشت و دەر قەڵاچو دەکرێن بە کوشتن یاخود بە نیشانە لێگرتن یاخود بەهەر ڕێگەیەکی تر بێت."[١] لە کاتێکدا ، لە

[١] ) سردار عزیز خۆشناو، التشريعات العقابية في القوانين العراقية. ص. ٨٧. مطبعة المنارة. اربيل. ٢٠١٠

وڵاته پێشکەوتوەکاندا، کرێکاری پسپۆڕ لەم کارەدا، بە کەرستە و ئۆتۆمبیلی تایبەت، ئەم جۆرە سەگە دەگرن و بە بەکارهێنانی دەرزی تایبەت لە ناویان دەبەن، ئەمەیش لە کاتێکدا، ماوەێك لای خۆیان دەیهێلنەوە بە ئومێدی ئەوەی خێرخوازێك بێت بۆخۆی بیبات.

با بادەیبنەوە سەر یاسای ژمارە (٢٢) کە تایبەتە بە پاراستی گیاندار و باڵندەی کێوی ژمارە (٢١) ساڵی (١٩٧٩). کە ئەویش (٢٠) ماددەیە.پەیەوندی بە (کەوەکەی) خۆمانەوە هەیە. پووختەی خاڵە پێوەندەکان ئەمەیە:

" ڕاوکردنی گیاندارانی کێوی قەدەغەیە، تەنیا ڕاوچی مۆڵەت پێدراو، بە گوێرەی ڕێنمایەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ، مافی ڕاوکردنی هەیە بە گوێرەی یاساکانی ڕاو. جۆری ئەو گیاندارانە دەست نیشان کراون کە نابێ ڕاو بکرێن، شوێنی ڕاوی (کاتی و هەمیشەیی) دەست نیشانکراوە و وەرزی ڕاوەکە وچەندایەتی و چلونایەتی کەرەستەی بەکارهاتوو شارەزایانە دەست نیشان کراوە. ئاماژەی بە ئازارنەدانی گیاندارانی کێوی کردوە و چونیەتی پارێزگاری کردنیان باسکراوە."

خوێنەری هێژا، با پێش ئەوەی ڕەخنەگرانە، ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین، سەرێك لە کۆماری ئایرلەندای باشوور و بدەین ، کە ژمارەی دانیشتوانیان، وەکو هەرێمەکەی خۆمان، چەند ملیۆنێکە، و بزانین یاساکانی ڕاوکردن و پارێزگاری کردن لە گیاندارانی کێوی لەوێ چونە و ماف و ئەرکی ڕاوچییەکانیان چۆن چۆنییە.

یاسای پارستنی ژینگە و گیاندارانی کێوی لەم وڵاتەدا بریتییە لە (٧٤) بەند، هەر بەندەی چەندین ماددەی یایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە: تەنیا سەبارەت بە ( هێلکەی باڵندان) نزیکەی (٤٥) ماددە و بڕگە هەیە، بابەتەکانی تریش بە هەمان شێوە.( ناکرێ لێرەدا ئەو هەموو ماددانە تۆمار بکەین).

هێندێك زانیاری دەربارەی کۆماری ئایرلەندای باشوور:[1]

| **ڕووبەری خاك** | |
|---|---|
| ڕووبەری گشتیی | ٧٠. 300 کم٢ |
| دارستان | ٪ ٩٢ سنەوبەر ٪ ٨ پاوان |
| زەوی کشتوکاڵی | ٪ ٩٠ سەوزای |
| شوێنە ڕاو | دەشت و دەرەکان، جگە لە باغە گشتییەکان، مەزارگە پیرۆزەکان، ئاواییەکان. |

| **ژمارەی دانیشتوان و ڕاوچییەکان** | |
|---|---|
| دانیشتوان | 4.500.000 |

1) http://www.face.eu/sites/default/files/ireland_en.pdf

| | |
|---|---|
| ڕاوچی | ٣٠٠.٠٠٠ |
| ڕێژەی ڕاوچییەکان | ٪ ٦.٧ |
| زەوی / کەس | ١ کم$^{2}$ بۆ ٦٤ کەس |

لە (٪٦٠)ی ڕاوچییەکان جوتیار و گوند نشینن. لە (٪٦٧)یان تەمەنیان لە نێوان (٣٠ ـ ٦٠) سالأنە. داهاتی ڕاو، سالأنە نزیکەی (١٠٠) ملیۆن یۆرۆیە.

تەمەنی دوای (١٦) سالأن، مافی ڕاوکردنی هەیە. هەر ڕاوچییەك دەبێت دوو مۆڵەت لە حوکومەت وەرگرێت تا مافی ڕاوکردنی هەبێت:

١) **مۆڵەتی ڕاوکردن:** کە پێش وەرکرتنی دەبێ بڕوانامەی خوولی تایبەت بە ڕاوکردن لە لایەن مەڵبەندی تایبەتەوە وەرگرێت. ئەم خوولانە دەرسی تیۆری و پراکتیکیان هەیە.( لە زۆر وڵاتان دەبێ ڕاوچی دەرسی ڕاو و ژینگە بخوێنێت، وەك ئەمەریکا/ کیوبك ـ کەنەدا ــ ئەڵمانیا، فەرەنسا....).دەبێ مۆڵەتداواکار، تاقیکردنەوەی پراکتێك ئەنجام بدات و هونەر ڕاوکردن بزانێت و تێیدا سەرکەوێت ـ قورسترین تاقیکردنەوە ، لەم بوارەدا، لە لایەن حوکومەتی ئەڵمانیا ئەنجامدەدرێت، بە مەبەستی پاراستنی ژینگەو بەخشینی ئەو مۆڵەتە ، تەنیا بە کەسانی شایستە و لێزان ـ.

٢) **مۆڵەتی چەك هەڵگرتن:** ئەمیش ڕێنمای و ڕێ و ڕەسمی خۆی هەیە.

جگـه لـەو دوو مۆڵەتـەی سـەرەوە، ڕاوکردنـی هێنـدێك گیانـدار، بـۆ نموونـە ، ئاسك، پێویستی بە مۆڵەتی تایبەتە،. لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا دەبێ ڕاپۆرتی پزیشـك و دادوەریشـت هـەبێ کـە تەندروسـتیت سـاغە و تاواکـار نیـت. دەبـێ دەفتـــەری (خـــۆ تـــەئمینکردن)ی هـــەبێت، بـــۆ قەرەبوونکردنـــەوە لـــە کـــاتی زەرەرپێکەوتن بە هۆی ڕووداوی نەخوازراوی ڕاوکردن.

بـە گـوێرەی یاسـاکانی (٢٠٠٤) جـوری تفـەنگ و گوللـە و کەرەسـتەی ڕاو دەستنیشـان کـراوە کـە بریتیـە لـە: ( تفـەنگی ڕاو، داو ، تەپکـە، تەڵـە ، تاژیوتوولـە). ڕاوچـی ئـەو گیانـدارە ڕاو دەکـات کـە مۆڵەتەکـە ڕێـی پێـداوەو سەرپێچی کردنی ڕێنمایەکانی ڕاوکردن سزای قورسی هەیە. جا لە ئەمەریکا هـەر هەرێمـەی یاسـا و ڕێسـای ڕاوکردنـی خـۆی هەیـە و کـەس مـافی جێگۆڕکێکردنی شوێنەکانی بۆی دەستنیشان کراوە نییە.دەبێ جگە لە مۆڵەتی دەوڵەتی ناوەند، مۆڵەتی هەرێمەکەش وەرگرێت. گوندنشینەکان دەتوانن دوو هێندی شار نشینەکان ڕاو بکەن، بە گوێرەی یاسا.

لـە کۆمـاری ئایرلەنـدای باشـووردا، (٢٣) جـۆرە باڵنـدە و (٧) جـۆر گیانـدار بـە گوێرەی یاسا، ڕاوکردنیـان ڕێـی پێـدراوە. بەڵام ڕاوکردنی هـەر باڵندەیـەك یـان گیانـدارێك، دەفتـەری ڕێنمـای خـۆی هەیـە. بـۆ نموونـە: بـۆ ڕاوەکـەو: لـە دەفتەرەکەدا هاتووە:

ڕاوی کـەوی قـاچ سـوور لـە ڕۆژی (١)ی تشـرینی دووەم (١٠ی گـەڵاڕێزان) تـا ڕۆژی (٣١) کـانونی دووەم ( ١٠ ڕێبەنـدان)دەکرێت. تـەنیا بـە ڕۆژ دەبـێ ڕاو

بکرێت. شوێنی ڕاوکردنەکە دیاری کراوە. ژمارەی کەوی ڕاوکراو، بەندە بە ساڵ و شوێنەکە، بۆ نموونە ، نابێت لە ڕۆژێکدا زیتر لە ( ٣ یان ٦) کەو ڕاوبکەیت، جۆری چەك و داو و کەرەستەکەش دەست نیشانکراوە. ڕاوکردنی (کەوی خۆڵەمێشی) قەدەغەیە.

لە کاتی نائاسایدا، وەك بڵابونەوەی نەخۆشی، یان کەمبوونەوەی ژمارەی جۆری باڵندەیەك یان گیانداریێك، ڕاوکردن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، سالێك ، دوو ساڵ ، قەدەغەدەکرێت.

لەو وڵاتەدا (١٣) کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بە ڕاوچییان هەیە و سێ بڵاوکراوەش، وەك گۆڤار، وەرزی و مانگانە، دەردەکەن.

بۆ ساڵی (٢٠١٥) حوکومەتی کۆماری ئایرلەندای باشوور، پلانی (١٣) پڕۆژەی تایبەت بە پاراستنی گیاندار و ژینگەی داناوە. یەکەمین پڕۆژەی بە ناونیشانی ( ئیستراتیژیەتی نەتەویی بۆ پاراستنی کەوی خۆڵەمیشی)یە کە ڕێکخراوی (NARGC) ، بە هاوکاری حوکومەت ئایرشی ئەنجامی دەدات. ئەم ڕێکخراوە تایبەتە بە پاراستنی ژینگە.

## ژینگەی کوردستان و مافەکانی ڕاوچی

دوای خستنە ڕووی جاڕنامەی جیهانی مافی ئاژەڵان و یاساکانی عیراقی تایبەت بە ژینگە و گیانداران و مشتێ زانیاری دەربارەی یاسای ڕاوکردن لە هێندێك لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا، هەوڵدەدوین دوو قسە لەسەر یاساکانی

خۆمـــان بكـــەین و نەخشـــە ڕێگەیـــەكی پڕاكتكـــی گونجـــاو لـــە گـــەڵ كۆمـــەڵی كوردەواری بخەینە بەر دیدی ، بەرپرس و خوێنەرانی هێژا، بە ئومێدی بە هەند وەرگرتن و دەوڵەمەندتر كردنی بە پێشنیار و پێشنیازی جوان و پەسند.

**خاڵە پەسندەكانی یاساكانی عیراقی و كوردستانی:**

یاســادانەران، هــەوڵیان داوە گرنگــی ژینگــە و گیانــداران لەبــەر چــاو بگــرن و یاسای تایبەتیان بۆ داڕێژن و هەوڵی گەشەكردنیان بدەن و لە توند وتیژیش بیانپارێزن و بۆ هەر بەند ـ یاسایەكیش، چەندین ڕێنمایانی یاسایان داناوە ، كە پێویستە لایەنی پەیوەنددار پەیڕەویان بكات و ڕێزیان لیّ بگرێت.

**خاڵە لاوازەكانی یاساكانی عیراقی و كوردستانی:**

**یـەك:** زۆربەی یاسایەكان كۆنن و نزیكەی (٤٦) ساڵ پێش ئێستا، بۆ ژینگەیێك و ســەردەمێكی جیــاواز لــە ئیســتادا ، داڕێــژراون و گشــتگیر نــین لــە ڕوو جوگرافیایی و پۆلینكردنی گیاندارەكاندا. [١]

**دوو:** زانستییانە پۆلینی گیاندارە كێویەكان نەكراوە و گیانداری ماڵیش پتر بۆ ئاژەڵی بەرزە و ئاژەڵی كاركردن بەكارهاتووە.

---

[١] ) بــە بۆچــوونی دادوەر و یاســاناس: د. هیمــداد مەجیــد، یاســا ، هەمیشــە پێویســتەی بــە پێچداچــوونەوە هەیــە واباشــتر هــەر (دە) ســاڵێك چاوپێداخشــانەوەیەكی زانســتی بــۆ بكرێــت. (چاوپێكەوتن)

**سێ:** خشتەی جۆری ڕاوکردنی گیانداران و ژمارە و ئان و سات و جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو، بە وردی باسنەکراوە.

**چوار:** ئەرك و مافی ڕاوچیان دیاری نەکراوە و هیچ پێناسەیێکی زانستی بۆ ڕاوچی و تەمەن و توانا و شیاووی و سەلامەتی خودی ڕاوچی نەکراوە.

**پێنج:** تایبەتمەندی ژینگەی کوردستان، لە ڕوو جوگرافیا و ژینگە ودانیشتوان و گیانداران و کەلتووری کوردەواریدا ، بایەخی پێنەدراوە.

**شەش:** گۆڕانکارییە مەزنەکانی بواری تەکنەلۆژیا و زانست و هونەری سەردەم، وەك پێویست لەبەرچاو نەگیراون.[١]

---

[١] *) ٧٧٧٧٧

بۆ نموونە، یاسای ژمارە (٢٥١) پاراستنی ژینگەی ئەمەریکایی دەڵێ:" یاسای قەدەغەکردنی ڕاوەدونان و تەقەکردن لە باڵندە و شیردەرەکان بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکل و بەلەم و فرۆکە و بالۆن : هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بە ڕاونان و بەدوکەتنی گیانداران بە تاك و مێگەل و ڕەوە و پۆل، بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل ، ماتۆڕ، بەلەم، ئەو شتانەی دەفڕن، یان ئەو ئامێرانەی بە ئامرازی (کەنترۆڵی دووری ـ Remoute Control ) کاردەکەن. نابی هیچ کۆمپیوتەر و ئامێری چاودێری کردنی گیاندار بەکار بێت. نابێ سوود لەبەرنامەکانی ئیتەرنێی ، وەك چاودێری کردن و بەدوکەوتنیان ـ بەکار بێت . جگە لەم حاڵەتانەدا: ١) ئەگەر ئۆتۆمبێل یان ماتۆڕ یان بەلەمەکە لەکارکەوتبوو، دەتوانی لە شوێنەکە بمینێتەوە بەس ڕاونەکەن. ٢) خاوەن موڵك، دەتوانی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی موڵکی خۆی بەکاریان بینێ بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیانلێکەوتن لە

**حــــەوت: لەســەر بنــەمای پلانــی ئاسایشــی نەتــەوەیی ژینگــە و گیانــداران کــار نــەکراوە، چــونکە ئامــاری وردی ژمــار و جــۆر و شــوێن گیانــدارەکانیان لەبــەر دەست دانییە.[1]**

**دادوەر و یاساناس د. هیمداد مەجید عەلی، بووچوونەکانی ئێمە پشت ڕاست دەکاتــە و دەنووســێت:" هــەموو یاســاکان کــەم و کورتیــان هەیــە و پارێزگــاری تــەواوتی بــە گیانــداران نەبەخشــیووە، ئەوەنــدی یاســاکان لــە خــەمی پاراســتنی ســامانی ئــاژەڵی و کشــتوکاڵی دان، هێنــدە لــە خــەمی پاراســتنی گیانــدارەکان دانین. جەختیش دەکاتەوە کە چاودێریکردن و پاراستنی ئاژەڵان لە کوردستان**

---

**مۆڵکەکەیــدا. ٣) ئەوکەســانەی دەیانــەوێ ئــەو شــتانە بــۆ ڕاو بــەکاربێنن، یاســای ژمــارە (٢٥١ ب) دەیانگرێتەوە. (( بۆ زانیاری خوێنەر ئەم بەندەش (١٠) بڕگەی هەیە تا مۆڵەتی بەکار هێنانی بەلەمێك ، بۆ نموونە ، وەرگریت.))**

**[1] ) ئەگەر زانیاریی و داتای ورد هەبێت، ڕەنگ بێت ، بۆ نموونە، ڕاوکردنی کەو، لە هەمان ساڵدا ، لە کێوی (مەتین و گارە)، ڕێ پێدراو بێت بەڵام لە چیای (کوسرەت و ئاسوس) ڕێ پێنەدراو نەبێت ، بە لەبەرچاو گرتنی ژمار و زۆر بوونی کەوەکان.**

وەك پێویست گرنگی پێبێنەدراوە و پێویستیمان بە دەرکردنی یاسای نوی سەردەمیانەیە."[1]

## نەخشەڕێگەی پاراستنی گیانداران و مافی ڕاوچییەکان:

کۆنترین یاسای پاراستنی گیانداران و ڕێکخستنی ڕاوکردن لە ساڵی (١٠٦٦) ەو لە لایەن (William the Comquror ) لە ئینگلتەرادا ، داندراوە و لەو ڕۆژەوە خەڵك وخوای گیاندار دۆست ، لە هەوڵ و کۆششی بەردەوام دان ، بە نیازی ڕاگرتنی هاوسەنگی ژییگەیی ئەم تاکە هەسار ژیاندارە زیندووەی ئێمە.

بۆ ئەوەی زانستیانە، زامەکان دەستنیشان بکەین وچارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە، دەبێ دوو هۆکارە سەرەکییە تێکدەرەگەی هاوسەنگی ژینگە دەست نیشان بکەین، کە بریتینە لە:

- گۆڕانکاری ئاوهەوای جیهان.
- کردە ناپەسندە مرۆڤییەکان.

---

[1] )د. هیمداد مەجید عەلی . و. شاخەوان باوەدین کەریم . ئەو تاوانانەی دژ بە ئاژەڵ ئەنجام دەدرێن. ل. ٤٨ ـ ٤٩.

هەرچەندە گۆڕانکارییە تازەکانی ئاو و هەوا دەرەنجامی هێندی دیاردەی گەروودنی بە دەر لە ئیرادەی مرۆڤە، وەك تەقینەوە گەورەکانی خۆر و شەپۆلە تیکشاوییە موگناتیسییەکان و گێژاو و سووڕی ئاوی زەریایەکان و بەبیابان بوون و بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی زەوی، وەلێ خراپ ڕەفتارکردنی مرۆڤیش لەگەڵ ژینگەکەدا، بشکێ خۆی لەم هوکارەدا بەر دەکەوێت. ئەمە پتر پێوەندە لە گەڵ زانستی ڕێکخستنی پیشەسازی و چونیەتی بەکارهێنانی سووتەمەنی و وزە، ـ کە لێرەدا بابەتی ئێمەون نییە ـ

هۆکارەکەی دووەم، کە دەرهاویشتەی هێندێ کردەی ناپەسندی مرۆڤە، چەند ڕووبەرێکی هەیە وەك:

- زیادبوونی بێسنووری ژمارەی دانیشتوانی جیهان، وەك بینیمان لەم (٥٣) ساڵەی دوایدا ، ژمارەکە لە (٣) بلیۆن (١٩٥٩)، بۆتە (٧) بلیۆن (٢٠١٢)[١].

- فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵی لە سەر حیسابی زەوی و زاری ژینگەی گیانداران و برینەوەی بێرەحمانەی دارستانە سروشیتتەکان. لە ٨٧٪ ژینگەی باڵندەکان لە بەر کشتوکاڵکردن و ٥٥٪ لەبەر داربرینەوە لە مەترسیدایە و ڕەگەزی (١٠٦٥) باڵندە ڕوو لە قڕبوونن.

---

[١]) ١٦ ل. ٣١

- گەورە بوونی شارەکان، بە بێ ئەندازەیی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ژیانی بوونەوەرەکانی تر.

- پەرەسەندنی کەرەستەکانی ڕاوکردن و زیاد بوونی ژمارەی ڕاوکەران ونەبوونی یاسای گونجاوی ڕاکردن و نزمی هۆشیار ژینگەیی. ڕاوکردن تەنیا لە ٥٪ مەترسییە لەسەر باڵندەکان.

- ئاگرکەوتنەو و ڕووداوی هاتووچۆ و ژەهراوی بوون و ژینگە پیسکردنیش کاریگەری خراپی خۆیان هەیە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠١٤) ی کۆمەڵەی (Living Planet) ، ڕێژەی لەناو چوونی باڵندە و گیاندارەکان زۆر لەوە خراپتر بوو کە ئەوانە پێشبینیان بۆ کردبوو, لە ساڵی (١٩٧٠) تا ساڵی (٢٠٠٨) لە (٤٠٪) ئەوان لە ناوچوون و ئەمەیش دوو هێندەی ئەو ژمارەیە کە ئەوان خەملاندبوویان. کۆمەڵەی ( World Wild Fund - WWF)، لە دوا لێکۆڵینەوەیدا نووسیویەتی کە لە (٩٣٪) باڵندەکانی جیهان ژیانیان لە مەترسی دایە، ڕێکخراوی

Interrnational Union for the Consevation of Nature[1]

دەڵێت: (١٩ .٦٢٥ ) رەگەزی گیانداران ، لە کۆی (٥٩ . ٥٠٨ ) ڕەگەزەکەیان، مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرێت. [1]

---

[1]) ٣٩ لل

بەداخــەوە، لەبــەر لەچــاونەگرتنی بایــەخی ژینگــە گیانــدارەکان، لــە کوردستان ئاماری ئەوتومان، لەم بوارەدا، لەبەر دەستدا نییە ، کە بتوانین وەك سەرچاوەی ئەکادیمی بیخەینە بەر چاوی خوێنەر.

ئێستا دوای ئـەم گەشتە خێرایـە بـە نێـو ژینگـەی گیاندارانـدا، بـۆ تـەوەری " نەخشــەڕێگەی پاراســتنی گیانــداران و مــافی ڕاوچییــان" ئــەم خاڵانــە تۆمــار دەکەین:

یــەك: ڕووپێـوکردنی واقیعـی ژینگـەی ئێسـتای کوردسـتان، بـە پـەیڕەوکردنی ڕێبـاز و بنـەمای زانسـتیی و ئـەکادیمی سـەردەم، زەرورەتێکـی حاشـاهەڵنەگرە وەك هەنگاوێکی پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ورد دەربارەی:

- ڕووبەری سەوزای و دارستان و سەرچاوەکانی ئاو.
- تۆمارکردنی جۆر و ڕەگەز و ژمارەی گیاندارە کێوییەکان.
- ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی ڕاوچییەکان و پۆلینکردنیان.

---

[1] ) لە توێژینەوەیەکی ورد کە بەندە ئەنجامی داوە و لێرەدا دەرفەتی باسکردنی نییە ، لە کۆی ئەو گیاندارانەی کە مەترسی لە ناوچوونیان لەسەرە، (٤٢) گیانداری تێدایە کە لە کوردستاندا دەژین.ـ لـە چیای زاگـرۆس (٢٤٠٠) ڕەگـەزی گیانـدار هـەبووە ، ئێسـتا (٢٠١٥) هـەر (٤٠٠) جـۆری مـاوە. (( سەرچاوە، کەناڵی تەلەڤزیۆنی سەحەر لە ٢٢ . ٢ . ٢٠١٥)) دا.ـ

**دوو:** دارشتنەوە و دانانی یاسای نویێ بۆ پاراستنی مافی گیانداران، بە شێوازێك کە هاوتەریب بێت لەگەڵ جاڕنامەی مافی گیانداران و هەموو مانیفێستەکانی تری ئەم بوارە و گونجاو بێت لەگەڵ ژینگەی کوردستان و کەلتووری کوردەواری.

**سێ:** یاسایە نوێیەکان گشتگیر بن و گیانداری ماڵی بە هەموو رەگەزەگانییەوە بگرێتەوە . وە گیاندارانی کێویش بە هەمان شێوە.

**چوار:** ڕاوکردن لەسەر بنەمای زانستی و ژینگەیی بە یاسا بکرێت.

**پێنج:** ڕاوچییەکان وەك توێژێکی خاوەن هیوایەت و خولیایەکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردەواری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ماف و ئەرکەکانیان بە یاسا دەست نیشان بکرێت.

**شەش:** مۆڵەتی ڕاو لە لایەن لێژنە پسپۆڕی تایبەتەوە بدرێت و مەرجەکانی هاوشانی جۆری مۆڵەتی وڵاتە پێشکەتووەکان بێت.[1]

**حەوت:** پێکهێنانی کۆمەڵ و ڕێکخراوی تایبەت ، لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و ئەکادیمی بە توانا، بۆ سەرپەرشتکردنی کارەباری ڕاوچییان و هاوکاریکردن و هۆشیارکردنەوەیان.( بۆ نموونە:دروستکردنی چاپخانەی سەردەم بۆ

[1] *) ٥٥ هێندێك جار سزا ڕاوچیی ، دەگاتە (٥٠٠٠) پاوند لە بەریتانیا و (٥٠٠٠ بۆ ٤٥٠٠٠) پاوند لە سکۆتلەندا.

کەوبازان و شوێنی شیاو وتەندروست بۆ دارەیکەو و دابینکردنی کەرەستەی ڕاو و ئاسانکاری لە وەدەستهێنانی داوودەرمانی پێویست بە نرخی گونجا و یان بەخۆڕایی و کردنەوەی پێشەنگا و سازدانی کۆڕ و......تاد.)[1]

**هەشت:** بەگەرخستنی کەناڵەکانی میدیا و پەروەردە و ئەوقاف، لە بینرا و بیستر ا و نووسراو، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەدۆستی و ڕێنمای کردنیان بۆ پاراستن و پێشخستنی.[2]

**نۆ:** شارەوانییەکان، لەگەڵ پێدانی مۆڵەتی خانوو کردن، مەرجی دروستکردن و ئامادەکردنی شوێنی شیاو و گونجا و لە دیزاینی خانوەکانیاندا، بۆ هێلانەی تەیرو تواران ڕەچاو بکەن و ڕێژەی سەوزایی بایەخی زۆرتری پێبدرێت.

**دە:** پەروەردەکردن و بەخێوکردنی گیاندار و باڵندە لە ماڵەکان و مەڵبەندەکانی بازرگانییدا، بەیاسا چاوەدیری بکرین.

---

[1] *) لە بەریتانادا لە وەرزی بەفربارینندا ٧٥٪ ی خەڵکی خواردن و دانەوێڵە بۆ گیاندار و باڵندەکان دەکڕن وبۆیان دادەنێن. زۆربەشیان ژنن.

[2] *) بە گوێرەی ڕاپۆرتی (IUCN) لە ئەوروپادا، لە ساڵی (١٩٩٤ تا ٢٠٠٤) باڵندە دۆستان، توانیویانە ڕەگەزی (١٦) باڵندە لە لەناوچوون ڕزگاربکەن.

**یانزده:** زامنکردنی تەندروستی ساغ و سەلیم و پاراستنی تەندروسیی گیاندار و باڵندەکان، ئەرکی حوکومەتی هەرێمی کوردستانە بە چاودێری کردن و دابین کردنی داوودەرمان و داپێویستیەکان و فیتێرنەری پسپۆڕ و و بەردەستەکان.

**دوانزده:** بەیاسا، ڕێگرتن لە بازرگانیکردن بە هیچ شتێکی گیاندار و باڵندەی کێوی ، وەك گوشت و هێلکە و پێستە و کەوڵ و پەڕەمووچ و تووك و بێچووەکانیان.

دەرباری ڕاوکردنی کەو ــ کە تەوەری سەرەکیی ئێمەیە ـ پێویستە ڕێز لە کەلتووری کوردەواری خۆمان بگرین، هەزاران ساڵە هیوایەتی ڕاوەکەو لە نێو کوردا هەیە و ئیمڕۆ ژمارەیەك خەڵك هەیە کە حەز لە ڕاوەکەو دەکات و چێژی لێ وەردەگریت. لێکوڵینەوەکانی ڕاو و ڕاوکردن ، دەڵێن ، ڕاوکردن مەترسی نییە لەسەر لەناوچوونی باڵندە و گیانداران ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی و بەرنامەڕێژی جوان ئەنجام بدرێت. بۆیە ، لە دیدی ئێمەوە ، بۆ پاراستنی سامانی نەتەوەیمان لە (کەو) و دڵخۆشکردنی کەوباز و ڕاوچییەکان وا پێشنیار دەکەین کە:

- ڕاوکەرەکان لە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوەیەکی پسپۆڕ و شارەزا و دیموکراتخوازی خۆیان بن.
- دەبێ مۆڵەتی ڕەسمی هەبێت و ئەرك و مافەکانی بۆ دیاری کرابێت.

- شوێنی ڕاوکردنی هەر دەڤەرێك بە سەر ڕاوچییاندا دابەش بکرێت و سنووری ڕاوکردنیان بۆ دەست نیشان بکرێت, تا هەر هەموویان هێرش نەکەنە یەك شوێنی دیاری کراو.

- جۆری کەرەستە و ئامرازی ڕاوکردن لەلایەن لێژنەی تایبەت و بە گوێرەی مۆڵەتەکە دەست نیشان بکرێت و دوور بێت لە شتە نائاسای و نا یاساییەکان.

- ژمارەی کەوی ڕاوکراو، بۆ هەر ڕاوچییەك لە ساڵێکدا، بە گوێرەی زۆری و کەمی کەوی کێوی کەژەکان دادەندرێت. بۆ نموونە لێژنەی تایبەت دەزانیێ ژمارەی کەو و زاوزێکردنیان لە شاخی سەفین لە ساڵی (٢٠١٦)دا چۆنە و چەند، بە پشت بەستن بەو زانیارییە بریار دەدرێت کە ، ڕاوچییەکانی چیای سەفینی ، مافی ڕاوکردنی چەند کەویان هەیە. ـ ئەمە لە وڵاتانی ئەوروپا پەیرەو دەکرێت و ڕاوچییەکانیش ڕێز لە یاسا دەگرن و زێتر لە حەقی خویان ڕاو ناکەن، یان گەر ڕاویش بکەن ، ئازادیان دەکەنەوە ، ئەگەر ڕاوەکە بە تفەنگ نەبوو، بۆ ڕاکرتنی پارسەنگی ژینگەکە ـ.

- دەبیێ ڕاوچییەکان، بایەخ و گر نگی باڵندەکان و گیاندارەکان، لە سەروی هیوایەتەکەی خۆیان دابنێن. بە واتایەکی تر، ئەگەر لایەنی بەرپرسی ڕاو گوتی ئەمساڵ لە فلان شاخ نابیێ ڕاو بکرێت، چونکە ژمارەی کەوەکان لە کەمی دایە و دەیانەوەی بژێنەوە ، دەبیێ ڕاوچی هۆشیار بێت و

سەرپێچی بریار و یاسایەکە نەکات. یان دوور نییە لەبەر کەمی ژمارەی کەوەکان، ژمارەیەك ڕاوچیی بە تیروپشك ڕێنان پێبدرێت ڕاوەکە بکەن.

- نابێ کەوی ڕاوکراو بفرۆشێتەوە، تەنیا ئەگەر بۆ بەخێوکردن بێت.

# بـەنـدی شـەشـەم

"زانیـارینـامـە( ئینسایکلە پیـدیا )،گـۆڵـدانی هـــەزار و یـەك گوڵـی زانیارییە."

ف .ش.

# پــڕۆژەی ئینسایكلە پیدیای  باڵندەكانی كوردســتان

"زانیارینامە" (ئینسایكلەپیدیا) (Encyclopedia) یان " زانیاری گشتیی" بە گوتەی گریكە كۆنەكان، لە سادەترین پێناسەیدا :" بریتییە لە ژێدەرێكی یان پووختەی كارێكی هەڵهێنجراو لە كورتە زانیارییەكی گشتگیری تێروتەسەڵ دەربارەی كۆی لق و پۆی مەعریفەیێك یان لقێك لە مەعریفەیێكی دیاریكراو." ئەمەیش بە پۆلینكردنی ناوەرۆكەكەی بە گوێرەی ڕیزبەندی پیتی ئەلف و بێی هۆبەكان. بە واتایێكی تر، ئینسایكلەپیدیا، فەرهەنگی زانیارییەكانە، بەڵام بە ڕاڤەیێكی فراوانتر و قوولتر و وردتر.[١]

لە ساڵی (٧٧)ی پێش زاین ـ واتا نزیكەی (٢٠٠٠) ساڵ ئێش ئێستاـ (Pliny the Elder) یەكەمین ئینسایكلەپیدیای بە ناوی (Naturalis Historia) دانا. لە سەدەی حەڤدەمیندا سنعەتی دانای ئینسایكلەپیدیا گەشەی سەند، تا گەیشتە ئەمڕۆ، كە بووین بە خاوەن گەورەترین ئینسایكلەپیدیا، كە (١٠٥.٠٠٠) لاپەڕەیە لە (١١٨) بەرگدا بە ناوی:

(Enciclopedia Universal ilustrada europeo - americana)

[١] ) ئینسایكلەپیدیا ٢

(Denis Diderot)، له زانكۆی (Michigan Library) بایەخ و بەهای ئینسایکلەپیدیا لەم چەند دێڕەدا چڕ دەکاتەوە:

"لەڕاسیتدا، مەغزای دانای هەر ئینسایکلەپیدیایەك، کۆکردنەوەی زانیارییە پەرش و بڵاوەکانی ئەم هەسارەیە. تا بە سیستمێکی ڕێکوپێك و پووخت بیانخەینە بەر دەستی ئەوانەی لە ژیاندان و ، وەك گەنجینەێکیش بۆ نەوەکانی داهاتوو بیکەین بە میرات. جا بەم شێوەیە ڕەنج و بەرهەمی ئەم سەدەیە، بۆ سەدەکانی داهاتوو بەخەسار ناچێت. نەوەی ئایندە باشتر بونیاتی لەسەر هەڵدەخات ، ئەمەیش مایەی سەرۆفیرازی و بەختەوەرییە. خۆ ئێمەش لەڕێی پێشکێشکردنی ئەم خزمەتە بە نەوەکانی ئایندە، بە زیندووی دەمینینەوە."[1]

ئینسایکلەپیدیا، پارێزەری تایبەتمەندی هەر نەتەوەێکە وهەڵگری ناسنامەی کەلتووری و شارستانی و نەتەوەیی خاوەنەکەیەتی.

چاپەمەنی کوردی، بەمدوایەدا، بە چەند جۆرێك لە ئینسایکلەپیدیای هەمە ڕەنگ کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردوە. دەبیٚ دەستخۆشی گەرم لە دانەرەکانیان بکرێت ، کە ئەوان بەتاقی تەنیا، شەونخونی و ڕەنج و سەعیانکردە، بۆ وەرهێنانی ئەم فەرهەگە زانیارییانە، لە کاتێکدا، ئەم کارە ، ئیشی دەستەجەمعییە و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی مەزنی گەرەکە! ئێمڕۆ، فەرز و سونەتە، لە سەر وەزارەتەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان،

---

[1] ) سەر چاوەی پێشوو.

بەتایبەتیش وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە و ڕۆشنبیری و لاوان ، کە فەرهەنگخانە و کتێبخانەکانی کوردی بە جوەرەها ئینسایکلەپیدیا بڕازێننەوە، چونکە ئێمە ، وەك و ئاو و هەوا و تیشکی خۆر پێویستیمان پێیانە.

کوردستان، هەر ژێردەستە بووە، ئەوەی قوڕەکەی خەستترکردۆتەوە ، داگیرکەوانی کوردستان، کەسانی بوغوزلەدڵ و ڕق ئەستور و هیچ و پووچ بوون! نەك هیچیان، لە لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەکاری بۆ نەکردووین، بەڵکو ڕیگریشیان لێکردوین : زمانیان بڕیووین و کتێبەکانمانیان دڕاندوە و سووتاندووە. کەچیٚ دەبینین، کاتی ئیتالیای کۆنۆ لیزم، لە سەدەی ڕابردوو، پەلاماری وڵاتی لیبیا دەدات و داگیری دەکات، سەرەڕای هەموو نەهاماتی و کارەساتەکان، فەرهەنگێکی جوان بۆ ئەو وڵاتە بونیات دەنێت: هەرچی ئینسایکلەپیدیای لیبی هەیە ، دەربارەی گیاندار و باڵندە و ڕووەك و دار و درەخت، ئەوا، دەستنووسی نووسەرە ناودارەکانی ئیتالییە و کراوەتە زمانی عەرەبی و لیبیەکان هاتوونەتە سەر سفرەی حاز ر و بزر.

حەیف و مەخابن، وا دوای نزیکەی چارەگە سەدەیێك لە دامەزراندنی حوکومەتی خۆجێی کوردستانی باشوور و کردنەوەی دەرگای (١١) زانکۆ و چەندین مەڵبەند و بنکەی ڕۆشنبیریی، تاکو ئێستا، ئەم کایە مەزنە ئاوڕێکی جددی خەمخۆرانەی لێنەدراوەتەوە. کە دەبوایە تا ئێستا چەندین جار ئینسایکلەپیدیایەکانمان پووختەکرابانەوە و پاکنووس و جوانتر بکرابوانایە و خوێنەری کوردیان خەنی بکردبا.

دانــان و ســازکردنی ئینســایکلەپیدیای گیانــدار و باڵنــدە و ڕووەکــی کوردستان تا بڵێیت ئەرکێکی نەتەوەییە لەسەر شانی نەوەی ئیمڕۆماندا. ئەم باس و خواس و چرپوچۆپەی کە (بەندە) ، لە بەندی پێنجەمی ئەك کتێبەدا قسەی لەسەر کرد، بڵقی سەر ئاوە و مەحاڵە بتوانین بڕگەکانی پێشنیارەکان بخەینە بواری جێبەجێکردن ، بەبێ بوونی ئەم ئینسایکلەپیدیایانەوە. چونکە کاری زانستی دەبێ بنەمای زانستی هەبێت و پێخواست بەناو نەکەویت، تا هەم کات و هەم پارە و پوولیشمان، نەڕێژینینە ناو ئاوی سوێراوی دەریا!

بە ئومێدی، هێنانەدیێ ئەم خەونە مەزنە، وا هێندێك سەرە قەڵەم تۆمار دەکەم، بۆ دەستگرتنی ئەوانەی ڕۆژێك ئەم خەمە بە کۆڵی خۆیان دادەدەن. پێشەکیش ، مـژدەی ئـەویان دەدەمـێ ، کـە دانـان و وەبەرهـەمهێنانی ئینسـایکلەپیدیای کوردی، زۆر ئاسـاترە لـەوەی کـە هێنـدێك کـەس بـە ترسـەوە بـاس لێدەکـەن و ناوێرن خۆی لێ بدەن. چۆن؟!

**یـەکـەم: زۆری سـەرچاوە:**

ئیمـــڕو، زۆربـــەی کۆســـپ وتەگـــەرە و کەنـــد و لەنـــدەکانی ســـنعەتی ئینسایکلەپیدیا، لەسەر ڕێماندا تەختکراوە و ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی ئەم بابەتە لەبەردەستە، کەواتە ئاسانکاری باشمان بۆ کراوە و لە ئەزموونی دانـەرانی پـێش خۆمـان سـوود وەردەگـرین و بەرگـەکانی ئینسـایکلەپیدیای نەتـەوەکانی تـر دەتـوانین بکەینـە ڕێبـەری خۆمـان. ئـەوەتا ئینسـایکلەپیدیای گیاندارانی ڕێکخراوی

(National Geographic) زانیاری لەسەر (٢٥٠٠) زیندەوەر کۆکردۆتەوە. بڕوانە ماڵپەڕی:

National Geographic Animal Encyclopedia: 2, 500 Animals

**دووەم: سەرچاوەی نیمچە خۆماڵی:**

**کوردستانی گەورە دابەشکراوە بەسەر چوار وڵات، کە هەریەکێکیان خاوەن ئینسایکلەپیدیای خۆیانن لە بواری گیاندار و باڵندە و ڕووەکەکان، جا (کەو) هەر (کەو)ە ، چ هی کوردستانی باکوور بێت ، چ هی کوردستانی باشوور. ئێمە دەتوانین کەلك لە ئینسایکلەپیدیایەکانی تورکیا و ئێران و سوریا وەرگرین و بە ڕێگەی یاسایی ئەو زانیارییانە کە گەرەکمانە بیانخوازینەوە ، تەنیا ئەوەندەمان لەسەر وەریانگێڕینە سەر زمانی کوردی و وێنەکانیان یان کۆپی بکەینەوە یان وێنەی خۆماڵی خۆمان لە جێگەی ئەوان دابنێین.**

**سێیەم: خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت وکۆمپوتەر:**

